# پێشەنگ

ئەدەبی، هونەری، فەرهەنگی

٥

**خاوەن ئیمتیاز : ئەحمەد سالحی**

**سەرنوسەر : سەعید ئەمانی**

**سکرتێری نوسین : یونس . م**

**وەرگێران : بێستون**

**توێشوو : کەیوان ئەفروز**

**تایپ و مونتاژ : ئومید میرەکی**

**روبەرگ : هیوا عەبدی**


E-mail:
Peshang_Komalah@hotmail.com
سایت:
www.komalah.org



**تیراژ : ٦٠٠**

**قیمەت : ١٠٠٠ دینار / ٦٠٠ تمەن**


**بۆ ئاگاداری خوێنەران:**

هێندیك لە وینەكان لە ئینترنیت وەرگیراون.

وێنەی پشت بەرگ دیاری هونەرمەند دلێر تاهیر بۆ پێشەنگە.

كەلك وەرگرتن لە بابەتەكانی پێشەنگ بە

لاپەرە


پەیامی گۆڤاری پێشەنگ بۆ فیستیواڵی "تاراوگە"

**وتار** 5

ئاڵ و گۆری فەرهەنگی/ عەلی ئەحمەد پور ( رێبوار)
چەند سەرنجیك بۆ سەر خاڵە بە هێزو لاوازەكانی ... / سەعید ئەمانی
وامرۆڤ سەر بەست دەبێت / و:سەمیرە عەلی
كورتە باسێك لە ژیانی مۆزارت رابەری گەورەی موسیقا / دلێرتاهیر
شوبنهاوەر،خوای نیچە / ئەنوەر حوسێن(ا. بازگر)
بزوتنەوەی سینەمایی ئیران لە تاراوگە / سەعید ئەمانی
" زیر پوست شهر" فیلمی روژ رە شی .../ شورش تریك

**وتو** 43

فەرەیدون پێنجوێنی
نەجیبە مەحمود

**شـ** 79

ئێمە لە كویێ راوەستاوین؟/ سمكۆ محەمەدی
كچ لە دایك بووم / م . ق
نیگای چاوەكانت ، جوانترین گوڵەكان ، بارانی عەشقت / فرمێسك
"بانگەواز" / سەعید ئەمانی
نامەیەك لە ئەویندارێكی تەبعیدی بۆ ... / بێستون

**چیرۆك** 87

مەسخەرە موقەدەسەكان / رۆژین وەلەدی
فەرمو ئەمە ئامارەكە / فەوزیە مەنمی
ئیمرۆ من و سبەی تۆ / سەلاح ئەمانی
ئادەم و حەوا / و: كەیوان ئەفروز

**توێشوو** 111

سەمەد سیمای سەر سوور هێنەری دەروەست بوون
حەسن میرعابدینی لە سەمەد دەدوێ
شاعیرو رەخنەگر
كەچەڵی كوتر باز
بیرەوەرێكی خسرەو گوڵسورخی لە سەمەد
ئەدەبیاتی مناڵان





PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



# ئاگاداری :

تویژووی داهاتوی پێشەنگ ( ژمارە ٦ ) تایبەتە بە ژنە شاعیری گەورەی ئیرانی فروغی فەروخ زاد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# پەیامی گۆڤاری پێشەنگ بۆ فیستیڤاڵی "تاراوگە"

بۆ بەرێز:
هەیئەتی بەرێوەبەری فیستیڤاڵی ئەدەبی رۆژهالأتی کوردستان "تاراوگە"
بەسلاوێکی شۆڕشگێرانە
سەرەتا خۆشحالی خۆمان لە وەری خستنی ئەم فیستیڤاڵە بە ئێوە و بەشداربوانی بەرێز، رادەگەیەنین و لە هەمان حالیش دا دەست خۆشی و ماندونەبوونی تان لێ دەکەین.
بەو هیوایە ئەم فیستیڤالەش بە نۆبەی خۆی مەجالێك بۆ زیاتر لە دەوری یەکتر کۆبوونەوەی ئەو هونەرمەند و نووسەرانەی کە لێرە (کوردستانی عیراق) دەژین برخسێنێ.

بەرێزان و بەشداربوانی ئازیز!

ماوەی چەند سالێکە جم وجۆلێکی هونەری و روشنبیری لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کەوتۆتە گەڕ و ئەم جم و جۆلە سەرجەمی لقەکانی هونەری هەر لە شیعر و چیروك و شانۆورەخنەولێکۆلینەوە بگرە تاکو سینەما گرتۆتەبەر. ئەم جم وجۆلە روشنبیرییە کە بەرهەمی ئالٌ وگۆرەسیاسی و کۆمەلایەتی یەکان ئەم سالانەی دوایی لە ئێرانە، هەم لایەنی رەسەن و هەم لایەنی نارەسەنی هەیە. مەرجی کار کردنی ئێمە لەم بوارەدا بەوە گرێ دراوە کە بە باشی لایەنکانی ئەم جم وجۆلە هونەری و رۆشنبیرییە بناسین. هونەرمەندی موتەعەهید و بەرپرس دەبێ بە وردبینی یەکی تەواوەوە ئەم لایەنانە لە یەکتر جیا کاتەوە و بەکردەوە بیانناسینێ.
لایەنی رەسەنی ئەم جم و جولە بەردەوام لە ژیر زەختی سانسۆر دایە، بە زۆری زۆردار ریگای خۆی دەکاتەوە و دەیهەوێ دەربڕی واقعیاتی ژیانی جەماوەر بێ و لەم ریگایەوە رێگای راستەقینەی رزگاری جەماوەری خەلك لە ژیانی کۆلەمەرگی دەست نیشان بکات، ئەم لایەنە بە هۆی زال بوونی فەزای خەفەقان و سانسور زیاتر بە زمانی ئاماژە دەدوێ و سەبکی کەنایە ویژی گرتۆتە بەر. ئەمە خالی لاوازی ئەم لایەنەیە کە دەبێ لە درێژەی رەوتی خۆی دا ئەم پەردەیە دادرێ و بەزمانێکی سادە و ساکار، وەك چەکێکی مەعنەوی زۆرینەی کۆمەل رۆچیتە ناو ژیانی خەلك. دیموکراسی و فەزای ئازادی سیاسی مەرجی گەشەی هونەری رەسەن وعەمیقی کوردی لە کوردستانی ئێرانە. لە ئیران بە گشتی و کوردستانی ئێران بە تایبەتی بە هۆی نەبوونی فەزایەکی دیموکراتیك و ئازادی سیاسی بە داخەوە هونەر بەگشتی ناتوانێ توانایی یەکانی خۆی بە تەواوی دەربخات، لێرە دایە کە سیاسی بوونی هونەر خۆی وەك زەرورەتێك دەردەخات، چونکە تا ئازادی سیاسی نەبێ هەروەك وتمان هونەری رەسەنیش گەشە ناکات.
بەلأم لایەنی نارەسەنی رۆشنبیری لە کوردستانی ئێران دەستکردی دەست و پێوەندەکانی رژیمە. کۆماری ئیسلامی ناوەندی دەستکردی وەك: ئەنیستیتۆی فەرهەنگی کوردی بۆ داناوە و ئەم لایەنە دەیهەوێ ئەدەبیات و هونەریکی دەستەمۆ و خەسیو جێی بخات و پاساو بۆ دەولەت و حاکمانی زالم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بینیتەوە.

لە عالەمی واقع دا ئەم لایەنە بۆسەیەکی بۆ هونەر و ئەدەبیات داناوە کە ڕێگا دەستێك لە ناو بزووتنەوەی عادلانەی خەڵکی کوردستان دا بکاتەوە، ئەم لایەنە دیهەوێ هونەر و تێکوشانی هونەری لە سیاسەت و خەباتی سیاسی جیا کاتەوە و هونەرمەندانی شۆڕشگێر تەریك بخاتەوە و بواری هەڵسووران و چالاکی یان لێ بستێنێ و هونەری لۆکس و بێخەم بنێتە جێگای هونەری ڕەسەن و مەتەعەهید وشۆڕشگێر.

بە داخەوە گەلێك نووسەروهونەرمەندی بەتوانا و لیهاتوو کەوتونەتە داوی ئەم پیلانەی ڕژیم و بە حەقیقەت کەوتونەتە بەرەی دژ بە خواستی واقعی خەڵك.

لەم نێوەدا هونەرمەندی بەرپرس دەبی لە خالی دژ بەم لایەنە هەنگاو بنێ و ئەوە بسەلمێنێ کە ئەم هونەر و جم وجۆڵە دەبێ سیاسی و چینایەتی بێ و ڕوی لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بێ و دەربری ئاوات و ئارەزوکانی جەماوەری هەژار و بێبەش بێ.

بێ گۆمان لایەنی ڕەسەنی ئەم جم و جۆڵە هونەری یە زەرفیەتی ئەوەی تێیدایە کە دژ بەلایەنی نارەسەنی ئەم هەوڵە ڕۆشنبیری‌یە کار بکات.

هونەرمەندانی شۆڕشگێر دەبێ لەبەرەیەکی سەربەخۆو بە بێ ئەوەی کە کاریگەری لەم فەزا هونەری‌یە دەستکردە وەرگرن کە ڕژیم بە عەمد ڕەخساندی و ئێستا بۆی کونترول ناکرێ، دەنگی ڕەسای خۆیان هەڵبرن، ئەوەش ئەرکی هونەرمەندی موتەعەهید بە خاڵکە.

ئێمە هیوادارین ئەم فیستیڤاڵە تریبونێك بێ بۆ ئەوەی هونەرمەندانی مەتەعەهید ڕای خۆیانی بۆ بەرامبەرکی لەگەڵ لایەنی نارەسەنی جم وجۆڵی هونەری لە ئێران و کوردستان تێدا دەربرن و هەولێکیش بێ بۆلێك جیاکردنەوەی هونەری ڕەسەن ونارەسەن لە یەکتر.

هونەرمەندان و روناکبیرانی کوردستان دەبێ هەوڵ بدەن ئەم مەجالەی کە ڕەخساوە بقۆزنەوە و بیکەنە مەیدانیك بۆ روناکبیرانی مەتەعەهیدی کۆمەڵگای کوردستان، ئەو کارەش هەوڵی جیددی و پر بە پری دەوێ. لە غەیری ئەوەدا باقی گەرایشاتی وەك: لیبراڵ وبورژوا و سەر بە دەوڵەت دەیقوزنەوە و بەم کارەشیان ڕێگا بۆ نەکسەیەکی کاتی لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کورد خوش دەکەن. هەنگاوی بەکردەوە بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەم جەریانە، کاری پر بە پر و دیالۆگی ڕەخنەگرانەیە لە بەرامبەری دا.

لە کۆتایی دا وێرای دەستخۆشی و سپاس لە هەیئەتی بەڕێوەبەرێ فیستیڤاڵ هیوادارین تریبونێکی ئازاد و سەربە خۆ بێ بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر هونەرمەندان ونووسەرانی خۆ بە بەرپرس زانی ئێران و کوردستان لە تاراوگە لە دەوری یەکتر کۆکاتەوە.

بەسپاسی دووبارە:

یونس.م لە لایەن

دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری پێشەنگ

٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی

سلێمانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# وتارەکان

عەلی ئەحمەد پور( رێبوار)

سەعید ئەمانی

ئیبراهیم ئەلعەریسی

دلێر تاهیر

ئەنوەر حوسەین(ا.بازگر)

سەمیرە عەلی

شۆرش تریك






PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دسەلآتدار ئەرکیکی بەرچاوی هەبووە چ لەرێگای پاساوی ئیدولۆژیکی نیزامی حاکم و چ لە

# ئاڵ و گۆری فەرهەنگی

ئا.و: عەلی ئەحمەد پور ( رێبوار)

ئەگەر قەبووڵی بکەین کە سەرجەم ژیانی هەر کۆمەڵگایەك بە دو بەشی ژێر خان و سەرخان دابەش دەبیٚ و پێوەندی دولایەنەی ئەوان لە مەیدانی ژیان دا قەبووڵ بکەین دەتوانین بڵێن کە لە کاتێك داکە ژێرخانی کۆمەلگا مەیدانی بەرهەم هینانی مادییە و ژیانی کۆمەڵگا بەوەوە بەستراوە تەوە، ئەرکی سەرخان و ناوندەکانی، یانی فەرهەنگی مەعنەوی_ راگرتن و پتەوکردنی نیزامی دەسەلاتدار و پاساوی ئیدئولۆژیکی ئەوە و ئەدەبیاتیش کەبەشێکە لە فەرهەنگی مەعنەوی لە هەر نیزامیکی چینایەتی‌دا هەمیشە لە پتەوکردنی دەسەلاتی چینی



رێگای خەڵەتاندن و گێژو وێژ کردنی کۆمەلاٚنی خەلك و داسەپاندنی فەرهەنگی جێگای پەسەندی دەسەلاٚتداران. بەلەبەر چاوگرتنی پاساوی نیزامی حاکم کە کاری نیهادە کانی بەشی سەرخانە ئاماژە پیٚ کردن بەبارهێنانی سەرمایەداری پێشرەو بیٚ زەرەرنییە، هاوکات لەگەڵ گەشەی راهینانە سەرە تاییەکان وپر بوونەوەی کاتی کاری منالاٚن بەبارهینـــان،ئەوبیرەکەوتـــە نـــێو دەسەلاٚتـــــدارانی کـــۆمەلگای سەرمایەداری ، کە مەدرەسەکانی چینی‌ژیردەست لەبارهینان دا بەزەرەری سەرمایەداری زۆر چوونەتە پێشیٚ. چونکە جگە لە فەرمانبەری و تەسلیم بوون، خوێندن و نووسینیشیان فێر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکەن و ئەوان لە بەشداری کردن لە بەرهەمهێنان دەگێڕنەوە و لەراستی دا زۆری پێ نە چوو کە مەدەرسەکانی ئاخری حەوتـــو جێـگای مـــەدەرســـە رۆژانەکانیان گرتەوە. ئامانجی ئەو جۆرە مەدرەسانە بە جوانی لە پرسیار وەلاَمێکی کە لەژێرەوە هاتووە و بەشێك لە بەرنامەی بارهینان بووە بە روونی ئاشکرایە:

ئایا کریکارانیکی کە وا مەوادی خاو هەدەردەدەن کەل و پەلی بەرهەمهێنانیش خراپ دەکەن؟

پ: مرۆڤە باشەکان چاك کاردەکەن؟

و: بەڵێ

پ: مەوادی خاو و ئامرازەکانی کار هی کێ یە؟

و: هی کارفەرما

پ: کاتیك کە کارفرما لە لامان نییە، کێ ئاگای لێمانە؟

و: خوا

پ: خوا چ لەگەڵ دزەکان دەکا؟

و: ئەوان جەزا دەدا و بەئاکامی کارەکەیان دەگەیەنێ

دەبینین کە چۆن بە سوئی ئیستیفادە کردن لە هەستی پاکی خەڵك، هەوڵیان داوە کە لەبارهێنانی مندالان بۆ بە رژەوەندییەکانی چینی بالأدەست دا کەڵك وەرگرن.

لە پاشان کرێکارەکان کە هەولیان داوەتا لە بزووتنەوە سیاسیە سەر بەخۆکان دا رێکخراوبن، کارفەرماکان لە رێگای‌کەوە خەریکی پاساوی نیزامی بالاٌ دەست بوون، ئەبەوجۆرە تەبلیغ دەکەن کە هەر کەسێکی ماندویی نەناس دەتوانی سەر کەویٔ و بگاتە چینە بالأکان بەو مەرجەی هەولی دابێ و لەتەنبەلی وتەوەزەلی خۆی پاراستبی، بۆئیسباتی ئەم ئیدیعایەش، ئەدەبیاتی بازاری و خەڵك پەسەند پەیدا بوو تا لە راستیەکان، وێنەگەلێکی نمادی لەخەڵکی تێکۆشەروسەرکەوتوو بخەنە بەرچاو. نیشانەی ئاشکرای ئەدەبیاتی بازاری و خەڵك پەسەندی ئەو دەورەیە ئەوەیەکە خەریکی کێشانەوەی دیمەنێك لە دونیایەکی یەکسان و مروڤایەتیەکی پر لەراستی و سەداقەتە، ئەو جۆرەی کە هیچ لەراستیەکانی بەرچاوی نێو کۆمەڵگا ناچێت. ئەو ئەدەبیاتە بۆیە پرزەرەرە، چونکە بەروالەتێکی راست گەرایانە خەریکی توخمەکانی جیاجیای راستیەکانی کۆمەڵگایە، لە حالێکدا سەرجەم موناسباتی کۆمەڵگا، یەکسەرە کۆدەکاتەوە. ئەو کەسەکەمانای کەلەوجۆرە چیرۆك و رومانانەدا سەردەکەون و بە هەولْ و کۆششی خۆیان دەچنە نێو چینی دەڵەمەند، هیچ کات ئەو راستیانە ناگۆڕن کە زۆربەی خەڵکی کەمترین هەلیان بۆ سەرکەوتنێکی کۆمەلأیەتی و نیشاندانی نییە.

چیرۆکی موزیانەتر لەو جورە بە تەجروبەی شتی وا کۆتایی پێ دێت کە باشتروایە مرۆڤ قەناعەت بکات و خۆی لەگەڵ هەل و مەرجەکە ئەو جۆرەی کە هەیە سازبدات.

لە راستیدا دەوڵەمەندەکان بەو ئیعتبارەی ئەو مەتەڵەکە( نیتە خەمێکە، هەتە هەزارە) دەلێن کە هەژارەکان سەریان سووکترە و ماددییات و ماڵی دونیا چڵکی دەستەو هیچ بایەخێکیان نییە، تەنیا هەستی دەروونییە کە شایەنی رێزەوە بی ئەمەش ئەوە هەژارەکانن کە لە قازانجن، بەو جۆرە کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(ریلکە) دەڵێ: ( هەژاری، تیشکی رووناکی دەروونە) یا بە وتەی سەعدی: ( دەرونت لە تەعام خاڵی راگرە تا لەودا نووری مەعرەفت ببینی)، کاتێکیش کە ئیتر ئەوجۆرە ئامۆژگارییە هیوا بەخشانە فایدەیکی نییە و کۆمەڵگای سەرمایەداری هەر رۆژ زیاتر لەگەڵ قەیران و دژواری تازە بەرەو ڕوو دەبێتەوە، تەرحێکی نوێ دەهێنێتە گۆڕێ " هەتاوی دەورانی ئالتونی سەرمایەداری خەریکی ئاوا بوونە" نیزامێك کە هەتا دوێنێ کۆسپەکانی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونی وەلادەنا ئێستا کە رێگالە بەرەو پێشچوونی کۆمەڵایەتی دەگرێ.

هەروەها فەیلەسوف و نووسەرانی سەرمایەداری، هەربەو ترس ولەرزەی تایبەت بە چینی راوەستاو لە لێواری گۆڕی مێژوودا، چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی تەواوی مرۆڤایەتی دەبەستنەوە و رووخانی لە چارەنەهاتوی ئەو چینە بەرووخانی تەواوی شارستانیەتی بەشەری لە نووسراوەکانیان دەهێننە بەرنەزەر. لەوجۆرە نووسراوانەدا تەنانەت کەمترین هیوا بە داهاتوویەکی رووناك و دڵخۆشکەر وەبەرچاو ناکەوێ.

مروڤایەتی لە کۆمەڵگایەك داگیری کردووە کە لەودا رفاهی ماددی تەنیا بە قیمەتی چاو پۆشی تەواو لە فەرهەنگ و جەوهەری ئینسانی مسۆگەر دەبێ. کۆمەڵگای کۆیلەکانی بەرهەمهێنەر و گیانلەبەرانێکی کە ئیتر هیچ شتێکی ئینسانیان نییە و زۆر جاریش داهاتویەکی زۆر لەوە لێل تر بۆ مرۆڤایەتی دەبینن( یانی) گەرانەوە بۆ دەورەی بەربەریەت وتەوەحوش. ئەو پێغەمبەرە سەرخوردە و بێ هیوایانە، پێشگویی دەکەن کە لەداهاتوویەکی نە زۆر دووردا هیچ شتێك جگەلە وێرانەکانی شارە موتەمەدینەکان نامینیتەوە، کە لە قوڵکە و چاڵەکانیدا مرۆڤە و ەحشیەکان بەدەست قووچاوییەوە بە دووی زێر و زیوەرەوە دەگەڕێن.

تەنیا بۆ نیشاندانی رووی دیکەی ئەو وردە دژایەتیە بەدبینانەوە _ و نە هەڵوێستی دژی ئەو _ دەبێ لە فەلسەفەی زەبروزۆر وتەقدیسی تەواوی شتە کلتوری و نامرۆڤانەی چاوکاڵەکان وردبینەوە. فەلسەفەیەك کە باشترین موبەلیغی ( فریدریش نیچە) و سەرکەوتووترین رێرەوی( اسوالد اشپنگلر) بووە. لە خۆبایی لێهاتووەکان و سووکایەتی کۆمەلأنی خەڵك و بێ هیوایی ئەوین، لە ئاکام دا بە ( نیهیلیسم ) یا ( پوچ گەرایی) قارەمانانە دەگۆڕدرێ کە سەرەنجام بە تایبەت تۆێژی خویندەوارو چینی ئیحساساتی بورژوا دەخاتە داوێنی فاشیزمەوە.کاریگەری سەرخان لەسەر ژێرخانی کۆمەلگای شتێکی دیارە، هەر بۆیە دەبێ لەو بارەیەوە لەسەر سەربە خۆیی نیسبی سەرخانی کۆمەڵگا قسەبکرێ.

سەرخانی کۆمەڵگاکانی چینایەتی بەهیچ جۆرێك پێکهاتەیەکی یەکدەست ویە کسانیان نییە، ناکۆکی یەك لە ژێر خانی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە داهەیە، کەم و زۆر لە پێکهاتەی سەرخانی ئەوان رەنگ دەداتەوە. بێ گوتن ئاشکرایە کە بیرۆکەکان و ناوندەکانی چینی حاکم لە پێکهاتەی سەرخانی کۆمەڵگاش جێگای بالاّ و کاریگەریان هەیە و چینی دەسەلأتدار، بە مجۆرەی کە گوتمان، عەناسوری فیکری و تەواوی نیهادەکانی سەرخانی، هاوجەهەت لەگەل



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرژەوندییەکانی خۆی دێنی تا دەسەلاٌتی خۆی ڕاگریٚ و پتەوتری کات. بەلاٌم لە پالٌ ئەو سەرخانە دەسەلاٌتدارەو ئەو ئامرازی دەسەلاتە، بیرۆکەو نیهادهایەك پەیدا دەبن کە لەگەل ژێر خانی دەسەلاتدار بەسەر کۆمەلٌگا هاوساز و هاوئاهەنگ نین و لەگەلٌ ئەو دژایەتیان هەیە. لەسەرخانی کۆمەلٌگای چینایەتی سەرمایەداری، سەرەرای بیرۆکە و نیهادەکانی چینی حاکم، یانی نیهاد و بیرۆکەکانی پاساوکەری نیزامی سەرمایەداری، هەمیشە نیهاد و بیرۆکەهایەکیش دەبینین کە بە کۆمەلانی زەحمەتکیش تەعەلوقیان هەیە ولە دووی ئال وگۆڕی ژێرخانی حاکم بەسەر کۆمەلٌگا و پێك هینانی نیزامیکی نوێن. ئەو سەربەخۆیی یە نیسبیەی سەرخان و کاریگەری ئەولەسەر خێرایی ئالٌ و گۆڕەکانی ژیرخان، بە تایبەت لە دەورەکانی تێپەر و رەوتی ئالٌ وگۆڕەکان، زیاتر لایەنی هەلسوور پەیدا دەکات وبە هەمان نیسبەتیش ئالۆزتر دەبێت.

بیرۆکە و ناوندەکانی کۆمەلانی زەحمتکێش کە لەسەرخانی کۆمەلٌگای چینایەتی سەرهەلدەدا خێرایی پێك هاتنی بزوتنەوەی ئالٌ وگۆڕەکانی ژێرخان زیاتر دەکا، چ لە ڕێگای سست و بی کەلٌك کردنی بیرۆکە ونیهادەکانی سەرخانی حاکم و چ لە ڕێگای وشیار کردنەوەی کۆمەلاٌنی زەحمەتکیش و هەستاندنەوەی شەوق و زەوقی کار لەئەوان دا. دروست لێرە دایە کە دەبیٚ دەوری پر بایەخی ئەدەبیاتی پێشکەوتوو و پێشڕەو لە کۆمەلٌگای ئەوڕۆدا هەلٌ سەنگێنی.

لە حالٌێکدا ئەدەبیاتی پارێزەری چینی دەسەلاتدار تێدە کۆشیٚ بە چاندنی تۆوی بیٚ هیوایی وبیٚ ئاسۆیی، مرۆڤ بەوقەناعەتە بگەیێنیٚ کە لەئاست ڕاستیەکانی ژیان زەبون و بیٚ دەسەلاتە، تالە و ڕێگایەوە توانایی هەر جۆرە بزوتنەوەیەکی لیٚ بستێنیتەوە.

بەلام ئەدەبیاتی پێشکەوتنخواز و پێشرەو بیٚ پسانەوە هەولٌ دەدا هەلٌخرینەری جولٌانەوە وتێکۆشان لەنێو خەلٌك دابیٚ، جارێك لە ڕێگای زۆر کردنی هەستی رق و بێزاری لە بێعەدالٌەتی و شیواوی زالٌ بەسەر کۆمەلگاکانی چینایەتی و جارێکیش لە ڕێگای بەهیز کردنی هیوا بە داهاتوویەکی روون و وشیار کردنی ئەوان بە هێزی بی ئەوپەری کۆمەلاٌنی خەلٌك، چوونکە بۆ هێرش کردن بۆ دوژمن و سەرکەوتن بەسەر ئەودا، لە پیش دا دەبیٚ رقت هەستابیٚ و بێزاریت زیاتر بێت هەتاکو راستەوە بیٚ و بجوولٌێیتەوە، بەلاٌم نەرقێکی کوێر کوێرانە ونەفرەتێکی رەها، چونکە ئەو دووانە بە ئاسانی دەتوانن بە شەرێکی بی خێرلە دژی مرۆڤایەتی ئالٌ و گۆر پەیدابکات، بەو جۆرەی لە فاشیزم دا رووی دا .

یەکێك لە هەنگاوەکانی ئالٌ و گۆری فەرهەنگی، هێنانەدەریی فەرهەنگە لە چوارچێوەی چینی حاکم دا. کۆمەلٌگای چینایەتی وای جیٚ خستوە کە چینەبێبەشەکان توانای پێك هینانی فەرهەنگ و هونەریان نییە و بە تەواوی دەوری کۆمەلانی زەحمتکیش لە هەلٌدانی فەرهەنگ نەفی دەکەنەوە. هۆی سەرەکی جیاوازی فەرهەنگی دووچینی سەرەکی کۆمەلٌگایانی پرۆلتاریا و بورژوازی، لە بەردەست نەبوونی یەکسانی بەرهەمە ماددیەکانە.

بەرهەمێکی ماددی فەرهەنگێکی نوێیی مەسرەف لەگەلٌ خۆیدا بەدیدێنی و لەسەر تەکامولٌی بیروزەین و موناسباتی بەکارهینەرانی، کاریگەری راستەو خۆی هەیە، هەر بۆیە ئیمە دەبینین کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فەرهەنگی چینی باڵا دەست، فەرهەنگێکی پێشکەوتووە و بۆ هەمو مرۆڤێك لەزەت بەخشە وبە پیچەوانە هەر بە هۆی نەبوونی هێزی کڕین و بە تەبەعی ئەویش لە بەردەست نە بوونی بەرهەمە ماددیەکان، فەرهەنگی چینی بێ بەش هەرلەئاستێکی خوارەوە دایە.

لە راستیدا فەرهەنگ و توانایی خەریك بوونی هەوڵە داهینەرەکان، تایبەتی چینیك نییە، بەڵکو ئەو شتەی فەرهەنگ دەکاتە بەرتەری چینایەتی، ئیمکانی خەریك بوون بە ئەوە و ئەویش لە کومەلگای چینایەتی تەنیا لە بەردەستی چینی حاکم دایە، مرۆڤ لە هیزی فیکری و تواناییە نادیارەکانی کۆمەڵانی زەحمەتکیش سەری سووڕ دەمێنی، هێزیك کە تەنانەت لە بارودۆخی دژواری کۆمەڵگای چینایەتیش دا خزمەتی گەورە و پر بایەخی بە فەرهەنگی مرۆڤایەتی کردووە، بە کورتی مێژووی کۆمەلگای چینایەتی گۆرستانی گەورەی تواناییەکانە.

یەکیك لە ئەرکە گرینگەکانی ئاڵ و گۆڕی فەرهەنگی، دیموکراتیزە کردنی فەرهەنگ و بڵاوکردنەوەی دووبارەی ئەو لە نیو کومەلانی خەلکە، یەکەم هەنگاوی ئەو رێگایە فێر کردنی سەواد بە کومەلانی خەلکە.

فێرکردن و بار هینان و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ بۆ خۆیان لە خزمەتی ئامانجێکی گەورەتردان، ئەویش ریگە خۆش کردن بۆ هاتنەمەیدانی رووناکبیران لەنیو کۆمەلانی خەلك دا. رووناکبیرانیك کە لەگەل دەقە بە دەقەی ژیانی ئەو کومەلانە ئاشنان و داخواز و دڵخوازەکانیان زۆر بە باشی دەناسن، ئال و گور لە فەرهەنگی کۆمەلانی خەلك بە بیٚ بەشداریکرنی خۆیان و یا بە وەکیلایەتی لەوانەوە بێ فایدەیە. لە بەرچاو نەگرتنی دەورو نەقشی کۆمەلانی خەلك لەو پروسەیەدا بێشك بە دریژەدانی ئەو ریگایە دەکیشری، واتە بیگانە بوونی ئەوان و فەرهەنگ، هەلبەت بە جوریکیتر، ولەو رووەوەیە کە یەکیك لە ئامانجە گرینگەکانی ئال و گوری فەرهەنگی، دەبیٚپیٚك هینانی ئیمکان و بوار خۆش کردن بۆ سەرهەلدانی رووناکبیران لە نیو کۆمەلانی خەلك دابیت.

لە کۆتایی دا ئەو جورە ئال و گورە فەرهەنگییانە پێك نایە مەگەر لە نیو کەش و هەوایەکی ئازادی بیروڕا دەربرین دا. ئازادی لە هەمان کات دا کە ریگە بۆ سەرهەلدانی فەرهەنگی واقیعی خۆش دەکات، بۆ خۆی بەرهەمی ئەو جورە فەرهەنگەیە و فەرهەنگ و زانستیش تەنیا کاتیك لە نیو کومەلگا پەرەدەستینی کە کەش و هەوایەکی ئازاد بۆ ئال و گۆڕ و دەربرینی بیرورا پیك هاتبێ.

تەنیا لە وەها فەزایەك دایە کە بە ناو هونەرمەندەمایە پووچەکان دەردەکەون و بە ناچار رەنگ دەگۆڕن و ئیتر مەجالیك بۆ هونەر و ئەدەبیاتی بازاری نامینیتەوە.

تەنیا لە وەها دۆخیك دایە کە بێ ئاسویی و بیچارەیی لە ئەدەبیات دا، جیگای خۆی بە هیوای سەر هەلداوی کومەلانی خەلك دەدا.

تەنیا لە وەها هەل و مەرجیك دایە کە ئیتر شیعر و ئەدەب ئاوێنەی بێ هیوایی ژیان نین و دەبنە کوتکیك کە هەر زەربەی جۆریکی دیکەی نوی بە ژیان دەبەخشێ.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# چەند سەرنجێک بۆ سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی فیستیواڵی رۆژهەڵاتی کوردستان (تاراوگە)

ن : سەعید ئەمانی

کوتاییە کانی مانگی ریبەندانی ئەمسال (١٣٨٢) یەکیك لە بنکە کانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، بەریوە بەری فیستیوالی روژهەلاتی کوردستان (تاراوگە) و میواندای کومەلیك لە شاعیران و نووسەرانی تاراوگە نشینی کوردستانی ئیران بوو. لەسەربانگهیشتی رەسمی کومیسیونی لیکولینەوەو بار هینانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و دەستەی بەریوەبەری فیستیوال، هەئیەتیك لەلایەن گوڤاری پیشەنگەوە بە ناردنی دووبابەت و خویندنەوەیان وەك بەرهەمی پەسندکراو، بە شداری کرد .

لەگەل ئەوەی بەریوە بردنی ئەم جورە فیستیوال و کورو کومەلانە لە نیو ئەدیبان و هونەرمەندانی تاراوگەنشین، بەتایبەتی لە ئوروپا و بگرە لە ناوەوەی ولاتیش، لەلایەن شاعیران و نووسەران و ئەنەامانی ئەنجومەنە ئەدەبیەکانەوە، هەرسالە چەندین کوری لەم چەشنە بەرێوە دەچیّ، بەلام تایبەتمەند ییەکی کە فیستیوالی تاراوگە لیّی بەهرەمەندە و لەوانی دیکەی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم فیستیوالە بو یەکەمین جارە لە ئاستیکی ئاوا بەرین و بە بەشداری ئەدیبانی ئەندامی چەندین لایەنی سیاسی کوردستانی ئیران و خاوەن

بوچوونی تایبەت و لە سەر ئەرکی یە کیك لەولایە نانە بەرێوە دەچێ.

ئەم فیستیوالەش وەك گشت کوروکو بوونەوە ئەدەبی و هونەریەکانی تر ، خاوەنی خالی بەهیزو لاوازی تایبەت بە خوێ بوو ، من لیرەدا هەولدەدەم ئاماژە بەهیندیك لە لایەنەکانی بکەم .

١_ فیستیوالی تاراوگە هەر چەند لەژیر چەتری پشتگیری لایەنیکی سیاسی دا بەریوە چوو ، بەلام روالەتیکی بەتەواوی ئازاد و دیموکراتیانەی پیوە دیار بوو، کوی بیرۆ کە یەکی پیش وەخت ئامادە کراوی هیچ لایە نێکی پیوە دیار نەبوو . بەشداران بەگشتێ لە کەش و فەزایەکی تەواو ئازاددا تە عبیریان لە راو بو چوونی تایبەت بە خویان دە کرد و کوبوونەوە کان پر بوون لە باس و دەربرینی دژ بە یەك بەلام لە فەزایەکی بە گشتی دوستانە دا .

٢_ بەشدارانی ئەم فیستیوالە لە دو بەرە، یان بلێین لە دوو تەیف پیك هاتبوون کە هەر کامە و لە هەل و مەرجیکی تایبەتی و رەنگە زوریش جیاواز لە یەکتر پەروەردە ببون و بە باشی هەست بەوە دەکرا کە ئەوکەش و فەزایەی تییدا پەروەردە بون بوچوونەکانیان لە قالب داوە. ئەو بەرەیەی کە ماوەی دوو دەیە یان کەمترە لە شاخ و لە تاراوگە دەژی رەگەیەکی شوعاری بەبەرهەمە کانیانەوە دیار بوو، بە توندی داکوکی لە ئەدەبیاتێکی بە دەروەست ( موتەعەهد) دەکرد. بەرەی دووهەم لە و کەسانە پیك دەهات کە لە ناەوەی ولات و لە ناوجەرگەی ئەنجوومە ئەدەبیەکانی شارەکانی کوردستانی ئیرانەوە شکوفا ببون. ئەم بەرەیە بە پیچەوانەی ئەدیبان و نوسەرانی هەلقولاو لە ناخی حیزبە کانەوە کەمتر پابەندی ئەدەبیاتێکی دەروەست بوون، پییان وابوو هونەر وئەدەبیات، بە تایبەتی شیعر، کەتا ئیستا زور ئەرکی بودیاری کراوە و بە دریژایی بزوتنەوەی شورشگیرانە و مافخوازانەی خەلکی کوردستان چەکیك بوە بەدەست خەلکی زوّر لیکراو و بەشخوراوی راپەریوەوە، هیچ ئەرکیکی لە سەرشان نییە و شاعیر دەتوانێ شیعریك بلێ کە بە روالەت خاوەنی هیچ مانا و مەفهومیك نەبی، یان بە چە شتێك بیت کە خوینەر لێی حالی نەبیت، کە تاوانە کەش هەر لە ئەستوی خوینەرە، لەو زمانە رەزاویە حالی نابیت! ئەگەر کارمان بە ناوە روك نەبیت بە حەقیقت بەرهەمی ئەم بەرەیەی دوایە لە باری زمان و فورمەوە لە ئاستیکی بەرزتر دایە و من پیم وایە بەرخوردی ئەم دووگرایشە یان بلین ئەم دوو شیوە کارە لەوفیستوالە دا، بوّ داهاتوو سەمەرەیەکی باش و گشت پەسندی دەبیّ. ئەگەر بە چاویکی رەخنە گرانەوە بروانییە بەرهەمی هەردوو بەرەکە. چون نە بەرەی یەکەم بەو چەشنەی کە خوّی پیّی دروستە دەتوانیّ لەگەلّ رەوتی ئیستای ئەدەب و گورانکاریە کاندا بڕ بکات ونە بەرەی دووهەم دەتوانیّ بە مەودا گرتنی ئاوا بەرین لە ئاستی زانیاری و دەرکی نەتەوەو چین و کومەلگا کەی بەگشتی، رسالەتی هونەری خوی بەریوە بەریّ. کەوابوو پیویستیمان بە دیاردەیەکی سیهەمە بوّ ئەوەی بەر بە پاشا گەردانی و بە ردەنگ ون کردن بگریّ وهونەرو ئەدەبیاتیکی شیاوی سەردەم بیتە ئاراوە.

٣_ له تاراوگەیان باشتره بلیم له بەشی تیکوشانی شاخ، بگره له ناو شاریش، تائیستا هەرلایەنەو پییْ وابوه، یان وای نیشان داوه، رەوتیکی هونەری و ئەدەبی یان به گشتی شیوه یەك ئەدەبیات له ئارادایه که له راستای ریبازی سیاسی و بو چونه کانی حیزبەکی ئەودایه و ئیتر ئەوانی تریان نه بینیوه یان چاوپوشی لیکر دوون و هیچ حیسابیکی بونه کردوون. کومەلگای کوردستان وەك هەر کومەلگایەکی زیندووی دنیا چوّته قوّناغی پیشکەوتن و بوّته کوّمەلگایه کی چینایەتی و هەر چینەش به شیوەی سروشتی ریبازی سیاسی بوّ پاراستنی بەرژەوندی خوّی، هونەرو ئەدەبیاتی سەربه چینه کەی، وەك چه کیکی مەعنەوی، خولّقاندوه. دەر کەوتنی ئەو ئەدەبیاته جوراو جوّرانه له که شیکی دوستانه دا له فیستوالّی تاراوگه، دەتوانیّ سەره تایەك بیّ بوّ هەرچی زیاتر له یەکتر گەیشتن و دان به یەکتر دانان و له ئاکامدا هاوکاری بوّ گەشه پێدانی هونەرو ئەدەبیاتیکی شیاوی کوّمەلگای چینایەتی کوردستان.

٤_ ئەگەر وەك لایەنی لاوازی ئەم فیستیوالّه بمانەوی ئاماژه به چەندشتیك بکەین، بەرچاو ترینیان ئەمانەن: وەك گشتمان دەزانین ئەو بەریزانەی له فیستیوالّه کەدا بەشدار بوون کوّی ئەوشاعیر ونووسەر وهونەر مەندانه نەبوون که له تاراوگەدا دەژین و ئیستا له نیوّ شارەکانی کوردستانی عیراق دا گیرساونەتەوه. فیستیوال تەنیا به شیك لەو ئەدیبانەی له خوّی دا کوّکرد بوّوه که له یەکیك له لایەنه سیاسیه کاندا چالاکن . بەهەر هوّو بیانوویەك نەیا نتوانی بّی باقی ئەو نوسەر و ئەدیبانه بانگهیشت بکەن و له و فیستیوال دا به شداریان بدەن، وەك خالیکی لاوازی چاولیدەکریّ و هیوادارم له داهاتوودا لەلایەن گشتمانەوه سەرنجی بدریتیّ .

٥_ یەکیکی تر له و شتانەی که وەك خالیکی لاواز به روالەتی ئەوفیستیواله وه دیاربوو جیاله وەی ملاحەزەی زوّر کەس کرا بوو( جابه هەر هوّیەك !) بەرهەمه زوّر لاوازه کانیان بوّ خرابوه بەشی خویندرانەوی هەلبژارده وه، له کاتی راگەیاندنی بابەته سەرکەوتوەکان دا روون بوەوه که بگره داوەره کانیش که دەبوو ئەوشتانەیان له بەر چاو نەبوایه و زوّر بیلایەنانه بابەتەکانیان هەلسەنگاندایه کەوتونەته ژیّر کاریگەری بوّچوونه ملاحەزکاریەکان و داوەریەکی راسته قینه و هونەری یان له خوّنیشان نەدابوو.

له گەلّ گشت ئەم تیبینیانەدا، جاریکی تر دەستخوّشی له بەریوەبەرانی فیستیوالی روژهەلاتی کوردستان (تاراوگه) دەکەم داوای بەردەوامی له کارەکانیاندا بوّده خوازم.

١٣٨٢/١٢/٢٠



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# له تێكستی زۆربای كازانتزاكی: وامرۆڤ سەربەست دەبێت

ن: ئیبراهیم ئەلعەریس

لەماوەی ئەوژیانە درێژەداو لەماوەی گەشتە هەمە چەشنەكانی و گەڕانی لەنیوان وڵاتان و بیروباوەڕەكاندا: نوسەری گەورەی یونانی سەدەی بیستەم نیكوس كازانتزاكی چاوی بەخەڵكانیكی زۆر كەوتووە، هەروەها لەماوەی خوێندنەوەكانیشی دا زۆر خەڵكی ناسیوە هەرخودی خۆی هەمیشە دەیووت كەتارادەیەك هەموو كەس دەناسێت هەرلە سوقراتەوە تا پێش سوقراتیش، هەتاخزمەتكاری ئوتیلەكانیش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی هەمیشە كاریگەریان لەسەری بووە و هەتاكوو پیریشی هاورییەتیان كردووە، ئەوانیش چواركەس زیاتر نەبوون هۆمیرۆس، نیچە، هنری بركسۆن، ئەلەكستی زۆربا. پێویست ناكات خوێنەر دەسبەجێ بۆدواهەمین ناویان، لە ناوفەرهەنگی ناوداران و سەرۆك و ناسراوە كاندا بگەڕیت: كە ئایا لە چ دەنگێك بووە؟

ئەوە زۆر ئاسانە لەبەر ئەوەی زۆربا وەك زۆربەی خەڵكی، مرۆڤێكی سادەیە، هەروەها بۆتە پاڵەوان و ناونیشانی یەكیك لە ڕۆمانە بەناوبانگەكانی (نیكۆ كازانتزاكی ). پێش ئەوەی دەرهینەری یونانی مایكل كاكویانیس كە لەدایكبوی میسرە، پایەیەكی نیۆدەولەتی لەناوە راستی چلەكانی سەدەی بیستدا پێ ببەخشێت، كاتێك كە فیلمێكی لەسەر ئەو ڕۆمانە دەركرد، ئەنتۆنی كوین بە ڕۆڵی ((زۆربا)) هەستا، ئەو رۆڵە تا كۆتایی ژیانی پێوەی لكا، هەروەكوو چۆن بە ژیانی كازنتزاكی یەوە لكا. هەروەهابە ژیانی كاكویانیسی دەرهینەریشەوە، چونكە ئەو واتە زۆربا پارێزگاری لە هێمنی و كەسایەتی و خۆشەویستی كرد كە بۆژیان هاوشێوەی نییە.

لەبەرئەوەی زۆربا یا زۆرباس هەروەكوو ئەوەی لە بنەرەتی لە راستی ژیاندا كەسایەتیەكە لەوكاتەوەی مرۆڤی خاوەن هۆش پێی دەگات هەرگیز مێشك بەجێ ناهێڵێت، كەسایەتیەكی پڕوزیندوو فێركارە، ئاسان نییە هەر هاوشێوەیەكی لە هەرئەدەبیێكی جیهاندا بدۆزیتتەوە،هەرچەندە زۆرێك لەئەدیبان دوای كازانتزاكی لە هەڵوەدایی ئەوە دابوون كەسایەتیەك دابرێژن كە هاوشێوەی زۆربا بێت،جگەلەوەی جیاوازی بنەڕەتی هەمیشە لەوەدابووە كە نوسەری یونانی لانی

کەم ئەوەمان پێدەلیت: کە داهێنەرییەکەم کەسایەتیە نییە بەڵکوو ڕاستەوخۆ لەژیانەوە وەریگرتووە و وێنەی کێشاوە و قەڵەمێکی پێیاهێناوە.

بەڵام بۆچی کازانتزاکی ئەو کەسایەتیەی دەسنیشان کرد و لەژیانەوە بۆفەزای ڕۆمانەکەی گۆڕی. لەبەر ئەوەی نوسەرانی ژیانی کازانتزاکی پێمان دەڵێن: چونکە ئەم پیاوە تەنها شکۆمەندی و گەورەیی ئاسۆکانی مێژووی بەرین و لوتکەی چیاکان و ئەو تاکانەی هەنگاوی زە بەلاح دەنین لا شکۆدارە، جگە لە گڕی ناوناخی مرڤەکان حەزی لە هیچی ترنەدەکرد. ئەگەر بشڵێین گڕ دەستبەجێ دەڵێین ((ئەلێکسی زۆربا)) ئەمەش لە بنەرەتدا بۆ ساڵی ١٩١٥ دەگەریتەوە، کاتیک کازنتزاکی ژیاننامەی تۆلستۆی دەخویندەوە تەمەنی ٣٢ ساڵانە بوو. دەستبەجێ لە ڕۆژ ژمیرەکەی دا ئەوەی تۆمارکرد( ژیاننامەی تولستۆییم خوێندەوە، ئەفسونی و شکۆداری داپۆشیم دەرکم بەوە کرد کە هەرگیز ئەدەبی بەس نییە، بەلکو ئەوەی بەراستی پێویستیەتی ئەوە ئایینە، هەستم بەوە کرد کە پێویستە لەسەرم کە دەربچم تابگەمەئەوەی کە تۆلستۆی پیێ گەیشت.)

ئەگەر کازانتزاکی لەوچرکەساتەوە لەهەموو ڕۆمانەکانیدا هەوڵی داوە بەوە بگات کە تۆلستۆی تەواوی کردووە، خولقینەری کەسایەتیەکان پاڵەوان دەیگێڕێتەوە ئەو کۆتاییەی هەروە کوو چۆن خودی خۆی دەیگێڕێتەوە_ یان تۆلستوی_ پێویست بوو کازانتزاکی زۆربا لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤١و١٩٤٣ دا بینوسێت تاکوو هەست بکات بە ئامانجەکەی گەیشتووە.

هەتا ئەگەر ئەمڕۆلاشمان گران بێت وای دابنیین بە هیزترین بەرهەمەکانیەتی. ئەوە دوای شتێ هەتا ئەگەر خاسیەتی ڕۆمانەکەی وەربگرتایە لەو ڕوەشەوە بخوێنرایەوە، خەریکە لە نیوان ژیاننامەی تایبەتی و ژیانی گەورەکانی ئەم دونیایەدا لەیەک بۆتەدا کۆدەکریتەوە.

کازانتزاکی لەوکاتەوەی کە ژیاننامەی تۆلستۆی خوێندەوە، خۆی دۆزییەوە و بۆ یەکەمجار ڕوبەڕوی بیرۆکەی نوسینی ڕۆمانێك دەبێتەوە لە بارەی کەسایەتی ئاوەرتە_ هەلاوێردەوە دەخولێتەوە. ئەوەی ڕویدا لە ماوەی ساڵی دواتردا بۆخوێندنەوەی ئەوژیاننامەیە، ئەویش ئەوەبوو بۆدۆزینەوەی یەکێك لەکانەکان و شوێنی بەکارهینانی لەناوچەی ( براستۆفا) لای قەراغی بیلو بونیز ڕووبەڕو بووە، هەر لەوبارەیەشەوە لە گەشتە پشکنینەکەیدا کەسێك هاورێیەتی دەکرد، کە ئەویش جۆرج زۆربا بوو بە هاورێیەتی ئەو لەبری ئەوەی کانێکی کانزا بدۆزێتەوەو ببێتە هۆی پەیدا کردنی سامانێك...

لەهاورێی گەشتەکەیدا واتای ڕاستەقینەی بۆمرۆڤ و هاورێیەتی و ژیان دۆزینەوە، ئەو بیرۆکەیەش بەدرێژایی چارەکە سەدەیەك لە مێشکیدا هەڵهات. دواجار لە گەرمەی داگیرکردنی یوناندا و لەڕۆژانی جەنگی جیهانی دووهەمدا ئەوکاتەی لە ناوچەی ئیجبینا نیشتەجێ بوو دلتەنگ و لە دلەراوکیدابوو بۆ دوارۆژی نیشتمانەکەی، کەسایەتی زۆربا لە سەریدا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆی دەرەخساند و دوو ساڵ تیپەری کە وینەکەی لە سەرکاغەز کێشا، ئەوڕۆمانە ناوبانگی زۆری پێدا و بازێکی تری بە هەموو ئەدەبیاتی یونان بەرەو دەروازەدا . لەبنەڕەتدا ڕۆمانەکەناوی (ژیانی ئەلەکسی زۆرباس) بوو، بەڵام بابەتێکی زۆرسادەیە، کوریکی لاوی شاریمان هەیە بە هاورێیەتی کەسێکی یونانی کە بە زۆربای ناو دێنین کە بە رێکەوت پێی گەیشتووە چاوی لەوە بریەوە کە کانگایەکی کانزایی بدۆزێتەوە. رۆمانەکە چیروکی بە یەکگەیشتن و کۆشش و سەرئیشەیەکە کە کورە شارییەکە لەگەل هاوری یەکەی دا پیی هەستاوە. هەرچەندە لاپەرەکانی ئەم ڕۆمانە پرە لە چەندین چیرۆك و درێژە پێدان، دەشیت هەمووئەوانە راستبن. جگە لەوەی خاونی بایەخی راستە قینەی رۆمانەکە زۆربایە چونکە تاکە رۆڵ خۆیەتی کە بەرجەستەی دەکات. ئەوپیاوە سەربەست و ئازایە، لەو چوارچێوەی هاورێیەتیەیەدا کە لەگەڵ کورە شارییەکەدا ( لەراستی دا گوزارشتە لەسەر نوسەر خۆی ) ئەوڕەوشت وبە خشەندەیی و بێ وێنایانەی کاریگەریان لەسەری کورە شارییەکە هەبووە( زۆربا) هەروە کوو رۆمانەکە وێنای کردووە کەسێکە چلێسی راستەقینەی بۆ ژیان، ئارامی پێ دەبەخشێت . بۆ ئەوەی گوزارشت لەو چلێسی و ئارەزووەی لەژیاندابۆ ژیان بکات، هەروە کوو چۆن حەزوهەوەسی لێیەتی پابەندی سەربەستی و هەمووبەهایەکی مروڤانەیە، دوورلە هەموو بیروباوەرێکی وشك و سەپێنراوەی دەرەوەی خۆی دەژی مروڤ بەهەموومانایەکی وشەی مرۆڤ کەپابەند دەبیت بە ئەقلییەوە وەك تاکە پێوانەیەك بۆ بیرو باوەرەکانی و هەروەها بە مرۆڤایەتییەوە وەك تاکە لۆجیکتك بۆ ژیان و ڕووبە ڕووبونەوە، پێوستیە جارێکی تر دوبارەی بکاتەوە، بەرجەستەکردنی راستەقینەئەوەیە کە مروڤ لەسەریەتی سەر بەست بێت ئەوکاتە ژیان دەباتەوە وەك سەرکێشیەك تابژی. لەبەر ئەوەی زۆربا وابوو، دەبینین وانەیەکی راستەقینەی لەژیان وەرگیراوەو دەیدات بەهاوڕێ شاریەکەی کە بە کۆت و بەندی بیرباوەری وشکی ناو کتیب و فەرمانە ئامادە بۆ کراوەکانەوە کەلەبچەکراوە.

وانەیەکە، بەڵام بە تایبەتی کاتیك گۆرانی دەلیت و سەمادەکات و هەروەها ئەوکاتەی ( سەنتور) لێدەدات گوزارشتی لێدەکات، ئەو ئامێرە موسیقیەی کە زۆربا قسەووتەی بەس نییە بەڵکوو پێوسیتیەکی رۆحی ژیانیەتی.چونکە ئەو چالاکییەی بۆ ژیانی رۆژانەی زۆربا پیویستە بۆ رۆحیشی پێویستە.

لەراستیدا ئەوەی لە نیکۆس کازانتزاکی ڕوویدا( ١٨٨٢_١٩٥٧ ) لەماوە ژیانی دا لە نیوان رێبازو ئاراستە هەمە جۆرەکاندا دەگەرا، بە جۆرێکی زۆر تایبەت لە سۆفیگەرایەتی دادەنریت( لەوانەیە زۆر لە رێبازی تۆ لستۆیەوە نزیك بێت) هەروەها لە نیوان مارکسیەتیشدا ئەو رۆمانەی ئەوە ئاشکرادەکات کە بە نیچە کاریگەر بووە، چونکە لەتەمەنێکی زوودا خویندویەتیەوە بەو ( پوچگەراییەی) گەیاندووە کە لەسەری هیژمۆنگەر بووە، هەندێ جار دەردەکەوت و هەندی جاریش دەشاردرایەوە، کازانتزاکی کاتیك نیچەی خۆیندۆتەوە هێشتا هەرزەکار بووە و پێی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاریگەربووە بەتایبەتی بە کتیبی ( زەردەشت وای گوت). ئەم نوسەرە ( کازانتزاکی ) لە جەزیرەی کرمت لەدایك بووە بە منالی خووی بە چیرۆکی راپەرینەکانەوە گرتبوو کە رۆلەکانی ئەو دورگەیە پێی هەڵدەستان خودی ئەم راپەرینانە بنەماڵەکەیانی ناچاردەکرد دەمێ بۆ ( بیریە) و دەمێ بۆ (ناکسۆس) ئاوارەبن، دواجار بیرۆکەی رۆمانە گەورەکەی ( سەربەستی یان مردن)ی پێ بەخشی کازانتزاکی ساڵانی خوێندنی لە زانکۆی پاریس لای (هێنری برگسون) بەسەربرد.

پێش ئەوەی بۆ یونان بگەریتەوە دەستی بە نوسین کرد لەسەری بەردەوام بوو تا ساڵانی کۆتایی ...

لەسەدەی بیستدا هەندێ کاری ئەدەبی بەناوبانگی یونانی بەرهەم هێنا( دواختورەکانی مەسیح )ئەو رۆمانە ئێستا قسەی زۆری لەبارەوە دەکرێت. هەروەکوو چۆن لە بارەی فیلمەکەوە کە ( مارتن سکور سینری) لەسەری دەریکرد بە بۆنەی ئەوهەراوهوریایەی لە دەوری ( دایکی مەسیحی) ئەکتەرو دەرهێنەر میل غیبسون روویدا.

---






PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# یورته باسێك له ژیاز ی یوّزارت رابەری یەیریی یوسیقا

ن: دلێرتاهیر



مۆزارت ناوی تەواوی( ئولف گانك ئەمادیۆس مۆزارت) ه له ١٧٥٦/١/٢٧ له کاتژمێر ٨ی سەر له ئیواره له شاری سالزبۆرگی نەمساله له دایك بووه. موزارت ناوی شاریکه له شارەکانی ئیتالیا که کاتیك دایك و باوکی بۆ گەشت کردن دەچن بۆ ئیتالیا ئەم ناوەی لیّ دەنێین. مۆزارت له منالییەوه دەست به هونەری موسیقا دەکات له تەمەنی ٤ سالیدا زۆر زیرەك و بلیمەت بووە، خوشکەکەی که ناوی( نانزیل)ه له تەمەنی ٩ سالییەوه خەریکی موسیقا دەبیت بەلاّم مۆزارت له تەمەنی ٣ ساڵی یەوه ژەندنی پەنجەکانی له سەر ئامێری پیانودا زۆر به توانا بووه باوکیشی ئەزانیت که مۆزارت کەسیکی لیهاتووه وه کاتیکیش گوێی له ژەندنی ئاوازەکانی ئەگرێت زۆری پیّ خۆشحال دەبوو، مۆزارت له ئاهەنگیك له تەمەنی ٦ ساڵی دا که له سەر تەختی شانۆدا گولباران دەکرێت، له کاتی ژەندنی ئامیری پیانودا، هونەرمەند واگن سیل لاپەری نۆتەکانی بۆ هەلئەداتەوە، موزارت زۆر حەزی به گەشت کردن هەبوو وەئەیزانی که تواناى کۆنسیرتی هەیە، بۆیە له تەمەنی لاویتیدا ئەبیته ماموّستای ئامێری کەمانجه له دووقوتابخانه، یەکەم کۆنسێرتی له سالی(١٧٦١) له تەمەنی ٦ سالـــــی دادەبیت، به دەگمەن مندالی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاوەها زیرەك ولیهاتوو پەیدا ئەبوو چونکە کاتێك کە لە سەر ئامێرێکی مۆسیقا بۆ چەند سەعاتمۆسیقا دەژەند بە بێ ئەوەی بیر لە خواردن و کارێکی تر بکاتەوە کە ئەمەش بە هرەیەکی بە هیز بوو.

لە گەشتیك دا مۆزارت بۆ فەرانسە پەیوەندییەکی تەواو ئەبەستیت لە گەل مۆسیقا و ئوپەرای فەرەنسی داوە هەروەها لە پاریس دا سوناتای ئامیری( کە مانچە و پیانو) دەگێرێت وەلە سال ١٧٦٧ دایەکەم ئوپەرای خۆی پیشکەش دەکات بە ناوی( ئوپۆلۆ هیاسینت) لە سالی ١٧٧٢ دوای ئەوەی ئۆپەراکەی دروست دەبێت ناو دەردەکات بە باشترین هونەرمەند، بۆیە لە سالز بۆرگ لە کۆشکی وەزیری داوەردەگریت وەك مۆسیقا ژنێك،ماوەیك لە کۆشکی وەزیری دا هەلدەسێت بە ئاهەنگیرانەوە، ئەبیتە ئەندامیکی ئورکسترای کۆشك، چەندها گەشت ئەکات بۆ ولاتانی ئەوروپا و چەندەها شاران دەگریت کە ئەمەش ئەبیتە هۆی کەمتەرخەمی کۆشکی وەزیر بۆ ئاهەنگ گیران، وەزیر چەندها جارلێی توورە دەبێ و پیێ دەڵێت، کە تۆ پەرە نادەیت بە هۆنەرەکەت لە کۆشکدا، ئیتر لە مانگی ٧ی ١٧٧٨ ناخۆشترین کارەساتی بەسەر دێت ئەویش مردنی دایکی‌یە کە ئەمەش ئەبیتە هۆی دوور کەوتنەوەی لە کۆشك و بۆیە وەزیر دەری دەکات، لە ویەن دا لە سالی ١٧٨٢ هاوسەری ژیانی خۆی کە ناوی کۆنستانسر ڤیبەرە پیی ئاشنا دەبێت کە ئەویش هونەرمەندو بە ریوبەری شانۆ دەبێت، مۆزارت لەم هاوسەرەی خاوەنی دو مندال دەبیت، بتهوڤنی نە مرلە تەمەنی ١٦ ساڵدا داوا لە مۆزارت ئەکات کە وانەی مۆسیقای پی بلیتەوە لە سالی ١٧٨٧ دا بەلأم هۆی وانە نەوتنەوە کەی مردنی دایکی بتهوڤن دەبیت کە ئەویش ناچارە بگەریتەوە بۆ ئەلمانیا. هەر لەو سالەدا موزارت ئەمرێت و لەو کاتەدا مۆزارت ٣ سەمفۆنیا ئەنوسیتەوە ئیتر بە تەواوەی دەبیتە جێ شانازی بۆ وەزیرو گەورە مۆسیقا ژەنەکانی ئوروپا و جیهان، وەگەشت و ئاهەنگاکانی ئەبووە رێگای پیرۆزی هونەرەکەی، ئەبوە مایەی پیشکەوتن و ناو دارێتی کاتێك دەستی بە ژەندنی ئامێری کەمانچەیان پیانۆ یا ئورگ بکردایە خەڵك ورتەیان لێ ئەبڕاو ئەکەوتنە نوقمی خەیالەوە، مۆزارت رۆژلە دوای رۆژ تووشی ماتەمینی ونیگەرانی دەبوو، هۆیەکەشی ژیانی ئابووری بوو چونکە مۆزارت کەسێکی هەژار و کەم دەرامەت بوو، هەروەها دەردەسەری ژیانی و گیرو گرفتی نەخۆشی کاری تیکرد بوو.

مۆزارت لە سالی ١٧٩٠ قەرزێك لە خاوەن سەرمایەکان ئەکات و چەند کۆنسیرتێکی پێ ئەنجام دەدات یەکێك لەو ئاوازانەی کۆنسێرتەکە ئاوازی( زاوبەر فلوتە) یە کە مۆزارت زۆر دلی پێ خۆشبووە و بە باشترین بەرهەمی خۆی داناوە بەلأم لەگەڵ ئەوانەش دا مۆزارت هەژار بوو، هەر پارەیەکی دەست بکەوتایە ئەوا کۆنسێرتێکی پێ سازدەدا کە ئەمەش هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ مۆزارت بۆ ئەوەی نەتوانێت چارەسەری نەخۆشیەکەی بکات بە هۆی نەبوونی پارە، بۆیە بە هۆی نەخۆشی گورچیلە کانی و رۆماتیزمەوە لە ١٧٩١/١٢/٥ لە نیوە شەودا تا یەکی بە تین دا دەگرێت و چاولێك دەنێت و بۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەمیشە دنیای هونەرو مۆسیقا جێ دێڵێ لە دواییش دا خێزانەکەی بێ پارە دەمێنیتەوە، تەنانەت پارەی گۆڕەکەیان نابێت بۆی پەیدا بکەن. کاتێك بە عەرە بانەیك ئەیبەنە گۆرستان کەسێك بە دوای تەرمەکەیەوە نابێت وەئیستاش کەس نازانێت جیگای قەبرەکەی کەوتۆتە کوێوەو هەر شاراوەیەکی ژیر پێیەو هیچ دیاریکراوێکی لێوە دیارنییە.








PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# شوبنهاوەر، خوای نیچە

شوبنهاوەر، خوای نیچە

**خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی نیچەی شوان ئەحمەد**

ن: ئەنەوەر حوسێن(ا: بازگر)



هیچ خوایەك لە ئارادا نیە و چاوەڕێدی خوایانەش نیە، ژیان و گەردونیش مانایەكیان نیە، لە پەشت هەموو ئەمانەشەوە جگە لە ئیرادەیەكی نابینا هیچی تر نییە..." ئەم چەند دێڕەو كتیبە بە ناوبانگەكەی "شوبنهاوەر" جیهان وەك ئیرادە بیرۆكە تێڕوانینی نیچە بەرامبەر جیهان دەگورێ .

نیـــــــــچە، لە هەمبەر گەورەیی شوبنهاوەر و تێژی ئیرادەكەی، هەمووجار دەیوەت" دەخیلم شوبنهاوەر فریام كەوە" بەم شكڵە پێدەچی نیچە، شوبنهاوەری كردبێتە ئەلتەرناتیڤی خواو، تارادەیەكی زۆر معجیبی بووبێت.

پێش دەچێت هەر ئەو فكرەیەی( جیهان وەك ئیرادەی شوبنهاوەر، وا لە نیچە بكات بە دوای



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئیرادەو سوپرماندا بگرە، کە بەوشێوەیە دروستیدەکات.

بە سێ گورانکاری مەزنی رۆم:

یەکەم، روم( وشترێکی ملکەچ و پشوو درێژە)، بە هۆی سوننەت وترادیسیونە کۆنەکان بڕستی لێ براوە.

دووم، دواتر دەبێتە ( شیر) دەڵی من ( دەەهەویست) مەبەست لەمە بەگرخستنی ئیراەیە، ئیرادەی شیر بۆ ئەفەرۆزکرنی خالی یەکەم.

سێیەم: روم دەگۆڕێت بۆ (منداڵ) دواتر خاوەنی روحی ( مروڤی بالا) ئیدی نیچە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە دوو جۆر مرۆڤ وجوودیان هەیە، مرۆڤی یاسائی، مرۆڤی مەزن و باڵا( سوپرمان). ئەو پێیوایە مرۆڤی ئاسایی، ئەوەیە کە ژیانیکی زۆر دەژی، بەلام بێ بەها. مرۆڤی باڵا، بە دوای جاویدانیدا ویڵە، ئەگەر چی کورت بێت یەکیك لە سیفاتە سەرەکیەکانی ئەم مرۆڤە، توانای بەرجەستە کردنی ئایدیای ( گەرانەوەی هەمیشەیی) هەیە.

کە ئیرادەی شێری هەیە و روحی مندالی هەیە تا دەگاتە عەدەمیەت، تا دواجار ئەم ئیرادەیە( مرۆڤی بالا_ سوپرمان ) دێتە بوون و جاڕی مەرگی یەزدان رادەگەینێت و دواجاریش لە قۆناغی نیهیلیزم دا نیچە بهای ئەم مرۆڤە سوپرمانە بەیان دەکات.

یەکیك لە خاڵە سەرەکیەکانی ئیرادەوە کار کردن لە سەری ، باگڕدا چوونەوەی بەها و ترادیسیونە سوننەتی و تەقلیدیەکانە و مۆراڵی تەقلیدی. تا دەڵێ " حەقیقەت بونی نیە، تەنیا لێکدانەوەیە و ئەو حەقیقەتانەی وەرمانگرتوە تەنیا وەهمە و دەتوانین لە رێگای ئیرادەو ئاگاداریەوە لێی رزگار بین" ئەو پێی وایە دەبێت مرۆڤ سوپرمان بێت کە خاوەنی ئێرادەیە و سۆراخی خواوەند ناکات و بە دوایدا ناگەرێت. زۆر بۆ چوونی نێگەتیڤ لە سەر بۆ چوونەکانی نیچە سەبارەت بە ئیرادەی هێز هەیە، سەبارەت بە وەی گوایە ئەم تێزانەی ئەو دیاردەی فیکرو کارەساتی نازیزم و فاشیزمە. لەم بارەیەوە ئەشهم لە کتێبی( نیچە ئالمان) تەواوی کارەساتی سەدی بیستەم دەخاتە ئەستوی نیچە، لەبابەتی کاریگەری لە سەر نازیلات و مارکسیست و ئانارشیستەکان، هەروەها کتیبی ( نیچە و نازیزم) ی ( برنارد ئاوریك) هەمان تاوانەکانی هیتلیر دەخاتە پال نێچە.سەردانی هیتلەر لە سالی ١٩٢٤ سەردانی مەلبەندی بەلگەنامەکانی تایبەت بە نیچەی کرد و لە بەردەم خوشکەکەی نیچە وەکوو رێز بۆ نیچە دەنوشتێتەوە.

بەلام ئەمە تەنیا بۆچونە وەکو بۆچونەکانی تر سەبارەت بە مۆسۆلۆنیس کە بە نیچە سەرسام بوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەوانەیە تەنها ئیرادەو هێز خاڵی هاوبەش بووبێت لە نێوان نیچە و پەرەپێدەرانی نازیزم و فاشیزم.

تەنیا خاڵێك كە مایەی ئەو گومانانەی سەر نیچەیە بە پلەی یەكەم رەنگە رۆڵی " ئەلیزابێت" خوشكی بێت لەگەڵ مێردەكەی كە دووفاشیزمی ئەو سەردەمە بوون و رایگەیاند: " فریدریك نیچە، فەیلەسوفی فاشیزمە!" سەرەرای پێشوازی لە هیتلیر ناردنی پەیام بۆ مۆسۆلینی.

بەڵام " كارل یاسبەرز" ی ئالمانی دواجار دەڵێت " ئەمە كارێكی مەحالە و دژ بە حەقیقەتی فیكری نیچەیە".

گەورەیی نیچە وەكوو خۆی وتی تەنیا دوای سەد ساڵ دوای مردنم خەڵك دەتوانن پەی بە فەلسەفەكەم بەرن. سەرەرای ئەوەی ئەم قسانەی راستبوون، بەڵام تا ئیستاش فەلسەفەكەی، جێگەی لێكۆڵینەوەو قسەیە. بە تایبەتی لایەنی عشق و ئەویندارى، كە گوایە" لۆسالۆمی" خستیە ئەو داوەوەو وەكوو دایكی نیچە وتی، هەر سالۆمیش نیچەی شێت كردوو كوشتی.

زۆر دوریش نیە، ئەو تێكشكاندنەی لە بەردەم عشق و ژن دا وایكردبێت، چەند بۆ چونێكی خراپی بەرامبەر بە ژن هەبێت.



ئەم كتیبە یەكێكە لە كتیبەكانی گێرفانی دزگای چپ و پەخشی سەردەم_ شوان ئەحمەد وەریگراوەو یەكێكە لەو كتیبانەی دەكریت خۆیندنەوەی جیاواز بۆ نیچە بكریت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بزوتنەوەی سینەمای ئێران لە تاراوگە

ن: سەعید ئەمانی

ئەگەر بمانەوێ میژویەك بۆ دەست بە كار بوونی بزۆتنەوەی سینەمای ئیران لە تاراوگە دیاری بکەین، بێشك یەكەمین كۆبوونەوەی سینەماگەرانی ئیرانی لە تاراوگە،دیاری بكەین، بێشك یەكەمین كۆبوونەوەی سینەما گەرانی ئێرانی لە تاراوگە، دەسال لەمەو بەر لە شاری گوتنبیرگی سوئید، دەكەویتە جیگا و شوینێكی شایستەوە. لەوسالە "حسینی مەیهەنی" و هاوریكانی دەستیان دایە كاریكی مەزن و ئەو مەجالەیان رەخسان تا بنەماڵەی پرش و بلاوی سینەمای ئیران لە تاراوگە، لە سەرانسەری دنیاوە لە دەوری یەكتر كۆ بكاتەوە و پیشاندانی ئەو فیلمانەی كە هونەرمەندانی تەبعیدی دروستیان كرد بوون، لەو كۆبوونەوەیەدا دلگەرمیەكی بێ ئەوپەری پیبە خشین. ئەو كۆبوونەوەیە یەكەمین بزوتنەوەی هیوای بەخش بۆ داهاتوی سینەمای ئیران لە تاراوگە بوو.

لەو سەردەمەدا گشتیان دوژمنیكی هاوبەشیان هەبوو كەشان بە شانی یەك بە دژی تیدەكۆشان، ئەویش نیزامی كۆماری ئیسلامی بوو، خامنەی و خاتەمی و باقی سەردەم دارانی كۆماری ئیسلامی، واتا گەلیكی جیاوازیان لە زەینی بەشیك لە ئەندامانی ئەو كۆبوونەوەیەدا دروست نەدەكرد. ئەوە ئەو سەردەمە بو كە رژیم تازە "ویلیام نیگارد" ناشری نروێژی كتیبی ئایاتی شەیتانی ترۆر كرد بوو. سینەما گەرانی بەشدار یەك دەنگ و یەك هەڵوێست راگەیاندنیكیان بە دژی رژیمی كۆماری ئیسلامی بلاو كردەوە.

بینەرانیش جیگا و شوینیكی وەك ئەوانیان بوو، ئەوانیش پەنابەریك بوون لە دەست زولم و زۆری دەسەلاتدارانی كۆماری ئیسلامی رایانكرد بوو. پیشوازی گەرم و گوڕیان لە فیلمەكانی ئەو هونەرمەندە سینەماگەرانە، دەرخەری هەستی هاودلّی و هاو هەلویستی ئەوان لەگەل فیلم سازانی تەبعیدی بوو.

جەشنوارەی سینەمای گۆتنبیرگ روحیەیەكی تازەی بەخشیە بەشێكی بەرچاو لە بەشداران. باشی ئەم جیژن وارەیە لەوە دا بووكە بواری بۆ گشت ئەو فیلمانە رەخساند پیشانبدرێن كە بە ئیمكاناتیكی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەم و دەست کورتانە دروستکرابوون و دیارە نەیاندەتوانی نەك هەر لەبەر گرفتی فەننی، بەڵکو بە هۆی زۆر شتی تریشەوە، ڕێگایەك بۆ بازاری ئەو ولاتانەی پەنابەرانی تێدا دەژیان، بدۆزنەوە.

ئەم جیژن وارەیە خالی وەرچەرخانێکی گرینگ بوو. خالی ئال و گۆر لە ژیانی فیلم سازان لە تاراوگە. چون، لەراستی دا نەك ئەوانەی زۆر شێلگیر نەبوون لە کاردا، بگرە ئەوانەش وا زۆر بە خەمی کارەکانیانەوە بوون، بە دژواری دەیانتوانی لەم دنیا پر لە رەمز و رازەدا دریژە بە حیاتی خۆیان بدەن. بەبێ ئەم جیژن وارەیە، بیروکەی دروستکردنی فیلم بە ئیمکاناتیکی سنوور داری فەننی و بابەت گەلێکی کە دەرخەری ناخی پەنابەریك بیت، بروێکی ئەوتوی لە زەینی سینماگەریکی لە تاراوگەدا نەبوو. بیرۆکەیەکی وا کە فیلمیك دروست بکرێ و لە ئاستیکی بەرتەسکی ناحیرفەییدا پیشان بدرێ، وەك ئەنگیزەیەکی پتەو بۆ ئەم گشتە هەوڵ و کارە دژوارە چاولینە دەکرا هەر بەم هویەوە، لە ماوەی دووسال دوای جیژنوارە کە کاردانەوەی خۆی دانا و سەرەتای دەورەیەکی تری دەست پیکرد، ژمارەی فیلمە دروستکراوەکان نزیك بە ژمارەی فیلمەکانی دەیەی یەکەمی فیلم سازی لە تاراوگەدا بوو.

کۆکردنەوەی گشت ئەو فیلمانە، پیشاندانیان لە جیژنوارەی گۆتنبیرك و دوای ئەو و کاردانەوەکەی، پیشاندانی ئەو فیلمانە لە جیژنەوارەها و شیوەکانیتر لە ولاتان و شارە جورواجۆرەکاندا، هەر وەها پیشاندانی ئەو فیلمانە لە ئاستی کۆمەلگای جیهانی تاراوگە، ناساندنیان بە پەنابەرانی ئیرانی و خەڵکی ولاتە جورواجۆرەکانی دنیا، گشت ئەمانە بوونە پاڵپشتی ئەنگیزە گەلیك کە رۆژ بە رۆژ سینەمای لە تاراوگە گەشە پیدا و زۆر لەو فیلم سازانەی کەلە حالەتی ئاساییدا و بەبێ ئەو جیژنوارەیە، لە هەولی دروستکردنی فیلم دا نەبوون، هان دا دەست بدەنە دروستکردنی دوبارەی فیلم لە ئاستیکی بەرز و نویدا و بەشیك لە ژیانی تاراوگە و ئەنگیزە و خەون و زەینیەتی ئیستا و رابردووی پەنابەران، بخەنەسەر پەردەی پر لە رەمز و رازی سینەما، تالە زاویەکیترەوە بە شنەیەکی هیوا بەخش، پۆلووی بن ژیلەمۆی روئیاکانیان بگەشێننەوە.

لەم بیست و پینج سالەی دوای راپەرینی گەلانی ئیران و بەدەسەلات گەیشتنی کۆنەپەرستانی دینی لەم ولاتە، بە میلیون خەلکی بەلا دیتوی ئیران تامی تالی تاراوگەیان جیشتوە، بەلام لەگەل گشت ئەم ناهەمواری و دژواریانەدا، دەستیان لە ژیانی داهینەرانە و هونەری خۆیان نەکیشاوەتەوە، بەرهەمیکی زۆر و جۆرواجوریان، لە بوارە فەرهەنگی و هونەریەکاندا بەدی هیناوە، هەر لە ئەدبیات و مۆسیقا و وینەکیشان و تیاترەوە بگرە تا سینەما.

گشت ئەو جیژنوارانەی لەم دە پانزدە سالەی رابردوودا، بە تایبەتی ئەوانەی بۆ بەرهەمە تیاتر و سینەماییەکان بەرپا کراون، بە گشتی مۆرکی بەرهەمیکی تاراوگەیان بە رەوالەتەوە دیار بوە و گوزارشتیان لە هەل و مەرجی ژیان و دەرونی مروڤی لە تاراوگە کردوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەنیا جیژنوارەی سینەمای لە تاراوگەی گوتنبیرگی سوئیدە کە بە دیاری کردنی دروشمیک لە ژیر ناونیشانی ( دنیا ماڵی منە ) دەربڕی واتای سەر بە خۆ یی بۆ فیلم سازە کە مانایەکی‌تری بەخشیوەتە ژیان لە غوربەت. ئەو نەتەنیا شوینی لە دایك بوونی، گشت جیهان بە ماڵی خۆی دەزانێ، لە ماڵە گەورەترە دایە کە دریژە بە داهینانی خۆی ئەدات و بەرهەمەکەی بە شیوەی کە خۆی ئەیەوێ بەرهەم دێنێ. رەنگە یەکیك لە لایەنە سەر کەوتوەکانی ئەو جیژن وارەیە ئەم تایبەتمەندییە بیت کە ئەو متمانەیەی پیبەخشیوە و کردوویەتە جیژنوارەیەکی جیهانی و لە سەرانسەری دنیاوە، تەبعیدی و پەنابەرەکان، سەربە هەموو نەتەوەکانی دنیا، فیلمی بۆ دەنیرن.

یەکیك لە بەشدارانی جیژن وارەکە ئەڵێ: من دووساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەم جار لە پینجەمین جیژن وارەی سینەمایی تاراوگە لە گوتنبیرگ بەشداریم کرد و بیرەوەریەکی پربایەخم لەو جیژن وارەیە پینجم دا بینی کە تماشا کردنیان لە هیچ هەل و مەرجیکدا و بە شیوەیەی یەك جێ ئیمکانی نەبوو، بگرە هیندیکیان لەو فیلمانە بوون کە هەواڵی بەرهەم هاتنیانم نەبوو. ناوی هیندیك کار گەردانم بەرچاو کەوت کە دەکرێ زۆریان جیگای هومیدی سینەمای داهاتوی ئیران بن.

لە وتوویژ لەگەل چەند کەسیکیان دا، کە بە فیلمەکانیانەوە بەشدار بوون، دەرك و ناسینێکی کە سەبارەت بە سینەما، تیاندا بەرچاو کەوت تووشی سەر سوورمانی کردم و سادقانە ئیژم بەغیلیم پێ بردن.

زۆر بەیان لە منداڵیەوە لەگەل بنەماڵەکەیان روویانکردوتە تاراوگەیان لە دەرەوەی ولات و لە جیهانی پەنابەران دا چاویان بە ژین پشکووتوە. بەلام لەگەل ئەوەشدا شانسی ئەوەیان بوە بە شۆین و هەل و مەجیکی کەمتر دەمار گرژانە و نەخوش ئاسا و کەمتر ئازار دەدرا، دەرس بخوێنن و پەروەردەبن و تواناییەکانی خۆیان گەشە پی‌بدەن لە فەزایەکی ئاواڵە و کەیلی فەرهەنگ گەلی جۆرواجۆردا بۆ داهینانەکانی خۆیان ئیلهام وەربگرن. تەڕاوەت و جۆرواجۆریەکی کەلە بەرهەمە موستەنەد و کورتەکانی فیلم سازانی لاوی ئیرانی، لە جیژنوارەی پینجەمی گوتنبیرگ دا دەبیندرا و هەروەها ئەندیشە و شور و شوقیکی کە لە دروستکردنیاندا بە کار برابوو، لە بەراورد کردن لەگەل ئەو بەرهەمانەی لە ئیراندا دروست دەکرین مروۆ تووشی سەرسوورمان دەکات، بۆ نموونە ناوی چەند کەسیکیان ئەمانن: رەزا پارسا، فەرهاد یاوەری، سیاوەش تەوەکولی، ئەمیر رەزازادە، ئومید نووشین، فەرهاد زەمانی، بابەك شوکریان، کاوە نەباتیان، مستەفا کەلانتەری، فەرزین فەرزانە و کەسانی‌تر لە جیژنوارەکەدا فیلیمیان بەشدار بوو.

پیویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە چەندین فیلمی تریش کە لە لایەن پەنابەران و تەبعیدیانی ولاتانی تری وەك: یوگسلاوی پیشوو، ئەلجەزایر، عیراق، فەلەستین، مەراکیش، سریلانکا و چەند ولاتیکی ترەوە درووست کرا بوون، لەو جیژنوارەیەدا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەشداربوون، کە بەرهەم هینەرەکانیان هەر کامە و لە روانگەیەکەوە سەرنجی دابوە هەل و مەرجی ژیانی پەنابەری و وەزعیەتی رۆحی تەبعیدیان.

جیژن وارەی گوتنبیرگ بەو بەرنامە ریژە هەمەلایەنە ( و بگرە کاتالوگیکی کە چاپی دەکات ) پیم وایە سازمان دراوترین و گرینگترین رووداوی هونەری فەرهەنگی ئیرانیانی تاراوگە و سەدەمە دیتوو بە دەست رژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، وەك روداویکی گرینگ و پر بایەخ بۆ هەتاهەتایە دەمینیتەوە.

ئەم ئەزموونە هەر دووسالٚ جاریك دوویات دەبیتەوە، هەر چەند هەر جارە و شکل و شیوەیەکی نوی و جیاواز بە خۆیەوە دەگری بەلام بەردەوام جیژنیکی پر لە خۆشی دەبەخشیتە بینەران و بەشدارانی جیژن وارەکە.

بە دریژایی تەمەنی جیژنوارەی سینمای تاراوگە، تاك و تەرا کەسانێك هەبوون کە باسی " سینمای دەرەوەی ولات " یان تاراوگەیان هیناوەتە گوریٚ،بەلام ئەم باسانە نەیانتوانیە ببنە کۆسپیك لەسەر ریگای بەرەو پیش چوونی سینەمای نارازی‌دا، چون رژیمی کۆماری ئیسلامیش سەبارەت بەو واژەیە حەساسیەتی نیشان داوە و هەر ئەوەش دیسان بۆتە هۆی ئەوەی کە سینما کارانی تاراوگە بۆ پاراستنی ئەو واژەیە لەسەر بەرهەمەکانیان بەردەوام بە چ شتێکی شێلگیرانە پی داگریی بکەن.

لەگەل بەرەو باشتر چوونی پەیوەندی یەکانی ئوروپا لەگەل کۆماری ئیسلامی بۆ کار بە دەستانی فەرهەنگی، ولاتانی ئەندامی یەکیەتی ئوروپاش شیاوتر بوو یارمەتیە مادی‌ییەکانیان بەوناوەند، کانوون، کۆر و کۆمەلانە ببەخشن کە کەمتر ژانەسەر دروست دەکەن. کەم کەم دەریان خست کە ئەم واژەیە سەخلەتیان دەکا، کۆمەلیك لە بینەرانیش کە لایەنگەری بەرنامەکان بوون، بە تایبەتی دوای شانۆ گەریەکانی رژیم لە دووی‌خوردادی سالی ٧٦ دا لەگەل رژیم ئاشت بوونەوە و وایان بە باش زانی پەیوەندیە کانیان لەگەل ئەو ناوەندو کۆر و کۆمەلانەی کە هێشتا لە ژیر سایەبانی واژەی نارازی، تاراوگە دا، مابوونەوە بپچرینن. بنە مالەی سینەمای ئیران لە تاراوگەش بە دوور نە بوو لە ئافەتی خاتەمی زەدەگی، کۆمەلیك هە لخەلەتاو، یان ریگای دارلخەلافەتیان گرتە بەر، یان خۆیان ئامادە کرد تاهەر کاتی هەل و مەرجە کەیان بە گونجاو زانی، بە نوسینی تۆ بەنامە و پەشیمانی سەبارەت بە رابردوویان، بگەرینەوە بۆ باوەشی ئیسلامەکەیان. بەلام چە ئەوانەی کە لەگەل گەرانەوەیان بۆ ئیران موافەقەتکراو چە ئەوانەی لە پشت سنووره کانەوە مانەوە و ریگایان نەدان بچنەوە باوەشی ئیسلام، ئەم راستیەیان لە بیر خۆیان برد بۆوە کە مەبەستی رژیم، لە نیشان دانی ئەو نەرمی و گوزشتە کاتیە، تەنیا و تەنیا بۆدزە کردنە ناو ریزی یەککرتووی سینەماگەرانی تاراوگە و شکاندنی کەسایەتی و بە هرەبەرداری سیاسی لە تەزەلزول و رارایی بە شیك لە هونەرمەندانی تەبعیدی بوو. ئەوانەی گەرانەوە هەرگیز جێگا و شوینێکی شیاویان بە دەست نەهینا، ئەگەر دوای سالانیك سەگەردانی لـــــــە ریرەوە کانی وەزارەتی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سانسۆر و تەعزیم و دەست بە سینەوە گرتن بۆ مقاماتی سینەمایی، جۆین و سووکایەتی بەوانەی نەیانویست پییێ بە تاوانە نەکردوەکانیاندا بنین و داوای عەفوو لیبوردن بکەن، فیلمیکیان دروست کرد، هیچ کات جیگا و شوینی گونجاویان بۆ نیشان دانی بەرهەمە کانیان بەدەست نەهینا، ئەوان کە سایەتی و پلە وپایەی خۆیان وەك مروڤێکی نارازی نایە ژیر پێ بە بێ ئەوەی شتیکی ئەوتۆیان لەو هەموو مل کە چیە بە نسیب بووبێت.

ئەوانەی کە سەر بەرزانە مانەوە و لەبەرانبەر سەر کوتگەرانی دەسەلات دار لە ئیران دا راوەستان لەگەل هەر چەشنە گوشاریك دا رووبە روو بوونەوە، چەندەیان داوالیکردن دەست لە سەرکیشی هەلگرن و واژەی تاراوگە( تەبعید) لەسەر ناوەندەکەیان لابەن.

بەلام ئەوان بە باشی دەیان زانی ئەو دلسۆزیە فریوکارانە لە کۆیوە سەرچاوە دەگرێ ولە راستی دا ئەوەی کە بۆتە هۆی نیگەرانی کەسانیك مانای نارەزایەتییە کە لە واژەی تاراوگە دا خۆی دەردەخات.

بەلام کات تیپەری و ریاکاری باندی جەنایەتکاری خاتەمی وە هابەزەقی دەرکەوت کە بگرە ئەو کەس ولایە نانەش کە هاو هەلۆیستی باندی ریفورم خوازیش بوون ئیستا سەر شۆرانە دەیانەوەێ، جاریکی دیکە بگەرێنەوە ریزی نەیارانی کوللیەتی نیزام.

جیژنوارەی سینەمای تاراوگە، دەیەمین سالی تەمەنی پر لە شانازی خۆی نایە پشت سەر و رژیمی کۆماری ئیسلامیش لە کۆتایی تەمەنی سەرانسەر جەنایەتی نزیك دەبیتەوە. سەرئەنجام و تا ئیستا شانازی پایەداری بۆ ئەو کەسانەی تووشی رارایی نەبوون و سەر شۆریش بە نەسیبی دۆ راوەکان بوە.

بۆ ئامادە کردنی ئەم وتارە لە چەند سەر چاوەیەکی ئینترنیتی کەلك وەرگیراوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



# "زیر پوست ش یر " بیلا ی ی رۆژ ریش ی ی خۆرا یری

## "چاو خشاندنێکی شیکاریانە بەسەر فیلمێکی رەخشانی بنی ئیعتماد دا "

ن :جەمشید گولمە کانی
و: شۆرش تریك

لە نوامبری ٢٠٠٠ ، لە پاریس بە هەلکەوت فیلمی سینەمایی " زیر پوست شهر " م بینی . ئەو فیلمە لەم کاتە دا ، هەر بە سەر پەردەی سینەما کانی تاران و شارە گەورە کانەوە بوو و نەمایەش دەدرا . روانگەی من سەبارەت بەو فیلمە ، تەنیا لە بواری فەنی و سینەمایی یە کەیەوە نی یە ، بەڵکو زۆرتر دەم هەوێت وەکوئیرانی یەك _ کە ١٩ سالە لە دەرەوەی ولات ژیان بە سەردەبات و لەم ماوەیەدا هەرگیز بۆ ئیران نەگەراوەتەوە بێدەمە بەر باس و لی کۆلینەوە .

هەربۆیە ، لەم نوسراوەیەدا پیم خۆشە ، ئەو شتەی کە لە خال بەخالی "زیر پوست شهر" دا هەستم پی کردووە . بۆ ئیوەی باس بکەم . ئەوەش بە باشی دەزانم ، کە روانگەی من سەبارەت بەو بەرهەمە سینەمایی یە ، جیاوازی زۆری لەگەل رەخنەگرانی فیلمی دانیشتوی ئیران هەیە . ئەوان هەر وا لە ئیران رۆژگار بە سەر دەبەن و منیش کە لە ولاتیکی دیکە ئەژیم بۆ چونیکی جیاوازم هەیە . هیوادارم دۆستان و رەخنە گرانی فیلمی دانیشتوی ئیران ،ئەو رەخنەیەی من زۆر نەدەنە بەر رەخنەوە .

* * *

سینەمای ئەمرۆی ئیران ، دیاردەیەکی سەیرو سەمەرەیە .سینەما لە ئیران بە تەنیا سینەما نی یە ، سینەمای ئەم شوینە لەگەل باقی وڵاتانی تر ،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جیاوازی زۆری هەیە. سینەما لەئیران ، هەم قەدەغەیە هەم قەدەغە نی یە . سینەما لە لایەکەوە لە جوملەی ئامرازکانی تەبلیغی ناوەندەکانی کۆماری ئیسلامی یە ، وەبەڵام لە لایەکی دیکەوە ژومارەیەکی کەم سینەماگەرتێدەکۆشن کەفیلمی بی بایەخ ساز نەکەن ، فیلمە رەسمی ودەولەتیەکان هەروا لەخۆبردویی گیان لە سەر دەستە کانی شەری ئیران وعیراق نەمایش دەدەن ، کەساز کردنیان کاریکی وای نییەو بەرهەم هینەرانیشیان هیچ کات پەرۆشی داهاتی فیلمە کەنین . بگەرێنەوە سەر فیلمی " زیر پوست شهر" کەمن نیوی سینەمای رۆژ رەشی و خۆراگری لێ دەنێم . فیلمە کە لە نوسین و دەر هینانی خاتو رەخشانی بنی ئیعتمادە کە ئەرکی مالیەکەشی هەر لە ئەستۆی خۆی بووە . هاوکات لەگەل پیشاندانی ئەم فیلمەلەسەر شاشە کانی سینەما ، کتیبیکی ٤٠٠ لاپەرەیی لەژیر ناوی " شیکاری بەرهمیکی سینەمایی" لەلایەن شەهلا لاهیجی و "ناوەندی بڵاو کردنەوەی رۆشەنگەران و موتالعاتی ژنان " هاتە نیو بازارەو هەروەها گۆڤاری "فیلم" کەسەرودەمانێك تەنیا گۆڤارێکی سینەمایی لەئیران بووە و ئەمرۆکە لە نیو روناك بیران دا جیگا و شوینیکی تایبەتی هەیە ، " پەروەندەی یەك فیلمی " ی ژمارەی مانگی خەزەلوەری ساڵی ٧٩ ی خۆی بۆ فیلمی "زیر پوست شهر" تەرخان کردووە. لەم دو کۆمەڵە دا، کە بریتین لە فیلم نامە و ، وت ویژ لەگەل رەخشانی بنی ئیعتماد و ستاڤ درامای فیلمەکە ، زۆرتربۆمان دەردەکەوی کە سینەمای خۆ بەبەر پرس زانی ئیران تا چ رادەیەك و ئاستێك لە ژێر زەخت و گوشار دایە . هەلبەت لە بارودۆخی ئیران دا ، کەنە ئازادی سیاسی و نە ئازادی رادەر برین بەدی دەکریٚ ،سینەما دەبیتەئامرازێك تاکو ژمارەیەك کەس هەولٚ بدەن بە فیل و تەڵەکەی تایبەت و شیوازیکی نەمادین سوکە ئاماژەیەکی نارەزایشیان بە هەل ومەرجی کۆمەلایەتی هەبیت .

کۆماری ئیسلامی قیزەونترین رژیمی تایبەت لە سەردەمی خۆیەتی . کۆی فیلمی "زیر پوست شهر" دەر خەری ئەوەیە کە چ بە سەر خەلکی ئەم کۆمەلگایەدا دیت، بە چ شیوەیەك ئەم دەستەلات داریەتییە خەلکی داپلوساندووە ، حەد وسنوری کوشت وبر و سەرکوت تا کوی بووە ، کەمانای خۆراگری و نارەزایەتی لەلای روناکبیران دا ئاوا بی شەرمانە بە گالتەجار گرۆتووە. لە دریژەی نوسراوەکەدا ئاماژە بە چەند نمونە لەم خۆ راگریانە دەکەم ، خۆ راگری و راوەستانێکی زۆر سەبارەت بە سەرەتایی ترین مەسەلە کانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ .

## کورتەی فیلم :

تووبا کرێکارێکی کارخانەیەکی گەورەی رستنە . مێردەکەی واتە مەحمود ، نەقوسانەو گردەنشین . عەباس کورە گەورەی بنەماڵە ، کارە کانی ئاغای ناسرخان ، خاوەنی ناوەندێکی بەرهەم هێنانی جل وبەرگ رادەپەرینێ .عەباس خولیای رویشتن بۆ ژاپۆن و دەولەمەند بونی لە سەر دایە. لە عەباس چکۆلەتر ، حەمیدەیە کەژیانی هاوبەشی پیك هێناوەو کچیکی بچکۆلانەی هەیە و بەردەوام



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

میردەکەی کوتەک کاری دەکا . عەلی ، منالێکی دیکەی ئەم بنەماڵە یە کە خویندکاری زانکۆیەو خەریکی هەڵسورانی سیاسی یە . پاشەبەرەی ئەم بنەماڵەیە مەحبوبەیە. ناو براو نیزیکەی شانزدە سال تەمەنیەتی ، رووناکبیرەو بەچاویکی کراوەو پیشکەوتوو خوازانە لەگەل مەسایەلی دەوروبەری هەڵس وکەوت دەکات . لەراستی دا چیرۆکی ئەم فیلمە ، لەچەشنی چیرۆکەباوەکانی سینەماییە . لەماوەی ئەو فیلمە ٩٥ خولەکەدا کەسانێك دەر دەکەون ، بۆئەوەی کە بینەر لەگەل بارودۆخی نالەباری ژیانی خەڵك ئاشنا بکەن .

بەڵام ئیزن بدەن بەرلە هەر شتیك ، نوسەر ودەرهینەری فیلمەکەبەپیی ئەو شتەی کە لەکتیبی "شیکاری بەرهەمیکی سینەمایی "داهاتووە بناسین . رەخشانی بنی ئیعتماد لەسالی ١٣٣٧ لەتاران لەدایك بووە .دەرچوی سالی ١٣٥٨ ی رشتەی سینەمایی لەکۆلیژی هونەرە دراماتیکەکانە .

لەسالی ٥٢ تا ٥٨ لەتەلەویزیۆنی ئیران وەکو دەستیاری سەحنە کاری کردووە. لەسالی ٥٨ وە هەتا ٦٥ چەند فیلمی موستەنەدی لەبوارەکۆمەڵایەتیەکان سازکردووە. هەرلەم دەورەیەش دا بەریوەبەرویاریدەدەری بەرنامەو یاریدەدەری دەرهێنەری چەند فیلم بووە . لەمەبەدوا ،وەکو یەکێك لە باشترین دەرهینەرانی ژنی ئیران ،چەند فیلمێکی وەك "خارج از محدوده "، "زرد قناری "، "نرگس " ، " روسری ابی " و بانوی اردیبهشت ،ی ساز کردووە ، ئەم فیلمانە هەموویان بواری کۆمەلایەتی یان هەیە و لەوی دا ژن دەورونەقشێکی سەرەکی دەنوێنی . بەپێی وتەکانی رەخشانی بنی ئیعتماد لە لیدوانەکەی دا : فیلم نامەکە بۆیەکەم جارلە سالی ١٣٦٤ دا نوسراوە ، سێ جارو بەسێ پیداچونەوەی جۆراوجۆرلەلایەن وەزارەتی ئیرشادەوە رەد کراوەتەوە . دووجار بەهەمان بیانوی رابردوو کەبەمۆر لەسەر فیلمەکەیان دەدا کە "بایەخی کلتۆریو هونەری نی یە " ، جارێکیش لەساڵی ١٣٧٥ دا کەدووبارە نوسیمەوە ، کەبەهۆی "تال و رەش بونی " رەدکرایەوە .

شەهلا لاهیجی لەپشت بەرگی کتێبەکەی سەبارەت بەم فیلمە دەنوسێت . فیلم ساز دەی هەویست چ بلی ، کە ئاوا هەول دەدات . "زیرپوست شهر" بەسەرهاتی پرلەمەینەتی ئازارچیشتوانی هەمیشە خۆراگری ئەم زێدە هەمیشە تینوەیە . تینوی باران وسەرنج وسۆزی دەستەلات دارانی زلّ هیزە کە هەزاران قەول و بەلینیان داوە بەڵام یەك دانەشێان وەدی نەهاتووە . ئەم جارەیان بنی ئیعتماد دەست دەبات بو کارێکی پر مەترسی ، کە ئەویش خەرج کردنی پولێکی زورە بو ساز کردنی ئەو فیلمە ˀ. کارێك کە تەنانەت سوکە تەزمینێکش بو دەرهینانەوەی پوڵە خەرج کراوە و دانەوەی ئەو وام بانکی یەی کە بو ساز کردنی خەرج کراوە لە ئارادا نیە . بەڵام ئەو بیّ باك لەو مەترسی یە لە سەر کارەکەی بەردەوام دەبێت ، چونکە دەیهەوی قسەکانی لە دنیایەك دا بکات کە هەموو شتێك تێیدا قەدەغە کراوە .

هەلبەت " لانی کەم " لە روانگەی منەوە کە لە دەرەوەی ئیران دەژیم . بەڵام بۆ ئەم ، وتنی ئەم "



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لانی کەمە" ش باسی سەرە . فیلمەکە بە نیشاندانی دیمەنیك لە راپورتێکی تەلەویزیونی ، بەر لە هەلبژاردنەکانی شەشەمین خولی مەجلیسی شورای ئیسلامی دەست پیّ دەکات .

هەواڵنێر : دەبورن خوشکی ، چاوەروانیتان لەو نوێنەرەی کە دەنگی پیّ دەدەن چی یە ؟

نەخۆشی سل مان گرتووە .

نێوی فیلمەکە دیتە سەر شاشە . دواتر لە نێو پاسی شیرکەتی واحد لە بەرانبەر زانکۆی تاران کە هەموومان بیرەوەری ساڵەکانی ٥٦ تا ٦٠ مان لەوی هەیە ، دەنگی سوخەنرانی خاتەمی دەبیسرێت . ئەمەش وەبیر هێنەرەوەی وتەکانی نویژی هەینی لە



بنەماڵەی توبا

ژنەکە : چاوەروانی ئیمە لە نوێنەرەکان ئەویە کە خوابناسن ، ئیمانیان هەبێت ، بزانن ماڵ و بیمە چی یە ، خانە نشینی .....

هەواڵنێر : زور سوپاس ، خوشکیّ

وینە گرتن دەبریّ ، شاشە تاریك دەبیّ گویمان لە دەنگی ژنێك دەبیّ کە دەڵی بێست سالە کار دەکەین . هەوای پیس

هەموومان ئاسم مان هەیە ، ئارتروزمان هەیە ،

زانکوی تارانە خاتەمی دەڵی : سەرەرای درێژەی گەشەی ئابوری و سەنعەتی و زانستی ، تیّ دەکۆشین بەپاڵ پشتی لە یاسای بنەرەتی کە ئاکامی خوێن رشتنی گەلی مەزنی ئیرانە و پەسەندکردنی ئاڵ و گوری جۆراوجۆر لە چوار چێوەی یاسای بنەرەتی و سەقامگیر بونی خەڵك سالاری و هەنگاومان بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی ، رۆژ بە رۆژ بنەماکانی عیزەت و خۆراگیری بەهیزتر بکەین . بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هوی پیویستی ئاڵ و گورگەڵیك كە سەرچاوەو پیویستی شۆڕشێكی مەزن بوو ، ئیمە گیروگرفت و مەسایلی تایبەت بە خۆمانمان هەبوو . وە ٨ سالی خایاند . ئاكامی ئەو دەیەیە لە پلەی یەكەم دا ، دۆزینەوەی خۆمان و بە تایبەت نەسلی جەوان بوو .
بنی ئیعتماد لە سەرەتا دا بەوقسەرەسمی یانەی سەرۆك كۆماری ئیسلامی پریاسكەی دلی والا دەكاتەوە .مرۆڤەكان یەك بەدوای یەك دینێتە سەرسەحنە. هەتا ئەو شتانەی بینیوێەتی بیگیریتەوە . ئەوشتەی كەلەساڵی ٦٤ وە كاتیك كە بۆیەكەم جار ئەو فیلمنامەیەی نوسی ، تا بەئەمرۆ، ئال و گۆڕیكی وەها بەر چاوی تێدا پیك نەهاتووە .
"زیرپوست شهر"قارەمانی نی یە .

***

تەواوەتی پرسۆناژەكان،نیشان دەری خەڵكانێكی مەینەت باری ئەم نیزامەن .كۆی فیلمەكە هاواروڕۆژ رەشی یە،قورسی ئەژماری هاواركردنەكان ئەوەندە زۆرە كە ژمارەیەك لە ئەكتەرەكانی ئەم فیلمە بەو جۆرەی كە دەبی لە مەسیری چیرۆكە كەدا جیّ ناكەون . وەئەمەش نیشان دەری لاوازی فیلمەكە نی یە . لێرەدا سینەماو سینەماگەر ،ئامرازێكن بۆگەیاندنی هاوارە كان لەراستی دا چونەناو قسەو باسی تایبەتی رەخنەگرانی هونەری فیلم ،سەبارەت بەو فیلمە كەم لوتفیەكی تەواوە . لەدۆزەخ دا هاوارو دەنگ هەڵێنان كاری هەركەسێك نی یە. ئەویش بە ئامرازیكی وەك سینەما، كە ئەمرۆ لەجوملەی ئامرازە دەگمەكانی ناوەوەی ئیرانە . كاتێك كەسێك هاوار دەكات ئاسائیە كەهەندیك جار لەمەنتیق دورکەوی تەوە . من ئەو ئیجازەیە بە خۆم نادەم ،کە لەبوارەکانی هەل و مەرجی کەسایەتیەکان وپێك هاتەی دراماتیکی فیلمەکە چکۆلەترین رەخنە لەبنی ئیعتماد بگرم .
ناوبراو ئیرانی ئەمرۆیی لەقالبی مرۆڤ گەلێکی نەمادین بەمن ناساندووە ، کەوایە دەستی خۆش بێت . بەڵام ئەگەر ئەویش لەبارو دۆخی من دا کەلە وڵاتیکی دیکەو لە بارودۆخیکی دیکە دا دەتوانم سەر بەستانە بیرو بۆ چونەکانم دەر ببرم فیلمەکەی بە سەربەستیەکی تەواوە ساز دەکرد . لەگەلی دادەنیشتم وقسەوباس ودمە تەقەیەکی هەمەلایەنەم لەگەڵ دەکرد . بەهیوای گەیشتنی ئەو رۆژە.

***

بنەماڵەی تووبا لەماڵیکی تەنگ وچکۆلە و هەژارانە دا ژیان بەسەر دەبەن . لەوجۆرە ماڵە قەدیمی یە هەژارنشینانەی کەلە هەموو جێگایەکی ئیران هەن . دوهۆدەی چکۆلەی بەسەر یەکەوە و هەیوانیك . یەخچالێکی گەورەی قەدیمی لە هەیوانەکەیەو بەتەنیشتیەوە ئاشپەزخانەیەکی بچوك ، کەکامیرا بە گەورەترین عەدەسیش ناتوانی فیلمی لی هەڵگری . لەنێوە راست حەسارە چکۆلەکە دا حەوزیك هەیە . لەدوو گۆشەی حەسارەکە ئاودەست و حەمامێك دەکەونە بەر چاو . تەلەویزیۆنی مال بەردەوام هەڵ کراوە و راپۆرتی رەسمی دەوڵەتی لی بڵاو دەبیتەوە .
بنی ئیعتماد، لەسەرەتا دا دەچێتە سۆراغی عەباس کورەگەورەی ماڵی ، عەباس پێش خزمەتی ناسر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خان ، خاوەنی شیرکەتێکی بەرهەم هێنانی جل و بەرگە .
کەل و پەل ئال گۆڕ دەکات . شۆفێری ماشینی تایبەتی ناسرخانە . کورەکەی ناسرخانیش فیزی بە سەردا لێ دەدات ، بەڵام لەو نێوەدا ئەوێش رقی دڵی خۆی هەڵدەرێژێ . بەبێ ئاگاداری ناسرخان بە ماشینە رازاوەکەی ناسر خان ، بنەماڵەکەی دەباتە پیتزا فرۆشی یەك لە باکوری شار . خواردنی شام لە پیتزا فرۆشی نیشان دەری جیاوازی لە نیوان دو کۆمەڵگایە . پیتزایەك کە لە سەر میزەکە دەمێنێتەوە توبا بەیانی لە گەڵ خۆی دەیبا بۆ کارخانە و لە شوینی کۆبونەوەیان لە نێو ژنانی کرێکاری هاوکاری بەشی دەکات .
ئێستا لە گەل ناسرخان بەرەو شیرکەتە پەیمان کاریەکەی دەچین . شوینیك لە باکوری تاران ، ژمارەیەکی زۆر بینای بەرزی چەندین قاتی لە تەنیشت بینا چەندین قاتیە کانی تر ساز دەکەن . بە رەواڵەت بورج سازی لە تارانیش واوی دەچێت لە دیاردەکانی دە سالی رابوردو بێت . پەیمان کارانی چاو چنۆك ئەو بینا بەرزانە ساز دەکەن و کری نشینەکانیش لەم جۆرە بینایانە پیشوازی دەکەن ، بەلام ئەوانەی کە تەمەنیکیان تیپەر کردووە بە ئاماژە کردن بە چاوچنوکیەکانی خاوەنانی ئەو بینایانە نگایەکی نوستالوژیك یان هەیە بە ماڵە قەدیمیەکانی شمیرانات بەو دیمەنە دلرفینانە و هەوا خاوینەیانەوە.
عەباس دەی هەویت بە هەر شێوەیەك بووە ، بچێ بۆ ژاپۆن بۆ ئەوەی دەولەمەند بێ و بە دەستی پر بگەریتەوە تا کو وڵامی ئەری بۆ پیکەوە نانی ژیانی هاوبەش لەو کچە وەر گرێت کە خوشی دەوی و هەروەها جەهانیکی خۆشیشی بو بنەماڵەکەی دابین بکات . هۆی ساق بونەوەی عەباس بۆ رویشتن لە فیلمەکە وا جوان جی نەکەوتووە ، کە هەلبەت گرینگ نییە . گرینگ خستنە بەر چاوی دیاردەیەکی دیکە لە نیو نەسلی لاوی ئەمرۆ لە چەشنی قسەکەی خاتەمی ، کە لە قسەکانی سەرەتای فیلمەکەدا باسی لی دەکات . لە سەردەمی حکومەتی شادا ، ئەوانەی کە خولیای دەولەمەند بونیان لە میشك دابوو ، دەچونە کوەیت و ئەوەش بۆ خۆی لە ئیران دا ببو بە مەتەلێك . ئەمروکە کوەیت جێگای خۆی داوە بە ژاپۆن . لە دریژەی فیلمەکەدا دەبینین کە بەنی ئیعتیماد ریگایەکی بۆ عەباس دیاری کردووە تاکو عەباسەکان لە جیهانێك دا نیشان بدات . لە ئاکام دا عەباس بەرەو ژاپۆن ناچێت .
ئەمجارەیان نۆرەی عەلی یە کە چکۆلە ترە و خویندکاری زانکۆیە . ناوبراو لە رەوتە سیاسیەکان دا خەریکی هەڵسورانە و باوەری وایە کە مرۆڤ نابی بێدەنگ بێ . لە تیك هەل چونیکی سیاسی دا لە بەردەرکی زانکۆی تاران ، عەلی دەستگیر دەکرێ . دەی بەن بۆ کەلانتەری . عەباس دەچێت بە زەمانەت ئازادی دەکات . لە سەر شەقام عەلی لە تەرکی موتورەکەی عەباسە و دەستی راستی ئەو کە لە سەر شانی عەباسە خویناویە .
عەباس : ئاخر ئەو کارەچیە دەی کەی ؟ دەت هەوی کوێی بگری ؟ چت وەچنگ دەکەوی ؟ هاوێنی کە رژانە سەر شەقامەکان و (ئاماژە بە بزوتنەوەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دانشجویی پۆشپەری ٧٨ ) ، کەوتنە گیانی یەکتر چ کرا ؟ مەرەندی و ناسر خان دولارە ٨٠٠ تمەنیەکانیان لە بازاردا بە ١٠٠٠ تمەن ورد کردەوە .

عەلی : یانی ئەو شتانەی کە خەلك نایان هەوێن نابی باسی بکەن ؟

عەباس : یانی ئێوە چوار منالْ دەزانن خەلْك چیان دەوێ ؟

عەلی : دەبینی کە تەنیا هەر ئەو چوّار منالّە دەویرن قسە بکەن ؟

عەباس : خەلّك بە شوێن رۆژ رەشیەکانیانەوەن ، بە شوێن پارو نانێك دا ، تێ ئەگەی ؟عەلی : کەلاس تەنیا دەرس و قوتابخانە نیە .

عەباس : پێویست ناکا شوعار بدەی ، دەبێ بەڵگەیەکت بە دەستەوە بێ یان نا ؟

عەلی : ئەو هەموو دوکتور و ئەندازیارە بێ کار هەلْ رژاون ....

عەباس : عەلی ...! چەنەم لە گەل لێ مەدە بت هەوی ئەدای قارەمانان دەر بینی و ژانە سەرمان بۆ ساز کەی ، من دەزانم و تۆ ئیتر بی برەوە .

***

حەمیدە کچە گەورەی مالْ ، دێتە نێو سناریۆوە . تووبا کە " گولابی ئادینە " دەورەکەی دەگێری ، ماندوو و هیلاك لە سەر کار دەگەرێتەوە . باسێك لە " گولابی ئادینە " بکەین ، کە بە دەور گیرانی باشی خۆی روژرەشی یەکانی تووباکان چ ساکارانە بە بینەران نیشان دەدا . ئەوەش بلێین کە ژمارەیەك لە ئەکتەرە ئیرانیەکان لە جوملەی ئەکتەرە بە نێو بانگەکانی جیهانن .

لە نێو کوّلان دا ، تەلا کچە چکۆلەی حەمیدە ، بەرەو تووبا هەلْ دێت .

توبا : ئەی بە قوربانی نەوەی خۆم بم لە گەلْ کێ هاتووی ؟

تەلّا : باوکم لە دایکمی دا ، وتی برون وون بن لە بەرچاوم ، ئیمەش هاتین بۆ هەیوانەکە دا دانیشتووە ، لە زگی گەورەی را دەردەکەوی کە دووگیانە سەری هەلْ دێنێ ، دەبینن ژێر چاوی شین هەلْ گەراوە .

ئەندامانی بنەماڵە یەك بە دوای یەك سەبارەت بە لی دانی حەمیدە راو بۆچونەکانی خۆیان دەر دەبرن . هەتا وەکو بارودوخی حەمیدەکان لە ئیران باش تر بناسین .

باوك " توش بویە بارانی بەهاری ، تاو ناتاوی . هەر باشیشە ئەم پیاوە ناجسنە رای گرتووی .

مەحبوبە " خوشکە چکولە " : دیسان شەرتان بووە ؟ عەمری نەمێنی هەیّ . ئەگەر جارێکی دیکە پێی بنێتە ئەو مالّە ، بی جی دەکات دەست لە سەر دادەم هەل دێنێتەوە .

حەمیدە : ماتوری وانیتەکەی گریپاچی کردووە ، شەو هاتەوە و کەوتوە گیانی من و ئەو منالّە .

تووبا : ژن و میردن ، ئەمشەو شەریان دەبێ بەیانی بە قوربانی یەك دەبن و دەست لەملانن .

عەباس : پێی بنێتە دەری لەو مالە ، قاچ و قولی وورد دەکەم .

تووبا : دەنگ هەل مەیەنە عەیبە !

عەباس : هەر ئەو زەلیل یەی تۆ ئاوای بە سەر هێناوە .

تووبا : وە دەزانی من نازانم لەو ماڵە چی لە گەل دەکریٚ ؟

عەباس : کە وایە بۆ هەرجارێك کە دەتۆری ، هەڵی دەگری و دەی بەیەوە ؟

تووبا : چی لی بکەم ؟ ژنێکی دوو گیان چۆن راگرم ، کیٚ بژێوی دابین دەکات ؟ .

ئەو شتەی کە بەنی ئیعتماد بە مەترسیەوە دەی هێنێتە سەر شاشە ژیانی پر لە مەینەتی ئینسانەکانە ، بەڵام لە بارودوخیکی دیکتاتۆری دا ، دەکرێت بی پیچ و پەنا قسە لەم نەهامەتیانە بکریٚ ؟! تەنیا بە فیلە بازی یەکی دیکە هاوارەکانی دیکەی دەکات و پی مان دەڵی ، ئیستا چاو لە تەلەویزونی رەسمی وڵات کە لە لایەن وتە بیژەکەی کە بە سیمایەکی نیوە ئاخوندی دەبین دریٚ بکەن : " شەشەمین خولی هەلبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بەرێوەیە و بەشداری بەر بڵاو و پر گوری گەلی هەمیشە بەشدار و قارەمانی ئیران ، لاپەرەیەکی زیرینی تر بە بیر و زەینی ، میژووی سیاسی ئەم سەردەمەی ئیران زیاد دەکات بەڵینی ئیمە ٢٩ ی رێبەندان لە پای سەندوقەکانی دەنگ دان " .

فیلمی " رۆژ رەشی و خۆراگری " رەخشانی بەنی ئیعتیماد ، سەراسەر دەرد و ئازارە، بەرەوالەت ئەمە تەنیا مەجالیکە ، کە دەتوانیٚ لەویەوە قسە بکات . هەرچی هەیەتی لە رێگای جۆراو جۆرەوە لە گەلٚ بینەرەکەی بەشی دەکات . لەم دۆخەدا بنی ئیعتیمادەکان بە چ شێوەیەك هەلٚ دەکەن و بە بینە قاقایەکی گوشراوەوە دیسانیش دەنگی نارەزایەتی خۆیان هەلٚ هەل دینن . ئەم سکانسەم قەت لە بیر ناچیٚتەوە کە تووبا ئەو ژنە پەنجا ساڵ تەمەنە موی سەری ویشك دەکردەوە . ئەو دونیایەی کە بەرهەم هێنەری فیلمەکە و خەلکی ئیران تیٚ دا ژیان بە سەر دەبەن ، ناتوانم تەسەور بکەم . کۆمەڵێکی زۆر لە دەرد و تاڵی و رۆژ رەشی مرۆڤ لە ژیر دەسەڵات داریەتی کۆماری ئیسلامی دا دەتوانی تا چ رادەیەك سوکایەتی ببینیٚ .

***

شەو تووبا ، لە حەمامەکەی ئەو سەری حەسارەکەوە لە حالێکدا کە خاولی یەکی لە سەرەوە پێچاوە دێتە ژۆری . مێردەکەی لە نیو جێگادا پالٚ کەوتووە و لە گەلٚ تووبا قسەدەکات . لەو کاتە دا تووبا لە شاشەی تەلەویزیون دا نابینریٚ . مێردەکەی لە بەردەم تەسویرەکەیە ، بەشی سەرەوەی عەلادینەکە گرێکی زەردی هەیە بە تار دەبینریٚ . تووبا شانەیەکی بە دەستەوەیە ، دێتە بەر دیمەنەکە و لە تەسویرێکی لێل دا خەریکی شانە کردنی چەند تالە مویە کە تا کو وشك بنەوە . لە تەسویرەکە دا مویەك نابینریٚ ، تەنیا لە رێگای حەرەکەتی شانە لیدانی مویەکە ئەم تەسەورە لە زەین دا ساز دەکریٚ . ئەم دیمەنە بۆ من دەرخەری ئەوپەری سوکایەتی کردن بە هاو وڵاتیانم بو . کولی گریان گەروی گرتم و لە بی دەنگی دا لە پرمەی گریانم دا .

ئیستا کە با بزانین لە پرسیار و ولامێك دا کە لەگەل بنی ئیعتیماد لە کتیبی " شیکاری بەرهەمێکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سینەمایی " دا ئەم سوکایەتییە چۆن مانایەك پەیدا دەکات ، لیّ دەپرسن :

خانمی بنی ئیعتماد ، ئێوە لەفیلمەکانتان دا بوێریێکی زۆر بۆ تیپەراندنی هێلە سورەکان لە خۆ نیشان دەدەن وهەمووجاریش ئەم بوێریانە توندتروجۆراوجۆرتر دەبن . لەهەمان دیمەنی یەکەم کەبەتووبا دەڵێن لەچکەکەی بێنێتەخواریّ، هەتا دواین دیمەن کەمەحبوبە سەما دەکات ویان ئەودیمەنەی کەلەوی دا تووبا خەریکە مووی سەری لە سەر گرّی عەلادین وشك دەکاتەوە .

بنی ئیعتماد : نا لەراستی دا بەو مەبەستە فیلم ساز ناکەم کەتەمام بیّ هێلە سورە دیاری کراوەکان تێپەر کەم ، بەڵکوو ئەوبابەتەی کەدەم هەوێت بکەومە شوێنی سروشتی یە کە ئەگەر لەسەر رێگای هێنانە ئارای کۆسپ هەبیّ . من تەنیا هەول دەدەم ئەم کۆسپ وتەگەرانە لەسەر ریّ لابەم . تەنانەت زۆرتر لەوەی کەبایەخ بە بوێری لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بدەم ،بایەخ بەو زمانەی دەدەم کەدەتوانیّ بیانهێنێتە ئاراوە . لەراستی دا تا سنوری مەرگ هەول دەدەم کەئەو رێگایە بدۆزمەوە . هەروەك وتم ، ئەگەربایەخێك هەبێت ،بایەخ بۆباس کردنی بابەتەکە نی یە ،بەڵکو بۆچۆنایەتی هێنانە ئارای ئەم بابەتەیە . من هەول دەدەم رێگایەك بدۆزمەوە ، بۆئەوەی کە بتوانم لەژێر سانسۆر خۆدەربازکەم .

***

فیلمەکە ،تەواوەتی سنورەکانی سانسۆر و خۆسانسۆری رەعایەت دەکات . لەکاتی مۆنتاژ دا فیلمە کە چەند جارێك چەندین بەشی سەنگ وسوك دەکریّ لەبەر ئەوەی کە نە لەچاوی بینەر ون بیّ ونە فیلمێکی بی ئامانج و بی تایبەتمەند بچێتەسەر شاشە .

بەڵام لەهمان حال دا بەرهەم هێنەری فیلمەکە چوارمانگ لەگەل بەر پرسانی سینەمایی وەزارەتی ئیرشاد مشت ومری بووە ، تا لەئاکام دا بەرێك کەوتنێك کە ئیمە لیّ ی ئاگادار نین ، جەوازی سازکردنی پی دەدرێت . دەرهێنەر کەئەرکی ماڵی فیلمەکەشی لەسەر شانە دەست بەجیّ وەخۆ دەکەوی و سونەتەکان تێك دەشکێنی . لەسینەمای ئەمرۆی ئیران وا باوە فیلمی نوی بەپێی سونەت لەسەرەتای مانگی رێبەندان و لە "جەژن وارەی فەجر " دا بلاودەکریتەوە .ئەگەری وەر گرتنی خەڵات لەم فیستیڤالە دا ، بوارێکی گونجاوە بۆناساندنی فیلم . بەتایبەت بۆئەوە کە وەرزیکی پر داهاتی سینەما ،واتە پشوی نەورۆز دەست بەجیّ دەگاتی .بەلام بنی ئیعتماد بەهۆی قەرزداربوونی بەبانك ، چاوەروانی پشوی نەورۆز ناکات وفیلمەکەی دەباتە سەر شاشەی سینەماکان . بەلام دیکتاتۆری بەردەوام هەموو شتێکی لەژێرچاوە دێری دایە . ئەم جارەیان بەچ شیوەیەك :

لەسالەکانی رابردوودا کانالەکانی تەلەویزیۆنی دەوڵتی ئیران ، تەبلیغی بۆ فیلمەسینەماییەکان دەکرد . هەڵبەت رەنگە پیۆیستی بە روون کردنەوە نەبێت ، کەخاوەنانی فیلم لەبری تەبلیغەکەپوڵیان دەدا . بەلام تلەویزیۆن وەك ناوەندیکی بەهێز لەدەست دیکتاتۆریك دا ئەم مافە بە خۆی دەدات کەئەگەر فیلمێکی بەدلّ نەبووتەبلیغی بۆ نەکات .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"زیرپوست شهر" یش تواناى خۆراگرى لە ئاست ئەم زل هێزەنەبوو . هەڵبەت خاوەنانى فیلمەکەش بی دەنگ دانەنیشتن . راگەیاندنى فیلمە کەیان لەسەر دەرک و دیوارى شارداو نوسیان کەتلەویزیۆنى دەولەتى ناى هەوێت راگەیاندنەکەیان بلاو کاتەوە .وەئەمەش دیمەنێکى ترلە خۆراگرى لەناوکۆمەڵگایە . خەڵکانێکى زۆر بۆدێتنى فیلمەکە چون ، جارجارفرمێسکیان بۆکەسایەتیەکانى ناو فیلمەکە هەل دەرشت وجارجاریش چەپلەیان بۆلى دەدان . فیلمەکە لەمەترسى زەرەرى ئابورى دەرباز بوو و هەموانى پى شادکرد . بەلام ئەودیمەنەى کەخەلك زۆرتر چەپلەیان بۆلى دا ئەودیمەنە دوو چرکەیە بووکە مەحبوبە لە ئاهەنگى زەماوەندى دراوسىٚ کەیٚان دا سەمادەکات . ئەى هاوار لەوبەلایە ! چ حەیوان گەلیك ، چ دیکتایۆر گەلیك بەسەر ئەم کۆمەڵگایە دا دەسەلاتدارن . خەڵك بەدیتنى دیمەنى سەماکردنى کەسیك کەزیاتر لە دووچرکەناخایەنى ، گرێی رقى سوکایەتى یەك کەپیٚان دەکرىٚ دەترازى و بۆکەسێك کەئابەم چەشنەبوێرى لە خۆنیشان داوە ،بۆقارەمانیەتیە کەى چەپلە لى دەدەن . بنى ئیعتمادلەم فیلمەدا ،جەسارەت ومتمانە بەخۆییەکى زۆرى لەخۆى نیشان داوە . هەروەها بایەخیکى زۆرى داوەبە بارودۆخى کچانى لاو لەئیران .

***

لەدراوسییەتى ماڵى تووبا دا ، دایکێك ودووکچى لاو ژیان بەسەر دەبەن . مەحبوبە لەگەل مەعسومە ،کچەدراوسىٚ کەیان ، هاوپۆل و هاورێەکى گێانى بەگێانین . مەحبوبە نیردیوانێکى بەدیوارەوەناوە و لەسەر دیوارەکە لەگەل مەعسومە خەریکى سەى کردنن .مەعسومە لەبراگەورەکەى _ کەوا وى دەچیت موۆعتاد بێت _ دەترسىٚ "چونکە بەردەوام لىٚ دەدات . بەپێچەوانە ، مەحبوبە لەخۆشەویستى وسۆزى دوو براکەى بهرەمەندە . کاتیك دیمەنى ئەوقۆتابخانەیە نیشان دەدات کەمەحبوبە دەرسى لى دەخوینى جارێکى تربەهۆى ئەم هەموو تاریکى و رۆژرەشى یە خورپە لەدلمەوە دێت . کامێرا لەبەرزایى وبەدیمەنێکى کراوەتروە، حەوشى قۆتابخانەکە نیشان دەدا. حەوشەکەرەشایى یەکى تەواو دایگرتووە .ئیتر نیشان دانى رەشایى پێویستى بە عونسۆرێکى نەمادین نى یە . تەواوەتى کچانى ،قۆتابخانە کە بەپیى حوکمى دێکتاتۆرى سەراپارەشیان پۆشیوە . سەرەراى ئەوە کچەکان شان نادەنە بەر ئەو رەش پۆشى یەى کە دیکتاتۆرى دەسەلاتدارمەیلى لى یەتى . کچەکان لەحەوش باڵە کایەدەکەن سەرەراى ئەوەى کە مانتۆ و مەقنەعە یان لەسەرەو شالوارێکى دریژیشیان لەژیر مانتۆ کەلەبەردایە ، خەریکى هەڵات هەڵات وغارغارێنن . ئەم کچانەتوشى چ چەرمەسەریەکەن . کچانى قۆتابى چیان بەسەر دێت ! مەحبوبە خەرێکى یارى باڵە یە ، کچەکان یەك دەنگ و بەریك وپێکى ئەو رەستەیە دەلێنەوە ، " مەحبوبە هەلکەوتوى نیومانە خوا ئاگادارى بىٚ " ! ئەمە هەموشادى و خۆشى یەکى ناوحەوشى قۆتابخانەیە .!

بنى ئیعتماد ، خێرا دیمەنەکەى ترئامادە دەکات هەتا بەزووترین کات ئەو بەڵایانەى کەبەسەر کچانى لاو دا دەسەپێنرى نیشان بدات . لەحەوشى هەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوقۆتابخانەیە ،مەعسومە ، هاوری و هاوسی یەکەی بەغەمباری راوەستاوە.مەحبوبە دچیٚ بۆلای . لەو قسانەی کەپێکەوە دەیکەن ، تی دەگەیێن کەبریار وایەئەمرۆ دوای تەعتیل بونی قۆتابخانە هەردووکیان بچن بۆکۆنسیرتێك . لەکۆتایی قسەکانیان دا ، مەحبوبە ئاماژە بەپشتە سەری مەعسومە وپرچە درێژەکانی دەکات . لەقسەی نێوان ئەم دوانە دووشت روون دەبێتەوە . یەکەم ئەوەکە ، ژمارەیەك لەکچەکان کە گرفتێکیان لەگەل دایك وباوکیان نی یە ،دەتوانن بۆسەرگەرمی سالم ،وەك کۆنسێرت بچن . ئەوەی تریشیان ئەوەیەکە ، مەعسومە پرچێکی درێژو جوانی هەیە کە لەژیر مەقنەعە داحەشار دراوە . ئیوارەو لەدوای تەواو بونی کۆنسێرت ، مەعسومە ومەحبوبە بەهەلاتن بەرەو مالی دەگەرێنەوە . بۆمەحبوبە هیچ شتێك رونادا ،بەلام دەنگی گریان وهاواری مەعسومە لەو بەری دیوارەکە بەرز دەبێتەوە . مەحبوبە وتووبا لەحەوشی مالی دانیشتوون و دلیان بۆمەعسومە دەسوتیٚ و فرمێسك دەزێتە چاوەکانیان . بەلام هیچ کارێکیان لەدەست نایە ، بە پیٚی داب ونەریتی جیٚ کەوتوو وا ویٚ دەچیٚ ،براکەی مەعسومە بۆیٚ هەیە تا ئەو جێگایەیٚ کەدەتوانی وپی خۆشە لیٚ بدات .
شەودرنگان ،مەعسومە دێتە سەر دیوارەکەیان وبانگی مەحبوبە دەکات . دم وچاوی رەش و شین هەلگەراوە.

مەعسومە دەلی ، برا کەی بەتوندی لیٚ داوە، بەلام ئەمە دواجارە ! بەیانی رۆژی دواتر بە هات وهاوارکردنی دایکی مەعسومە تی دەگەیێن کەدۆی شەومەعسومە لەمالی هەلاتووە . چەند رۆژ دواتر ، مەعسومە کەبیٚ شك لەهەلبژاردنی نێوەکەشی ئامانجێك هەبووە ولامێك لە مەحبوبە دەگیرێتەوە تا کو بێتە پارکی میلەت ( شاهەنشاهی پیشو ) کەچاویان پیٚك بکەویٚ . ئەم دیمەنەش لە چەشنی کەم وێنەترینی ئەم دیمەنانەیە ، کە بۆ خەلکانی وەکوو من نامۆیە .

مەحبوبە لەپارك چاوەروانی مەعسومەدەکات تا بی بینی . سیٚ کچ بەهێواشی لەپشت بەرزایییەکەوە بەرەو کامێرا دێن . نازانم کەمەعسومە لەنیو ئەو سیٚ کچە دایە یان نا . تا ئێستا مەعسومەمان سەرتا پا رەش پۆش دیبوو . یەکێك لەئەوان بەرەو لای مەحبوبە دێت ویەکتر لە ئامێز دەگرن . مەعسومە وەکوو ئەم دوو کەنیشکەی تر جل وبەرگێکی بە مارك ومۆری تایبەت وناسراو _ لەچەشنی کورانەی _ لەبەر دایە . سور وسپیاوێکی خەستی کردووە ، رەنگێکی خەنەیی لەسەری داوەو عەینەکێکی دوودیشی لی داوە . لەراستی دا بە هۆی دووریەکی دریژ ماوە لەئێران نەمتوانی مەعسومەبەم تایبەتمەندی یانەوەبناسمەوە . تا ئەوەی کە قسەکانی بنی ئیعتمادم لە گۆڤاری "فیلم" دا خویندەوە "مانای لەش فرۆشی لەگەل ئەوشتەی کە لەرابردوو دا هەبو جیاوازە . ئیستا کچانی لەمالٚ هەلاتو، کەرۆژ بەرۆژ رێژەیان دەچێتە سەریٚ ، سنوری نێوان لەش فرۆشی و پەناخوازی و بونی سەرپەنایەکیان هەلگرتووە . واتەکچانێکن کەتەنیا بۆبەدەست هێنانی سەرپەنایەك دەکەونە شوێن هەر کەسێك ئەگەر مەعسومەم هاوری لەگەل دوو پیاوی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەتە نیشان دەدا ، تەنیا مانایەکی هەبوو ، ئەویش ئەوەی کە ، کەوتۆتە داوی ئەوان و بۆ وێنە بۆتە لەش فرۆش . لەحاڵێك دا کە شەپۆلی کورانی لە کچ چوو و کچانی لە کور چوو لەکۆمەڵگای شاری دا بۆتە باو لەگەل تێ گەیشتن و بۆچونی نەسلی ئیمە لە لەش فرۆشی جیاوازی هەیە" .بنی ئیعتماد چ دادو هاوارێکی لەناخ دایەو دەرد وناسۆری هەموان لەناخ دا را دەگری و بی ئامانی دەخاتە ناخی بینەرەوە . لەبیست سالی رابردوو دا خەڵك چ شتیکیان بە سەر هاتووە ، کەزنجیرەی هاوارەکانی بنی ئیعتماد بێ کۆتایی یە . مەعسومەم بینی کەچلۆن سوکایەتی پی کرا ودواتریش کەوتە داوی لەش فرۆشی . بەلام بنی ئیعتماد ،دیسانەکە چزێکی دیکە دەوەشێنێتە نێو زامی قوول وچڵك کردووی کۆمەڵگا . لەحالێك دا کە مەعسومە بە تەواوی لە بنەماڵەکەی دور خراوەتەوە و لەو بنە مالەیە دا نەماوە ، بنی ئیعتماد ئیمە بۆ زەماوەندی خوشکەگەوڕەکەی دەبات . واوی دەچێت کە رۆژ رەشی یەکان زۆر بن و خۆراگری بنی ئیعتمادەکان گەلێك دژوار .

***

"زیر پوست شهر" سەرەرای گەلێك تاڵی ، شیرین بوو " چونکەتوانیم دوایی گەلێك ساڵ سیمایەکی راستەقینە لەبەشێك لە ئیرانی ئەمرۆکە ببینم



هەنارده: فەرهاد کەریم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com


Aedia
ئایدیا
1
گۆڤارێکی فیکری وەرزییە و گرنگی بەوەرگێڕان دەدات
لەم ژمارەیەدا
★ دەربارەی نیکی
• ئێمەو مارکسیزم
• میشێل فۆکۆ
★ ئەقڵ و ئایین
• ئەریک فرۆم
• فەلسەفە چییە؟
★ هابرماس و دیموکراسی و
• دۆخی پۆست مۆدێرنە
ژان فرانسوا لیۆتار

# وتوێژ

## له گەڵ ...

**فەرەیدون پینجوینی شاعیر، نوسەر و رۆژنامە نوس**

**نەجیبەمەحمود هەڵسوراوی بزوتنەوەی ژنان و سەرۆکی کاتی ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان**





PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# فەرەیدون پێنجوێنی " شاعیر، نوسەر و رۆژنامە نوس" بۆ پێشەنگ دەدوێ

سازدانی: پێشەنگ



**ئەمن مەسئوولم هەموو خەبەرو دەنگ و باسێکی ناو ئەو واقعەت بۆ بێنمە دەرێ، ئەمن هەرلە ئەسڵدا پێم وایە پرۆسەی نووسینی شێعر جۆرێکە لە راپورت نوسین و گوزارش دان وراگەیاندنی ئەخباری ناوخۆ، راگەیاندنی جەریاناتی ناو ئەو واقعیە تەسك و بچکولە و شەخسیەی کە ئەمن ناوی دەنێم واقعیەی رەوانی....**

**( پێنجوێنی )**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## هەل ومەرج و جێگا و شوێني هونەرو ئەدەبیات لە هەرێمی کوردستان بە گشتی دوای تێپەر بوونی ١٣ ساڵ بە سەر نەمانی دەسەلاتی رژیمی بەعس لەم ناوچەیەو هاتنە ئارای کەش و هەوایەکی ئازاد چۆن دەبینن؟

بەڵێ، سپاس بۆ ئێوە، پرسیارەکەت یەك پرسیارنیە پرسیارێکی فرەلایەنە و ئەگەر من بیرم بچێتەوە ولامی شاخەیەکی بدەمەوە دەتوانی بیرم بخەیەوە, بە تایبەت بۆ ئەوەی ئیستا هەل ومەرجی هونەرو ئەدەبیات لە کوردستانی عیراق دا چۆن چۆنیە، هەل ومەرجی ئەدەب بۆ هەر کەسیك کە بە دیقەتەوە سەرنج بدات مایەی دڵخۆشیەکی زۆر زۆر نیە، راستیەکەی، هەل ومەرجی ئەدەب لە ئێستادا بە جورێکە کە ئەگەر بەراوەردی بکەی لە گەڵ رۆژگاری لەمەوبەر هێندێك جار مایەی دڵ گرانییە، ئەمە بەو مانەیە نیە کە ئەدەبی پێشوو زۆر زۆر باشتر بوو لە ئێستا، بەلام، گرو تێنیك، حەماسێك، شەوق و زەوقێك کە لە مەوبەر لە ناخی ئەدەبی کوردیدا هەبوو، لە هونەرمەندی کورددا هەبوو، شەوق و زەوقێکی زۆر زۆر زیاتر بوو لەوەی کە ئێستا هەیە، ئەگەر ئەو شەوق وزەوق و ئەو ئارەزوو رەغبەتەی کە لەمەوبەر ئێمە هەمان بوو ئیستاش هەمان بایە، زەمینەیەکی مەوزوعی زۆر زۆر لەبار هەیە، دەتوانرا بەو شەوق و زەوق و بەو رەغبەتە زۆرەی کە جاران هەبوو ئیشی زۆر بکرێ. لە رابردوودا زەمینە نەبوو، لە رابردوودا هەل ومەرجی مەوزوعی نەبوو. تەنیا هەل ومەرجی زاتی هەبوو، ئەتۆ بۆ خۆت یانی لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتۆری ناوەکیدا( باتنیدا). کە تەنیا رەبتی بە خوت هەیە، دەهاتی دەتنووسی، یەعنی ئەوەندەی فاکتۆری زاتی هاندەر بوو، ئەوەندە فاکتوری مەوزوعی نەبوو، مەسەلەن بەعس بۆ خوت دەتزانی، یەعنی وەکوو هەر رژیمێکیتری دیکتاتوری هەموو روبەرێکی لە ئێمە ئەستاند بوو، روبەری نوسین، روبەری ئازادی، مومارسە کردنی ئازادی یەعنی تەنانەت هەموو روبەرە جۆراوجورەکانی ژیانی لێ تەسك کردبووینەوە بە روبەری ئەدەب وهونەریشەوە، بە مومارسە کردنی ئەدەب و هونەریشەوە، لە وەختێك دا کە ئەو شەراییتە بەو جورە بوو، یەعنی لە وەختی بوونی رژیمی بەعس دایە لە کوردستانی عیراق، شەرایەت بەوجورە بوو هەل ومەرجی بابەتی بەوجورە بوو، دەیوایە ئەدەبێکی بەو جورە، یەعنی ئەدەب بەو جۆرە نەبوایە کە بوو، کەچی بە پێچەوانەوە ئەدەبی ئەوکاتە تەنها لە ژێر کاریگەری فاکتۆری زاتیدا ئەدەبێکی زور باش بوو، مەسەلەن چیرۆکی زورباش دەنووسرا، چیرۆك دەنگی دەدایەوە. یەعنی چیرۆکێك دەنووسرا، ئیستاش لە بیرمە چیرۆکی دوربینی "حەمە فەریق حەسەن" ببوو بە دەنگ وباسی ناوەندی روناکبیری کوردی لە ئەوسادا، ئێستا دەنووسی و هەرچی دەنووسی بێدەنگ رەت دەبێ، ئەتۆ چیروکیك دەنووسی و مەسەلەن دڵخۆشی بەوەی کە شتێکت کردووە، مەحاوەلەیەکت کردووە، ئیحتمالی هەوڵی نوێ کردنەوەی چیرۆکت دابێ، بە حیساب و قەناعەتی خوت ئیزافەیەکت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خستبێتە سەر چیروکی کوردی چاوەرێی ئەوەی وەختێك ئەو چیرۆکەکە بڵاو دەبێتەوە وەکوو روداوێکی، هیچ نەبێ چکولانە باسی بکەن یان ئەوەی کە ببیستیەوە کە ئەو چیروکە خەڵك بەرداشتی چون بوە لەگەلیا، بەهەر حاڵ بێ ئومێد دەبی و دواییەکەی بۆت دەردەکەوێ لە کۆی ئەو ئەدیبانەی کە ئێستا ناوم وتووەو ناویان دەبیسی، لە کۆی ئەو ئەدیبانە ٥ کەس چیرۆکەکەی تۆیان نەخویندوەتەوە، ئێستا ئەگەر فەرقەکەت بۆ رۆشن بکەمەوە، فەرقەکەی ئێستا و فەرقەکەی زەمانی رابردوو، ئاوەها بە کورتی قسەت بۆ دەکەم، جاران هەل ومەرجی زاتی هەبوو، هەل و مەرجی زاتی شتی زور چاکی پێدە کردین، جاران هەل ومەرجی بابەتی نەبوو، هەل ومەرجی زاتی هەبوو بەلاَم ئێستا بە پیچەوانەوە، هەل و مەرجێکی بابەتی زور باش هەن، دام و دەزگای سەقاق زۆر هەن، پارەی زۆر لە ئیختیاری خەڵك دەنێن، هاوکاری و کۆمەکی خەڵك بە باشی دەکەن، خەڵکی ئەدیب و هونەرمەند،
بە کورتی بەڵگەی بوونی هەل ومەرجی بابەتی زور زور باشە، کەچی پێدەچێ هەل ومەرجە زاتییەکە لە ئارادا نەبێ بۆیە ئەدەبی ئیستا هونەری،
ئێستا هەست دەکەی ئەو گوروتینە نییە، یەعنی نەدەبێتە رووداو لە ناو خەڵك دا نە دەبیتە باس و خواستی ناو خەلك ، نە بە ئەرزشیشەوە سەیر دەکرێ، بێدەنگ و کش و مات دێت و دەڕواو، ئاوەهایە بەوجۆرە وا عەرزم کردی، و ئەمن راستییەکەی لە باروودۆخی ئێستا زۆر ڕازی نیم جا بەو مانایەش نییە کە هەر راست و چەپیك بە سەر هەموو ئەوەی هەیە دابێنم، لە ئیستادا دەکرێ تو دەتوانی لانی کەم دلخوش بی بەوەیکە لەم ١٣-١٢ ساڵەدا رۆمانی وەکوو" دوایەمین هەناری دونیا" نووسراوە، دەتوانی دڵخۆش بی بۆ ئەوەی کە رومانی وەکوو"ئیوارەی پەروانە" نووسراوە، دەتوانی دلخوش بی بۆ ئەوەی کە ڕاستی یەکەی کۆمەلیك لێکوڵینەوە لە بواری کۆمەلناسی، کۆمەلناسی دینی، کۆمەلناسی سیاسی نووسراون، دەتوانی دلخۆش بی بەوانە، بە کورتی ڕەنگە بتوانی ١٢-١٠ کتێبی باش یا مەسەلەن ١٥ کتێبی باش دیاری بکەی، باشە ئەوە لە چاو قەبارەو حەجمی خوماندا، لە ١٣-١٢ ساڵەی رابردوودا کە خۆ بەریوەبەربوین، کەم نییە؟ بوونی ١٣-١٢ ساڵ هەل و مەرجی بابەتی زۆر باش و لەبار ئەلبەتە ئەوە شتیکی کەمە.

## بەرەخسانیئەو هەل و مەرجە بابەتی و زاتییە و تیکەڵ بوونی ئەدەبیاتی شارو شاخ، چ جۆرە ئەدەبیاتێك سەری هەڵداوە بە دوای لاچوونی دەستەلاتی بەعس دا؟

بەڵێ کە باروودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری هەر مەنتیقەیەك دەگۆڕێ، لە گەڵیدا هەل ومەرجی دەروونی و شەرایەت بەگشتی دەگوری، ئەدەبیش دەگۆڕێ، وەزعییەتی ئینسانەکانیش دەگوری، لە کوردستانی عێراق دا ئاڵ وگورێك بەسەردا هاتوە یا با بلێین ڕاپەرین رووداوێکی ئەوندە گەورەیە، بەراستی دابڕانێکی لە بەینی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قوناغێکی هەرە تاریک دا بۆ ئیمە دروست کردوە، یانی جیابوونەوەی ئیمە لە روژگاریکی زور رەش و تاریک حەتمەن رووداویکی کەم نەبووە، بە دلنیاییەوە ژیان دەخاتە ژێر رکێف و تەئسیری خۆیەوە. ئەو ئال وگۆرە سیاسییەی کە بە سەرداهات ئەدەبیشی دیسان خستووتە ژێر تەئسیرو کاریگەری خویەوە، ئەدەبی ئیستا کە سیماکانی دیاری بکەین، یا هەول بدەین جیا کاریەک لە بەینی ئەدەب و هونەری ئیستا و ئەدەب و هونەری رابردوودا بکەین، رەنگە سەخت و زەحمەت بێ دانە دانە بۆ بژمێرم  بەڵام هەروا سەر پێی وبە کورتی دەتوانم عەرزت بکەم کە ئەدەب و هونەری ئیستا تەواو هەلگری، یان با بلێین تەواو لە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخە سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتیە دایە کە لەو ١٣-١٢ ساڵەداهاتوەتە پێشەوە، ئەو جا خەڵك لەو ١٣-١٢ ساڵەدا چیان بەسەر هاتوەو، گۆران کاریەکانی ئەو ١٣-١٢ سالەیە چین، دەبێ باسی بکەێن و بشزانین ئەدەب بە چ جۆرێك هونەر، ئەدەب و هونەری ئیستا بەچ جوریك کەوتوتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە ئەمەش رەنگە ئیستا لە توانای من دا نەبێ بەلام بە گشتی لەو ١٣- ١٢ ساڵەی رابردوودا، تو یانی لە ژێرهەرەشە و دەسەلاتی دیکتاتورییەت کەم و زور هاتبوویە دەرێ، ئیدی خەلك مەجبوور نیە لە شانۆی خۆیدا، مەسەلەن هەرخەریکی بەربەرەکانی بێ لە گەل دیکتاتور لەو١٣-١٢ ساڵەی رابردوودا مەسەلەن موفەررەداتیك کە لە مەوبەر ئیشی پێ دەکرا، تەنانەت لە شێعری شێرکۆدا، بۆ نمونە تفەنگ مەسەلەن شتێك بوو موفەرەدەیەك بوو دەهات و دەچوو باسی لێ دەکرا دەبووە موتیڤ لە ناو شێعردا و ئیستی تفەنگ بیتە ناو شێعری جەنابت یان شیعری من یان ناو شیعری شێرکۆیان ناو شێعر و ئەدەبی و هونەری هەر کەسیك لەو ١٣-١٢ ساڵەدا ژیانی گوزەراندبی، بە جۆرێکی دیکە هاتووە یانی بە جۆرێکی دیکە تەوسیف کراوە یانی بەهەر جۆر ئەدەب و هونەری ئیستا هەڵگری سیماکانی کۆمەلگایەکی تازەیە لە رووی سیاسییەوە لە رووی ئابووریەوە، لەرووی کۆمەڵایەتیەوە. جا ئەگەر بمبوریت و داوای ئەوەم لێ نەکەیت ئێستا دانەدانە سیما ژمێرت بۆبکەم شتێکی چاك دەکەی دەتوانین هەلبیگرین بۆ دەرفەتێکی گونجاو و باشتر.

**کاك فەریدون هیندێك پێیان وایە بەشێك لە نوسەران و ئەدیبانی کورد بە بیانوی مودێرنیتە و نوێگەرییەوە بەردەنگیان واتە مەخاتەبیان ونکردووە، جەنابت چۆن دەروانیە ئەم دیاردەیە؟**

من پێشتریش لە وڵامی پرسیاری یەکەمت دا کەم و زۆر پەرژامە سەر ئەوەی کە ئیستا هەرچی دەکەی و هەرچی دەنوسی و هەرچی کاری ئەدەبی و هونەری دەکەی بێ‌دەنگ تێدەپەرێ و یانی وەکوو جاران نابێتە روداوو، باسی ببێ و لە بارەیەوە قسە بکرێ، جا چ قسەی زارەکی و دەمی نیـوان ئەدیـبان و هونـەرمەندان بـێ لە چاخانەیەکدا لە گازینویەکدا یا قسەیەکی نوسراوە بێ مەسەلەن



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رەخنەیەك یا لێكۆڵینەوەیەك بێ فێعلەن ئێستا دیاردەیـەكی لەو جورە هەیە. هەرچی دەیكەی ڕەد دەبێ: ئاخر گوناحە لە" دوامین هەناری دونیا" هەروا بە ئاسانی لیێ تێپەری و هیچ قسەیەك نەكەی یان با بڵێین هیچ كەسێك قسەیەكی لەسەر نەكا ئەمە



ئەوەی كە تۆ دەفەرمووی هەندیـــك كەس پییـــان وایـــە مەخاتەبی خۆیانیان ون كردووە یانی با بڵێین خوێنەرو گوێگر، یان بینەریان لە دەس داوە تارادەیەك ڕاستە، تا رادەیەك ئینسانی ئەدیب و هۆنەرمەند لەو دۆخەدا كە ئیستا ئیمەی تیدا دەژین بێ هومێدە، یانی دەزانێ هەرچی دەیكا، هەر وەكوو بایەك بەلای گوێی خەلك دادێو دەرواو كەس ئاوڕی لێ ناداتەوە و ئەمن بۆ خۆم نمونەت لەسەر خۆم بۆ بێنمەوە: یانی وەختیك دەبینم خەڵك شیعر دەنوسن ئەمنیش بۆ خۆم شیعر دەنوسم ئەمن لە نیو ١٠٠كەس یا ٢٠٠ كەس دا لە نیو ئەو شارەدا شیعر دەنوسم، ناوی هەمووەمان لە یەك ڕیزدایە بە هەمومان دەوتری شاعیر ڕەنگە بە هەمووشمان بوترێ. یان مەسەلەن بە سنفیكمان كە هەمووومان عومری ٣٥ سالمان هەیە، بەشێكمان كە لە ٣٥ سالگی دادە ژین بوترێ جیلی ٩٠ دەكان، یانی وانییە بەهەموو جۆریك ئەتو لەزمەی خەلكانیكدا پۆلین دەكەن ریزبەنددەكەن بە دلینیاییەوە تۆ ڕەنگە هەست بكەی كەم و زۆر فەرقێكت هەر هەیە، جا ئەگەر تۆش نەبی كەسێكی دیكە لە ناو ئەم ریزەدا كە پێی دەوترێ جیلی ٩٠ دەكان كەسیكی دیكە هەیە كە حەتمەن فەرقێكی هەبێو لە ناو سنفەكەی خۆیدا دەنگیكی تایبەت و جیاواز بێ. ئەتۆ وەختێك چاوەرێی ئەوەی كەسێك بێ و ئەم خسوسیەتەی تۆ دەس نیشان بكا و پەنجەی بۆرابكێشێ وەختیك چاورێی ئەمەی بەلام كەسیك نییە كە مەسەلەن بلێ كاك سەعیدی ئەمانی دەنگێكی جیاوازە لە ناو جیلی ٩٠ دەكاندا، كەسیك نییە بلێ شێعری بەختیار عەلی شێعرێكی تر و تایبەتترە، تۆش و بەختیار عەلی ش و منێش و هەریەكێكی تریش لە ئیمە توشی ئەوەی كە عەرەب پیێ دەلێ ئیحبات یانی توشی بێ ئومێدی دەبین، توشی جوریك لە سارد بوونەوە دەبین، ڕاستیەكەی ئەمن قسەی ئەوانە تەسدیق دەكەم كە ئیستا پاشا گەردانیەك زاڵە، ڕاستیەكەی كە هەمووومانی توشی جۆرێك لە ئیختێراب و نامۆ بوون لە كارەكەی خۆمانی كردوین، یەعنی ڕاستە ئەمن ئەوقسەیە تەسدیق دەكەم.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**وەك زۆر کەس لە سەری دواون و منیش پێم وایە وەك  واقعێك بوونی هەیە، بزوتنەوەیەکی روشنبیری لە کوردستانی ئیران لە ئارادایە، ئەم بزوتنەوەیە چۆن دەبینن؟**

جا ئەوە باشتروایە کە لەدەرفەتێکی فراوانتردا وردتر قسە لە سەر ئەوشتە بکەین بەڵام ئەوەی کە زاهیرەن قسەی لە سەر بکەین و بتوانین پەنجەی لە سەردا بنیین و هەروا بە خەتی درشت لە بارەی ئەدەب و هونەری" کوردی ئیرانەوە" بیلێیێن چەند شتێکە یەکیٚ لەوانە ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی لە کوردستانی ئیراندا زیاد لە حەد شاگە شکەیە و بە خۆی دەنازەیٚ ، کوت و پڕ لە ناو فەرهەنگی فارسی و روشنبیری فارسی داباسی مودیرنەو پوست مودێرنە هاتوتە ناو گەنج و لاوانی کوردەوە لە کوردستانی ئیراندا بۆ ئەوان باسیکی لەو جۆرە تازەیە و دەشیانهەوێت فێعلەن باوەش بەو چەمك و مەفاهیمە تازانەدا بگرن ئیدیعایاتیان زۆرەیانی لە بارەی خۆیانەوەشتی زۆردەلێن کە ئەمن پیێم وایە ئەگەر بەسەهەوو نەچووبم حەق نیە وەها بە پەلە لە بارەی خۆیانەوە بدوین، حەق نییە زۆریش موتەسەریع و زۆریش ئەوەی کە پیێی دەڵین جرپن جرپن بن، لە بواری خۆیان دا یانی ئەمن مەعزەرەت دەخوازم، ئەدەبی کوردی لەو ١٢,١٠ ساڵەی ڕابردودا لە کوردستانی ئیراندا لەو ئاستەدانییە کە خۆیان لە بارەی خۆیانەوە دەیلێن، ئەدەبی کوردی لە کوردستانی ئیراندا راستە مەسەلەن خەلکانیکن ئیستا بە شەوق و زەوقیکەوە ئەو فاکتەرە زاتییەی کە عەرزم کردی و لە مەوبەر بۆ ئێمە لە ئارادا بوو لە کوردستانی عێراقدا، ئەو فاکتەرە زاتییە ئیستا لە کوردستانی ئیراندا هەیە رەنگە دوبەرابەری ئەوەی کە لە وەختی ئیمە دا هەبوو. ئەلئان لە کوردستانی ئیراندا هەبیٚ. بەڵام بە تەنیا ئیدیعا کافی نییە بە تەنیا پرو پاگەندەو خۆنمایش کردن و لە بارەی خۆ گوتن و بە بالای خۆدا خویندن کاڤ نەبێ ئەمن لە شێعری کوردی ئیرانی راستیەکەی شتێکی وام لە خەیاڵ دا نییە ئەگەر بەرادەرو رەفیقێك گوێیان لەم قسانە بێ عاجز نەبن شتیکی وام لە خەیاڵ دا نییە پیتی بڵیم تەنیا ئیدیعاکانیان و بە خۆدا نازینەکانیٚانم زۆرتر لە خەیاڵە. من پیێم وایە باشتر وا بوو کە من شیعری ئەوانم لە خەیال دابیٚ تا ئەوەی کە قەول و بە خۆدا هەلگوتنی ئەوانم لە خەیال دابیٚ لە ئیستادا تەنیا دەکریٚ ئەوها بە کورتی وهاکە زایی لێم قبوڵ، بکەی بەم چەند قسەیە لە بارەی ئەدەبی ئیرانەوە دابکەوین.

**زۆر کەس دەلین هونەر هیچ ئەرکێکی لە سەرشان نییە، ئەلبەتە ئەمە قسەیەکی تازە نییە، بەڵام ئێستا چ لە کوردستانی ئیٚران و چ لەم دیو کە ئیستا ئەم زروفە خولقاوە و هەندیك کەس دەیانهەوی خۆ لە ژێر هێندیك بەرپرسیاری دا بشارنەوە، ئەم شوعارە دەدەن، ئەم بۆچوونە لە بەرامبەر واتا بە دژی ئەو بۆچوونە دەوێستێ کە پیێوایە دەبێ هونەر و ئەدەبیات دەروەست بن، سەبارەت بەو دوو روانگەیە ڕای جەنابت چییە؟**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوە باسێکی ئەوەندە کۆنە لە ئەدەبدا، ئەدەب وەزیفەی هەیەیان نییە- باسیکی ئەوەندە کۆنە رەنگە بلێم هەر قسەیەکی دیکەش ئێمە لەو بارەیەوە بیکەین قسەی تازە نین و رەنگەئیدی هەریەکەمان بیرواری خۆی بلی لەو بارەوە یانی با بلیم پاساو بۆکاری خۆی بێنێتەوە زۆرتر پاساو بۆ فەعالییەتی ئەدەبی خۆی بهینیتەوە بۆ ئەو سەبکە بێنیتەوە کە خۆی دەستی پێوە گرتووە کاری پێ دەکا و یانی بە کورتی ئەمن هەر قسەیەك لەو بارەیەوە بکەم رەنگە رۆژ هەر ئینسانێکی ناسك بێ، دەکرێ من لە شیعرێکدا پیاوێکی زۆر زۆر توورە و عەسەبی و مونفەعیل بم، یەعنی دەی باشە من لە کاتێکدا پیاوێکی عەسەبانیم و لە خۆم و لە هەموو دونیا توورەم، دەبی من لیرەدابیری چیم هەبێ تۆ بڵێی من وەختێك بە کارێکی ئەدەبییەوە خەریکم یاوە ختێك بە نوسینی دەقێکی شیعرییەوە خەریکم و مەشغوڵم و لە حاڵەتێکی عەسەبانی و ئینفەعالی و توورەیی و دەرونی و رەوانی و لەو جورەدام ئەو جۆرەی عەرزم



قسەکانم ئەوەندەی پاساو هینانەوەبن بۆ سەبکی نوسینی خۆم و بۆ شێوازی نوسین خۆم و پاساوبن بۆ دیفاع لە خۆم لە هەڵوێستی خۆم، بەرامبەر بە ئەدەب ئەوەندەش شتی بابەتی وشتی عیلمی و زانستی نەبن ئەمن پێم وایە ئەدیب کائینێکە، بوونەوەرێکە تۆ ناتوانی ١٠٠ ٪ یانی وابە ستەی بە ئایدیۆلۆژیایەك بکەی، ناتوانی ١٠٠٪ وابەستەی فیکرەیەکی بکەی، تەنانەت ناتوانی داوای لێبکەی بە دریژایی عومر و بە دریژایی ساعەتەکانی شەوو کردی، دەبێ مەجبووریش بم، یانی وا بەستەی ئایدیولوژییایەك بم کە پیش لە ئیستادا شانم پییاداکردووە یانی کەم و زۆر بروام پیی هەبووە دەبی وابەستەی ئەوەبم قسەگەلێکی کە، رۆژانە لە کاتی ئارامی و هیمنی و ئارامشێکی زۆر زۆردا دەکوترین و بەلام ئاخر خۆ ئینسان لە واقع دا دەژییانی ئیسنا چۆن واقعی کۆمەلایەتی هەیە، واقعی نەفسی خۆشی هەیەیانی چۆن موحیت" دەوروبەرێك" هەیە و بە دەورەتەوە کاریگەریت لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەر دروست دەکەن یانی تۆ لە رابیتەدای و لە گەڵ ئەو واقیعەدا تۆ لەناخیی شتدا دیسان ژنیگەیەکی بچکولانەت بۆ خۆت دروست کردووە، ئەسلەن کار کردن لە ئەدەبدا کار کردنە بە رای من بەدەرەجەی یەکەم هەڵسوورانە لە ناو ئەو واقعییە رەوانییە بچکۆلەو سنووردارە دا کە لە ناخی تۆدایە و لە ناو تۆدایە، یانی هەموو هەولێك بۆ ئەوەی کە تۆ ئەدیب بهێنیەوە دەرێ و بیهێنی بۆ ناو ئەو واقعیە فراوانە کۆمەلایەتییەی کە هەموومانی تێدا کۆ بوینەوە و تێیدا جێمان بۆتەوە هەموو هەولیك بۆ هینانەوە دەری ئەدیب بۆ ناو ئەو واقعە ئیجتماعییە" کۆمەلایەتییە" رەنگە زەوت کردنی بەشیك لە ئازادییەکانی ئەدیب بێ تاردەیەکیش محاولەی لەو جۆرە و هەولی لەو جۆرە ناتەبایە لە گەل پروسەی نوسینی ئەدەبدا یەعنی نوسینی ئەدەب وەکوو نوسینی نەقدو رەخنەنییە ئاخر وەکوو نوسینی لیکولینەوەیەکی سۆسیولۆجی و کۆمەلناسی نییە، ئەدەب و هەر بۆ خۆی بەراستی پروسەی نوسینی شیعرو ئەدەب یەعنی پروسەی گەرانەوەیە بۆ ناو زات و بۆ ناو ئەو رووبەرەو بۆ ناو ئەو واقعە بچکولە و تایبەت و شەخسیەی کە عەرزم کردی و واقعێەکی رەوانیی و تەنها لە ناو خودی نووسەرەکاندا( ئەدیب یا شاعیر)دا هەیە و وجودی هەیە تەنها بە ئەویش باس و خواسەکانی ناو ئەو ناخەو ناو ئەو واقیعە دەگێر درێتەوە ئیحتمالەن کەسێکیتر نەتوانێ: رەنگە کاك سەعیدی ئەمانی نەزانێ لە بارەی ئەو واقعە رەوانیەی کە لە ناخیمندا: ئەو دنیا بچکولەو تایبەتە شەخسیەی لە ناخی منداوجودی هەیە، رەنگە کاك سەعید نەتوانی خەبەریك لە بارەی ئەو واقعە بداتە دەرێ.

ئەمن مەسئوولم هەموو خەبەرو دەنگ و باسیکی ناو ئەو واقعەت بۆ بینمە دەرێ، ئەمن هەر لە ئەسلدا پێم وایە پرۆسەی نووسینی شێعر جۆرێکە لە راپورت نوسین و گوزارش دان و بە راگەیاندنی ئەخباری ناوخۆ، راگەیاندنی جەریاناتی ناو ئەو واقیعە تەسك و بچکولە و شەخسیەی کە ئەمن ناوی دەنێم واقیعەی رەوانی... جا باشە ئینسانێکیش لەناو ئەو واقعیە رەوانیيە دا خەریکی هەر جم و جۆلێك بێ لە ژێر کاریگەری فاکتورە جۆراوجۆرەکانی واقعیەکەی دەرەوە، یەعنی تۆ دەتوانی ١٠٠ دەرسەد ناچاری بکەی کە لە هەموو کاتێکدا ئینسانیکی زۆر زۆر مونتەزەم و زۆر مکانیکی و زور وەکوو جیهازئیش بکا و مەسەلەن بە جۆریك بێ کە هەمیشە ئیتاعەتی ئاییدیا جۆراو جۆرەکانی کە ئینسانە درۆستەکان و سیاسەتمەداران بانگەشەی بۆ دەکەن، یەعنی هەمیشە وا بەستەی ئەو شتانەبێ، ئاخر تۆ کە دییتەوە بۆ ناو روبەرێکی تەسك کەم و زۆر دور دەکەوییەوە لەو واقیعەتەی کە لە دەرەوە دەگوزەرێ یەعنی لە ناو ناخی بەشەردا ئایدیۆلوژی هەلدەتەکێ، لە ناو ناخی بەشەری ئەدیب و شاعیردا ئایدیولۆژی ئەسەرێکی یەعنی ئەو واقعێکی مەوزوعی نییە، بەڵکوو واقعێکی رەوانی و راستت عەرزبکەم زۆر زۆر زاتییە. ئینسان وەختیك هەڵدە سووری لە ناو ئەو واقعیە زاتییەدا یانی لە مەوزوع دەچێتە دەرێ، یەعنی بەراستی ئەو سنووره رەوانیە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو واقعە ڕەوانی‌یە هەر خۆی و هەر هەمووی پروسەی نوسینی شێعر دەڵیم پروسەی نوسینی ئەدەب دلیم هەر هەموو، یانی پروسەی هینانە دەرەوەی تا کێکە یان با بلێین گەیاندنی خەبەرو دەنگ و باسی تا کە کەسیکە کە لە عالەمێکی تایبەتی دادەژی، بەڵام وەختیێ تۆ دیییەوە ناو دنیایەکی فراوان، دیییەوە ناو واقعێکی کۆمەڵایەتی ئیدی ئەو جار قسەیەکی دیکەم لەسەر ئەدەب هەیە ئەو ئەدیبەی کە لەناو واقعێکی کۆمەڵایەتیدا دیققەت دەداو لە ناو واقعێکی کۆمەڵایەتیدا باس و کەرەسەو بابەتی خۆی هەلدە گۆزێ و لە بارەیەیانە وە دەنوسێ، ئیدی ئەو ئەدیبەیا ئەو شاعیرە لە خۆی هاتۆتە دەری و زۆرجار لە خۆ هاتنە دەرەوەش ئینسان تووشی حالەتیك دەکا کە ئەدیب وەها لیدەکا کە تۆ وەکوو ڕۆژنامە نووسیکی چاو لیبکەی کە لەبارەی دەرەوە خەبەرێکی هەر هەیە کەم و زۆر دەزانی فلانی لە فلان جیگا کوژرا، ژنی فلان کەس بەزور ئیختساف کرا لە لایەن مەسئولیکەوە، دەزانێ خەڵك برسییە ئەمانە بە بەر چاوەوە دەگوزەرین راگەیاندنی ئەمانە لە ئەدەبدا ئەگەر فیعلەن بە شیوەیەکی هونەری و زۆر زۆر چروپرو جوان یەعنی بەو جورەی کە ئەدەبیکی جوان داوای دەکا رابگەیەندریت، ئەوە مایەی دڵخوشیە، ئەمن هیچ ئیعترازیکم لیرەدانیە و من هەرگیز پیم وانییە ئەگەر ئەدیب یا ئینسان سەرکەوتوو ولیهاتوویی ئەو ڕێی لێبگرێ و گوزارش لە دەرەوە بدات و ئەخباری دەروەی خۆییمان بۆ بگێریتەوە و تەنها لە ناو واقیعە ڕەوانیەکەی خۆیدا بیر بکاتەوەو قسەکانی ئەو قسەگەلیك بن لە بارەی ناخ و باتنی خۆی و دنیای شەخسیوو تایبەتی خۆیەوە ئەمن بەش بە حالی خۆم پیم وایە ئەوەندەی کە دەکرێ پێوەرەکەمان بۆ جیا کردنەوەی ئەدەب جوانی و بەرزی و بەهای ئەدەب بێ...... ئەوەندە پیویست نی‌یە ئیمە تەنها ئەدەب بە مقیاس و پێوەری سیاسی و پێوەری دیکەی ئایدیۆلۆژی بپیوین و یانی بیخەینە ژیر زەخت و فشاری ئایدیولوژی و سیاسی یەوە ئەمن لە گەڵتدام کە ئەدیب نەك لە بەر ئەوەی مەجبورەو وەزیفەیەتی و لە گەڵتدام کە دەکری ئەدەب وابەستەبی بە کیشەکانی مرۆڤایەتی بەڵام نەك بەو مەعنایەی کە وەزیفەیەتی ئەوە بکا، بەلکوو هەر لەو ڕوانگە سادەیەوە کە ئەدیب کەسێکی ناسکترە، شاعیر کەسێکی ناسکترە لە کەسێکی هاکەزاییان لانی کەم زمانی گێرانەوەو زمانی دەربرینی هەیە، لەو ڕوانگە سادەیەوە ئەمن پێم وایە دەبێ ئەدیب ئاگای لەوەبێ کە لە دەرەوەش چی دەگوزەری و ئەدیبانە قسەیەکمان لەو بارەوە بۆ بکا بەڵام پیم وانی‌یەوە زیفەی بێ و دەبێ هەروابێ. تەنها بەو حوکمەی کە عەرزم کردێ کە ئەو کەسێکی ناسکە، کەسێکی بەو جۆرەو بەوشیوەیە کە ئەڵیی ئەدیب یانی ئەدیب کە ئەلیێ شاعیریانی ناسکیی، لەو ڕوانگەوە کە ئەو پیاوێکی ناسکەو هاڕە کردنی شوشەی پەنجەرەیەك بۆ ئەو مایەی نیگەرانیە وەختێك

بابێك لە کچەکەی خۆی توورەدەبێ وقژی ڕادەکێشێ بۆ ئەومایەی نیگەرانیە، وەختێك برایەك دەکابە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قژیی خووشکەکەی داو لە دەرەوەی ماڵ دەیهێنێتەوە ژوریٚ ودەڵی تۆ وەرە ژوریٚ تۆ چی دەکەی, عەیب ناکەی تو لەبەر دەرگا چی دەکەی؟! ئەوە کوڕ لەوێوە ڕەد دەبن! وەختێك شاعیریك ئەدیبیك ئەوە دەبینیٚ پێم خۆشە بزانم هەست بەچی دەکا، ئەمن پێم خۆشە بەریەککەوتنی ئەم روداوە ئەم شاعیرە چی دروستکرد ئەمن لەو روانگەیەوە یانی لەو روانگەی توانای جوانناسی و دەربرینی ئەو شاعیرە کە ئەو رووداوەی دیوە پەیڕیٚ ببەم بەگرینگی دەزانم ئەو شاعیرە ئیتر لەو بارەوە هەستی خۆی دەر ببریٚ و گوێم لیٚ بیٚ و بزانم راکێشانی قژی کچێك بەدەستی باوکێکی دیکتاتور و پیاوسالارەوە چی لەناخی ئەودا دروست کردووە ئا لەم روانگەیەوە ئەمن حەز دەکەم هەموو ئەوەی کە ئایدیولوژییەکان داوای دەکەن و لە ئەدیب داوای وابەستەگی و ئیلتیزام و ئەو شتانەی لیدەکەن پیم خوشە ئەدیب هەرهەموو ئەو شتانە بەهەندبگریٚ و هەر هەموو ئەو روداوو کارەساتانە کە کابرایەکی ئایدیولوژیست لە روانگەی خۆیەوە پییٚ خوشەو بە هەندی گرتووە و پییٚ خۆشە باسی هەبیٚ لەناو ئەدەبدا و ئەم روداوانە، ئەمنیش پیم خۆشە بەلاٚم ئەمن لە روانگەی خۆمەوە پیم خوشە ئەدیبیك باسی کیشەکانی کۆمەڵ بکا: کابرایەکی ئایدیۆلۆژیش لە روانگەی خۆیەوە و لەو روانگەوەکە ئەدب موسانەدە و هاوپشتی بیروراکانی ئەم کارو جولەو فەعالیەتی سیاسی ئەم بکا پییٚ خۆشە ئەدیب لە کیشەکانی کۆمەڵ بدوی، ئەمنیش نا لەو رووەوە کە ئەمن پیم خۆشە بزانم لە نەتیجەی ئیستیدام و پیکدادانی روداویکی تراژیدی بۆگەن و سواو تەقلیدی ناو کۆمەڵەوە لە گەڵ هەست و نستی شاعیرێکدا چی دەقەمی پێم خوشە نەتیجەی ئەو ئیستیدامە ببینم: ناسکییەك، جوانیەك کە دەکریٚ یا با بلێین قەولیکی جوانی شاعیرانە کە دەکریٚ لە نەتیجەی ئەو ئیستیدامەوە رووبدات، ئەمن بە هیوای دیتن و بیستنی ئەو قەولە حەزدەکەم ئەدیب بەر خورد لەگەل ئەو رووداوانەدا بکا.

ئایدیولوژیستێك نا بەو جورەنا، بۆئەوەی کە هاوپشتێك بۆ کارو فەعالیەتی خۆی بدۆزێتەوە ئەم داوایە لە ئەدیب دەکا، ئەمن دەلێم مەنزورمان و روانگەمان بگورین بۆ ئەدەب و بۆ سەیر کردنی، ئەگەر دەنوسیٚ چاك دەکا خەبەریی دنیا تەسك و بچکۆلانە و تایبەتی وشە خسیەکەی خۆی کە واقەعبینی رەوانیەکەی لەوە پیش ئامازەت پیدا بهینیتە دەری و بە ئیمەی بلیٚ چاك دەکا، ئەگەر خەبەری ئەو واقعیە ئیجتماعیەی کە بە بەرچاوی هەموومانەوە دەگوزەری باشە و بە قەولیکی ئەدیبانەو شاعیرانە بە ئیمەی دەلیت و بۆ ئێمەی دەگێرێتەوە هەر چاك دەکا بەلاٚم ئەمن لە رەوانگەی خۆمەوە بۆ چوونی خۆمم هەیە، کەسیکیتر بۆچونی خۆی هەیە ئەوە بە کوردی و بە کورتی لەو رووەوە.

**بەدوای ئەم تەوزیحاتەی جەنابتدا، ئەمن پیم خۆشە باسی رەخنە بکەیت. چونکە ئەمن پیم وایە جێگای دیارە، رەخنەی زانستیانە لە ئەدەبیاتی کوردی دا جیگاو شوینی شیاوی خۆی بە دەست نەهیناوە، بەرای جەنابت ئەمە هۆی چییە؟**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵی جا رەخنەی زانستیانەش دیسان دەبێ تەعریفی بکەین کە رەخنەی زانستیانە چییە و دەبێ تەعریفی بکرێت و پیناسە بکرێت و ئەم باس و خواستە و تئورییە کاتێکی زۆری دەوێ و ووردەکاری زۆرتری دەوێ بەلاَم دوبارەی دەکەمەوە وەکوو ولامی هەرکام لە پرسیارەکانی دیکەش ئەمن دەبی بلیم کە قسە دەکەم هەروا سادە و سەر پێیی قسەدەکەم و نا ئاکادمیانە دەدویم راستیەکەی لە گەلیدام بە دەنگی بەرز بیردەکەمەوە هیوادارم تۆش هاوکارم بی و پیکەوە بیربکەینەوە و ئەمن بەدەنگی بەرز لەگەلتدا بیردەکەمەوە لەم بارەیەوە. لە کوردستان دا کۆمەڵیك موئەسەساتی روشنبیر هەن کە دەکریٚ هیواداربی و چاوی ئومیدت لە سەریان بێ کە رۆژیك لە رۆژان کۆمەکی ئەدیب و نوسەرو ژیان و هەموو فیئاتی کۆمەڵی کوردەواری بکا، یەکیك لەو موئەسساتانە زانکۆیە: یەکیکی دیکە دام و دەزگا سەقاق و روشنبیرەکانە. راستیەکەی ئەمانە خۆیان کۆمەکیان نەکردووە بە خەلك و بە ئەدب و روشنبیری کوردی، زانکو هەیە لە کوردستاندا لە هەولیر، لە سلیمانی لە دەهوك دەبی ئەوان ئەو مەنبەع و سەرچاوەو ئەو دامەرزاوەیەبن کە لییەوە روانگەی زانستی بۆ ژیان بۆ ئەدەب بۆ سەر لەبەری چەمك و مفاهیمەکانی رۆشنبیری وە بەربێ، یانی لە سەکۆی ئەوانەوە، ئیمە ئەو سەکۆیانەمان هەر لە ئەوەڵەوە سەکۆگەلێکی راستیەکەی ساختەو مۆزەیەفن یان با بلیم بە پیی پیویست نین. جا ئیدی کەسیکی دیکە کە هەر خۆی هەروا وهاکەزایی کەم و زور خۆی پەروەردەکردووە و تۆزە تۆزە خویندویەتیەوە مەسەلەن شیعری نوسیوە و یا خەریکی خویندنەوەی رەخنە بووە لە بواری ئەدەبدا، ئەمە ئەگەر جاریك بە خەیاڵی داهاتبێ لەسەر شێعریکی برادەرێکی خۆی بنوسی وەختێك نوسیویەتی ئەکادمیانە نووسیوەیانە لە روانگەیەکی زانستیەوە ئەم رەخنەیەی نەنوسیوەو ئەم باسەی نەنوسیوە، بە راستیی گوناهە کە ئەوەندەی بە ئەستۆی دام و دەزگا سەقافیەکان و ئەوانەوەیە ئەوەندە بە ئەستۆی ئەو بەرادەرە یان ئەو خوشکە وەنییە کە بە سوتفە و رێکەوت دەیباتە نێو رەخنەوە، لە درێژایی ۱۰,۹,۸ ساڵدا چوار، پینج مەقالـــەی رەخـــنەی پـــێ دەنـــوسیٚ، ئێمە خۆمان پلانێکی رۆشنبیریمان نیـــیـــە، نـــە لـــە وەزارەتە روشنبیرەکانمان دانە لە دام و دەزگا سەقافیەکانماندا، نە لە زانکوکانیشماندا پلانێك نییە بۆ ئەوەی کە فەرهەنگی خۆمان، ئەدەبی خۆمان ئاراستە بکەین، ئامارێکی بۆ دیاری بکەین و بەرەو ئەو ئاقارەی ببەین، یانی بەراستی ئەمە کارەساتە، وەزارەتیکی رۆشنبیری پیێ وابێ ئەگەر بۆ نمونە جا ئەتو، ئەوە ئەو، ئەمەش ئەم، ئێستا کردەوەی وەزارەتە روشنبیرییەکانمانە لە سلیمانی و لە هەولیریش ئائەوهایە. ئەمە بە خەیالی خۆیان ئەگەر شیعریان دانیشاندە سەرزەوی، دەستیان داوەتە ژێربالَی روشنبیری کوردی مەسەلەن ژانرەکانیتری ئەدەبی و هەلیانستاندوتە سەر پێ و پییان وایە ئەگەر چەپوکیان کێشا بە سەر شیعردا و ئەویان لە مالَی خۆیدا بەستەوەو لەو لاوە چێروك نەشو و نەما



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دەكا ئەمە نەتیجەی بێ پلانی و بێ خەتیەتی و نەتیجەی بێ سەروبەرەیی دام و دەزگا روشنبیریەکانمانە، بە هۆی ئەو بێ سەرو بەرەییەوە، رەخنەش ئەوە حاڵیەتی کە جەنابت دەیبینی و ئیستا ئەوەندەی کە پێم وایە خەتاو ئوپاڵە کە بە ئەستوێ دام و دەزگاکانە وەیە، بە ئەستوی تا کە کەسێکەوەنییە کە ناتوانێ باش بنوسێ، تاکە کەس هەر ئەوەندەی لە دەس دێ.

**بە ئەندازەی كافی باسی خەڵكمان كرد با بێینەوە سەر خۆمان، كاك فەرەیدون پێنچوێنی، جیا لە كاری رۆژنامەگەری لە ئێستادا چ پرۆژەیەكت بەدەستەوەیە لە بواری ئەدەبدا، وەك وەرگێران و هەرشتێكی تر؟**

ڕاستیەکەی ئەمن لە ١٤ و١٥ ساڵ لەمەو پێشەوە کە دەنوسم تا ئێستا تەبنەڵی بووە یا هەر سەبەبێکی زاتی مەوزوعی بووە ئەمن تا ئێستا کتێبی خۆم چاپ نەکردووە، جگە لە یەك کتێب و ئەویش کۆمەڵە شیعرێك بوو سالی ٩٢ بە ناوی کوڵوو، کە کۆمەڵە شیعرێك بوو بە تیراژێکی کەم و چاپێکی ناشین دا چاپم کرد. ئەمن ئیستا هەست دەکەم کەمتەر خەم بووم بەرامبەر بە کار و نوسینی خۆم لە ئیستادا، جاری پێش هەرشتێك خەیاڵی ئەوەم هەیە کە ئەوانەی نوسیومن کۆیان بکەمەوە و ئەگەر تاقەتم بوو بەڕاستی ئەگەر دەروازەیەکم شك برد جاری ئەوانە دەکەمە کتیب و ئەو فەترەیەی کە ئێستا جەنابت پرسیاری لە بارەیەوە دەکەی جگە لەوە خەیاڵی دیکەم نییە. توزە دەنوسم و دەخوینمەوە و بەشت گەلێك مەشغولم کە ناکری تووەك پروژە سەیریان بکەی، بەڵام ئەگەر مەبەستت لە پروژە لەوشتە قەبەیەبێ کە دیارە کەلیمەی پروژە دەگرێتەوە، ئەمن لە ئێستادا تەنیا خێاڵی چابکردنی شتەکانی خۆمم هەیە کە رەنگە بە ٣ کتێبێك نەجاتم بێلییان.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



**براى بەريز"شاخەوان" پيرۆزبايى چاپ بوونى يەكەمين كۆمەلە شيعرت لىَ دەكەين** پێشەنگ






PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئێمە چەوساوەی دەستی کولتورێکین کە خەڵکانێک دایاناوە، ئێمەش دەتوانین بیگۆڕین !

**پەیڤەکانی نەجیبەمەحمود هەڵسوراوی بزوتنەوەی ژنان و سەرۆکی کاتی ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ پێشەنگ**

سازدانی : یونس.م



**خە ڵکێك قسە لەسەر فێمێنیست دەکا کە زۆر بە**

**هەڵەیی قسە لەسەر فێمێنیست دەکا، فێمێنیست ڕەت کردنەوەی ئەوشتانە نییە کە پیاوان دەیکەن بە پێچەوانەوە قسە لەسەر ئەوەدەکا چۆن کارەکانی ژنان و پیاوان یەك خرێن لە پێناو ئەو مەسەلەیە، لە بەر ئەوە من پێم وایە ئەوە نەتەنها بە من دەکرێ نە تەنها بە پیاوان دەکرێ بەڵکو دەبێ ژن وپیاو وەکوو یەك وەبە قەد یەك کار بکەن بۆ ئەو مەسەلەیە بە قەد یەك یەکتری قبول بکەن**

**( نەجیبە )**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**سەرەتا وەک هەلسوراوێکی بزوتنەوەی ژنان لە کوردستانی عێراق ئاماژەیەک بکەی بە مێژوی بزوتنەوەی ژنان لەم بەشە لە کوردستان .**

سەرەتا زۆر سپاستان دەکەم، زۆر خۆم بە خۆشحال دەزانم کە دەتوانم لە گۆڤاری پێشەنگ دا وەکوو ژنێك بەشداری بکەم و لەوەی کە راوبۆچونی خۆم زۆر بە ئازادانە دەربرم. هیوادارم بتوانم خزمەت بە کۆمەڵگاکە و بزوتنەوەی ژنان بکەم. دیارە مێژوو خەباتی ژنانی کورد بە راستی مێژویەکی درێژە. ژنانی ئێمە لە زۆر بواردا دەوری خۆیان بینیوە. هەرچەند من ئەیگێرمەوە بۆ پێش راپەرین، بەلاّم بمانهەویّ و نەمانهەویّ مێژویەکی کۆن تری هەیە، ئەگەر ئیمە قسە لەسەر ئەو ژنە تێکۆشەرانە بکەین کە دەوری خۆیان بینیوە لە بواری کۆمەلایەتی و لە بوارەکانی تردا. بەلاّم من زۆر ناگەرێمەوە بۆ مێژویەکی زۆر زۆر کۆن، ئەمن قسەم تەنیا لەسەر خەباتی ژنانە لە پێش راپەرین و لەدوای راپەرین و لە دوای گۆرانکارییەکانی عیراق، یانی ئەمن بە سێ قۆناغ قسەی لەسەر دەکەم، قۆناغی یەکەمیان ئەوە قۆناغەیە کە پیش راپەرین ژنانی ئیمە زۆر چالاکانە و ئازادانە کاری باشیان کردووە. لە شاخ دەوری خۆیان بینیوە، شان بەشانی پیاوەکان بۆ رزگار کردنی کوردستان خەباتی پیشمەرگانەیان کردوە و لە ناو شاردا لە رێکخستنەکاندا کاری نەهێنیان کردووە کە توانیویانە دەورو کاریگەری خۆیان هەبیّ، گواستنەوەی بەریدەکان و چەکەکان کە بە پیی قەناعەتی من ئەوانە کاریکی زۆر سەخت و قورس بووە کە پیاو نەیتوانیوە بیکا. ژنان لە هەموو ئەو مەجالانەدا بەشداریان کردوە. من لێرەدا رەخنەیەك بەرەو رووی هەموو هێزە سیاسیەکان دەکەمەوە، لە کوردستاندا ئەو دەورو رۆل و ئیش و کارانەی کە ژنان هەیانبوە و بەر چاوبوە ئیستا نابینریّ و بە داخەوە ئەوەی کە ژنان چاوەروانیان دەکرد بە هیچ شێوەیەك وەدی نەهات. لە دوایی رزگار کردنی کوردستان ناڵێم گۆرانکاری نەکراوە، ناڵێم خزمەتی ژنان نەکراوە، ناڵێم هیچ شتێك نەکراوە بە پێچەوانەوە هێندیك کار بۆ ژنان کراوە، بەلاّم بەپێی خواستی ژنان نەبووە. چونکە ئەوەی کە هێزەسیاسیەکان لە یادیان کرد تێکۆشانی ژنان بوو کە بەراستی لە هەموو بوارەکاندا دەوری خۆیان بینیوە وەك کوتم. لەم چەند ساڵەی ئەخیردا، ئەویش بە فشارێکی زۆری ژنان، خۆیان کۆمەلێك پۆستی حوکمی و سیاسی و ئەوانەیان بە دەست هێناوە کە ئەمەش دەزانن بە پێی خواستی ئێمە نییە، چونکە ئەو پوستانەش کە وەرگیراون بەراستی لەسەر ئەساسی توانای ژنان نەبووە، لەسەر ئەساسی ژنە چالاکەکان نەبووە، بەڵکو بەپێی خواستی حیزبەکان بووە، کەسیك لەو شوینەداندراوە کە بەڵیّ باشە بکا بۆ لایەنە سیاسیەکان، ئەوژنانە نەیانتوانیوە نوێنەری راستەقینەی بزوتنەوەی ژنان بن، بۆ ئەوەی بتوانن دەورێکی کاریگەریان هەبیّ یا شۆرشێکی کۆمەلایەتی بکەن لە دژی ئەو کولتورو عادات و تەقالیدەی هەیە و فەرز کراوەتە سەر ژنان، لەگەڵ هەموو ئەو رەخنانەم بۆ هێزەسیاسیەکان و بۆ دەسەلاّتداران، ژنان لە کوردستاندا ئێستا قورسایی خۆیان هەیە و بزوتنەوەکەیان بە بەردەوامی لە گەشەسەندن دایە، بە بەردەوامی کار دەکات لەدژی ئەو کێشە کۆمەلاّیتانە و کێشە سیاسیانە. جگە لەوە کاردەکا کە دەورو کاریگەری خۆی هەبیّ لە دارشتنی سیاسەتی ولاّت دا، لە دارشتنی دەستور لە ئایندەی عیراق و کوردستان دا. کاری زۆر باشیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کردووە، یەکێك لە هەرە کارە گرینگەکان کە ژنان لە کوردستان دا کردویانە گۆڕینی یاسای باری کەسیتی بوو کە قانونی ئەحواڵ شەخسیە. ئەم یاسایە کە سەرچاوەکەی لە شەریعەتی ئیسلامەوە وەرگرتوە زۆربەی بەندەکانی تەئکید لەسەر پلە دوویی ژن دەکاتەوە، کە ژن بە پلە دوو دادەندرێ لەبەرامبەر پیاودا، نمونەشمان لەوە کەچ لە کاتی دابەش کردنی میرات یا چ وەکوو تەلاق، جیابوونەوە یا شایەتی دان، ئەوانە هەمووی پلە دووی ژنان نیشان دەدا، ئەوەش یەکێك بووە لەو بوارانەی کە رێکخراوەکان کاری باشیان بۆ کردووە، جگە لەوە لە دوای راپەرین کێشەیەکی زۆر زیندوو زەق بۆوە، ئەویش مەسەلەی تیرۆر وتوندو تیژی بەرامبەر بە ژنان بوو، هەر چەندە ریکخراوەکانی ژنان بۆ وەستانەوە لە دژی تەندوتیژی و تیرور کردنی ژنان کاری باشیان کرد، بەلام بە داخەوە بە هۆی ئەو ئەوزاعە سیاسیەی کە لە کوردستان دا هەبو، زەمینەیەکی لەبار رەخسا بۆ ئەوەی توندوتیژی و تیروری ژنان پەرە بیستێنی.

توندوتیژی لە زۆربەی مەنتیقەکان لە تەشەنە کردندا بوو بە تایبەت گەیشتە ئەوەی کە ژن تیرور بکری وتەرمەکەی فرێ بدرێتە لەسەر جادە، بەبی ئەوەی کە کەسیك خۆی بە بەرپرس بزانی، گەیشتە ئەوەی کە ژنانیك لوتیان ببردرێ، گەیشتە ئەوەی کە پیاویك گوێچکەی ببردری، هەمووشی بە بیانووی جۆراوجۆر و لە ژیر ناوی شەرەفەوە بەریوە دەچون. ئەمانە بوون بە هۆی ئەوەی کە ژنانی هەموولایەنەکان هەست بە بەر پرسیاریتی بکەن بەرامبەر بەو وەزعە.

بۆیە هاتن چەندین کاری هاوبەشیان بە یەکەوە ئەنجام دا، یەکیك لە کارە هاوبەشەکان ئەوە بوو کە پیشتر ووتم گۆڕینی یاسا بۆ یاسایەکی پێشکەوتوخواز، کە بتوانی ژنانیش وەکوو هاوولاتی بوون وەکوو مروڤیك سەیر بکردرین. ئەمانە هەموو وای کرد کە ئیمە بیربکەینەوە لەوەی کە چون ئەو لیژنە هاوبەشانە یا ئەو کارە هاوبەشانە پەرەی پی بدەین. لە کوردستاندا کەس ناتوانی ئینکاری یەك واقیەت بکا، ئەویش دروست بوونی ئەو ریکخراوەیانە کە لەسەر بنەمای مەسەلە جەوهەرییەکان نەبوو، بەلکو بەپیی جیایی ئایدیولوژییەکان بوو، مەسەلەن هیزیکی سیاسی ریکخراویکی ژنانی هەبووە بۆیە هیزەکەی بەرامبەریش دەبی ریکخراویکی ژنانەی خۆی هەبی، لەبەر ئەوەهاتوون هەریەکەی لەژیر ناویك و لە ژیر بیانویەك پەرتەوازەی بزوتنەوەی ژنانیان کرووە، ئەمە وایکرد ئیمە دانیشین، دراسەیەکی خۆمان هەبی، خوێندنەوەیەکی خۆمان بۆ ئەو واقعە هەبی. بتوانین بە یەك دەنگانەو بەیەك هەلویستانە دەوریکی کاریگەرمان هەبی کە فشار بخەینە سەر هەموو هیزە سیاسیەکان. من پیش ئەوەی شیوعی بم ،پیش ئەوەی زەحمەتکیش بم، پیش ئەوەی یەکیتی بم، پیش ئەوەی هەرشتیك بم ژنیکم، ئینسانیکم لیرەدا دەچەوسیندریمەوە، پلە دووم، من و ژنیکی یەکیتی، من و ژنیکی شیوعی، من و ژنیکی یەکگرتوو هەمومان بەیەك عادات و تەقالید دەچەوسیینەوە، کە ئەویش ئەو یاسایە دواکەوتویە، ئەو کولتورو عادتەیە کە سەپاوە بەسەر ئیمەدا،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەمومان لەبەردەم یاسا بەیەك شیوە سزای خۆمان وەردەگرین جیاوازییەك ناکا لە بەینی ئەوەی کە سەر بە چ ئایدیولوژیایە کە و سەربە چیە، ئەمانە هەمووی وای کرد کە ئیمە بیرێکی ئەساسی بکەینەوە، بیرمان کردەوە و ناوەندیکی هاوبەشمان دروست کرد، شتیکمان دروست کرد ناومان لینا ناوەندی هاوبەش کە لە ٩٨/٥/٢٠وە رامانگەیاند. کە چەندین ریکخراوەی تیدا بوو، سەرەتا یەکگرتووی ئیسلامیشی تیدا بوو، بەلام یەکگرتووی ئیسلامی ئەوەی ئیمە دەمانووت بکری ئەو لە گەلی نەبوو، بۆ نمونە یەك شت کە لەسەری ریك نەکەوتین مەسەلەی گورینی قانون بۆ، ئیمە وەکوو ژنانی ناو ناوەندی هاوبەش قسەمان لەسەر ئەوە بووکە ئەو یاسایە کۆمەلیك بەندی تییایە کە ئەو بەندانە هەمووی دەردەچە دوویی ژن نیشان دەدا، ئیمە دەبی ئەوانە لابەرین، بەلام ئەو لەگەل ئەوانە نەبوو. بۆ نمونە من قسەم لەسەر میراتە. دەلیم لە میرات دا دەبیٚ من و پیاویك، دەبی وەکوویەك حیسابمان بۆ بکردری هیچ شتیك نییە بۆ ئەوەی کە بکریتە بیانوو، بکریتە پاساو بۆ ئەوەی کە پیاوەکە دوو بەش وەربگری و ژنیك بەشیك وەربگری، جگە لەوە زۆرجار عادات و تەقالیدە هەیە کە ریگە نادات ژن بەشە کەمەکەشی وەربگری ئەوەندە تانەوتەشەرەی تیدەگری دەبی ژنەکە رەتی بکاتەوە بۆ براکەی. ئەگەر بیانوو ئەوە بووە کاتی خۆی پیاو بەشداری کرووە لە بەخیو کردنی خیزان دا ئەمرو ژنیش هەمان دەور دەبینی. لەبەر ئەوە، پیویستی بە گۆران هەیە. کاتیك من دەمهەوی زەزاج بکەم پیویستە خاوەنی رەئی خۆم بم و خۆم بریار بدەم لەسەر ئەوەی کە زەواج دەکەم یان نا. کاتیك تەلاق دەدریم پیویستە خواستی خۆمی تیدا بی، بەلام لەو قانونەدا ئەوانە حیسابی بۆ نەکراوە ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە ئەوان پاشەکشە بکەن لە ناوەندی هاوبەش، وەئیستا ناوەندی هاوبەش لیرەدا ٧ ریکخراوی تیدایە و لە هەولیریش ١٠ ریکخرای تیدایە، کەواتە ١٧ ریکخراو لەسەر ئاستی کوردستان دا ناوەندی هاوبەشیان پیك هیناوە. وەلە کاتیکیشدا ناوەندی هاوبەش یەکیگرتەوەو بووبە یەك ناوەندی هاوبەشی سەرتاسەری کوردستان کە هیشتا یەکیتی و پارتی بۆ خۆیان ئاشت نەببونەوەو بۆ یەکیتی و پارتی زەمینەی ئاشت بوونەوە لەبار نەبوو. ئیمە توانیمان ریکخراوەکانی سلیمانی بەرینە هەولیر، و هەولیریش بێنینە سلیمانی بۆ ئەوەی بیربکەینەوە لەوەی کە ئیمە پیش هەموو شتی ئەو ئینسانەی بەدەرەجە دوو داندراوین، ئیمە ئەو ئینسانەین کە لە لایەن بەرانبەرەکانمانەوە دەچەوسیندرییەوە. ئەمە بە شیوەیەکی گشتی،جگە لەوە کۆمەلَی شتی زۆر باش کراوە، چەندین کۆر و کۆبوونەوە و سمینار لە دەروربەری شارەکان و لە هەموو لادییەکان کراوە، بۆ ئەوەی ئیمە بتوانین ژنان هوشیار بکەینەوە سەبارەت بەوەی کە ئەو قانونە چۆنە، چەندی بەزەرەی ژنە، چەندە لە قازانجییەتی، ئەوەی کە لە قازانجیەتی بۆ جیٚبەجیٚ نەکراوە، ئەوەی بۆی زەرەرە چون بگوردری. هەموو ئەوشتانە جگە لەو کیشە کۆمەلآیەتیانە کە بوونەتە هۆو ریگر لە بەردەم بەشداری ژنان لەو مەجالانەدا، ئەمە کار و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تیکۆشانی رێکخراوەکانی ژنان بووە کە بۆ شیویە کاریان کردووە و هەموو کاتیك وەستاونەتەوە لەدژی توندوتیژی و پیشیل کردنی مافەکانی ژنان و لەهەر شونێك دا کە ژنیك بە ناحەق کوژرابێ ئەگەر دەسەڵاتیش دەوری نەبێ، یا خود بەرژەوەندییەکی هەبێ یا خود ئەو کەسەی کە هەستاوە بۆ سازدانی ئەو تاوانە داڵدە درابێ لە لایەن لایەنیکەوە، ئیمە توانیومانە زەختیکی زۆر بخەینە سەر ئەولایەنە کە نەتوانی داڵدەی بدا، ئیمە توانیومانە ببینەموددعی بە سەر قەزیەکەوە، ئەگەر خاوەن قەزیەو کیشەکەش



نەیتوانیبێت بروا داوای حەقی خۆی بکات، ئیمە وەکوو ریکخراوەکانی ژنان چوین داوای ئەم حەقەمان کردووە، زەختیك، فشاریکمان خستوتە سەر دەسەلات. ئەمانە بەشیوەیەکی گشتی ئیش وکاری ریکخراوەکانی ژنان و بزوتنەوەکەیان بووە. هەرچەندە من پیم وایە ئیشی زۆر زیاتر لەوانە کراوە کە ناکرێ لە دەرفەتیکی وا کەم دا قسەی لەسەر بکەین، بەلام ئەمانە کورتەیەك لە ئیش و کارەکانی خەباتی ژنان بووە کە لە دوای راپەرین کردویانە. جگە لەوە قوناغی ئەخیرە کە دیمە سەری، ئەویش قوناغی رزگار کردنی عیراقە، دیارە ئەگەر بلیم رزگار کردنی عیراق دەوری ئیمەی تیدا بووە وەکوو هیزە سیاسیەکان یا خود وەکـــــــــــوو ژنان رەنگە ئەوە موبالەغەیەکی تیدابێ، چونکە هەموو کەس دەزانی عیراق چون رزگار کرا، بەلام ژنانیش لە خۆ ئامادە کردن دابوون بۆ ئەوەی ئەگەر هەر ئەگەریکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوارنکاری بێ، ژنانیش بتوانن دەوروکاریگەری خۆیان هەبی جگە لەوە کۆمەلی شت کرا لە بەغدا لەدوای رزگار کردنی عیراق، کومەلیك کونگرە و کونفرانس لە زۆربەی شارەکان بە تایبەت لە شاری بەغدا و حیللە و بە سرەو کەرکوك بە ستران و لە سلیمانی کونفرانسی ژن و بە شداری سیاسی گیرا کە ئیمە هەولمان دا بۆ ئەوەی بە شداری لە هەموو ئەو مەجالانەدا بکەین. دیارە ئیمە وەکوو ریکخراوەکانی کوردستان خاوەنی ئەزمونیکی دوور و دریژین، ماوەی ١٢ سالە ریکخراوەکانی ژنان کاردەکەن، خیبرەن و بۆچوونیکی زۆر باشیان هەیە لەسەر مەسەلەکان، تیگەیشتن و تەجروبەیەکی باشیان هەیە، چون بتوانین ئەو ئەزموونەی کە ئیمە هەمانە بیگوازینەوە بۆ عیراق بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتی دەری ژنانی عیراق بێن، کە بتوانین گوارنکاری بکەین، بۆ نمونە ئەو قانونەی کە هەیە "یاسای ئەحوالی شەخسی" ئەمە یاسایەکی عیراقییە بەلام تاکوو ئیستا لە کوردستانیش دا کار بەوەدەکری، ئیمە چون دەتوانین ببینە پالپشت لە دانانی دەستور، یەعنی دەوری خۆمان ببینین، بەشداری بکەین لە دانانی یاسا کە بتوانێ یاسایەك، دەستوریك بی ماف تاکەکانی کۆمەلگا بپاریزی وە ژن وەکوو هاوولاتیەکی دەرەجە یەك دانی پییابنریت کە من هاوولاتی بم ئەوکاتە هەموو مافەکانم دەپاریزری. ئیمە توانیمان لە هەموو ئەو کونگرەو کونفرانسانەدا بەشداری بکەین بۆ ئەوەی ببینە پالپشتیك بۆ ژنانی عیراق و بتوانین دەور و کاریگەری خۆمان هەبێ. هەر چەندە کومەلی شت هەیە رەنگە کوردستان پیی پابەند نەبی چونکە کوردستان ئەزموونی دوورو دریژی هەیەو وەکومەلی شتی خۆی هەیە کە کردویەتی و هەندیك گوارنکاری کراوە پیویستە ئەو شتانە بگوازینەوە بۆ سوود وەرگرتن و ببینە پالپشتیك بۆ ئەوان. ئیمە پیمان وایە هەموو ئەو شتانە پیویستی بە ئال و گوری بیرو راکان هەیە بۆ ئەوەی دەسکەوتیکی باشترمان هەبی بۆ ژنان. بۆ نمونە یەکیك لەوشتە باشانەی کە کردومانە ئەوەیە لە کوردستان بە هۆی ئەوفشارەی کە خرایە سەر دەسەلات توانیمان گوارنکاری لە دوو برگەی یاسای ئەحوال شەخسی دا بکەین: یەکیکیان قەراری ١١١ بوو. بریارەی ١١١ بە بری دەرچونی بریاری ٥٩هەلوەشایەوە. خۆی لە خۆیدا بریاری ١١١ بریاریکە بە بەناوی غسل العارەوە، یەعنی غەسل و لعار بە مەعنی خیانەتی زەوجیە. یانی ژنیك کە خیانەت بە میردەکەی دەکا لەو حالەتەدا پیاوەکە ئەگەر بگیری حوکمی ٦ مانگی بۆ تەخفیف ئەکری یەعنی ئەگەر راست بێ، خۆی ئەلی دەبی ٤ شایەتی بێ هەر چەند ئەوە هیچ کەس ناتوانی ئەوە ئیسبات بکا بەلام ئیمە توانیمان زەختیك دروست بکەین کە ئەم قەرارە بگوردری بۆ قەراری ٥٩ ئەگەر هەر ژنیك بکوژدری وەکوو قەتلیکی عەمد حیساب بکردری، یانی وەکوو تاوانباریك حیسابی لەسەر بکردری. حەتتا ئەگەر ئینسانیك خیانەتی زەوجیش بکات لەگەل کی دەیکا؟ لەگەل پیاویك دەیکا بۆ ژنەکە سزای کوشتنی بەسەردادەسەپی بەلام پیاوەکە وەکوو برسکی بانان بۆیدرچێ. هەرچەندە ئەمن لەئەساس



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دا لەگەل كوشتن نیم بەلام ئەگەر ئەوە تاوانە پێویستە یاسادەوری خۆی ببینی لە سزادانی ئەو تاوانبارە، پێویست ناکا کەسیکێتر حەق بە خۆی بدا کە حەقی ژیان لە ئینسانیك بستینیتەوە. بە ناوی ئەوەی کە تاوانی شەرەف کردووە، جگە لەوەی کە زۆرجار ئەمانە راست نین، بەلام بۆ ئەوەی کەسیك بیت و داکوکی لە خۆی بکا لە بەرامبەر ئەو تاوانەی کە کردویەتی ناچارە باشترین وەسیلە بە کار بێنێ بۆ ئەوەی ژنی پی تاوانبار بکری.بریارێکی تر دەرچوو بە ناوی ٦٢وە، بریاری ٦٢ بەراستی بە بۆچوونی من ئەمە دمکوت کردنی بزوتنەوەی ژنان بوو، چونکە هیچ شتیك نەبوو لە خواستی ژنان دا بگوری، ئەم بریارە سێ چوار خالی هەیە کە شەرعیەت دەدا بە هینانی ژنی دووهەم. بۆ نمونە ئەگەر ژنیك نەخۆش بێ، ئەگەر ژنیك منالی نەبیت، یان ئەگەر عەقلی تەواو نەبیت لەم سێ حالەتەدا پیاو دەتوانی ژن بینی، مەسئولەکانمان ژنی دوهەمیان هیناو بی ئەوەی ژنی یەکەم هیچ عەیبیکی بێ. منالیشی هەیە و عەقلیشی تەواوە کیشەیەکی تر یان نەخوشیەکیشی نییە کە نەتوانێ لەگەل پیاوەکە بخەوی یا خود مەسەلەن ژیانی هاو سەرایەتی بەریوە بەرێ. من پیم وایە شتیك نەگوراوە بەلام پاش و پیشی هەندیك وشەی کردووە هەندیك وشەی پیش خستوە هەندیك وەشەی دواخستوە. بۆ ئەوەی کە بتوانی دەمکوتی بزوتنەوەی ژنان بکا. بەلام هیشتا من ئەوە بە شتیکی باش دادەنیم لەبەر ئەوەی بە بۆچونی خەلکانی ئیمە ئەو قانونە سەرچاوەکەی لەشەریعەتی ئیسلامەوە وەرگرتووەو دەس بردن بۆ گۆرینی ئەم قانونە مانای دەس بردنە بۆ ئەو قورئان و ئەو شتەپیروزانە، بۆ ئەوەی خەلك تیبگا کە ئەمە خەلکیك دایناوە و خەلکیکیش دەتوانی بەپیی سەردەم بەپیی پیشکەوتنی کومەلگا گوارنکاری تیدا بکا. ئەمانە هەمووی بەدەسکەوتیکی گرینگی ژنانی ئەزانم. ئەگەر من بیم قسە لەسەر تیکوشانی ژنان لە کوردستان بکەم میژویەکی دووردوریژی هەیە و زۆر شتی باش ئەنجام دراوە، لەگەل ئەوەی کە هیشتا بەپیی خواستی ئیمە نییە. ئیمە لە کومەلگایەکی دواکەوتووین هەموو ئەو کارانەی کە ژنان کردویانە دەنگیکی زۆر کزە لەبەردەم ئەم هەموو زولم و زۆریەی کە بەرامبەر بە ژنان دەکری لە کوردستاندا.

**هەروەک دەزانین نیستا کومەلیک ریکخراوی ژنان هەیە لە کوردستان، بە تایبەت بەشیکیان دەبی تازە بنیاد نرابن، ئایا بەشیک لەو ریکخراوانە هەر ئەو ریکخراوانەن کە حیزبەکان کاتیک لە شاخ بوون یانی بەر لە شورشی ٩١ لە شاخ سازیان کردوون و بەشیوەیەکی سوننەتی هیندیک خالی فرمولەکراویان خستوتە دەستوری کاریانەوە، یا خود دواتر کە شورش کراو کوردستان ئازاد بوو ئەو ریکخراوانەی کە حیزبەکان دایاننابون گۆران و ژنانیکی دیکە هاتنە نیو ئەو ریکخراوانەوە، بە کورتی دەتوانین بلیین کە ئەو ریکخراوانە نەماون وەریکخراو گەلیکی دیکە ئیستا لە کوردستان ساز بوون کە بەدەر لەچوارچیوەی حیزبایەتی دیفاع لە مافەکانی ژنان لە کوردستان دەکەن؟**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەراستی دا ریکخراو هەیە پیش راپەرین دروست



بووە بۆ نمونە کۆمەڵەی ئـــافــرەتـــانی کــوردســـتان میژویەکی دوورودریژی هەیە. لە سالی ١٩٥٢وە دروست بووە، مانای وایە لەکاتی نەهینیشدا کاری خۆی کردووە و دەورو رولی گرینگی هەبووە، بەراســتی کــەس نـــاتوانی ئینکاری لەوەبکا کە یەکیك لەشتە باشەکانی کە کۆمەڵەی ئافرەتـــانی کـــوردســـتان کردویەتی پیداگرتن لەسەر ئەوەبووە کە کچ دەبی بڕواتە مەکتەبەکان بخوینی، دەبی لە شویــنـــەکـــان دا دەوریـــکی کاریگەری هـــەبی لـــە هـــەموو بوارەکانی ژیاندا، ریکخراویش هـــەیـــە پـــیـــش راپـــەرین بە فترەیەکی کـــەمـــەوە دروســت بـــوو ریـــکـــخراویش هـــەیـــە داوی راپەرین دروست بووە، بەلام رەنگە پیش ئیستا ئەگەر چاوپیکەوتنت لەگەل بکردمایە بوچونی من جیاواز بوایە لەگەل ئیستام. زۆر ریکخراو هەیە کە حیزبەکان دروستیان کـــردووە، بـــەلام ئـــیـــستا گەیشتونەتە ئەو بیر کردنەوەیە کە واقعی ژنانە، ئەو ریکخراوانەی کە ئیمە هەمانە ناتوانن بە دوور لە کاری حیزبی، بەدەر لە حیزبەکانیانەوە کاری سەربەخۆیانەی خۆیان بکەن، بەلام دەتوانم بلیم تاکەکەسی ناو ریکخراوەکان دەورو کاریگەرییان هەبووە لەوەی کە سەرپیچی کۆمەلی سنوور بکەن کە حیزبەکان بۆیان دیاری دەکەن، مەسەلەن بۆ نمونە بە خۆم پیشتر لە کۆمەڵەی ئافرەتان داکارم کردووە بەلام ئیستا دەتوانم بلیم زۆر جار حیزبەکە دەس دەخاتە ناو کارەکە. بەلام لەگەل ئەوەشدا کاری زۆر باش کراوە هەرچەندە بە پیی خواستی ئیمە نییە یا خود لەسەر بنەمای مەسەلە جورهەرییەکان دروست نەبووە بەلام بۆیە من ناوەندی هاوبەشم قبوولەچونکە پین وایە بنەمایەکە بۆ دروست بوونی بزوتنەوەیەکی ژنان، لەبەر ئەوەی چەتریکە هەموو ریکخراوەکانی گرتوتە خۆی بە کەسایەتیەکانی ژنانیشەوە، ئەمە لەسەر بنەمای مەسەلە جەوهەرییەکان دروست بووە لەسەر ئەساسی کۆمەڵیك کیشە، وەکوو لە سەرەتادا ئیشارەتم پی دا سێ خالی گرینگی گرتە ئەستو بۆ ئەوەی کاری هاوبەشی لەسەر بکا، یەکەمیان گورینی قانونی ئەحوالی شەخسی بوو، دووهەمیان وەستانەوە لەدژی هەر توندوتیژی و پیشیل کارییەك، سیهەمیان هوشیار کردنەوەی کۆمەلگا ئەم سێ خالە بوونە هۆی ئەوەی کە ئەوەندە ریکخراوە یەك بگرن لەپیناوی بەدەست هینانی ئامانجەکانیان، کە لەم سێ خالەدا خۆی بینییەوە رەنگە ئەو ئازادی کار کردنەش لە ریکخراویك بۆ ریکخراویکی، تر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نسبی بێ، ناتوانم بلیم سەد درسەد هەموو حیزبەکان دەست دەخەنە ئیش و کارەکان، ناتوانم بلیم ئازادنەش کاری نەکردووە. بۆ خۆم ماوەیەکی زۆر حیزبی بوومە لە حیزبی شیوعی دا کارم کردو روژیك لە روژان حیزبی شیوعی یەخەی نەگرتوم لەسەر ئەوەی بلی فلانە شت، بەلام رەنگە ئەوکاتە من حیزبی بوبم متمانەیەکی پیم هەبووە لیی نەپرسیومەتەوە، بەلام ئیستا من حیزبی نیم پیی قبولی نەبی من لەریکخراویکی ئەودا کار بکەم. ئەمانە واقعیکن کە ئینسان ناتوانی نکولی لی بکا. رەنگە ئەو تەجروبەیەی من هەمە لە ناو ریکخراوەکەدا کاریشی پی دەکەم و بتوانم باشترین خزمەتی ریکخراوەکەش بکەم کە ئەو بۆ خۆی بە ناراستەوخۆ سودیشی لی وەربگری، بەلام پیی قبول نەکری کەسیکی سەربەخۆ بێ ئەوەش دەلالەت لەوە دەکا تا چەند ئەو حیزبە دلسوزە بە مەسەلەکە، تاچەند پابەندی ئەو شوعارەیە کە هەلیدەگری و قسەی لەسەر دەکا، کە من ئەمەوی خەلکی وشیار بکەمەوە ژنان خۆیان بین دیفاع لە قەزیەکەی خۆیان بکەن با کاری حیزبیش نەکەن.

**لیرە زۆر شت رودەدا یان زۆر یاسا پەسەند دەکری بە دژی ژنانە چونکە لیرە پاساوی "کولتوری بۆ دیننەوە، کولتوری کۆمەلگاکەی ئیمە ئەوە هەلناگرێ،کۆمەلگای ئیمە،کۆمەلگایەکی ئیسلامی،" یا هیندیک بەهانەی لەو جورەی بۆ دیننەوە، بە سەرنجدان بەو مەسەلانە، ئایا لەسەر ئەو بروایەی کە ریکخراوەکانی ژنان دەبێ سەربەخوبن، سەربەخو بەو مانایە کە ئەوجار نوکی تەبلیغاتیان نوکی هیرشەکانیان رووبکەنە دەسەلاتدارن، چونکە پاریزەری هیندیک شتە لەونیوەدا، پاریزەری گەلیک سوننەت و ئاداب و رسومی دواکەوتوانەیە کە لەو نیوەدا تەنیا بەزەرەدی ژنان دەشکینەوە؟**



بەبروای من پیویستە ریکخراوەکان سەربەخۆ بن بەلام مانای ئەوەنییە دەبی فەردەکانی ناو ریکخراوەکان سەربەخۆ بن، من پیم وایە هەر فەردیکی ناو ریکخراوەکە ئەگەر خاوەنی ئایدیولوژیایەك بێ ئەوکاتە کەسیکی مەبدەییە کە بە پیی ئایدیولوژیاکەی خۆی خزمەت بە مەسەلەکەی خۆی بکا، لەبەر ئەوەی من ئەگەر پیشتر با بلیم شیوعی بوم ئەوکاتە شیوعیەکی باش بووم کە وەکوو ژنیکی باش داکوکیم لە کیشەکەی خۆم بکردایە. بەبۆچونی من بەو شیوەیە ئەکری ریکخراوەکە سەربەخۆ بێ، بەلام مەرج نیە فەردەکانی ناو ریکخراوەکە سەربەخۆبن.بە بروای من هەموو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو حیزبانەی کە هەن ئەو هێزە سیاسیانەی کە هەن لە کوردستاندا کومەلی شوعاری باق و بریقیان هەلگرتووە لەسەر مەسەلەی ژنان، بەلام کاتێک دێتە سەر ئەوەی رەخنەیەك بەرەو رووی ببیتەوە لەبەر ئەوەی ناتوانی قبولی ئەو رەخنەیە بکا، بە ناچاری هەمووی ئەو تاوانانەی کە هەیە جاریکیتر ئەیخاتە سەر ئەستوی ژن، تۆ وەکوو ژنێك خەتای خۆتە بۆ خۆت لەبەر ئەوەی فلان شتەت نەکرد، من نالیم ژن کەم و کوری و خەتای نیە نالیم بەشداری ناکا لە هەموو ئەو شتە ناشیرنانەی کە لە کولتوردا هەیە، بەلام لەگەل ئەوەشدا من بە ئەرکی سەرەکی هێزە سیاسیەکانی دەزانم کە دیفاع لە مافی ژن بکەن بۆ ئەوەی بتوانی دەوریکی راستەوخۆی هەبێ بۆ وەدی هاتنی خواستەکانی،لانی کەم ئەگەر هەموو جەماوەر نەبی خەلکەکەی خۆی گوش بکا بۆ ئەوەی کە بتوانی داکوکی لە قەزیەکە بکا. من پێم وایە هێزە سیاسیەکان لەو ئاستەدا نەبوون تەنانەت زۆرجار لە بەرانبەر هەموو ئەو دیاردە ناشیرنانەی کە هەیە هەموو ئەو کیشانەی کە بەرەو رووی ژن دەبیتەوە هەموو ئەو ناحەقیانەی بەرامبەر بە ژن دەکری دەبی ژنان بۆ خۆیان دیفاع لە خۆیان بکەن. باشترین نمونەشم ئەوەیە کام هێزەی زۆر زۆر پیشکەوتووە لیرە، کاتێك ئەچن مەواجهی ژنێك بکەن بۆ ئەوەی حەتتا پیوەندی حیزبی بۆ دروست بکەن بە ژنێك مواجهی دەکەن، لەبەر ئەوەی ژنە دەبێ ژنێك دانیشێ پێشوازی لیبکاو لە گەلی دانیشی، گرینگ نیە ئەو ژنە تاچەند وەکوو ژنانە بیرئەکاتەوە لە ناو ئەو هێزە سیاسیەدا عەقلیکی پیاوانەی نییە عەقلیکی ژنانە هەیە و وەکوو کەسیکی پیشکەوتووخواز لە ناو ئەو حیزبەدا کاردەکا گرینگ نییە تا چەند لەو ئاستەیە گرینگ ئەوەیە، ئەمەش خۆی لە خۆدا ئەو شیعارەی کە هەلیگرتووە کە بە منی دەفرۆشیتەوە، بۆ خۆی نەیتوانیوە لە واقع دا کادرەکانی خۆی پیگۆش بکا لە واقع دا بتوانی ئەو گورانکارییە بکا یا خود لە ئاستی ئەو گورانکارییانەدابی. ئەمانەش هەمووی نمونەن بۆ ئەوەی بتوانم هێزە سیاسیەکانی پی خەتابار بکەم لەوەی کە بەپیی خواستی ئیمە نەبوون یا خود نەیانتوانیوە ئەو دەورە ببینن کە دەوروبەری خۆیان هوشیاربکەنەوە. هەر لەسەرکردایەتی حیزبەکانەوە حەتتا دەگاتە خوارەوە هەموو ئەو پیاوانە ئەو قسانەی دەیکەن تەنها بۆ شتە ئیعلامیەکانە، بۆ دەوروبەرە، جگە لەوە لە ژیانی شەخسی خۆیدا لە هەلسووکەوتی شەخسی خۆیدا نەیانتوانیوە رەنگ بدەنەوە بۆ ئەوەی ببنە نمونە خەلکیکی دی، سەیریان بکا، بۆیە من جاریکیتر تەئکید دەکەمەوە لەوەی پیویستە هەتا سەر ئیسقان ئەو ریکخراوانەی ژنان سەربەخۆبن و بەسەربەخۆیانە کاری خۆیان بکەن بۆ ئەوەی سنوریکیان بۆ دیاری نەکری بۆ رووبەرووبو نەوەی هەموو ئەو کیشانە.

**توندو تیژی کولتوریکی ئاسایی ناو کۆمەلگای ئیمەیە، یەعنی تەنانەت توندوتیژی دژ بە ژنان جوریک ریشەی داکوتاوە لەنیو ئەو کومەلگایەدا کە خودی ژنانیش بە خۆیان باوەریان پی هیناوە بە قەزاوقەدەری لیک دەدەنەوە، فەرزەن ئەگەر ژنیک لیێدەدرێ بە قەولی پیاوانە تەنبێ دەکری نەوە بە**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**بەخت و ئیقبال دادەنین، بە قەزاوقەدەر دادەنی وای دادەنی خوا لە نیوچاوانی نوسیوە، ریکخراوەکانی ژنان لە کوردستانی عیراق تا چەند توانیویانە توندوتیژی بناسینن بە بیرو رای گشتی لەدەرەوی کوردستان چونکە هەروەکوو باست کرد بە داخەوە توندوتیژی نواندن دژ بە ژنان و دوان لەو توندوتیژیە بە زەرەر تەواو دەبێ چونکە لیرە کولتورەکە ئەوەیە کە ناکری باسی بکەی. ریکخراوەکانی ژنان تاچ ئەندازە توانیویانە کاریگەرییان لەسەر ژنیک ببیت کە کەوتوتە بەر توندو و تیژی؟**

لە راستیدا بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان دا کاری زۆر باشی کردووە، بەلام لە ئاست ئەو زولم و زۆریە نەبووە. دەتوانم بلیم خۆی لە خۆیدا ئەو فشارەی کە بزوتنەوەی ژنان دروستی کرد ئەگەر فشاریکی زۆر زۆریش نەبی بەلام فشاریك بوو، توانی دەسەلاتداران ناچار بە هێندیك کار بکات ئەمەش جگە لەوەی لەناو خۆ هەبوو بە راستی دەوریکی هەبوو لە عەکس کردنەوەی ئەوتوندوتیژیە بۆ دەرەوەی ولاتیش کە حەتتا ئەو ژنانەی لە دەرەوەی ولاتن لەو بوارەدا ژنانیکن چالاکن دەوری خۆیان ببینن کە ئەم هیزوفشارەی ناوەو دەرەوە ببیتە زەختیکی زیاتر لەسەر دەسەلات بۆ گورینی ئەوشتانە. بەلام ئەوە نییە بلیم بە پیی خواستی ئیمەیە. من کووتم رەنگە هەموو ئەو جوولانەوەیە لەبەرئەوەی ریکخراوەکانی ژنان سەربەخۆ نەبوون لەبەر ئەوەی دەستکراوە نەبوون لە هەندیك مەجالدا لەو ئاستەدا نەبن کە بتوانن فشاریکی زۆر زۆر دروست بکەن. دەنگیکی کزن لە بەرامبەر ئەوشتانەدا.

**پیم خۆشە باسی دیاردەی لەشفروشی لە کوردستان بکەین دیارە تا ئیستا ئەوەندەی من ئاگادارىم زۆر بەکەمی لەو بارەوە دواون. نازانم هۆیەکی چییە. بەلام ئەگەر بیی بە چاویکی وردبینەوە چاو لە کۆمەلگای کوردستان بکەین بەوازحی دەبیندری، دیاردەی لەشفروشی دەبی هەبی بەلام تا ئیستا هەر وەکوو کوتم زۆربەکەمی باس لەو کراوە وەک خۆت، هۆکارەکەی دەگێریوە بۆچی؟**

لە راستی دا دیاردەی لەشفروشی لەسەر ئاستی جیهان دیاردەیەکە و بوونیشی هەیە بە راستی، کوردستانیش بیبەش نەبووە لەو دیاردەیە. لەبەر ئەوە ئەو دیاردەیە هەیە. ئیمە لە گەل کۆمەلیك روشنبیر چەند کۆبونەوەیەکمان کرد بۆ ئەوەی بتوانین شتیك بکەین، ناتوانم بلیم دەتوانین بنەبری بکەین چونکە ئەمە دیاردیەکە لەسەر ئاستی جیهانا بوونی هەیە و ئەمە شتیکیش نیە چەندکەس لەدژی ئەوشتە بی رەنگە خەلکیکیش هەبیٚ لە پالپشتی ئەومەسەلەیە بی کە نەتوانین بنبری بکەین بەلام دەتوانری هەول بدری ئەو دیاردەیە کەم بکەیتەوە لەوەی ئەو خەلکانەی ئەگەر بەرەو هەلدێر روشیتن تۆ بیانهینیتەوە سەر باریکی راستی. ئەگەر مەسەلەی ئابورییە بتوانی ئەو مەجالەیان بۆ دابین بکەی یا خود فورسەتی کار دروست بکری ئەو خەلکانە بگەرینەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان.چەند



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رۆژنامەیەك ئەو مەسەلەیان وروژاندو هیندێك دیاردەیان خستوتە روو. ئیمەش پار لە ٨ی مارسدا میزگردیکمان بۆ کرد کە من و کاك ریبین هەردی بە یەکەوە دابەزین هەرچەندە شتیکی تازە بوو کە قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکرێ. و هەموو خەلکیك بەراستی زۆر بە موشتاقەوە گۆیی لەو مەسەلەیە دەگرت، بۆ ئەوەی دلنیابی کە ئایا ئەو مەسەلەیە بوونی هەیە یانی یە هەرچەندە ئەو دیاردەیە بەراستی بوونی هەیە بەلام زۆر کەس رەنگە هەستی پی نەکردبی یا خود زۆر کەسیش هەیە نایهەوی بلی کە بوونی هەیە. من پیم وایە حالەتیکی ئیعتیادی‌یە مادام لەسەر ئاستی جیهانا ئەو دیاردەیە هەیە، بەلام ئیعتیادی نەبوونەکەی لەوەدایە کە تەشەنە بکات. دەسەلات چارەسەریکی نەبیت. ئیمە وەکوو ریکخراوەکانی ژنان ئاگادارین بەشیکی لایەنی ئابورییە،وە بەشیکی زۆرکەمی عەلاقەیەکی خۆشەویستیە، بەرەوئەو رویشتووە کە بەو شیوەیە دەسدریژی کراوەتە سەری و دوایە هەلی خەلەتاندووە، مەسەلەن نەیهیناوەوە زۆر حالەتی تریش هەیە کە باوکی یا خود برای دەسدریژی کردۆتە سەری، یا خود مەسەلەن دایك و باوکی بردویانە ئەو کارەیان پی کردووە بۆ بە دەست هینانی بژیوی خیزانەکەیان. کۆمەلیك ژن هەن کە ئەوانە بە پیی خواستی خۆشیان نییە بەلام ناچاری ئەو ئیشە کراون، بۆیە پیویستە دەولەت بیربکاتەوە چون فورسەتیکی کار بۆ ئەو ژنانە برەخسینێ بۆ ئەوەی ئەوانە بگەرینەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان.

**بەلام من بە پێچەوانەی تۆ فکر دەکەمەوە پیم وابی لایەنی ئابوری هۆکاری سەرەکییە بۆ لەشفرۆشی، تۆ ئیستا ولاتیکی وەك ئیران لەنەزەر بگری لەشفرۆشی بۆتە سەرچاوەی داهات بۆتە سەر چاوەیەك بۆ دابین کردنی بژیوی بنەماڵە، لە کوردستانیش ئەوە دەبیندری دەبینی ژنە ئەنفال هەیە؟ ژنە شەهید هەیە هیچ داهاتیکی نییە. بنەبرکردنی لەشفرۆشی دەبێ دەولەت کاری بۆ بکات، ئیوە توانیوتانە بینە زەختێك بۆ ئەوەی دەولەت ئەو کارە بکات؟**

لە راستیدا منیش نەمووت ئەمە هۆکاری ئابووری نییە، من ووتم ئەو حالەتانەی کە لەژیردەستی ئیمە دایەهەم لایەنی ئابوری تیدایە و هەم لایەنی خۆشەویستی تیدایە. لایەنی ئابووری پالنەریك بووە بۆ ئەو مەسەلەیە. لایەنی تریشی هەبووە مەسەلەن باوك و برای دەسدریژی کردووە یا خود باوك و برای یادایکی بردووتی بەرەو ئەوەی کە ئەو کارە بکات بۆ ئەوەی بژیویان دەس بکەوێ و خیزانی پی دابین بکا. منیش هەمان رای تۆم هەیە ئەگەر ئینسانیك بەپیی خواستی خۆی و حەزی خۆی بی و بروا ئەوە بکا رەنگە من هیچ قسەیەکی لەسەر نەکەم چونکە ئەوە ئینسانیکە بروای بەو هەیە، خۆشی بەرپرسە بەرامبەر هەلس وکەوتی خۆی، بەلام من لایەنە ئینسانیکە ویژدانم ئەوروژینی کە قسە لەسەر ئەومەسەلە بکەم. ئەزانم ئەمرو کەم ژن هەیە بەتایبەت لەناو کۆمەلگای ئیمەدا لایەنی جنسیەکە پالی پیوەنابی بۆ ئەوەی ئەو کارە بکا، یانی ئەوە یەکیك لەشتەکانە کە پیویستە قسەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسەر بکرێ. بەلام ئیمە بەراستی هاتین ویستمان شتیکی وابکەین بۆ ئەوەی بتوانین خەلکەکان بهینینە پای ئەوەی کە ببنە پال پشت بۆ ئیمە. هەرچەندە دەس بردن بۆ دروست کردنی شتیکی وا ئەمرو لە کۆمەلگای ئیمەدا ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی خەلکانیکی دەسەلاتداریش هەن لەپشتی ئەومەسەلەیەوەن بۆیە پالپشتی تۆ ناکەن رەنگە ئەگەر ئیشی لەسەر بکەی ژیانیشت بکەوێتە خەتەرەوە، بەلام کەس ئامادەش بووە گیانی خۆی بخاتە خەتەرەوە، بەلام خەلیکیك نەبووە پالپشتی لیبکا. بۆ نمونە ئیمە هاتین سەردانی کۆمەلیك خەلکمان کرد کە نزیك بوون لە دەسەلات، کە بین لەسەر ئەودیاردەیە قسە بکەن، تا نوینەریکی دەسەلاتی تیدابێ. کەسیکی روشنبیری تیدابی لە دەرەوەی دەسەلات، وە نوینەریکی ریکخراوەکانی ژنانی تیدابی کە ئاگاداری ئەو کیشەیەبی، بەلام هەرچەند کردمان و هینامان و بردمان جگە لەو سێ کەسە کەسیکی تر کەحاکم بی و لە رێ قانونییەوە قسە لەسەر ئەو کیشەیە بکات، کەس نەهات بەدەنگمانەوە. بەراستی وەکوو خۆت پیشتر باست کرد بە هۆی ئەم کولتور و داسەپاوەیەیە بەسەر ئیمەی ژنان دایە کە ناچارین رازی بین پێی. پیمان وایە حەتتا قسە کردن لەسەر ئەو مەسەلەیە، حەیاچونی تیدایە کۆمەلی شت هەیە کە تەنانەت ناو هینانی ئەو شتە قورسە لە لامانەوە، نەخوازا ئیش کردن بەو مەسەلەیە ئیستا خەلکیك هەیە پیی وایە ئەگەر ئیش لەسە مەسەلەیەکی وابکا داکوکی لە خەلکیکی بەد رووەشت دەکا، بیرناکاتەوە لەوەی کە ئەوە ئینسانیکە ئەگەر هۆکاریك هانی دابێ بەرو ئەو کارە تۆ چۆن ئەو ئینسانە بگەرینیتەوە سەر ژیانی ئاسایی و بتوانی پەرە بە ژیانی خۆی بداو، تیبگا کە ئەویش شایەنی ریزگرتنە کە ئەویش شایەنی ئەوەیە تۆ خزمەتی بکەی کە تیبگا بۆ ئینسانیك لە پیناوی ئەوەی کە بژیت دەبی برواو پەنا بەریت بەر ئەوەی کە هەموو بەها ئینسانیەکانی خۆی لەدەس بدا کە هەموو ئەو هەست و ئیحساسە جوانەی خۆی دابمرینێ، کە تینەگا مانای خۆشەویستی چیە، تینەگا مانای ژیان چیە تینەگا مانای هاوسەر بوون چیە. ئەمانە بتهەوێ و نەتهەوی نەمانی ئاسان نییە، ئەو پیاوانەی کە زۆر بە ئاسانی دەرون و مومارەسەی جنسی دەکەن لەگەل ئەو ژنانەدا، تاچەند پییان قبوولە لەدواروژدا یەکیك لەوانە کە حەتتا ئیحساسیکی خۆشەویستی هەبی بۆی، ئامادەیە بیهینی. ئامادە نیە بیهینی، ئەمە بیرکردنەوەی پیاوانی ئیمەیە، ئەگەر ئەوشتە بۆ خۆی ئامادەیە لە گەل ژنیکی تر بیکا ئەگەر کەسیکیتر لەگەل ژنیکی نزیکی خۆی بیکا ژنەکە ئەبی بکوژرێ و قابیلی کوشتنە. حەتتا ئەگەر ئەمجورە حالەتەش نەبی، بۆ نمونە لە ناو ئیمە ئەگەر کەسیك جنیو بە خوشکیکی بدا یا بە دایکی بدا، ئەمە دەسبردن بۆ شەرەفی ئەوکەسەیە،چونکە لە لای ئیمە شەرەف بەندە بە جەستەی ژنەوە، بەلام رۆژانە درو کردن، خیانەتکردن نەك بەمانای زەوج بەلکو بە مانای خیانەتکردن لە هاورییەتی دروکردن لەگەل هاورییەتی، نەبوونی ویژدان بەرامبەر بە یەکتری ئەوانە هەمووی شتیکی ئاساییە. ئەخلاقی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەلگای ئیمە بەندە بەجەستەی ژنەوە، ئەمەش بەراستی ئیش کردنی دەوی بۆ خۆی، ئیش کردنی دەوی لەوەی کە ئیمەی ژنان لە بیدایەتی پەروەردەکرنمان لە بیدایەتی لە دایك بونمان رازی کراوین بەوەی بە سەرمان دا سەپاوە. چون بیربکەینەوە لەوەی کە نابی رازی بین بەوشتانەی کە بۆمان دیاری کراوە و کولتور بۆی دیاری کردوین، ئەوە شتیك نیە لە سروشتەوە، شتیك نییە لە ئەزەلەوە بۆمان دابەزی بیت. لەبەر ئەوە چون کولتور دیاری کردووە ئاواش دەتوانین ئەو کولتورە بگورین ئاواش دەتوانین بیرکردنەوی ئینسانەکانیش بگورین. بەوەی کە منیش وەکوو مروڤیك سەیر بکریم، ئەوشتەی کە بۆ براکەم رەوایە بۆ منیش رەوابی ئەو ئازادیەی بۆ ئەوهەیە بۆ منیش هەبی بەلام ئازادییەك کە نەبێتە پیشیل کردنی ماف بەرانبەرەکەم.

**وەک کەسێک کە بەردەوام سەروکارت هەیە لە گەل مەسایەلی ژنان و هەلسووراویکی بواری ژنانی، لە لایەکەوە بەهۆیبە هۆی گەشەی تکنولوژی کە جیهانی کردۆتە ناواییەکی چکولە، بیگومان ئەوەش تەئسیر دادەنی لەسەر چونەسەری ئاستی زانیاری کەسەکان بە تاک و بە کۆمەل، لە لایەکی دیکەشەوە بەسەرنج دان بە هەلسورانی ریکخراوەکانی ژنان لە کوردستانی عیراق، پیت وایە بەنیسبەت چەند سال لەمەوبەر، یا لە(٩٠) کان بەولا توندوتیژی دژ بە ژنان کەمی کردووە یان بە پیچەوانەکەی زیادی کردووە، ئەوە بەشیکی پرسیارەکەم بە شیکیشی ئەوەیە دوو ئیدارەیی لە کوردستان چ تەئسیریکی هەبوە لەسەر توندوتیژی دژ بە ژنان؟**

لە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتەوە دەس پیدەکەم. دوو ئیدارەیی لە کوردستان دا بووە هۆی تەشەنە کردنی توندوتیژی لە سەر ژنان. چونکە ئەمە بووە هۆی ئەوەی زەمینە لە باربێ بو ئەو تاوانبارەی کە لە ژێر دەسەلاتی یەکیتی تاوانیك ئەنجام دەدا راکا بۆ ژیر دەسەلاتی پارتی و بلی مەسەلەی من مەسەلەیەکی سیاسییەو پارتی دالدەی بدا لە دژی یەکیتی، وە بە پیچەوانەوە لە یەکیتی بۆ پارتی بە هەمان شیوە و ئەمە دەرفەتیکی زیاتری خولقاند کە یاساش بۆ خۆی رولی خۆی لە دەس بدا، یاسا نە\یتوانی رولی خۆی ببینیٚ بۆوەی کۆنترولی کۆمەلگا بکا، لە سەر ئەو ئەساسە تاوانبار سزای خۆی وەربگری، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کیشەکە تەشەنە بکا، بەلام خۆشبەختانە یەکیتی ریزەکانی ژنان لە هەردووك ئیدارەکە بووەهۆی ئەوەی کە بتوانن دەنگەکانیان یەك بخەن و کار بکەن لە سەر ئەو مەسەلانە. ئەگەر نا توندوتیژی بە راستی تەشەنەی کردووە، بەلام ئیستا هەست دەکری لە دوای ئەوەی کە کۆمەلیك کاری باش کرا تارادەیەك تیرور کەم بۆتەوە، هێندیك ناوچە هەیە مەسەلەی خۆسووتاندنی ژنان نییە، دیارە ئەمەش پیوەندی هەیە بە بیرکردنەوەی ئەو ناوچەیە، مەسەلەن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك فەرق دەکا، بەلام ئەمە بە مانای ئەوە نییە ژنان ناچەوسینەوە، ئیستا زۆر شوین هەیە کە ئیمە دەچین دەلیین ئایا کیشەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خێزانی هەیە لیرە، دەلین نییە من پیم وانییە هەر نەبیّ رەنگە نیسبی بیّ، لەوی لە شوینیکی تر کەمتربیّ، بەلام خۆی لە خۆی دا لە ناو خیزانەکاندا ئەوە هەیە، بەلام ئەو حالەتە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە منیك مەسەلەن لە مالی براکەم ئەمچەوسێنێتەوە یان باوکم بمچەوسینیتەوە، یاسا بتوانیت بە دوای دا بچیت لە بەر ئەوەی ئەمە بە بەشیکی پیروزی خیزان دا ندراوە، هەر کەسیکیش ئەگەر تەداخولی کرد لەو مەسەلەیەدا ئەمە دەست بردنە بۆ پیروزی ئەم خیزانە. بۆیە ئەمن پیم وانییە هەیە، توندوتیژی هەر ئەوەنییە بتکووژی، ئیهانە کردن،جنیۆ دان، هەموو ئەو شتانە دەچنە خانەی توندوتیژییەوە. توندوتیژی ئابووری، ژنانی ئیمە بەقەت پیاوکانیان هیلاك دەبن لە بەر ئەوەی کار ئەکەن لەدەرەوە. مەسەلن کارمەندن، کریکارن لە کارگەکاندا کار دەکەن کاری کشت و کالی و حەیواندارەی دەکەن بەلام قەت ناتوانیت بە بی ئیجازەی میردەکەی حەقدەستەکەی خەرج بکات. بەلام ئەو ئیش دەکا بۆوەی داهاتی خیزانەکەی بەرزتر بکاتەوە لە رووی ئابوورییەوە ئەوانە هەمووی بۆ خۆی توندوتیژییە. حەتتا مەسەلەن ژیانی هاوسەرایەتی ئیمە لە ناو خیزاندا دەچیتە خانەی توندوتیژییەوە. حەتتا پیاویك بە ئاسایی هەلسوکەوت ناکا لەگەل خیزانەکەی خۆیدا، بەلام ئەو شتانە بەشتێکی ئاسایی داندراوە.ئەمانە توندوتیژین، ئیمە هەستمان پی نەکردوون یان زۆر جار هەستی پی دەکەین بەلام ناتوانین قسەی لەسەر بکەین لە بەر ئەوەی بە پیروزی خیزان دادەندرین. قسە کردن لە سەر ئەو مەسەلەیە یانی ژنیکی دەم دریژ و چەنەبازە، یان زور جار لە لایەن دەوروبەرەوە ئیدانە دەکری لەوەی کە تۆ چون توانیت قسە لەسەر میردەکەت بکەی، چون توانیت قسە لەسەر براکەت بکەی، چون توانیت قسە لەسەر باوکت بکەی قەی چ دەکات باوکی خۆتە و میردەی خۆتە بالێشت بدا. جا باشە بۆ لەسەر ئەساسی لیدان بیّ، لەسەر ئەساسی ریزگرتن نەبیّ، بۆ دەبی من بترسم لە مێردەکەم، بۆ نابی ریزم لی بگری و ریزی لی بگرم، بۆ نابی؟ توندوتیژی کۆمەڵی مەجالی هەیە، مەجالی سیاسی هەیە، ئابوری هەیە، کۆمەلایەتی هەیە، دەرونیش هەیە، کومەلێ شت هەیە ژنان بەو دەگەیەنیّ کە خۆیان بسوتینن. ئەگەر لەناو خیزاندا بارودووخێکی دەرونی خراپی بۆ دروست نەکرابی هیچ ئینسانیك نییە بتوانی دەس بەرداری ژیان بیّ کە جوانترین شتەلە لای ئینسان و پەنابەری بۆ ئەوەی خۆبسوتینی بۆ ئەوەی تۆلەی خۆی لە دەوروبەری بکاتەوە تۆڵەی خۆی لە خیزانەکەی بکاتەوە بە ناچاری پەنا دەباتە بەر ئەوەی کە ئاگر لەجەستەی خۆی بەردا، ئەگینا پیم وابی هیچ ئینسانیك ناگاتە ئەوەی کە بروا خۆی بسوتینی.

**پیوەندی بەینی ریکخراوەکانی ژنان لە کوردستان لەگەل ئەو ریکخراوانەی ژنان کە نیستا لە سەتحی عیراق دا هەن چۆنە، جیاواز لەوەی کە چەند کۆنگرەیەک، کۆنفرانسیک، سیمیناریک دەگیری و ژنانی کوردیش دەچن لەوی بە شداری دەکەن پیوەندییەکی دیکە هەیە کە تۆ بتوانیت ئاماژەی پیّ بکەی؟**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له راستی‌دا له کوردستان پێوەندییەکی زۆر باش هەیە. دیارە ئیمەش کۆمەڵی، بناغەی زۆر باشمان داناوە بۆ ئیش و کاری ریکخراوەکانی ژنان و ئەو بناغەیەش دەلالەت لەوە دەکا کە ئیمە توانیمان ناوەندیکی هاوبەش دروست کەین، توانیمان یەکتری قبول بکەین، توانیمان لەو راو بۆچونە جیاوازیانە سود وەربگرین بۆ بەرەوپیش بردنی بزوتنەوەی ژنان. ئەمانە خۆی لە خۆدا هەنگاویکی گرینگە. کە زۆر جار بۆ شوینەکان دەرۆم من بە ناوی ناوەندی هاوبەشەوە قسەدەکەم، ئەوانی تر ئەرون بە ناوی ناوەندی هاوبەش قسەدەکەن چونکە ئەزانین کە لەسەر ئەساسی مەسەلە جەوهەرییەکانە کە ئیمە لە دەوری یەکتر کۆبوینەتەوە. جگە لەوە پیوەندییەکی بەهیز هەیە لە بەینی ریکخراوەکانی کوردستان و عیراق دا. ئیمە کە شتیك دەبێ ئەوان بانگ ئەکەیەن ئەوان کەشتیك ئەبێ ئیمە بانگ ئەکەن، ئەوانیش تی ئەگەن کە ریکخراوەکانی کوردستان ئەزمونیکی دوورو دریژیان هەیە ئەوان هەول دەدەن سود لەو ئەزموونەی کوردستان وەربگرن ریکخراوەکانی کوردستانیش هەول دەدەن ئەو تەجروبەیەی کە هەیانە برون بیگەیەنن بە ژنانی عیراق. چۆنکە ئەگەر ئیمە بتوانین عیراق رزگار کەین، یانی کوردستانیشمان رزگار کردووە. بمانهەوی و نەمانهەوی تاکوو ئیستا پەیوەستیەك هەیە بەیەکتریوە، حەتتا ئەگەر کوردستان سەربەخۆبێ. چەوسانەوەی منی ژنی کورد چەوسانەوەی ژنی عیراقە پیوەندییەکی باش هەیە، بەلام ئەو پیوەندییە ریکخراوەکانی کوردستان لە ناو ریکخراوەکانی عیراق دا ناتوێنیتەوە، ئیمە دەبی تەنسیق هەبی لە بەینمان، یانی کاری هاوبەش هەبێ بۆ وەدەست هینانی ئامانجەکانمان لەسەر ئاستی عیراقدا.

**هەروەک ئاگاداری لە دەورەی یەک مانگەی سەروکایەتی "عبدالعزیز الحکیم" لە ئاخرین رۆژەکانی دەسەڵاتی یەکمانگەی دا یاسایەک بەدژی ژنان پەسەندکرا کە بە نیوی یاسای ١٣٧ نیوی دەرکرد، دیارە ئەوە لە ئاستی عیراق و کوردستان دا دژ کردەوەی هەلخراند. ئەگەر بە سەیری ئەو یاسایە بکەی یاسایەکی زۆر غەیری ئینسانیە، تەواوی پیوەندەکانی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی ژنان دەبی بە پیی یاسای ئیسلام هەلسووکەوتیان لە گەل بکرێ کە ئەمە شتیکی زۆر دژ بە ژنانە من پیم وابێ سەرەتای رەوتیکی دوا کەوتووانەشە کە دەیهەوی لە دژی ژنان کار بکات دژکردەوەی ژنانی کورد لە کوردستانی عیراق و بە تایبەت ریکخراوەکان چون بووە و بە چ شیوەیەک نارەزایەتیان دەربریوە ئایا کاریگەری بەرچاوی هەبوو بۆ ئەوەی کە ئەو یاسایە وەک بە قەولی خۆتان دەلین رەفز بکریتەوە یان هەلوەشیتەوە؟**






PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆی لە راستیدا ئەگەر ئیمە سەیری پیکهاتەی ئەنجومەنی حوکم بکەین پرە لە رەنگی جیاواز. ئەوە لە بروای کەس دا نەبوو کە لە وەرگرتنی یەك مانگی ئەنجومەنی حوکم دا بریاریکی وا دەربچی. ئەو دەمەی کە ئەو قانونە داندراوە لە سالی "١٩٥٩" دا ژن زۆر لە ئیستا لە دواتر بووە ئیستا ژن لە پەرلمانە، ژن لە وزارەتە، ژن لە هەموو شوینەکاندا دەورو کاریگەری خۆی هەیە، ئەو کاتەی کە ئەوەداندراوە دەگمەن ژن توانیویەتی بخوینیٚ، دەگمەن ژن هەبووە ماموستا بی یانی دوای ئەوەندە سالە کۆمەلگا بەرەوپیش رویشتوە، بۆیە دەرکردنی بریاریکی لەو جورە بە راستی پێشێل کردنی حەقی خەلکانیکی ترە. عیراق ولاتیکی فرە نەتەوەیی، ئەگەر بە پیی خواستی هەر نەتەوەیەك ئیستدلالی مۆقعیك، شوێنێك بکەی، قەراریك دەرکەی ناتوانی ئەمە فەرز بکەیتە سەر هەموو نەتەوەکان تر، ناکری فەرزی بکەیتە سەر هەموو مەزهەبەکانی تر و عیراقیش. لە کوردستاندا کۆمەلێك بەرەوپیش چونی زۆر باش هەیە، تا رادەیەك ئازادی هەیە تارادەیەك دیموکراتیەت هەیە خەلکیش تیگەشیتووە، دەزانی چون بەشداری دەکا لە دانانی دەسەلات لە دانانی نوینەری خۆی لەو شوینانەدا، دەزانی چی باشە چی خرابە، ئەزانی کە رەخنەی کۆمەلیك شت بکاتەوە، بۆیە من پیم وایە حەتتا ئەم قانونە کە سەرچاوەکەی ئیسلامە پیشیل کردنی حەقی مەسحیەکانە. لە بەر ئەوە ناکری دانانی یاسایەك یا خود دەستوریك بەپیی بیرکردنەوەی نەتەوەیەك یا خود مەزهەبیك یا سەروك عەشیرەتیك دابریژریٚ،چۆنکە پیشل کردنی حەقی تاکەکانی کۆمەلگایە، بۆیە پیم وابی دەرکردنی هەر بریاریك و یاسایەك کە یاسای بەریوە بردنی ولات بیٚ پیویستە سوود وەربگری لە بەندەکانی ماف مروۆ نەك سەرچاوەکەی لە شریعەتی ئیسلام وە بیٚ یا خود لە هەر شتیکی تر بیٚ. من وەکوو ژنیکی کورد حیسابی ئەوە ئەکەم کە لە کۆمەلگای ئیمە دا هەموو ژنەکان مەسیحی و ئیسلامی، کورد، تورکمان یا عەرەب هەر هەموومان چەوساوەی دەستی دەسەلاتیك و چەوساوەی دەستی دیکتاتوریك بوین بۆیە هەموومان ئینسانین و پێویستیمان بە ژیان هەیە، پیویستیمان بەوە هەیە وەکوو هاوولاتییەك مافمان پاریزراو بیٚ، لە بەر ئەوە پیویستە دەرکردنی هەر یاسایەك لەسەر بەندەکانی ماف مروۆ بی بە بروای من.

**یەکیکیتر لەو یاساییانەی کە ئەنجومەنی حوکم تەسویبی کرد ئەوە بوو کە لە نیوەی مانگی ٢٠٠٣/٨ دا لەسەر پێشنیاری ئەو ژنە شیعانەی کە لە ئەنجومەنی حوکمدان رۆژی لەدایک بوونی فاتیمە کچی محەممەد پیغەمبەری مسولمانان وەک رۆژی نیشتیمانی ژنانی عیراق دیاری کرا دیارە، ئەوە لە کاتیکدا مەترەح دەکەن کە ئەگەر پیشووتر یانی بگەرییینەوە بۆ میژوی تا رادەیەک لە کۆنترولی عیراق هەموو سالیک ٨ی مارس وەک رۆژی جیهانی ژنان ریٚزی لی گیراوە یاسای ١٨ای٨ بی حوورمەتیکی تەواوە نەک بە ژنانی عیراق بەلکۆ اوە بە ژن،نە گشتی دیارە فراکسیونی کوردەکان لە**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ئەنجوومەنی حوکم موخالفی ئەو یاسایە بوون، لیرە ئیوە چ جمووجۆلیک و نیشان دا بۆئەوەی کە موخالفەت یان دژایەتی خۆتان لەگەل ئەم بریارە نیشان دەن؟**

ئەو پرسیارە شتیکی تری بیرخستمەوە کە بەراستی لەبیرم چوو لە پرسیارەکەی تردا ولامی بدەمەوە، بە سوتفە ئیمە لە بەغدا بووین کە ئەو قەرارە دەرچوو هەر لەوی کۆبونەوەیەکی گەورەمان کرد کە هەموو ریکخراوەکانی کوردستان بەشدار بوون لەگەل عیراق. لەوی یادداشتیکمان نوسی و نارەزاییمان دەربری و نوینەرمان هەلبژارد کە تەقدیمی ئەنجومەنی حوکمی کرد. نوسخەیەکیشی دا بە پول بریمەر کە هەر لەوی رەددی ئەوە کرا. بەراستی مەسەلەی دەرکردنی بریاری ٨/١٨ ئەمەش بەهەمان شیوە نارەزایەتی یەکی زۆر گەورەی دروستکرد بەتایبەت بووە هۆی نیگەرانی لەلای ئیمە. کیشەی ژنانی ئیمە لە کوردستان یا لە عیراقدا لە دیاری کردنی یەك روژنییە. خۆئەگەر دیاری کردنی رۆژیك بی من پیم وایە ٨ی مارس کافیە، چۆنکە رۆژیکی جیهانیە و لەسەر ئاستی جیهاندا یادی دەکریٚ، ئەو رۆژە کە داندراوە لەسەر ئەساسی کیشەکانی ژنان بووە، بەلام دیاری کردنی رۆژیکی وا هیچ ئەساسیەتیکی نییە خۆ ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە رۆژی لە دایك بوونی فاتیمەیە، ژنانی ئیمە لە خەبات و تیکوشان لە فاتیمە کە کچی پیغەمبەر بووە کەمتر نەبوین. ئەوەش مانای ئەوە نییە من ریز لەو ژنە ناگرم، وەکوو ژنیك ریزی لی ئەگرم، بەپیی عادات، تەقالید رەنگە خەلکانیك هەبیٚ، عەقیدەی بە کۆمەلٚیٚك شت هەبیٚ، بەلام ناکری ئەوەی ئەو عەقیدەی پیٚیەتی و من عەقیدەم پیی نییە بیٚ و فەرزی بکاتە سەر من، هەر چون من بۆچونی خۆم فەرزی ناکەمە سەر ئەو، دەبی ئەویش ئاوا ریز لە من بگری ریز لە راکانی من بگری منیش ریز لە راکانی وی دەگرم،' بەلام کاتیك دیٚ قسە لەسەر ئەوە دەکا ئایا لەو رۆژەدا وەرچەرخانیك لە ژیانی ژنان دا روی داوە، رۆژی ٨ی مارس بەراستی وەرچەرخانیك بوو بۆ ئەوسەردەمە، کاتیك ئەو رۆژە داندراوە لەسەر ئەوەی کارگەیەك پر بووە لە ژن و گڕی تیبەر دراوە هەر لەسەر ئەو ئەساس بووە، بەلام لەسەر چ ئەساسیك روژیکی وا دەکری بە رۆژی ژن، بۆیە بەهەمان شیوە لەسەر ئەوەش ئیمزایەکی زۆرمان کۆ کردەوە، نارەزاییەکی زۆرمان دەربری، بە داخەوە یەکیك لەو ژنانەی ئەنجومەنی حوکم ئەو پیٚشنیارەی کردووە. لە بریاری ١٣٧دا ژنەکانی ئەنجومەنی حوکم پیش پیاوەکان ئیمزایان لەسەر کردووە بە داخەوە ئەو ژنانە لەویش نەیانتوانیوە نوینەری بزوتنەوەی ژنان بن، ئەسلەن تەجروبەشیان نییە لەسەر مەسەلەی ژنان. حەتتا لیرەش زۆر جار ئەو پوستانەی کە بە ژن پر دەکرینەوە، هەمووی لەسەر ئەو ئەساسەیە، کە تاچەند بیرکردنەوەی ئەو ژنە دەتوانن کۆنترول بکەن، تا چەند وەکوو ژنیك پیاوانە بیر ئەکاتەوە، تا چەند ملکەچی بریاری پیاوەکانە، بەلام منیك وەکوو ژنیك بیرناکەمەوە لەوەی کە من ژنیٚکم، خاوەنی بیرکردنەوە و عەقلیکی خۆم، چون

دەتوانم بۆچونیکی باشم بێ لەسەر ئەو ئەساسە خزمەتی مەسەلەکە بکەم.

**خودی پەسەند کردنی ئەو یاسایانە هەر وەکوو لە پرسیارەکەی دیکەشم دا باسم کرد یانی ڕەوتیکی دواکەوتوو لە عیراقدا سەرهەلدەدا ڕەوتیک کە دەتوانم مقایسەی بکەم لەگەل ڕژیمی ئیسلامی لە ئیران کە ٢٥ سالە بەمجورە لەگەل ژنان هەلسووکەوت دەکات، ئایا وەک خوت لە سەتحی عیراق و کوردستانیش دا ڕەوتیکی سکۆلار دەبینی کە دژ بەم یاسایانە بی یان ڕەوتیکی سەربەخۆ لە حیزبەکان لە کۆمەڵگادا هەستێت بۆ دژایەتی کردن لەگەل کۆللی پیکهاتەی ئەنجومەنی حوکم بۆ وەی کە هەموو شتەکان لەسەر ئەساسی مەزهەبن؟**

بە بۆ چوونی من لە کوردستاندا هیزە سیاسیەکان خاوەنی بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆی خۆیان نین، یانـی دەعمی مادیان. لەشوینیکی ترە، لەبەر ئەوە بتهەوێ و نەتهەوێ هەندیجار مراعاتکردنی بەرامبەرەکە هەیە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی تەئسیر بکاتە سەر ئیشەکان ڕاستگۆیانەتر قسە بکەم بۆ ئەوەی تەئسیر نەکاتە سەر پیوەندی من و ئیران. ئەمانە خۆی لە خۆی دا دەتوانم بلیم یەکیك لەشتە هەرە گرینگە باوەکانی ناو کۆمەلگای ئیمە ئەو مجاوەلە وشکەیەی یەکترییە، یانی لەبەر ئەوە زۆر جار هەدەفە سەرەکیەکانی خۆمان بەراستی لەدەست دەدەین، ئەمە بەو شیوەیەیە. بەلام بەرای من لەو قۆناغەی ئیستادا بۆ پەیرەو کردنی دیموکراتیەت باشترین زەمینە لە بارە.بمانهەوی یا نەمانهەوی هیزی پیشکەوتووخواز هەن و لە بەرامبەر ئەوان دا هیزیکی تر هەیە، هیزی چەپ هەیە، هیزی ڕاستیش هەیە، ئەمانە واقعیکین لەسەر کۆمەلگا کە تۆ ناتوانی فەراموشی بکەی، لەبەر ئەوە باشترین شت ئەمرو پەیرەو کردنی دیموکراتیەتە، قبولکردنی ڕای جیاوازە، قبولکردنی بەرامبەرەکەتە، یانی ئەوە باشترین خزمەت دەکا بۆ ئەم وەزعەی ئیستا، بۆ ئەم بارودۆخەی ئیستا.چۆنکە وەزعی عیراق وەزعیکی نا ئاساییە پیویستی بە ئەهوەن کردنەوەی وەزعەکە هەیە، بەلام گرینگ ئەوەیە نەچیتە قالبی مجاوەلەی ئیشك. کە من ئیحترامی ڕای بەرامبەرم دەگرم ئیحترامی ڕای جیاوازم دەگرم قسەی خۆشم هەبی لە سەرمەسەلەکان، بەلام یەکیك لە دیاردەکانی کە هەستم کرد زۆر زەق بۆوە لە لای ئیمە، دوای ڕزگار کردنی عیراق بەراستی هەموو هێزە کوردیەکان مەرامە سەرەکیەکانی خۆیان لەبیر چووە، هەمووی بەرەو عیراق و جنوب و ئەوانە ڕایانکرد،بۆ ئەوەی کە بتوانێ پیشوازی لەسەروك عەشیرەتەکان بکات لە حالیکدا ئیمە لە کوردستان زۆر دەمیکە کار دەکەین لەسەر نەهیشتنی دیاردەی عەشایری، بەلام لەوی جاریکی تر دوبارە بۆوە، ئەمەش ڕەنگە هەدەفیکی سیاسی هەبێ لە پشتەوە، بەلام خۆی لە خۆدا جگە لەو هەدەفە سیاسیە لەوانەیە لەبەرژەوەندی تاکە حیزبیك دا بی، بەلام لە بەرژەوەندی گشتی دا نییە، لە بەرژەوەندی ئیمە دا نییە، کە دەمانهەوێ ولاتیك بێ خاوەن یاسا و دەستوری پاراستنی مافەکانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مرۆڤ ، لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەوە راو بۆ چوونی منە.

**هەمووومان دەزانین کە لە کۆمەلگایەکی چینایەتیدا ژن و پیاو وەکوو یەک دەچەوسینەوە بەلام نەوەی جیی ئاماژە کردنە جیاواز لەوە ژن جوریکی دیکەش دەچەوسیتەوە جیاواز لە ستەمی چینایەتی ستەمی جنسیشی لێ دەکرێ تا چ ئەندازە باوەرت بە خەباتی هاوبەشی ژنان و پیاوان لەیەک ریزدا هەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی لە بەینی ژن و پیاودا؟**

لە کۆمەلگای ئیمەدا ژن و پیاو چەوسایە بەلام ژن دوو جار چەوساوەیە هەم وەکوو ئەوەی کە ژنە هەم وەکوو ئەوەی کریکارە، کریکارە لەو روویەی کە ژن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەورو رۆلی هەیە بەلام هیچ داهاتیکیشی نییە، لەبەریوەبردنی مندال و بەریوەبردنی خیزان، خزمەتکردنی پیاو و بەشداریکردن لە دەرەوە کە وەکوو فەرمانبەریك کار دەکا دەوری هەیە، بەلام بەرهەمیکی نیە بۆیە من پیم وایە لە کۆمەلگای ئیمەدا کە کۆمەلگایەکی دواکەووتووە ژن وپیاومان وەکوو یەك چەوساوەتەوە بەلام ژن دووجار. من چەوسانەوەی ژن ناخەمە ئەستوی پیاو لە بەر ئەوەی بیرکردنەوەی من دەکرێ جیاواز بێ، زۆر کەس هەیە رەنگە بلێ ئیمە چەو ساوەی دەستی پیاوین، بەلام من ئەلیم ئیمەو پیاوەکان چەوساوەی دەستی کولتورین، چەوساوەی دەستی عادات و تەقالیدیکین، چەوساوەی دەستی یاسایەکین، بۆیە بە یەکگرتنی من و ئەو، بە تیگەیشتنی من و ئەولەیەکتری بە بەشداری کردنی من و ئەو بۆ گورانکاری هەر دەکمان رزگارمان دەبێ. ئەگەر کێشەی ژن چارە سەر بێ، ئەگەر ژن ئازاد بێ، پیاویش ئازاد دەبێ، ئەگەر ژن ئازادبی کۆمەلگایش ئازاد دەبێ، ئەگەر ژن سەربەخۆ بێ، دیارە پیاویش دەکەویتە ئیستراحەتیکی باشترەوە، بۆیە ئەمە تاکە رێگایە بۆ ئەوەی کە ئیمە ژنان و پیاوەکانمان وشیار بکەینەوە بە مەسەلەکان بتوانین بەیەکگرتووانە بە یەك بۆچوون تێی بگەیەنین چەوسانەوەی من بەندە بە چەوسانەوەی تۆ ئازاد کردن من بەندە بە ئازاد کردنی تۆ، تێگەیشتنی من و تۆ بۆ ژیانی هاوسەرایەتی تیگەیشتنە بۆ ژیانیکی نوێ و سەردەم، تیگەیشتنە بۆ ئەوەی بتوانین نەوەیەکی باشتر بنیاد بنین بۆ کۆمەلگاکەمان. ئەمانە ئیشکردنی دەوێ، ئیش کردن بە ژن و پیاووە. هیزە سیاسیەکان بە قەت ئەو شوعارەی کە هەلیانگرتووە با بین دەوری خۆیان بگێرن و تەنها ئەوە نەخریتە ئەستوی ژنان وەهەروەها خەلکانیکی رۆشنبیر بە هەمان شێوە بەشیکی زۆریان ئەکەوێتە ئەستو بەپیی نوسین بێ بە پیی کۆر و سیمینارات بێ، هەموو ئەو هەولێ و توانا جیاجیایانەی کە هەیە لەسەر ئەو مەسەلانە یەك بخرێ بۆ ئەوەی شورشیکی کۆمەلایەتی دروست بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو یەکسانییە بەدەست بهێندری. خەلکیك قسە لەسەر فێمێنیست دەکا زۆر بە هەلەیی قسە لەسەر فیمینیست دەکا، فێمینیست رەت کردنەوەی ئەوشتانە نیە کە پیاوان دەیکەن، بە پیچەوانەوە قسە لەسەر ئەوەدەکا چون کارەکانی ژنان و پیاوان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەك بخرێ لە پیناو ئەو مەسەلەیە. لە بەر ئەوە من پیم وایە ئەوە تەنها بە من ناکری، نە تەنها بە پیاوان ناکرێ، دەبی ژن وپیاو وەکوو یەك و بەقەد یەك کار بکەن بۆ ئەو مەسەلەیە بەقەد یەك یەکتری قبول بکەن، تیبگەن من و ئەو چەوساوەی دەستی کولتوریکین کە ئەو کولتورە بۆمان دیاری کراوە، خەلکانیك دایناوە و ئیمەش دەتوانین بیگورین.

### پیناسەی نەجیبە مەحموود لە ئازادی ژن چییە؟



بەراو بۆچوونی من ئازادی ژن بەندە بەوەی کە بتوانم وەکوو مروڤیك ئازادبم، چون پیاو ئازادە، هەم لەسەرەتای هەلبژاردنی ژیانی هاوسەریەتییەوە هەم لە دەربرینی رای خۆی، هەم لەو شتانەی کە حەزی لییە و دەتوانی دەریببری زۆر بە ئازادانە، و ئەو شتەی کە بۆ پیاوان رەوایە بۆمنیش رەوابی، بەندە بەدەربرینی بیرورای جیاواز، مەسەلەن من بتوانم وەکوو ژنیك زۆر بە ئازادنە رای خۆم دەرببرم، من بتوانم وەکوو ژنیك ئازادانە کاربکەم، من بتوانم وەکوو ژنیك ئەوبیرکردنەوەیەی هەمە وەکوو پیاوەکە بیم کاری لەسەر بکەم، یانی دەست بەسەر هەست و تواناو بیرکردنەوەم دانەگیری، پیم وایە لە کۆمەلگای ئیمەدا تەعریفیکی بۆ نییە، یا خود دەرکی پی نەکراوە، لەبەر ئەوە زۆر بە هەلە تیگەیشتوین. ئەگەر وەکوو ژنیك لە دەرەوەی مال کار بکەم و قسە لەسەر مەسەلەی ئازادی ژن بکەم پیم ئەوتری باشە توچیت دەوی لەوە زیاتر، خۆ کەس نیە لە تۆ ئازادتر بیٚ، بەلام بەپیچەوانەوە لەوانەیە من ئەمە بە ئازادی بزانم، بەلام زەختیکی زیاتر خراوەتە سەرم کە حەتتا تەئسیر بکاتە سەر بیرکردنەوەم، تەئسیر بکاتە لەسەر ئەوەی تاچەند دەتوانم مەوادی بیرکردنەوەم فراوانتر بی، لەبەر ئەوە ئازادی سنووری نییە لەلای من بە مەرجیك نەبیتە پیشیل کردنی ماڤی بەرامبەرم.

ئەم وتووێژە رێکەوتی ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٤ سازدراوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



مۆسی ئەوەنی هونەرمەند جەمالی سوفتی ٢٣ ساڵ لەمەوبەر (٢٨/٤/١٣٦٠م) کوژایەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێمە لە کوێ ڕاوەستاوین؟/ سمکۆ محەمەدی

کچ لە دایك بووم / م . ق

نیگای چاوەکانت ، جوانترین گوڵەکان ، بارانی عەشقت / فرمێسك

"بانگەواز" / سەعید ئەمانی

نامەیەك لە ئەویندارێکی تەبعیدی بۆ ... / بێستون





PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



## ئێمە لە کوێ راوەستاوین؟

کاتێک کە خۆر
بەشەرمێونی
لە چوارچێوەی چارشێوی چیایەکدا
خۆی دا ئەشارد
دو بێسیم چی بە رەمزێکی کەس نەناسراو
شوێنی ژوانێکیان درکاند
***
خۆشەویستی....
سبەی....
لە بەرەبەیانێکی ئەرخەوانی دا هەڵدێت و
شەوی تەنیا بوون و
ژینی تەنیا بوون ئە زرێنی.
لە ئەمرۆ کە هەتا سبەی مەودایە کە بە نێوی شەو
لەمپەرێکە بە نێوی رۆژئاوا بوون
تا رۆژ هەڵاتن
***
بەیانی زوو
کاتێک کە خۆر
مزگێنی ژنێکی تازەی پێیە
جوتێک کۆتر
بە تەقڵەوە



تاسینگی هەور و داوێنی ئاسمان ئەرۆن
بەگەمە گەو. سترانێکی خۆش ئاواز ئەچرن
خۆر دینێنە سەما
هەورەکان ئەسرینی شادی ئەرێژن
کیژەلوکە چۆپی پێیە
دارە گەڵا بە دیاری ئەداتە
هەتا کوو با
لە شادیا
بەسەریانا
بی بارێنی
ریحانە بەدەم باوە سەما ئەکا و عەتر ئەپژێنی
بۆ تەماشا.
هەرچی گیایە سەر دەردێنی
***
لەم ئاسمانە بیگەردە دا
فەرشی بەختیان راختووە...
نیزیکە و نیزیکە تر ئەبنەوە
هەناسەیان تێکە دەئاڵێ
نیگاکانیان لێکە گرێ دەدرێ و
هەر بەو نیگا لێکە گرێ دراوانە
بۆ میوانی ئامێزێکە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بانگهێشتی یەکتری دەکەن
تل ئەخۆن و تل ئەخۆن
تریقە...
شادی...
ئامێز و
خۆشەویستی
هەموو تێکەڵاوی یەکتر شانۆیەکێ دەرازێننەوە.
وردەوردە، خۆر ماڵ ئاوایی ئەکا و جێیان دێڵێ
داخم چ ڕۆژێکی کورت بوو...
***
بەڵام بە دور لەئاسمان
لەگەڵ ئاوا بوونی ڕوونی
لە سەر عەرزا کوندە بەبوو
لە وێرانەی خوشەویستی هەڵکورمان و
سەمای تاریکی دەگێرن
بیرێکی کۆن سێ دارەیەکێ
هەڵدەواسێ
خەنجەر لە کالانی شەرعا هەلدەماسێ
تینوی خوێنە.
ئەڵێن ئەمرۆ لە ئاسمان
کچی سروشت قەڵای شەرعی ڕوخاندووە
دڵی نیزامێکی باوکیی تاراندووە
شەوە و شەرە و قەڵا لەرزە
سێ دارەیە و شینە و گریانە و ڕوو ڕنینە
شاعیر غەزەل لە بیردەبات



شەونم دەستی گوڵ بەر ئەدات
ئەستێرە پیلو لێکێ نادات
مانگێ لە شەرما لە پشت پەڵە هەورێکی ڕەش
حەشار ئەگرێ
ڕووبار لە ترسا تفێ لە زاریدا وشکێ ئەبێت
هەور لە غەما ئەگریت
لە ڕقا ئەگرمێنێ
خەنجەر شادەمار هەڵدەدرێ
سێ دارەش مل دەخنکێنێ
شەرع، لە خۆشیا دەخەنێ
ئاسمان لە تاوا ئەگری
دار لە ترسا هەڵدە لەرزێ
ڕۆبار خولە کێکێ ئەوەستێ و
پاشان دەخروشێ و هاوار دەکات:
ساڵی ٢٠٠٠و زۆرە
ئێمە لە کوێ ڕاوەستاوین؟؟؟!!!....

## کچ لە دایك بووم

من کچ لە دایکێ بوم
هەتا بووکە شوشەوو گەسکم بدەنە دەست
جلو بەرگی پیاوان بەزێرِ بنەخشێنەو
کابانی بکەم!
براکەم لە کۆلاّن یاری دەکا
براکەم بە پاسکیل کۆلاّنەو کولاّن دەکا
کەچی من لە کونجی مالّێ دەمێنمەوە!
من کچ لە دایکێ بوم
لە وەرزی پرسیار و بەدواداچوونا
پرسیارەکەم بێ وەلاّمەو
بە دواداچوونیشم بێ کەلّکێ.
براکەم لەم کۆلاّن بەو کۆلاّن
لە یاری لەگەلّ بەردو خولاّ
ژیان تێدەپەڕێنێ
بەلاّم تەجرەبەی من لە دیوارەکان تێناپەڕی
من کۆلاّنەکان ناناسم
من کچ لە دایکێ بوم
تا لەوەزری گەشەدا
چاوە ترساوەکانم
وەکێ کارامزێکی بزێو



نەهێنی من بخاتە ڕوو
براکەم ئیمشەو نەهاتەوە مالّی
ئەو بۆ خۆی بۆتە پیاوێکێ
من کچ لە دایکێ بوم
تا لەدوای هەر شەڕێکێ دۆڕاو بە و
لە درێژایی ئاشتی دا
قوربانی
لەشەڕ دا
سەربازانی مەغۆل و نەونەمامانی تەیموور
هەرای دەرد و ئازاری من بگەێننە عەرشی عەزیم
و
لە ئاشتی دا
ئەمیرو نۆکەرانی
لە دوای هەر شەرێکێ
خوشکەکانم جلی بێز لێکراوی خۆ فرۆش لە بەر
دەکەن
لە ئارامی هەر ئاشتی‌یەکێ دا
لە مەجلیسی خۆشگوزەرانی خاوەنیان مەی
دەگێڕن
بەلّێ
من، کچ لە دایکێ بوم

وەرگێرانی: سەلاح ئەمانی

# فرمێسک

## نیگاي چاوەکانت

بەیەکێ نیگای چاوەکانت
دڵم بوو بە کۆشکێ
تۆی گرت
لە خۆی
بەیەکێ نیگای چاوەکانت
بوویە پادشای
کۆشکی دڵم
کۆشکێیب نە تەنیا تۆ
کە سێکی تر
سەد کەس
بوون بە پادشایو
دایان ڕماند



## جوانترین گوڵەکان

هەوارگەی جوانترین گوڵەکان
لە لای
هەواری ئیمەبوو
بەڵام سەد مەخابن
گوڵەکان
لەبێ ئاوی، چۆمێکی
پڕ ئاو ووشکێ بوون
هەڵوەرین و
بوون بە خوراکی
گەردە لوول
گەردە لوولی پڕ لەقینی
جوانی
بەرەو هەوارێکی نادیاری
بردن
بەڵام من هەربە هیوای
بێ هارێکەوە دەژێم
کە ئەو گوڵانە
سەر لە نوێ
سەر هەڵدەدەنەوە

## بارانی عەشقت

بارانی عەشقی
تۆ
بەهاری خەزان گرتووە
دەژێنێتەوە
تینی بارانی عەشقت
گەرما بە لەشی
تەزیوە دەدات
نازیزە
لە ڕێ جوانیت
بارانی عەشقت
بە سەرما بارێنە
بالەمە زیاتر
لە چاوە ڕوانی باران
گەلا کانە
هەڵنەوەرێن



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



## "بانگەواز"

چاوەرێتم !
لەو ساماڵی بێ بەربەستی ئەو وینەدا ،
تەواری پەڕو باڵ بەستەی
یاخی بوونت هەلفرێنە.
تانەی خەمی مەودای نێوان
بەلەیزێری
تیشکی دەم کەلی ڕەهایی
بسووتێنە.
لوتکەی بەدامێنەوە بەرز !
لە خۆ بایی بوون تاوانە.
کێڵگەی ئەویندار ی هەور
لێوی تینووی
چاوەریی ماچی بارانە.
وەرێ کەوە!
ڕووبارێکی
شینی دەریا
لە قولآیی چاوە کانتا
رۆنیشتووە.
بپشکوێ !
با خچەیەکی وەرزی بە هاریش ئیلهامی لە سروشتی
وجوودی تۆ
وەرگرتوە.



چاوەرێتم !
تا کاتێ مەل هەلفرین و
ئاو رۆیشتن و
ئاور تینی لە بیر ماوە.
چاوەرێتم !
تا کاتێ هەور بارین و
وەرزی بە هار سەوزەلآنی و
چاوەی کانی هە لقولینێ لە بیر ماوە .
پێلووی پە نجێرەی ئینتزار
پێوە نادەم
تا کاتێ سروشتی خۆەریش ڕووناکایی و
زەوی خول و
مانگ تریفەی لە بیر ماوە.
میلی کات ژمێر هومێد
ناوێستێنم
تانەوکاتەی پەنجەی رۆژەکانی تەمەن
لە گۆنەچوون
کوانووی خەبات
پولوە کانی تینی ماوە .
چاوەرێتم !
وەرێ کەوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



## نامەیەك لە ئەویندارێكی تەبعیدی بۆ پۆلێك هەڵۆی سەفەر كردوو!

هێشتا نیوەی شەوێكی ساردی زستانیم لەرێ دایە. لەناو ساباتەكەم راكشاوم، خەیاڵ هەڵم دەگرێ. لە شم شەلاڵی ئارەقەیە. تلاوتل دەخۆم ، وەرەس دەبم، دەچمەدەرێ، سەرما ئارەقەم لێ دەكات بە تە زویەكی ساردوسڕ. سەر لە نوێ دەگەڕێمەوە و وەكوو جاران قەڵەم دەكەم بەزمان و دەفتەریش"گەرچی زۆر رازداریش نیە" بەڵام هاورێییەكە و لە جاران لێم نزیكترە. گوێ رایەڵی كوڵ و كۆی دەروونمە كە وەكێ ئاگردانێكێ هەردەم بڵێسەی دێ و دەهەژێ وەدە مكابە سووتەكێ. هەربویە یادی ئەو كاتەیان لەگەڵ دا زیندوو دەكەمەوە كەچاوانم بە بینینی تۆ و پەیكەرتان سۆمایان تێكەوت .

رۆژ هێشتا بە تەواوی دانەكشاوە" ئەو رۆژە خۆر تەنیا بینەریكێ بوو" تیشكیكی سارد كڵاورۆژنەكەی بریوە و ئەویش میوانیكی بە پەلەیە. رەنگە تاوێكێ دیداری تۆی بوی و بگەڕێتەوە. لەپێش چاوم دیمەنی شەختە و سەهۆل ورەشەبا وشەوە زەنگێ باڵای ئاسۆی لێ تەنیوم و تەنیا ئاواتی یەكێ دیدار، یەكێ ئاواز یەكێ ساز و تەنانەت یەكێ دەست و پەنجە، هیوایەكی گەرم و گوڕیان داوە بەهەناوی سارد و سڕم .هەتا تۆ پەردە نشین بوی شەو و زستان پتربە ناولەشی ماندووم دا دەگەران. كاتێكێ كە خۆر لە ئاوابوونێكی ئەرخەوانی دا لە حەسرەتی فیداكاری و خۆراگری ئەواندا بوو،هەستم دەكرد كە ئیتر هەتاو ، وزەو گەرمایی رەوتی ژیانی لەدەست داوە تیشكی گەرما بەخشی خۆر هەمیشە خۆڵ و خاشاكی هەرزە و پرژەی سەرگۆی زەوی هەلدە قرچاند ، مەخابن ، داخ و كەسەر ئەركی سەرەكی ئەمجارەی تۆ گوڵبژێری گوڵانی عەترپژێن بوو. ئەوە بوو غرووری سەرشێتانەت كـە چاوەكانت لە سەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکێ دابنێیت و شاهیدی هەڵوەرێنی پەروپۆی ئەویندارانی هەزاران بێ .

شنەیەکێ دێ و لەگەڵ باڵای شۆڕەبیەکێ دا جووت دەبێ ، موسیقایەکی دڵبزوێن خەنیم  دەکات.

کۆتری خەیاڵ لەسەر بەستێنی گۆمیمەندا لەنگەردەگرێ . ئاهەنگێ هێند سێحراوییە ئەڵێن لەسەر منارەی بەرزی شاریکدا هەڵکورماوە. تاوێ لە قەد پاڵی شاخێ گوێ بۆ شمشاڵێکێ رادەگرم، لاوژە وحەیرانی شوانێکی کۆچەری سەرچیایەکی سەرکەش دێتە بەرگوێم. خەیاڵم نوقمی گەرانە و چاویشم مەستی تۆ بینین لە پڕ دیمەنی ساتێر، خەیاڵم کەوی دەکات و دیسانیش نادیاری باڵا وسبکت ئەدلداری ئەویندارى شۆرش.

تۆو دەریا ، ئاوو روبار ئەوروژە . شان بەشانی یەکێ دەست لەناو دەستی یەکتر ئەو خونچانەتان ژاکاند و ئەو گولانەتان پەرپەڕ کرد، لێرە بەدواوە لە ماتەمینی ئەم باغەدا بووین .

لە بیرمە تۆ ، تۆی سەرکەش دەمیکە لە رۆژی ئەویندارارن نزم ونەوی ، دەرناکەوی ، پەڵەهەوری چڵکن دەکەیتە تارای شەرم ، شەرم دات نەگرێ. ئەم دلەگەورەیەم گەلێکێ دەریای لە ناوجەرگەی خۆی دا حەشاردا وە.

گەرسات بە ساتی روژ بینەری گیاندانی بە میلیون گیانلە بەر بێت ، بێ باکانە پێتی ئەلێم ئەمجارەیان بە هەڵە چووی ، هەرزە بوی.

هەتا کەی هەر سپیدەیەکێ بە کرنۆش دەست پیدەکەی و هەر ئاوا بونێکیشت سەر لە نوێ کرنۆش بردنە. پەیامی راگەیەندراوی من بە تۆ، بروسکەی ئەویندارانەیە. دەرکەوە، خۆدەرخە و هەتاوی درەوشاوەی هەژاران بەو رێرەوی رێبازی گوڵاڵە سوورەکان بەو، بەناوی سیروان خۆینی کۆست و تاوان بشۆرەوە و نمەنمە بارانی ژیان بەخشییان بە سەردا بپرژێنە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# چیرۆک

**مەسخەرە موقەدەسەکان**

رۆژین وەلەدی

**فەرمو ئەمە ئامارەکە**

فەوزیە مەنمی

**ئیمرۆ من و سبەی تۆ**

سەلاح ئەمانی

**ئـــادەم و حـــــەوا**

و: کەیوان ئەفروز







PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# مەسخەرەموقەدەسەکان

ن : ڕۆژین وەلەدی

"ڕەنگبێ بتوانی بە ڕەسمێکی ڕاستەقینەی ولاتێك بزانی کە ٢٥ سالە ڕەمزی مانەوە تیایدا نوخسان بوونەشەهادەت هۆنەری پیاوانی خوداوەندە. ئەوەی لەخۆینی خۆیدا سەخاوەت بوو سەخاوەتی پەروەردگاری کڕی. " لە خۆ بردوویی هێمای نەزاکەتی وجوودە."

گەرەکیە من لەم هۆڵە هونەرییەدا کە هیچ پیوەندیەکی ئەوتۆم پێیەوە نییە و تاقە هوکاری هاتنم نەوسنی و چاوچنوکی خۆمە، بە ساقی نەچمە دەرەوە. بەڵام من هەر ئیسێ ڕائەگەیەنم بە جەبری نەوسنیم بێ کە پەروەردگار لە هەناومدا خولقاندوویە و کەم تا زۆر لە دەرونی هەموو مرۆڤێکا هەیە، یان بە جەبری جەنابی نووسەر بێ، یان لەبەر ئەوە بێ شەر قەوماوە و جەماعەتی لار و گیری لێ کەوتۆتەوە و ئەم ڕۆژەی بۆ دانراوە، هەرشتێ منی لەم کتوپرەدا ڕایەل کردبێ، قەت حەزم لە نوخسان بوون نەکردووە و ئێوەش بە هیوای کەروکۆیر بوونی من مەبن.

عوووو، عوووو، عوووو، میاو، میاو، میاو، من نایکەم، بریار بو ڕێز لەو گیانبازان و سەروەرانی نیشتمان بگیرێ و منیش لەو مەرحەمەتە بێ بەری نەبم بریار نەبوو بمخەیتە حەدیقەی حیوانات، ئەم جارەش وەك ئەو جارەکە بمخەرە قەفەسی کۆتریکەوە و ماریکم ئاوقەکە دواییش ناوی بنی ڕوداوی ڕیوایە، بلێ ڕیوایە هەموو

چێژەکانی لە نائاسایی بوونی کتوپرە کانیدایە من بەم کتوپرە گوووایییانە ڕشانەوەم دێ لە ناکاو ڕەسمی زاماری جانەوەرێکمان ئەدەنێ کە خۆمانین.من نایکەم سەو لاپەرە پتریش چاوەرێ کەن خۆم ناکەم بە هۆلیکدا کە سەرەتا بە لافیتە بۆ گەنەکانیدا دیارە چ گەندەلاَنیکە.

تو ئەبی بچی ئەوەجەبرێکە و لە ناخی تۆ دایە تو ئادەمیکی بە هەموو هەست و نەست وحەز و ناحەزەکانی ئادەمیزاوەوە، بیرت نەچێ پیداویستی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەكانی تۆلەناو ئاگریشدا بێ ئەبێ خۆتی تێ هەڵدەی.

_ ئاخرتو .... بە بروای تۆ كام مرۆڤە حەزبە نەبوونی چاو دەكات؟

_ كەس

_ كام ئادەمی لە پەنجەكانی بێزارە؟

_ كێ حەزئەكات لە گویچكەوە گمێز بكات؟

_ یان كێ رازی یە بە دەمی گوو بكات؟

_ كەس، كەس، كەس.

_ ئەی بۆ چی ئەمخەیتە ناو ئەم زێرابستانەوە، بۆ قەساب ئاسا قەڵەمێكت تیژ كردووە و گەركتە بۆ رۆنانی ئایەتە قۆرەكانی خۆت بە دەستی خۆم قوربانیم كەی، ئەڵێ ئیبراهیم رازی بوو بەسەر برینی ئیسماعیل، رەنگە لە چەلەحانییكی ئاواهادا خوای پەشیمان كردبێتەوە. نا، نا، دڵنیام منیش ئەتوانم بەربەم موجیزەیە بگرم، تۆیش ئەتوانی خواوەند ئاسا ڕیوایەتەكان بە ئاقاریكی تر داببەی ئەتوانی، ئا، ئەتوانی، لە كۆڵی من بكەوی.

تۆ زۆر سەپۆلی وائەزانی ئەسپی هاوساروكەم؟ سەگی دەسەمۆكراوی گرفتاری دەسی من بێ تۆ تەنیا حەزت لە شیرینی و چكلیت و مۆز و جەنها خواردەمەنی ترە ئەگەر پاسەوانی دەرگاكە بهێڵێ تۆی ساغ و سلامەت بچیتە ئەو هۆڵەوە، تازە بە ئارەزووت دەگەی، وائەزانی زۆر زووهاتویی ریوایەخەریكە تەواو ئەبێ، حەپۆل من كە لە سەرەتاوە هاوار هاوارمە ئاوای لێ نەكەن خەریكە تەماشای كۆتاییەكەی ئەكەم تویش رەنگە بتوانی خوت بچرێنی بە گیانبازیكەوە و بچیتە ژوورەوە، رەنگە پێت بزانن و دەرت كەن و دوای چەنها تەلاتون سەرت سپی بێ، رەنگە بچیت و دەم بە بزە بێیتە دەرەوە، رەنگە نەچیت و ئازییەت باربی، رەنگە، رەنگە، رەنگە من تەنیا زیتەزیت ئەنوارم وسەیرترین شوێنەكانی تۆمار ئەكەم. گرینگ ئەوەیە هەوسارێكی دیار بە دەمانەوە نییە كە وابوو، ئەم رێوایە ئەبێ تۆماربگرێ، تو چنگە پروزكێی خۆت بكە و منیش چاوەرێ ئەكەم بزانم چێت بە سەردێ. جوان بێ یان ناشیرین قەڵەمەكەی منیش جوانی و ناشیرینییەكانی تۆ كۆپی دەكات و دەی داتەوە بەخۆت.

ئەوە چییە حەپۆل گەمژە، خولە خەپان، بۆ دنكێ چكلێت بۆ خۆت داوەلە كەڕی هەڵێ كەرە گیژهەڵێ ئاژیری خەتەر ئەوەتا بەڵەنگۆكان هاوار دەكەن لە پەنای ئەو حەسارەدا رامەوەستن. ئەوەتا چكلێتە كانیشیان رژاند. هەڵێ داماو ئەوانە شەڕ كەڕی كردوون، تۆ بۆ خۆت كەڕ ئەكەی دەی راكە نەفام هەموو كارەساتێ رووخانی دیوارێ نییە، من حەز بە رووخانی ئەو دیوارە ناكەم، نا، حەز ناكەم بەم زووە بتۆپێ.

ژمارەی حەوتی رۆژنامەی لەگەل گیانبازان دا وتارگەلیكی لەسەر نەورۆژ پیرۆزەو چی كردن لەگەڵ مەسخەرە بلاو كردبووەو، لێرەدا كورتە یەك لەووتارانە دەخەمە بەر دیدەی خوێنەران. زۆربەی وتارەكان بە شێوازێكی قۆڕ لە نێوان فەرموودەكانی سەرۆك و قسەكانی خۆیاندا گیریان كردبوو، بۆ نموونە وتاری پۆلی وێنەكێشەكان، بەفەرموودەكانی یەكێ لە گیانبازەكانەوە دەست پێ دەكات كە كاتی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەر بە وێنەکێشی خۆین ناوبانگی پەیا کردبوو، تیایدا دەڵێ ئەگەرچی ڕەنگی گولیم لێ نیشتووە و دەردی ناعیلاجم هەیە بەڵام خۆم بە هاوئاستی پیکاسۆ ئەزانم، چونکە من دوژمن بە ڕەگەزی گورگ ئەزانم، ئەوانە ڕەگەزێکن زەمانێ سۆزانییێکیان لەگەڵ گورگێك دا نزیکی کردوەو لەو ڕێگەیەوە بوون بە گورگ، بۆیە ئیستاش کە ڕەنگی گولیم لێ نیشتووە، دیسان فەخربەوەوە دەکەم چەن هەزار گورگم تۆ پاندووە، ئەگەریش بتوانم باشترین شێوازەکانی تۆپاندنیان بە ڕۆڵەکانمان دەلێمەوە لە ئاکامدا بەوە گەیشتبوو کە حاشاهەڵنەگرە کە شەر و یادگارەکانی بەرگی زێرینە و کەسایەتییە گەورەکانی ئەم هەرێمە خوڵقاندویانە و ڕەگەز پیسی دوژمن ئاشکرایە، بەڵام هێنانی جەماعەتێ لە گیانبازان کەلەبەریزترین گیانبازەکانی شەریشن کاریگەری جوانی لەسەر لاوەکان نابێ، لاوەکان کە بێ تەجرەبە و هەرزە و نوکتەبازن بە دیتنی بەریزیك وەك فەتحوڵاخانی حەداد کەلە شەڕی پیرۆزی زولفەقاردا وای لێهاتووە کە مەجبورە لە دەمیەوە گوویکات بەلاوە بێ تەجرەبەکان تامڵ ناکرێ و جەنجاڵی قەلب و قوڕی لێ دەوەشێتەوە و لاوەکان لە قارەمانیەتی گیانبازان دەتەوەسێنێتەوە. وتارێکی تر لەژێر ناوی" پیاو هەرزەیی ناناسێ" ئاوا دەستی پێ کردبوو، شەر لەگەڵ پیاودا بە پیاو دەکرێ، پیاو ئەو شەرکەرە سەرکەوتووەیە کە لە شەرە خۆش و ناخۆشە کانی لەگەڵ ئافرەتدا هەمیشە چەکی پێ بووە و هەمیشەیش ئافرەتی بە هەموو ناز و نوزەکانیەوە مەجبور کردوە کە گوڕپانی بێوپیاوی لێ بوە

شیتەوە، پیاو ئەو شەری بە سەراسەپاوە وەك ژن کە مەجبورە بەو ئێشە، کەوا بوو شەڕ لەزەت و خۆشی و ناخۆشی تایبەت بە خۆیی هەیە. ئەو ئافرەتە شەڕ نەکاو بە هەموو ناخۆشییەکانیەوە لەبەرانبەر پیاودا لنگ بەرز نەکاتەوە منالی نابێ، کوڕێك کە شەڕی پێ بکا، یان کچۆلەیەك کە لە بەرانبەر نا پیاوییەکانی شووەکەیدا کاری خراپی پێ بکا و ئابرووی شووەکەیی پێ ببات کەوا بوو شەر جوانییێکی سروشتیە و ئەگەر شەڕ نەکەی وەجاخ کوێر ئەبی و ئەگەر کەس شەرت لەگەڵ نەکات تەنیا دەکەوی. کەوا بوو دەبێ لاوەکان بە چکلێت و خواردەمەنی بکێشینە هۆڵەکانەوە و حالییان کەین کە شەر هەموو میدانەکانی جوانە و بە هەموو شێوەیەك دەبێ ڕێز لە مەسخەرە ییەکانیشی بگرین، یەکێکی تر بەهات و هاوارەوە دەستی پێدەکرد و دەینووسی هەی غافڵ بالە بیری نەکەین ئەوانەش ساڵی پار هاتبوون، ئەو لاوە سەر لێشێواوانە بوون کە نەوسنی کێشابووینە ئەو هۆڵەوە و هەر نەوسینیش فیری لاسایی کردنەوەی مەسخەرەیی مەسخەرەموقەدەسەکانی دەکردن، ئەوان لاسایی مەسخەرە موقەدەسکانیان دەکردەوە نەك لەبەر ئەوە حەزیان لەو ئەتوارانە هەبوو، بەڵکو دەیانویست کێکێ، ساندیسێ، هەناری، لاقە مریشکێ، مشتێ پستەیان دەست کەوێ. ئەگەر زەوی وەك دۆزەخ سەخەڵەت نەبێ لاویك دێ ئەوەندە خۆی بدا لەکەری و گیانبازی تا وەك هەندێ لە کەرە موقەدەسەکان دەنگی دیوارەکە نەبیستێ تا دیوارەکە دێ بە سەریدا، دەبێ هەمووان هەوڵمان ئەوەبێ خەڵکی قانع کەین بە دۆزەخ بوونی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زەوی و هیوای بەهەشت لە دڵیاندا بچێنین ئەساسی بەرنامەی ئێمە، ئەمەیە با ئیتر ئەوەنە مەسخەرە پیروزەکان زەق نەکەینەوە، نەکا خەڵکی قێزیان لە بەهەشت بشێوێتەوە و کارەساتی راستەقینە دەست پێ کات.

روت و قوت بوو، هات مەمکەکانی وەك جووتێ قۆخ، وەك دو نارنجۆك راکێشەرو مەترسی بەخش بوون، لەشی باریك و سمتی بازنەیی ئەلێی بلوور بوو، رێك خوێ بوو، دایکم تۆزێکە دەسکاری کرا بوو و ببوو بە حۆری کە بە هەوەسەوە تێت دەڕوانی، هەموو لەشی دەبوو بە کوز، باور ناکەی هەموو لەشی کاتێ بۆتی دەروانی وەکوو گەلی سۆزانی یەك هەناسەی ئەدا و هەڵی ئەنای، ئەرێ ئەو کاتە کە من مردبووم دایکم هات و ویستی وەکوو گوونکەیەك هەویر بمشێلێ و لە خۆیا تیکەڵم کات. کە بەرچاوم رووناك بووەوە کە زیندوو بوومەوە لە نەخوشخانە بووم.

_ حەزتە بمری یان زیندوبی؟

_ حەزمە جارێك زیندوبم و دوایش بمرم.

_ زۆرتر حەزلە کامیان ئەکەی؟

_ حەزلە هەر دووکیان ئەکەم، هەر دوولایەك شتی تیایە، جارێ حەزلێرە ئەکەم کە نزیکە دوایش لە بەهەشت.

_ پێت وایە پێیان دەگەی؟

_ ئا، رێگای هەر دوولام دۆزیوەتەوە.

_ خۆت فرە بە ژیر ئەزانی؟

_ باسی ژیری نییە، باسی رێکەوتە.

_ رێکەوت؟

دەچیتە شەڕ رەنگە بە رێکەوت نەمری، بە رێکەوت ببی بە گیانباز، بە رێکەوت شەهید ببی و ببی بە ساحێبی حۆری.

_ ئەی خۆت ، خۆت رۆڵت چییە؟

_ خۆشت بە دوای رێکەوتەکاندا دەگەڕێی؟

_ بەراستی سەیرە.

سەیری چییە؟ تۆیش تۆماری کە، شایەد بەرێکەوت نووسەرێ گەورەت لێ دەرچوو.

هۆڵەکە تا دەهات زیاتر قەرەباڵغ ئەبوو. لە ناکاو قرم و قاڵ و بۆلەبۆلێ کەوتە ناو گیانبازانەو، کەتبوونە چەلەحانی لەسەر مێژوو و ڕوداوەکانی شەڕ، کۆنترین جەنگاوەرەکان نوکتەی کاتێ دەگێرنەوەکە ژنراڵ شیرازی تازەکەر بووەو، کە تەیارەکانی دوژمن هێرشیان کردوە، دەسی کردوە بە دەسووردان:

دەی کەر کەرینە لەزەوی و دەریاوە هێرش بەرنە سەریان. تا سەربازێ دەڵێ:

قوربان، جەنابتان کەریەتی زۆری بۆ هێناون ئەوان لە ئاسمانەوە هێرشیان کردوەتە سەرمان، جەنابت دەفەرمووی لە زەوی و دەریاوە هێرش کەنە سەریان. یادی بەخێر لەوکاتا ژەنراڵ بە هەموو ئیمانیکەوە دەزەرێنیو جووتەیەك دەدات لەو سەربازە، ئیتر لەو رۆژەوە نەك هەر سەربازەکان، تەنانەت ئیمان سس و سەر گێشەکانی ناو خەڵکیش حسابی کاردێتە دەسیان.

لە ناکاو بەلەنگۆکە کەوتوە ئیش و داوایان لە گیانبازان کرد تا بۆیان دەکرێ حەپە حەپە و سەرە سەڕ، لورە لورو .... پیروزە کانیان راگرن، چوونکە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆچەن چرکەیەك جەنابی سەرۆك لە سەر فەلسەفەکانی نوخسانی دەدویّی سەرۆك:
نوخسانە بەرێزەکان هەموو ئایەت و حەدیس و بڕوا پیروزەکانمان ئەوەمان پیّ دەڵێن: لە بیری مەکەن بەشەرلە خۆیدا نوخسانەو ئەوکاتەش بەو حەقیقەتە بگات، دەتوانیّ تەوازوعی ئینسانی خۆی بدۆزێتەوە.
نویژ پیرۆزترین وانەی ژیانمانە، ئیمە بە نۆیژ کردن لە بەرانبەر پەروەردگار ماندا جوابی پرسیارە سەخڵەتەکانی ژیانمان دەدەینەوە و ڕای‌دەگەیەنین کە ئیمە لە بیرمانە کەعەبدو بەندەین. ئیمە هیچ نین، ئیمە تەنیا نوتگەلێکی بچکۆلەو بەش گەلێکی حەقیری دەنگی پەروەردگار نەبیّ چین؟ دەبیّ نە هێڵێن خەڵکی ئەم زەوییە گوناهبارە هیچیتی خۆیان لە بیرکەن، هەڵبەت نوخسانیش ڕێژەییە و نێرینەیی ئێمە فەزڵمان لە سەر ژنان دەخاو، خوداوەندی جەباریش ئامرازی نێربوونی پێداوین کەلە حەقیقەت دا ئامرازی جەنگاوەر بوونمانە. دەبیّ بزانین هەموو شتیکی پیّ نەداوین و ئەو نیعمەتانەش پێمانی بەخشیوە دەبیّ کەڵکی تایبەتی لیّ وەربگرین، دەبیّ لە بەرانبەر ئەو زاعیفە لەعینانەی چوونەتە ناو ریزی دوژمنان و ئیدعای تەواو بوون دەکەن بوەستینەوە. لە بەرانبەر ئەو کولّ کێشە تاونبارانە کە ئەو دنیایان لە بیر نەماوەو نەعەوزوبیلا خۆیان بە تەواو دەزانن بیّ دەنگ نەبین و نەهیلین هەر ڕەگەز پیسێك هەڵسا هەواو هە وەسی خەلافەت کەویّتە سەری وەك ئەمیرەالمومنینمان لیّ بکات. جا لە بەرانبەر هەموو ئەوانەدا خۆیان بە عەقلی کول دەزانن و ئیدیعای ئینسان بوون دەکەن، بوەستین و نە هێڵێن کەس نوخسانی خۆیی لە بیرکات و نوخسان بوونی خۆیشمانمان بیربیّ، بیرمان بیّ و فەخری پێوە بکەین. دواییش دەستە گۆجەکەی بەرز کردەوە و گوتی:
نەمان بۆ تەواوەکان سەر بەرزی بۆ نوخسانەکان.
گیانبازەکانیش بەیەك دەنگ و بەلەحنی تایبەتی خۆیان دووپاتیان کردەوە:
نەمان بۆ تەواوەکان ژیان بۆ نوخسانەکان.
چووم نەوسم هەڵی نام شەپۆلی هەوەسەکانی جەنابی نووسەرپاڵی پێوەنام یان چارەنووسم وابوو؟ بەهەر حالّ چاوێکم دابوو لە کۆێری و خۆم کز کردبوو بەو هیواوە کە بەزەییان بێتەوە پیامدا و پیاڵەیەك شەربەتم بدەنیّ، تا دەهات ڕەنگی زەردم سەرنجی تەدارەك چەیەکە راکێشیّ.کەرێك دەهاتە زەرین. کاتی بە هەزار بەدبەختی جامێك شۆربام دەس ئەکەوت یەکێك دەمی دەنایە سەروپری دەکرد لە گوو، دیسان بە هەزار بەوبەختی و خۆبە کەرو، کەرو، کوێر کردن پلیّ گۆشتم دەس ئەکەوت کەچی گیانبازیّ کە بە سەریەوە نوسرا بوو قارەمانی وەلفەجر بە شێوازێکی ترسناك دەی میاواند و چرنووکی لیّ ئەگرتم تا ماندو دەبووم و ئەوەیشی لە چنگم دەر ئەکێشا، دەکەوتمە ژێر پێلەقەی ورچێك و لەوکاتەدا کە بە هەزار فەلاکەت و لەژیرسکی ورچەوە پێشەلانێکم دەس ئەکەوت بە دەم حەوەی سەگێکەوە ئەویشم لە دەس ئەدا، چنگ و پەلم خەڵتانی خوێن ئەبوون بە هەموو توانایەکمەوە ئەمقیژاند داعباکان لێم نەدەگەیشتن ئاوانەش ڕەنگی ئادەمیزاد بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رویانەوە مابوو یان کەربوون یان کوێر. کوێریک گوتی:
دەنگت زۆر ئاشنایە دەبێ لەم شەرانەی ئەخیردا فەلەج
بووبیت. گوتم
نەوەڵا زیاتر عاسیم، ئەوە چەن خواردەمەنیم دەس کەوت کە چی ئەم جروجانەوەرانە، خێرا گوتی:
جانەوەرە مەقەدەسەکان گوتم:
جانەوەرە مەقەدەسەکان لە چنگیان سەندم، خۆ نایشتوانن بنیامانە بیبەن،

سەگیك وا قەپی کرد بە دەسما هێندەی نەما بوو قامکەکانیشم لەگەڵ خۆی بەرێ. گوتی:
کورم ئەوە مافی خۆیەتی ئەوەلە زولفەقاری سێدا بە سەگی حەوت چاو ناو بانگی پەیاکرد بوو، دەرزی چاوپێ کەوتایە حەپەی لێوە ئەهات مەعاونی فەرماندە بوو ئەوەندە دەمێ بوو لەگەڵ فەرماندەیا بوو عادەتی کردبوو بحەپێنێ ئایی... یادی بەخێر بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە سەگی ڕاستەقینەش بی حەپاندایە بە قەدەر سووکە حەپەیێکی ئەم سامی نەبوو.





PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# فەرموێ ئەمەێ ئامارەکە

شێوەی دانیشتنەکەیان دیمەنی خۆشەویستێکی دێرینە ساڵی نیشاندەدا، گەرکەسێکی وردوو بەسەرنج بوایت، لەوچرکەساتەی ئەوی غەوارە شێوەی تەمەن سەرو چل ساڵان بۆ ئەمی هاوتەمەنی دەدوا، یا وەکو چیوات دەبارەی ئەو خۆشەویستییە نەزانیایە، بەڵام هێندەت هەستدەکرد دڵیان نەبێ هیچ پێوەرێکی دی بۆ کات نەمابوو، لە یەکتر رادەمان وزەمەن دیگێڕانەوە بۆ ساڵانی دوور، دزە نیگایەك لەو ویقارەی هەر جارێك بە ڕەوت و ئەدگارەکانیانەوە سیمای ئەمی نیشاندەدا وەك پزیسکی نێو خۆڵە مێشێکی ڕۆمردوو بە دەر دەکەوت.

کاتێکی بە خۆتدا شکایتەوە:_ هەستە بچۆ دەرەوە پێدەچیت ڕۆژگار چەند ساڵانی تێپەڕاندبێ تا ئەم ژوانە پەڕاوی یادەوەر ئاسایەی ڕێکخستبێ، لێیان گەڕێ گەر بۆ دوا جاریشبێت دوای ئەمەندە ساڵان شنە بای زەنگی بیرەوەرییەکان پەرەی یادیان ئەمدیو ئەودیو پێبکات، ڕەنگە ڕۆژی خۆی بایی ئەمەندە ساڵانی سۆزو خۆشەویستی پێبەخشیبێ گەرنا خۆ دەریای ئەم حەزە شێتە چکی لێدەبڕا، چەند ئەستەمە ئەوەی جێماندێڵێت تا مردن چاوەڕێی بینینەوەی دەکەین!... نەشدەکرا بڕۆیتە دەرەوە کاری ئەو ڕۆژە جێبهێلیت. لەگەڵ ئەو پەیمانە چیت پێدەکرا؟ کە سەر لە بەیانی بە بەرێوبەرەکەت دابوو لە دەژمێر دوانزەونیو بەرەنجامی ئاماری مانگانەی لەبەر دەستداەنێیت. بێجێگەورێگەیی فەرمانگەکەو لەبارکردنی ژوانگەکەش پێویستی بە مانەوەت بوو، تاچاوانی ئەم نەکەوتبایە بەرچاوەچاوی کێبێوکێ نەیەت، ئەوەندەی کراسێ کچە هاوەڵەکەی هاوکارت ئیزنداو ئەوانیش بە دەمەتەقێ تریقەیان لێداو ڕۆیشتن. ڕەنگە قەدەر دەستی لە نووسینی ئەم چیرۆکەدا هەبووبێ، ئەوڕۆژە دەبوو سەفەرتبکردایە، بەڵام ڕێنەکەوتنی سەفەر ئەو تۆنە بێگەرد و ڕەوانە لەکاتی ئاخاوتندا جۆرێك لە دڵنیای دەبەخشی، بێ ئەوەی هەستی بوونی کەسێکیدی لەو ژوورەدا کە لایەنی سێهەمی پێکدەهێنا سەرنجی ڕابکێشێت، یارەنگە درێژیی ڕۆژو ساڵەکان کارێکیان پێکردبێت ئەوکەشەی بیرچووبێتەوە کە عاشقان پیادەی دەکەن یان پێکدادانی شارستانیتیەکان ئەو باوانەی لابێ بەها کردبێ و بەهەندی نەگرێ یا ئەوەتا ئەم بێباکیە لە سۆنگەی چاوی ئەمەوە بووبێ بۆ دڵنیایی بە ئەوی گوتبێ، تاهەنوکەش دەڵێم: " ئای ڤانکوغ لەوێ نەبوویت تا ساتی هاتنە ژوورەوەی بەپەرە

ن : فەوزیە مەنمی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مووچەکت ڕەنگی وشەکان بە جۆرێك ڕیکیخەیت تا ئێستی ئانو ساتی دوای ئەوەندە ساڵن بە تابلۆیەك بگێڕیتەوە".

ڕەنگی سیمایان ڕووی ڕاستەقینەی بێگەردی خۆی لە دەست دابوو، ئەوانت بە دوو هووما دەچوانت بەیانیان بەرووی مەزراو گووڵجارەکاندا لەبری خوێندن دەیان گووت:

-مەرج نییە ئەوینی ڕاستەقینە لە جەستەدا بدۆزینەوە، ئێمە ڕۆحمان ئاوێزانی یەکتری بووە.

_ لە خۆرئاوای غەم ئەنگێزی شارێکی وەکو سلێمانیش دا دەیانگوت:

_ پاش چەند ساڵن بەم ڕوخسارەوەی کە خامەی چەرمەسەری ڕۆژگار بەتان وپۆی تەوێڵماندا هێناویەتی لە بەرامبەر یەکدی دادەنیشتین و ئەوەی وتمان دەیڵێینەوە، لەسەر ڕووی یادگاریەکۆنەکان ئیمزاکان نوێ دەکەینەوە. چەند ڕۆژبوو نازانم؟ ئەوەندەنەبێ کە حەوتوویەك دەبوویان نا ئاراستەی چاوانی لێلو ئالۆزبوو، هەرکەس لە دەرگاوە ئاودیو بووایە ئەم ڕادەچڵەکی و بێواز چاوانی لە گۆشەیەکی نادیار دەگەڕا وەك هاتنە ژوورەوەی هەریەکێ لە ئەو بترازێ مەبەستی نەپێکابێ. کاتێکی مرۆ کانیاوی خۆشەویستی لەدەروونیدا هەڵدەقووڵێ هەردەم هەست بە تەنیایی دەکات ولەهاتن وبینینی خۆشەویستەکەی بەولاوە کەسی دی مەبەستی ناپێکێ.

ئەویش دوای ئەو نائومێدیەی کە توشی لاوانی شار هاتبوو لە بەرئەنجامی بێکاری و شەڕی ناوخۆ ولاتیان بە جێی مەلی دڵیان دانەدەناو زێدی خۆی بە جێهێشتبوو هاتنەوەکەی لەم شارەدا بۆ ئێرە نەبێ زنجیرەی نەپساوی هەنگاوی مەرگە بەرەو گۆڕستانەکەی بەرامبەر جامیعەدا کە کاولاشی ڕۆژانێکی ژوان بوو نەچووبایە، بەڵام هەیهات خۆ دیواری بە بەرد هەڵچنراوی کەوشەنێکی دروستکردبوو، ڕەق وەك ئەودیوارو کەوشەنەی کە ڕۆژەکان بەرووی ئەم و هەزارنا هەلیان چنیبوو، جێژوانی لێوون دەکرد. سەرباری سەرقالێت بەکارەکەتەوە جارجارە دەستەواژەو ڕستەی سەرنج ڕاکێش دیگەرانیتەوە بۆ ساڵانی حەفتاو بۆنی دۆزینەوەی نامەی نێو بوخچەی کچۆڵەیەکی لێدەهات کەبەو مێژووەشەوە هێشتا گەردو تۆزی ئەم زەمینە چڵکنەی لێنەنیشتبوو، سەیرە ئەوشۆ خۆت شەرم لەخۆت دەکەیت کاتێکی وەبیری دێنیتەوە نەئاماری مانگانت بۆکراو نە دەژمێر دوانزەونیو سەرت بەژووری بەرێوبەردا کرد، تەنها ئەوەنەبێت وەك ڕیکۆردەر ئەو چرکە ساتانەت لە مێشکتدا بۆ تۆمارکرا. کە هاتە ژوورەوە وەك بە گومانبێت لەو سیمایەی سیمای خۆشەویستێکی چەند ساڵ نەدیوویبوو

_ سۆزان خان لێرەیە؟

ئەمیش شەمزاو وەك یەکەم ئێستی بینینی

_ فەرموو کاکە منم

ئیدی زەمەن کەی و کوێبێت لای خۆشەویستان هەردەم بەهارە و لەو دەقەرە هەور دەگرمێنێت، ئێش دەگەیەنێت بەدڵ و فرمێسك دێنێ لە چاوان، خۆگەر گوڵ نەبێت لەهەر کوێ خونچەیەکی باغەی سور بۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگریجەو لاجانگەکانی لە گوڵدانە دێرینەکەی دایکی دەکاتەوە و بۆ خۆشەویستەکەی دەبات.

ئەم یەکەم قسەی بەر لە چاك و خۆشی و بەخێرهاتنەوەی ئەمەبو:

_ دە رۆژە لە سلێمانیت ئێستایەیت بۆ ئێرە؟ حەوتووی رابردوو لەگەڵ باوکی منداڵەکان لەسەر چنار بووین، لە گازینۆکەی بەرامبەرمان جارانی ئاسات لە نێودنیای خەیاڵاًبوویت کە ئێمەت دی هەستایت و رۆشتی. چۆن بوو هاتی لەم بەیانیەدا منت بیرکەوتەوە!؟

ئەویش کە هێشتا جەزمەی دوای دوانزە ساڵان بەری نە دابوو گووتی:

_ سەیرە مەودای دووری نێوان دڵەکان چەند بێ بەبێ ئاگایەك دەدوێنن، هەردە رۆژ لەمەوبەربوو خەیاڵی هاتنەوە لە کەلەی دام، باوەربکە ئەم شەو گەشتوومەتە سلێمانی و یەکەم جێگەشم ئێرەیە، زۆر گۆڕاوی بە خاڵەکەی گۆناتدا نەبووایە نەم دەناسیتەوە!؟

ئەم بە بزە خەندەیەك کە لە دڵەوە هەڵدەلەرزێ:

_ ئەی تۆ بۆ وا پیربوویت، ئێمە لێرە هەموو شتێك لە دژی گەنجێتیمان خۆی مەڵاسدابو، بەرووی دۆستایەتیەوە هەموو رۆژێ وانەی پیربوونی بۆ دەوتینەوە، بە کام شەقامی شاردا هاتی؟ ئەو بەهەشتە خەیاڵیەی لە ناخماندا نەخشیمان دەکێشا، بۆ پیاسەی دەزگیرانی کوێ و کوێمان دانا؟ لە کارت فرۆشەکەی شەقامی مەولەوی وێنەی خێزانێکی ئینگلیزمان کڕی، دوو دانە بوو، من ماومە، ئەی تۆ؟

ئەو جانتا دیپلۆماسیەکەی کردەوەو وێنەیەکی دەرهێنا کە، لە کوڕو کچێك و باوك ودایکێك پێکهاتبوو، ئارایشتی زەردە خەنەیەکی نەمر لێوانی داپۆشیبوون، سەیرێکی پشتی وێنە کەی کردوو:

_ مێژووی ئەم وێنەیە کەی بوو؟

ئەم لێبڕاو بێ وەستان

_ ٩٧٤/١٢/٢٥ بوو

ئای غەریبی چی بە مرۆڤ دەکات، ئازیزانت لێدەکاتە تەنێکی بزۆزو لە دووریدا ناخ جەنجاڵدەکات و بەئازاری دێنێت، چەندەم خەم لەکاڵبوونەوەی ئیمزای خۆشەویستەکەت دەخوارد، هەندێ جار وام هەستدەکرد هەموو شتەکان لای تۆ لە کاڵبوونەوەدان.

_ ئەورۆ دروست مێژووی ئەو بەیانیە کە وەك کچەدراوسێیەك بۆلای دایکم هاتیت بەو جلە کوردیە پەمەییانەوە کە بۆ ئاهەنگی نەورۆز کردبووت، تا خونچەیەکی سوورت باتێ سەر کەزیەبەندت، ئای خۆ باخەکە خونچەی پێوە نەبوو... بیرتە؟

بێ ئاگایانە خونچەیەکی سووری باغەم لە گوڵدانەکەی دایکم بۆ هێنای؟ ... بۆم باسکردیت دایکم لە دوای رۆیشتنت،چی پێکردم!؟ تۆ شاجوانی نێو قوتابیەکانی زانکۆبوویت، ئای رۆژگار چەند وێنە کێشێکی بێبارە هەمیشە لە سرینەوەو تێکدانی سیماکان خەریکە، بەو پەرەمووچەی دەستی شەوانە سیمای رۆژ دادەپۆشێ و رۆیش سیمای ئاسمان و ئەستێرەکان. لێگەڕێ بابەبێ ئەوەی چاویلکەکەت چاوەکانت ماندووبکەن بە خوێندنەوەی بەسەرهاتێ کە حەزی پێبکەیت لە نێو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

واگۆنی ئەو ڕۆژانەوە دەستپێبکەم کە هەرگیز تۆم تیا بیر نەچوبەوە، بۆ تەنیا ساتێکیش نە دووری و نەغوربەت و نە ئەودنیاخەیاڵیەی ڕۆژئاوا شێوەتیان لێنە سەندەمەوە، خۆ دەتزانی چەندە کێ بڕکێم بوو لەگەڵ هەموو ئەو بەندو داوانەی کە باوکی بە ناو خوێندەوار پیادەی دەکرد.

بەڵام دوای شوکردنت نەمەوویست ڕێ لەبەختەوەریت بگرم، ئەوبڕیارانەی ئیمە دامان ڕۆژگار دووپاتی کردۆتەوە، منیش تۆ ئاسا دووکور و کچێکم هەیە ئەوانیش وەك ئەوانی تۆ زانکۆیان تەواو کردووە، تالێرە بووم بەهێزانە ڕوو بە ڕووی فشاری سۆز دەوەستام و دەمەوویست ئەو تابلۆ جوانەی بە دەستی خۆمان نە خشانمان وەك وێنە کێشێکی لێهاتو بەبێ ئەوەی ورۆژانی ناخمان هیچ کام لەڕەنگەکان تێکەڵ بەیەك کات، نەشێوێ ئیدی ئەمانە گرێی پرسیارێکن، بۆ نەت پرسی مەودای زەمەنی نێوانمان (١٢) ساڵە ئەم شارەت جێهیشتوە نەپەیامی نەهەوالێ؟ زۆر جار دەمەوویست بەنامەیەك هەمووئەمانەت پێبلێم، بەلام هەرگیز ئەو پەیامەی لە ناخی مرۆڤ دایە نامەتا توانێ دروست وەك ئەوەی دەتهەوێ بیگەیەنێ، بۆیە تەنها هاتنەوە ئارامی دەبەخشیە دڵم دەزانم چەند سەرکەووتوی لە پەروەردەی مناڵەکانتا تۆ ئازابووی....

بەئاشکرا هەستت دەکرد کە فشار دەخاتە سەر مێشکی بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕۆژەی گەیاندینە وە بە ئەمرۆ، کە چاوانی لەسەریەکنا تەنیا دەرفەتبوو کە سیما ڕەشتاڵەکەی لەنێوقاتەرەشەکەیدا ببینیت، وێنای کۆنە قەلایەکی جوانت لێدەکرد، دەبوایە مەلی ئەشکەنجەدراوی بەو خەمەمەوە(٢٨) ساڵی بروسکە ئاسا لەوچەند چرکەیەدا لە شەقەی باڵی بدایە، تا لەنێو کوچەی ناخی داو بەو دەنوکە سپی هەڵگەڕاوەی زەمەنی بەوکێشەو هەراو هۆریایەوە بەرەو دوا بگێڕیتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئازارێکی بە سوێی ناخبوو، ئەمیش دەمێکبوو چاوانی بڕیاری خۆیان دابوو، فرمێسکەکان وەك عاشقە ڕووتە دابارێنن تا بەرچاوی زەمەن ڕوون ببێتەوەو دوا تابلۆیان بۆ بکێشێت، کە مژۆڵەکانی هەلهێنا گووتی:

_ لەوناڵەیەی کە وەك گاکۆتر لە بریندارێدا لە دەرونت هەستا بەو هەڵ لەرزین و فرمێسکانەوە بەر گۆڕستانەکەی جامیعەمان جێهێشت من بە تەمای مانت نەبووم، تۆ مایت و جارێکی دی لە هەندەران لە دایکبوویتەوە سەرەتای سەرقاڵیم بوو بە کۆرسەکانی زمانەوە، ئەو ڕۆژەی کە ناویان خوێندمەوە هاوکات کچێکی قژ زەردی کاڵی ڕەنگ ناسك وەك شێوەو هەیکەلی تۆ بەناوی سۆزانەوە، مامۆستامان بوو، بەجۆرێك بە گژشێوەو دیمەنیدا چوو بووم دوای بۆی گێڕامەوە کە سیمای دەمووچاوم ئەوەندە پەشۆکابوو بەترسەوە پرسیاری لێکردم ئەوە چیە؟ ناکا بە کەسێکی نزیکت بچم ووزەی بەتینی عەشقتبوو دووبارە ڕۆحی کردەوە بەگیانمدا وزۆر سەرکەووتوانە خولەکەم ئەنجامدا، بۆیە پێمگوت بە کەسێکی شیرینم دەچی لە سلێمانی.

بۆ ڕۆژی دوای وەك خوویەکی هەمیشەی بەیانیان بەر لە هاتنە ژوورەوەت پیاسەیەکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەنیاناوچیمەنەکە ئارامیەکی تایبەتی پێدەبەخشیت، با سریوەی دەهات و گەڵاکان هێشتا غوباری جەنجاڵی شاری لێ نەنیشتبوو تاوێکبوورامابوویت لەگەڵ ئاسمانە نا ئاراوەکەی بەهارە بەیانیکی شارکەدا دەنگێك ئاوری پێدایتەوە:

_ بەیانیەکی جوانە، وەك لە چاوانی مناوای دەبییم، ئەرێ خانم وانیە.....

تۆش بە جەفەنگەوە پێکەنیت و ...... بۆنا بەڵام هەموو بەیانیە بەهاریەکان واجوانن!؟ یان لە دوێنێوە شار تاجەگوڵینەی حەورەنگی لە سینەو بەرۆکداوە؟

ئەو پێکەنی و گووتی:

_ ناکاشەیتان دوێنێ مشك ئاساگوێت هەڵخستبێت؟

ئامارەکەت لە ماڵەوە تەواو کرد؟

تۆش رەشنووسی ئەم چیرۆکەت دایە دەستی و کووتت:

_ ئەمە ئامارەکە!!





پیرێژنەکە لە بەر درگای ماڵەوە چاوێکی لەو سەری کۆلان کرد.

ئاخێکی هەڵکێشا و فرمێسکی سەر گۆنای بە پشتی دەستی سڕی. بایەکی ساردی دەهات کە تەزووی بە لەشی ئینسان دادێنا. رۆژ گەیشتبۆ سەر کەلەپۆیە. چەند چۆلەکەیەك لە بانێژەی ماڵەکەی رووبەروو هەڵکوورما بوون.

پیرێژنەکە بێ ئەوەی هەست بە سەرما بکا، خەیاڵ هەڵیگرت بیری لەو رۆژانە دەکردەوە کە ئەحمەد

# ئەمڕۆ من و سبەی تۆ

ن: سەلاحی ئەمانی

هێشتا ١٧ ساڵی تەواو نەکرد بوو. کە لە قوتابخانە دەگەڕاوە، یەکسەر دەچوو بۆ لای دایکی و بە هەناسە بڕکێ دەیکوت:

"دایە. دایە...ئەمروش ئەو ژنە هەر وا چاوی لێدەکردم. دەتکوت دەیهەوێ قسەیەکم پێ بڵێ. زۆر بەزەییم پێی دادێ. تۆ بڵێی شێت نەبێ؟"

_شێتی چی کورم، لە خۆوە بۆ بە خەڵك دەڵێی شێت؟

ئەی دەنا بۆ وا چاوی لێدەکردم؟ تۆ نازانی چۆنە هەتا لە چاوی گوم دەبم، هەر چاوم لێدەکا.ئەو رۆ هەستم کرد دێت بە دوامدا بۆیە نەختێك ترس دایگرتم.

دایکی ئەحمەد بە دەنگی کرمەکرمی ئەو سەهۆڵانەی لە ژێر پێی چەند منداڵێك دا کە هاتبوونە ناو کۆڵانەکەوە، هەودای خەیاڵی پچرا. منداڵەکان کە ببوونەدوودەستەوە و هەریەکەوکوتە دارێکی بەدەستەوەبوو، بەرەویەك سێرەیان دەگرت و هەرایان لە یەکتر دەکرد:

" تەق.. تەق.. کوژرای.."

وە کاتێك گەیشتنە لای پیرێژنەکە هەرایان کرد:

"پوورەخەجێ! پوورەخەجێ! بڕۆوە ژوورێ دەنا دەکوژرێی شەر دەستی پێکردوە."

دایکی ئەحمەد بزەیەکی هاتێ و هەرای کردن:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوە چیە دەڵێی میرات بەش دەکەن وەرن بزانم ئەو هەراو هەنگەمەیەتان لە چیە خەریکی چین؟

منداڵەکان کوتە دارەکانیان لە ناو لینگیان ناو، قامچیە خەیالێکانیان کێشا بە سەر پشتی ئەسپە دارینەکانیان دا و لە حالێك دا کە دەنگیان لە خۆیان دەردێنا،

بە غاردان بەرەو پیرێژنەکە هاتن:

وڕڕڕ.... حە ن ن ن...

و بە دەوریدا وەك مێشەنگوین پوورەیان بەست.

یەکێك لە مناڵەکان کە خۆی وەك فەرماندەیەك بە پیرێژنەکە ناساندو وتی:

ئێمە پێشمەرگەین دایە خەجێ ئەوانە درۆ دەکەن و پیشمەرگە نین ئێمە خەریکی کایە کردن بووین کە هێرشیان کردە سەرمان."

منداڵەکانی‌تر هەر یەکەو لە لایەکەوە دەستیان کرد بە دەنگە دەنگ و هەرا هەرا: "نا، نا درۆ دەکا ئێمە پێشمەرگەین ئێمە پێشمەرگەین ئێمە لەوێوە دەوریشتین کەلەنەکاو هێرشیان بۆ کردین. "درۆ دەکەن درۆ دەکەن.

دایکی ئەحمەد دەستی لە کەلەکەی ناو بە تووڕەییەوە وتی:

"باشە راوەستن مێشکی سەرتان خواردم ئینسان نازانێ بروا بە کامەتان بکا هەمووتان زمانتان دەڵێی مارە. جا باشە ئەگەر هەمووتان پێشمەرگەن ئەی ئەو شەر و هەڵڵایەتان لە چیە؟!

منداڵەکان هەر یەکەو لە لایەکەوە هەڵیدایە:

ئێمە پێشمەرگەین ئێمە پێشمەرگەین. وەلە حالێك دا کە بە تفەنگە قەستینەکانیان تەقەیان لە یەکتر دەکرد، بە هەڵەداوان و قاوقیژ و جنێو دان کولانەکەیان چۆل کرد.

بە رویشتنی مناڵەکان هێوری و ئارامی گەراوە بۆ کۆلانەکە پیریژنەکە سەری هەڵێناو چاوی بریە هەتاو کە دەتکوت کێوەکان لە سەرمانا لە ئامیزیان گرتوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# من و حەوا

ن : مینا ئەسەدی
و : کەیوان ئەفروز



من: دەس پێ بکەین؟

حەوا: چ شتێك

من: وت وویژەکە

حەوا: ئەها... دەبێ چ بڵێین و ببیسین؟ ئەووت وویژە سەبارەت بە چییە؟

من: سەبارەت بە ئێوەجنسی دووهەم: نیوەکەی تر: هاوسەر، دایك و ...

حەوا: لە نێو خۆماندا دەمێنیتەوە؟ ناگاتە جێیەکی تر؟

من: ئا .... بەڵێ حەتمەن لە نێو خۆماندا دەمێنێتەوە!

حەوا: دەتوانم باوەرت پێ بکەم؟

من: باوەر؟ بەڵێ دڵنیابە

حەوا: باشە دەس پێ بکەین: بەلأم لە کوێوە دەس پێ بکەین؟

من: لەسەرەتای خڵقەتی تۆوە

حەوا: لەبارەی خۆمەوە دەبێ بڵێم ئەمن هەر ئەو حەوایەفریوخواردوەم کە قەدری بەهەشتم نەزانی و لەئاسمانـــــــی پڕشکۆ راگەیشتمە زەوی پڕمەینەت

من: شۆخیێ دەکەی مەگەر تۆ فریو خواردووی یا فریوکار؟ لە مێژوو داهاتووە کە حەوا: ئەو ئادەمەی کە فریشتەیەکی پاك بووە، بە سێوێکی سوور فریوی داوە و ئادەم بە ئیشقی وی لە بەهەشت دەرکراوە.

حەوا: ئەتۆش باوەر بەو قسانە دەکەی؟ ئەو مێژوونووسە درۆزنانە ئەو قسە هیچ و پوچەیان ساز کردووە.

من: باشە ئەتۆ دەتهەوێ بڵێی کە تاوانبار نەبووی؟

حەوا: بێ زەحمەت بۆم روون بکەوە هەتا بزانم بە دوای تاوانبار دادەگەرێن یان بە دوای راستیەکان دا؟

من: دیارە کە لە راستیەکان دەگەڕێم، بەلأم راستیەکەی ئەوەیە کە کەمێك گێژ بووم چونکە لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مێژووی هەموو دینەئاسمانیەکان داهاتووە کە حەوا بە لەنجە گەرییەکانی ئادەمی فریوداوە و بۆتە هۆی دەرکرانی ئەو لە بەهەشتی خودا.

حەوا: ئەتۆ بۆ دەبێ هەر شتێکی کە خوێندتەوە باوەڕی پی بکەی حەوای بێچارە کەی حاڵ و حەوسەلەو تەنانەت کاتی عیشوە گەری بووە.

من: مەگەر حەوا لە بەهشت دا چی دەکرد کە حاڵ و حەوسەلەی ئەو کارانەی نەبووە؟

حەوا: چی دەکرد؟ هەموو کارێك گەسك لێدان، لیباس دورین، هێنان و بردن و قبولی تەواوی فەرمایشاتی بارەگای خوداوەندی تەبارەك و تەعالا.

من: کێ ئەو هەموو کارەی خستبۆ ئەستۆی حەوا؟

حەوا: خوای عەززو وەجەل

من: بۆ باوەڕ پێ کردن نابێ: ئەدی بۆ خودا کاری بە ئادەم نەدەدا؟

حەوا: بۆ پێکەنین دەبێ سەرە رای ئەوەی کە ئەو هەموو ئیدیعایەت هەیە ئەو گشتە پرسیارە بێ سەرەوبەرەیە دەکەن مەگەر نازانن کە خوا پیاوە و لە هاوجنسانی خۆی پشتیوانی دەکا.

من: ناباوەر ناکەم کە خوا کارێکی وابکا.

حەوا: باوەر مەکەن بەلاّم خودا ئەو کارەی کردووە

من: باشە کێ دەڵێ کە خودا پیاوە؟

حەوا: زۆر شت ناوترێن هەست پێ دەکرێن دەبیندرێن!

من: یانی تۆ دیوتە و هەستت کردووە کە خودا پیاوە؟

حەوا: ئەتۆ چەندە ڕۆژنامەنوسێکی بێ توانای مەگەر کارەکانی خودا نابینی؟

ببورە کە قسەکانم بری، ئەها دەمکوت کە من هەرئەو حەوا فریو خواردووەم کە لە بەهەشت دەرکرام و پێم نایە سەرزەوی خاکی...

من: بەداخەوەی ؟ مەگەر لەوێ خۆشت رادەبوارد؟

حەوا: هێندەش سادەمەبە :بەداخەوە بوون بۆچی: چۆن لەبەهەشتی "مروۆ سالار" دا خۆشم لا بوگزەرێ؟

من: بۆ لەبەهەشت دا ئادەم سالاری بوو؟

حەوا: ئەی چی، پێت وایە حەوا سالاری بووە ئەگەر حەوا سالاری بوایە سەرەرای ئەوەی کە باری گوناهی ئادەم لەسکی داشەق و پیلاقەی دەهاویشت مێژوونوسان نەیاندەتوانی ئەوەندەی لە سەروسەکتی بدەن و ئەوەندەیان تۆمەتبار نەدەکرد حەوا لە سەر باری تاوانی ئادەم هەڵنوساو شل وکوت لە گۆشەیەك کەوتبوو ئەوکات مێژوونوسەکانیش کە هەموویان هاو جنسی ئادەم بوون بە هەزار فێڵ وکەڵەك ئەودرۆیەیان دەرخواردی خەڵك دا کە ئادەم فریشتەیەکی پاك بووە و بێ گوناه، بەلاّم حەوا ناپاك و فریوکار بوو، من نە تەنیا لە بەر دەرکرانم لە بەهەشت دڵ ئێشاونەبووم تەنانەت خۆشحاڵیش بووم، وام بیر کردووە کە دوای ئەوەی کە باری گوناهی ئادەمم بوو و بە خۆشی و شادییەوە گەشت و گوزاردەکەم و گۆی زەوی هەنگاو بە هەنگاو دەگەرێم، چ خەیاڵێکی پووچ، بەلاّم باری گوناهی ئادەم! باری تاوان ئەوەندەی مشت و شەق لێدام کە هیچکوێم بێ ئێش نەمابوو واتێکچووبووم کەئادەم مەجبور بوو پەیوەندی لەگەڵ جوبرەئیل بگرێ و رێگا چارەی لێ بوێ:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جوبرەئیلیش فەرمووی کە ئەوبارە تاوانە دوای ٩ مانگ و ٩ رۆژ و ٩ سەعات و ٩ دەقیقە و ٩ سانیە دەگات و دەکەوێ و دواتر حەوا وەك ئەوەڵێی لێدێتەوە.

من: باشە دوای ٩ مانگ و ٩ رۆژ و ٩ سەعات و ٩ دەقیقە و ٩ سانیە چ رووی دا؟

حەوا: دیارە ئیتر ئێشێکی زۆر رووی تێکردم ئەوەندە گریام و بەخۆم دادا و نالاندم کە ئادەم ترسی لێ نیشتبوو بەڵام بە جیێ ئەوەی کە دڵخۆشیم بداتەوە و یارمەتیم بکا دایم دەیووت چاوت کوێر بێ وپشتت شکێ ئەگەر واتدەزانی لەگەڵم نەهاتبای.

من: دەی راستی وتووە کەسێك کارێك بکا دەبێ تاوانەکەشی قبوڵکا.

حەوا: ئەتۆ ئیتر بۆ لاینگری لە ئادەم و دارو دەستەکەی دەکەی: چی راست وتووە ئاخرئەتو نازانی ئەوکارەساتە چۆن رووی داوە.

من: نا:نازانم بێ زەحمەت بۆم باس بکە؟

حەوا: رۆژی رووداوەکە کارێکی زۆرم کرد بوو تەواوی لەشم دەهێشا وئەوەندەم لیباس و شت وەکی چڵکنی خودا و کەس و کارەکەییم شۆرد بوو: نووکی هەموو قامکەکانم دێشا و لەبن دارێك دانیشتبووم و گلەییم لە بەختی رەشی خۆم دەکرد و دەمنالاند کە لە پرسەرو کەللەی ئادەم وە دیار کەوت.

من: ببورە کە قسەکەت دەبرم بەڵام دەکرێ پێم بڵێی کە بۆ بەو عیشقبازییە کە هەردووکتان لە سەری رێك کەوتبوون دەڵێی کارەسات؟

حەوا: کێ بە تۆی کوتووە کە ئەو ئیشقبازییە بەرەزایەت وریککەوتن کراوە. لەوانەیە دیسان بڵێی مێژوونوسەکان.

من: بەڵێ مێژوو نووسەکان

"هەلدەستێ" ئەمنی سادە کاتی خۆم بۆکێ داناوە دەی باشە ئەگەر مێژوونووسەکان هەموو شتیکیان باس کردووە و تۆش دەرجا باوەرت پێکردون ئیتر بۆ مزاحیمی من دەبی؟

"دەس پاچە" تەمەننا دەکەم فەرموو دانیشە قەولت پێ دەدەم کە ئیتر نیۆی درۆزنەکانی میژوو نەهێنم: دریژەی پێ بدە تەمەننادەکەم.

حەوا: ئادەم دەستی کرد بەدڵخۆشی دانەوە ولاواندنەوەی من و دەستەکانمی گرت و ووتی حەیفە ئەو دەستە جوانانە قەلشیوو ئەستووربوون حەیف بۆ جوانی تۆ کە بە شیوەیەکی بێ رەحمانە لە دەس دەچی، ئەمن دەستم لە دەستەکانی وی دەرهێناو ووتم دەستت لابە چیت لە ژێر سەردایە؟ ئادەم سوور هەڵگەرا و ووتی مەبەستێکی خراپم نییە باوەرکە دڵم بۆت دەسووتێ کاتێك کە دەبینم خودا ئەو هەموو کارە لە تۆ دەکێشێ نارەحەت دەبم ئاخر ئینسافیش شتێکی باشە منیش وردە وردە نەرم بووم ئادەم کە منی بێ دەنگ و ئارام دیت بە نەرمی وتی ئێرە کە ئێمەی لێ دانیشتوین جییەکی باش نییە چونکە هەموو رۆژێ لای ئیوارە جوبرەئیل و میکائیل و عیزرائیل لێرەوە رەد دەبن و دەشزانی کە ئەو سێ کەسە چاووگۆیی خودان و هەموو شتێکی چکۆلە و گەورە لای ئەو باس دەکەن لێم پرسی دەتهەوەێ بڵێی کە ئەوانە سیخورن؟ ئادەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەستی کێشام و لە جێی خۆم بەرزی کردمەوە و بە یەواشی ووتی وست ئەگەر ببیسن هەللایەك بەر پا دەبێ، دوای ساتێك ئەمنی کێشایە پشت دارەکان و خەریکی کاری خۆی بوو. یانی هەر ئەو کارەی کە میژوونووسەکان شەرمێونانە نێویان ناوە "سێو خواردن" کەمێکی مابوو کارەکەمان تەواو بێ گوێمان لە دەنگێك بوو هەر کەسەرمان هەلێنا جوبرەئیل و میکاییل و ئیزائیلمان دی کە سەر سوور ماوو توورە چاویان لی دەکردین.

من: دەی دوایە؟

حەوا: دوایە لە لایەن ئەو سێ جاسوسەوە ئەو خەبەرە بە خودا راگەیەندرا و ئەمن و ئادەم کەوتینەبەر توورەیی ئەوو لە بەهەشت دەرکراین

من: ئاوا بە ئاسانی لە بەهەشت دا دەرکران؟ باشە هەر چونکە ئەوەلێن جار بوو کە لە بەهەشت دا دوو نەفەر پێکەوە سێویان خواردبوو بە بێ تەوبیخێك یا تەنبیهێك یا هاندانێك لەوێ دەرکران؟

حەوا: ئەگەر دەتهەوی رووداوەکان هەموو بۆ بگێرمەوە ئەوە کاتێکی زۆری دەوێ کە ئەویش لە تاقەتی تۆدا نییە.

من: ئیختیارت هەیە ئەمن هەر بۆ ئەوە هاتوم تاکوو لەکەمالّی سەبروو حەوسەلە دا گوێ بدەمە قسەکانت

حەوا: باشە ئەگەر وایە گوێ بدە بە تەواوی کارەساتەکە لەوکاتەدا بە فیکەی جۆبرئیل لە چاوترووکانێکدا مەئمورانی بەهەشت رژانە سەرمان و بە تاوانی فەحشا و پەرەپێدانی فەساد لە زیندانی بەهەشتیان کردین و هەتا رۆژی مەحاکمە ئەمن لە زیندانی یەك نەفەری دا بووم.

من: یانی هەتا رۆژی دادگایی ئادەمت نەدیت؟

حەوا: نا ملاقات کردنی من مەمنوع بوو تەنیا جار ناجارێك نیگابانی زیندان دەهات و دوای کەمێك گاڵتە پێ کردن و قسەی ناخۆش تیکە نانێکی بۆدەهاویشتم و دەرۆیشت.

من: باسی رۆژی دادگاییم بۆبکە.

حەوا: ئەو رۆژە منیان زنجیرپیچ کردوو هەتا ژوری دادگای رایانکیشام بەلام هەر کە بردیانمە ژورێ و نوینەری خودا چاوی بە من کەوت هاواری کردو ووتی چاوبەندێکم بۆ بێنن هەتا چاوم بەو نانەجیبەنەکەوێ چەند نەفەرێك رۆیشتن و پارچەیەکی رەشیان هێناو چاوی نوینەری خودایان بەست و دوایی دادگایی کردن دەستی پێکرد و چونکە نەشدەکرا لە لای نەفەراتێکی پایەبەرزی وەك جۆبرەئیل و میکائیل و ئیزرائیل باسی سەرێ و خوارێ بکەین بە ناچار بە فەرمودەی سەروکی دادگا ئەو کارەیان نیو نا گازگرتن لە سێو

من: ئەی لەگەلّ ئادەم چیان کرد؟

حەوا: تا ئەو جییەی کە لە بیرمە نە زنجیرپیچیان کرد بوو نە جنێویان پێ دابوو و تەنانەت حال و وەزعێکی باشی هەبوو و بزەیەکی ناوەرۆکداری لە سەر لێو بوو.

من: چیان لە تۆ پرسی؟

حەوا: سەروکی دادگا لە منی ویست تا تەواوی رووداوەکە بگێرمەوە و ئەمنیش هەمووشتێکم بێ کەم و زیاد باس کرد بەلام سەروکی دادگا دایم دەیپرسی چون توانیت حەزرەتی ئادەم فریو دەی و سێوی دا پیچراوت دەرخواردی ئەو بدەی؟ منیش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر چەندە نیشانەم هینایەوە و بە گریان و نالەوە سوێندم خوارد کە من ئەوم فریو نەداوە و ئەومنی فریوداوە و سێوی منی خواردوە کەس باوەری پێ نەکردم تەنانەت پارێزەری ئادەم دەیکوت: ئەو قسەیە درۆیە و نابێ ببەخشرێ ئاخر چون ئادەم لە چاو ئەو هەمووميوە باشەی کە لە بەهەشت دا هەیە ئیشتیای چۆتە سێوی دەسمال کراوو پا بۆوەی تۆ؟ گریان و نالاندنی من بێ فایدە بوو و ئەمنیان بە تاوانی فریو دانی ئادەم لە بەهەشت دەرکرد بەلام سەرە رای ئەوەی کەرێزی زۆریان بۆ ئادەم دادەنا ئەوشییان بۆپەندوەرگرتنی ئەوانی تر لە بارەگای خودا دەرکرد ئەلبەتە ئەوە کۆکراوەی رۆداوەکەیە، گیرانەوەی ئەو بە تەواوی دەبێتە هۆی رەنج و خەفەتی خۆم، دەزانی لەدوای ئەورووداوە لەچۆلایی و خەلۆوت دا چ کەسانێك پێشنیاری سێو خواردنیان پێ داوم؟

من: نا مەگەر کێی دیکە پێشنیاری ئەو کارەی پێداوی؟

حەوا: لە پاسەوانی زیندانەوە بیگرە هەتا دەگاتە سەرۆکی دادگا تەنانەت جوبرئیل و میکائیل و ئیزرائیل زۆریان حەز دەکرد کە لە رۆژیکدا هەر سێکیان پێکەوە گاز لەو سیوە پێچراوەیە بگرن بەلام کاتیك هەرەشەی ئەوەم لێکردن کە بە خودای گەورە رادەگەیەنم دەستیان لێ بەردام دوای دەرکرانی ئیمە لە بەهەشت لە چەند نەفەر لە فریشتەکانم بیستووە کە سێو خواردن لە بەهەشت دا بۆتە مۆد و هیچ فریشتەیەك ناوێرێ لە بەهەشت دا بەتەنێ بگەرێ چونکە دەس بە جێ یەکیك دەیگاتێ وپیی دەڵێ پێت خۆشە بچین بۆ سێو خواردن؟

من: باشە بابگەرێینەوە بۆ لە دایك بوونی باری تاوان، ووتتان هێنانە سەرزەوی ئەو بارە زۆر دژوار بوو

حەوا: بەڵێ زۆر دژوار بوو بە تایبەت بە جیێ ئەوەی کە باری تاوان ئەوەڵێ سەری بینیتە دەرێ دەیهەویست ئەوەڵ دەستەکانی وەدەربخا هەر چەند قسەم لەگەڵ کردوولیێ پارامەوە بێ کەڵك بوو و لەسەر بریاری خۆی پێ داگری دەکرد سەرئەنجام دوای چەندرۆژ بێ خەوی و دەرد و رەنج ئادەمزادە ئەوەڵی دەستەکانی و دواتر خۆی تەشریفی هێنایە سەر جیهان دەزانی مەبەستی لەو کارە و ئازار دانی من چ بوو؟

من: نا، نازانم

حەوا: ئەو دەیهەویست پێش تەشریف فەرمابوونی ئەوەڵ قامکی گەورەی بنیرێتە دەری و بەو عەلامەتە لە زمانی فارسی دا دەڵێن "بیلاخ" و لە بەشێکی تر لە ولاتان نیشانەی سەر کەوتنە ئەمن لە رووداوی راشکاوی ئادەم زادە لە ئەوەڵێن کاتەکانی ژیانی دا زۆر ناراحەت بووم بەلام بە پیچەوانەی من ئادەم زۆر خوشحال و بە پۆز بوو وە ئەو کردەوەیەی کورەکەی پی باش بوو لەو باوەر ە دا بوو کە ئادەمزادە بەو شێوەیە رایگەیاندوە. کە بۆ گرتنی جیهان هاتوە و دەیهەوێ زەوی لە سەر قامکی گەورەی خۆی بسورێنێ.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من: باشه بۆ له به دونیا هاتنی باری تاوان ئادەم خۆشحال بوو مەگەر باری تاوان، نەبوو به هۆی دەرکرانی ئەو له بەهەشتی خودا؟

حەوا: ئادەم له بەهەشت دا بێ دەسەلات و هیچ کارە بوو و هەموو کارەکان به سەروکایەتی خودا. و لەژێر چاوەدێری کارگێرانی ئەو جوبرەئیل و میکائیل و ئیزائیل ئیدارە دەکرا و دەرکرانی ئەو له بەهەشت سەر کەوتنێکی زۆرەملی بۆ ئەو بوو و هەر بەو سەرکەوتنه زۆره ملی‌یه بوو به هەمەکارە له سەر زەوی و پایەکانی دەسەلاتیشی به له دایك بوونی باری تاوان قایم تر بوو شادی و خوشحالی ئادەم کاتی گەیشته لوتکه که چاوی له ناوڕانی باری تاوان کردو دیتی که ئادم زادەیه نەك خەوازادە هاواری شادی ئەو ئەوەنده گەورە بوو که بووبه هۆی ئەوەی که خودا له خەو راپەرێ و هەستا بوو به ئیزائیل دا پەیامیکی بۆ ئادەم ناردوتبووی که ئەگەر ئادەم جاریکی تر و لەخوراییی و بەمجورە سەرو سەدا یەکی ئاوا بەرز وەرێ بخا دەیخاتەوە نێو زیندانی بەهەشت.

من: باشه دوای ئەوە چ رووی دا؟

حەوا: دوایه ئەمن مامەوەو باری تاوان که ئیتر نیوی ئادەم زادەبوو ئیدی هەموو رۆژێ ئادەم زادە بەیانیان زوو له خەو هەڵدەستاو بەدەنگیکی بەرز ئەمنی هەلدەستاند و مەمکەکانمی دەردەهێنا و دەیمشتو ئەوەندەی دەمژی که ئەمنی بی تاقەت دەکرد و پێش ئەوەی که ئادەم زادە ببیته شەش مانگانه لەلایەن خودای تەبارەك و تەعالاوە ئەو ئایەیه نازل بوو"ئادەم ئەگەردەتهەوی نەسڵەکەت له زەوی دا بەر دەوام بێ و بمینیتەوە ئەوەندەله خورای لەسەر زەوی مەخولیوە، بەلکوو برۆگازیکی تر له سێوە که بدە"

ئەوکاتەی که باری تاوان هاتبووە دونیا هەر له شەوی ئەوەل داسێ جار به دەنگێکی بەرز گریا بوو و ئادەمیش بۆ ئەوەی که دەنگی بەرزی ئادەم زادە شەوانه له خەوی رانه پەرێنێ، وە تاغەکەی گوریبوو رۆیشتبوو بۆ دیوێکی تر لەوی تەنیا کاری خواردن و خەوتن بوو وە دوای ماوەیەك بیکاری جاریکی تر بێ شەرمانه هاتەلام و گازیکی تری له سێوەکەم داو، دیسان هەمان ئاش و هەمان کاسه دوپات بووە بەلام ئەمجارەیان به باری منینان نەدەکوت باری تاوان چونکه به ئەمری خودا سکم پر بوو ئەمجارەشیان دوای ٩ مانگ و ٩ رۆژ ٩ساعات و ٩ دقیقه و ٩سانیه باری دووهەم هاته سەرزەوی و له دایك بوو بەلام ئەمجارەیان که ئادەم چاوی له ناوڕانی باری دووهەم کردنه تەنیا خۆش حال نەبوو بەلکوو زۆریش توورە بوو چونکه باری دووهەم حەوازادەبووئادەم وای بیر دەکردەوە که حەوازادە بوون دەبێته هۆی چکۆله بونەوە و سەرشۆری ئەم، ئاخر پێی قبوڵ نەدەکرا که باری دوهەم نیویکی تری بیجگه له ئادەمزادە هەبوایه هەر له بەر ئەوەش چەندین شەوو رۆژ له دەرو دیواری داوشەق و پیلاقەی هاویشت و قولاندی و له بەر دەرگای خودا پارایەوە تا سەر ئەنجام له لایەن باری تەعالاوە ئایەیەك بەم شێوەیه نازل کرا: ئادەم دلێکی گەورەت هەبێ چونکه ئێمه بۆ مانەوەی بنەچەکەو بەهێزبوونی دەسەلاتی تۆ له سەر زەوی گیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەبەرێکی ترمان لە پەلاسوی سینەی چەپی تۆ دروست کردووە و نیومان ناوە ژن و مزگینیشت دەدەینی کە نێوی باری دوهەم حەوازادە نا بێ بەڵکوو نیومان ناوە "کچی ئادەم" و ڕەچەلەکی ئەو تا دونیا هەبێ دەمێنیت و هەمیشە گوێرایەل و فەرمانبەرداری ئەمرەکانی ئادەم دەبێ، دوای نازل بوونی ئەو ئایەتە ئادەم ئارام بووە.

من: دواتر چ رووی دا؟

حەوا: ئەتۆ کە مێژووت خویندۆتەوە دەبێ لە منی باشتر بزانی کە دواتر هەموو ساڵێ بارێکم دەبوو و دواتر کچەکانم لەگەڵ کورەکانم دەروێشتن بۆ سیو خواردن و لەوانیش منالانیك هاتنە سەر دونیا بەم جورە رەچەلەکی ئادەم بەردەوام لە زەوی دامایەوە

من: ئەو قسەیەت قبول ناکەم چونکە لەوانەیە ئەوەڵێ کچەکانی ئادەم بۆ مانەوەی نەسلی ئادەم بۆ بیت بەلام دواتر کچەکان زوریان گوێ نەدا بەو ئایەتەو ئایەتەکانی دیکەی خودا، بۆ سەلماندنی ئەوەش چاویك لە دەوروبەرتان بکەن ئەو هەموو ژنە نابینی کە ئیش و کارەکانی گرینگی ولاتانیك یان ئیداراتی گەورەی ولاتەکانیان بە دەستەوە و ئەو هەموو ئادەمەی کە لە ژێر دەستی ئەوان دا کار دەکەن لەو شوینانە بە پیچەوانەی ئایەی نازڵکراو ئادەمەکانن کە بوونەتە گوێرایەڵی ئەمری ژنەکان؟

حەوا: بەراستی نەمدەزانی کە ئەتۆ ئەوەندە مندالانە فکر دەکەیەوە و هەر شتێکی بە چاو دەبینی باوەری پێ دەکەی و فریوی دەخۆی ئەوانە هەموو فێلی ئادەمن

من: بەلام خانمی حەوا تۆ زۆر بەدبینی، چاو لە ئینگلستان بکە مەلەکەکەی ژنە، سەرۆك وەزیری ژنە ئەمن کە ئەو ژنانە دەبینم چون دەبێ باسی لیهاتویی ئەوان نەکەم؟

حەوا: ئێستا لە بارەی تاجیك کە میراسی باوکانی مەلەکەی ئینگلیسە لەسەرنانی بۆ ئەو خانمە هیچ نابیتە لیهاتویی و کارزانی بۆیەش باسی ناکەم بەلام بۆ خانمی تاچێر کە سەروك وەزیری بوکیکی گەورە کراوەیە کە ئادەمەکان قسەهایەکی گەورەی دەخەنە نێو دەم و زاری و یان لە ژێر دامەنەکەیەوە هەر ئەوشتەی هەیە کە ئادەم هەیەتی!

من: ئەتۆ ئیدی بی تامت کرد ئادەم ئیشتبایەکی کردووە بەلام نابێ هەموویان وەکوو یەك چاولێبکەین؟

حەوا: هەموویان وەکوویەکن و من وەك حەوا بە توو بە هەموو دونیا رادەگەیەنم کە دژی ئادەم و بە هۆی وەدەست هێنانی تەجروبەی مێژووییم فریوی دروشمە بێ ناوەروگەکانی ئیوە کە پر بە دەمتانن ناخۆم ئاغای رۆژنامەنوس چاویك لەو برینانەی سەر دەستم بکە؟ دەناوەرەودەست بێنە ئەها ئەو قولکەیەی سەرم هەست پێ دەکەی؟

من: ها بەڵی چەندە ترسناکە ئەوە بو ئاوای لیهاتووە؟

حەوا: ئەوانە کاری ئادەمن بەمشت و بە شەق بە ئوتوی گەرم بە ئاسن بە بزمار، لێیداوم ئەو قەلشەی نیو چاوانم دەبینی؟ ئەوە ئادەم موویەکانی سەرمی گرت و لە دەستی هالاند و بە توندی سەرمی بە دیوار دادا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من: ئاخر بۆ مەگەر ئەتوچت کرد بوو؟

حەوا: چت پێ بلێم پرسیارەکانی تۆ وەکوو پرسیارەکانی خودا جوبرەئیل و ئیزرائیل و میکائیلن هەر کاتێك کە لە دەستی ئادەم دەمنالاند و پیم دەووتن دەستبە جێ ئایەتیکیان نازل دەکردوو و دەیانکوت ئەی حەوا بەس شکایەت بکە: سزای ژنیك کە نافەرمانی بکا کوتەك خواردنە ئێمە ئەوەمان لە نێو هەموو کتیبە ئاسمانیەکان و ئایاتەکانی ئەوان دا بە روونی باس کردووە ئەو پرسیارانەی تۆش وەکوو ئایەتەکانی خودان ئەتو هەم دەتهەوەیٚ بزانی کە چم کردووە و بە خاتری چی لییاندامو، و ئەتوو کە ژنێکی هەوالنێری پێم سەیرە کە لایەنگری ئادەم دەکەی و پێت وایە کە ئەگەر ژنیك بەمەیلی ئادەم کارێك نەکات دەبێ حەتمەن لێبیدرێ ئەتۆ دەپرسی کە ئادەم بۆ توورە بوو و دایەگەورەکانی منیش هەمیشە ئەو پرسیارانەیان دەکرد و بشزانە کە حەتمەن دایکی دایکی دایکی دایکم ئەگەر هیچ نەبێ شەوێك هاتۆتە خەوم و وتوویەتی رۆڵە گیان لیباسەکانی ئادەم ئوتوولیبدە لە کاتی خۆی دا نان و خواردەمەنیەکی بدەیە قسە لە قسەی دا مەکە نەکا توورە بێ و دەم و ددانت بشکێنێ.

من: یانی ئەتۆ دوای کارەساتی مێژوویی سێوخواردنەکە و دەرکرانت لە بەهەشت تا ئەمرۆواتە ٢٠ سەدە دوای لە دایك بوونی عیسا هیچ ئاڵ و گورێك لە ژیانی ژنان دا نابینی .

حەوا : بۆ چی، دەبینم ئاڵ و گورێکی زۆر دەبینم، بەڵام لە پاشکەوتن دا، ژنەکانی دەورانی بەردو دەورانی ئاسن زۆر لە ئێوە زیاتر حەقی خۆیان وەرگرتبوو وبۆویستەکانیشان بەدەم و ددان شەریان دەکرد.

من: ئەم قسانە لە رووی شوخیەوە دەکەی یان دەنا بە ئەنقەست چاوت دەچوقینی هەتا سەر کەوتنەکان و پێشکەوتنەکانی ژنانی ئیستا ئەم سەردەمە نەبینی چاوێك لە مێژووی جولانەوەی ژنان بکە کولینتایی، ماری کوری، ژاندراك، سیمۆن دوبواو..... ئەو هەموو زانا پسپورو شاعیر و سیاسەتمدارە ژنە نابینی ؟

حەوا: بادەبینم بەلام قسە لە هونەرو زانست نییە: قسە لە ئیشق و هێمنایەتی و بەرابەری و ئاسایشە، دەتوانی پێم بلێی ماری کوری هەرکە دەگەیشتەوە ماڵ چی دەکرد؟

من: نا ناتوانم.

حەوا: باوەر بکە کە ئەو دەستبەجی و دوای ئەو هەموو کارە لە ئازمایەشکایەکی باریك و تەنگ و تاریك و کارکردن لەگەڵ لولەکانی"پی پێت"و "بۆرت" خێرا دەگەرایەوە بۆ ماڵێ تاکوو بۆ شام شتێك بۆ مسیۆ کوری دروست بکا.

من: ئاخر مسیۆ کوری بیچارەش هەتا دەرنگانێکی شەو هەر بە قەولەکەی تۆ لە ئازمایشگایەکی تەنگ و تاریك دا کاری دەکرد هەوا تاریك دەبوو جا دەرۆیشتەوە.

لەو حاڵەدا نابێ چاوەروانی ئەوە بی کە چیشت لێنێ و قاپەکان بشواتەوە، چونکە دوای ئەو هەموو ماندووبوونە دوور لە ئینسافەکە ئەو ئەوکارانە بکات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حەوا: بەهبەه بەراستی هەزاروسەدجار ئافەرین بۆ تۆ دەستت خۆش بێ زوربباشەکە ئادەم لەنێوژنان دا لایەنگرێکی وەك تۆقورس و قایمی هەبێ ئاخر باشە ژنی باش ئەوکاتە کە بە قەولی تۆ مسیۆ کوری لە ئازمایشگاه دا کاری دەکرد ماری کوری لە خەودا بوو یا خۆی دەرازاندەوە؟ یان دەنا پێت وایە خەریکی خۆش رابواردن و ئیشقبازی بووە یان چاووبرۆی هەلدەگرت دوای ئەوەی کە چەند کیلوی ماتیك و پودر و دەرمانی جوانی لە خۆی هەڵدەسووله بەر بیکاریانی دەرۆیشت هەتا کوو پارونانیك بۆ ئەو پیاوە پیرە بیچارەیە ئامادە بکا؟ماری کوری بەستەزمان دوای ئەو هەموو ماندو بوونەی کە بۆ رزگار کردنی گیانی منالانی ئادەم دەیکێشا ماندوو هیلاك دەرۆیشتەوە ماڵێ تازە لەوێش دەبوایە بە بێ موچە و تەنانەت بێ ئەوەی کە پیی بووتری دەستت خۆش، دەبوایە کارێکی دیکەی ماڵی بکردبایە، ئەی ئەوەئینسافە و عادلانەیە کە مادام کوری هەم لەئازمایشگا دا کار بکا و هەم لە ماڵێ دا هەم بزێ، هەم گەورەبکا، هەم بکرێ هەم چیشت لێ بنێ هەم گوێرایەل بێ و هەم بێ دەسەلات ئایا ئیوە ئەوەتان نێو ناوە پێشکەوتن؟ کە ژن هەم لە دەرێ کاری لێبکێشن و هەم لە ماڵی دا ئادەم تەرو وشك بکاتەوە دیسانیش سەد رەحمەت لە قەدیمیەکان کە هەر لە لایەك دا کاریان دەکرد و جارناجاريك ساتێکیشیان وە دەست دەکەوت بۆ حەسانەوە.من: بەراستی تا ئیستا قەت فکرم بۆ ئەو قسانە نەچوو بوو تۆ کە بیرت لەو مەسەلانە کردوتەوە چ رێگا چارەیەکت بۆ ژنان دۆزیوەتەوە.

حەوا: لە مالەوە دەس پێبکەن و دەستیان بکەنە مشت وبزانن کە هەتا ژنەکان بالایان لە گازی ئاشپەزخانە نزمترە لە خۆڕا مەحتەلن و دەستیان بە هیچەوە را ناگات.

من: یانی دەتهەوێ بڵێی تا ئەوکاتەی کە شۆرشێکی راستەقینە دەکری نابێ هەروا دەست لە سەر دەست دا بنین.

حەوا: ئەو قسانەیانی هیچ، یانی کەشك: بەلام ئیتر دەبێ ئەمن بروم و کاتەکەتان تەواو بوو و ئەوەندەش گێل ماندوو بوم کە حەوسەلەی قسە کردنم لەگەڵ تۆ نەماوە یانی ئەتو بەو هەموو هات و هاوارەی کە دەیکەی ئیستاش نازانی کە بانگهێشت کردن بە سەبرو خوراگری و دانی ماڤ دوای شۆرش یەکێك لە فیلەکانی ئادەمە بۆ وەدواخستنی هەرچی زیاتری ماڤ حەوا، برۆ خانم گیان برۆ لە جیاتی ئەوقسانە برۆ بالاتان لە گازی ئاشپەزخانە کەمیك بەرزتر بکە!

سەرچاوە،
هەشتی مارس
وەرزنامەی ژنان ژومارە ٢ ئوکتوبری ٢٠٠٠



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



٣ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٤ ساڵ بە سەر مەرگی ئەحمەدی شاملو دا تێپەڕی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# تۆشوو



سەمەد سیمای سەر سوور هێنەری دەروەست

- بوون
- حسن میرعابدینی لە سەمەد دەدوێ
- شاعیرو رەخنەگر
- کەچەڵی کوتر باز
- بیرەوەرێکی خسرەو گوڵسورخی لە سەمەد
- ئەدەبیاتی مناڵان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



**سەمەد بێهرەنگی** لە ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی لە گەرەکی چرنداب کۆڵانی ئوسکویی لەر، لە بنەماڵەیەکی فەقیرو دەست کورت دا هاتۆتە دنیاوە باوکی ناوی عێزەت بووە و بەکرێکاری بنەماڵەکەی بەرێوە هێناوە. دەورەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و دواتر دانش سەرای موقەددەماتی، کە دەورەکەی دوو ساڵ بووە، هەر لە تەورێز تەواو کردوە. سەمەد بێهرنگی هەر لە دەورەی دواناوەندی دا باوکی بانگ دەکەنە قوتابخانە و سەبارەت بە قسەو هەلوێستەکانی سەمەد وشیاریان دەکەنەوە و هەرەشەیان لێدەکەن و دەڵێن ئەو قسانەی سەمەد لە نیو هاوپولەکانی دا، کە لە سەر رووداوەکان و مەسەلەکانی رۆژ دەیکات، هیچ لە بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەیدا نییە.

لە دانش سەرای موقەددەماتی کورانی تەورێز بە یارمەتی دۆست و هاو کلاسی خۆی، بێهروزی دێهقانی، دەست دەداتە دەر کردنی رۆژنامە دیوارییەکی تەنز بە ناوی پێکەنین "خەندە" و لە



ساڵی ١٣٣٦ دا بە تەواو کردنی دانش سەرا لە دێهات و شارۆچکەکانی نزیک تەورێز دەبێتە ماموستا، کە ١١ سال ئیدامەی دەبێ و لەگەڵ ئەوەش دا لە ساڵی ١٣٣٧ لە کۆلیژی ئەدەبیاتی دانشگای تەوریز لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیسی، بەشی شەوانە دا، وەردەگیرێ. لەگەڵ گشت ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی دەیخەنە سەر رێگای بەلاّم هەر دریژە بە خوێندن و دەرس وتنەوە ئەدات لە ساڵی ١٣٤٠ دا داستانی "تلخون" دەنووسێ و هەر لەو ساڵە دا بەشداری لەمانگرتنی سەرتاسەری ماموستایاندا دەکا و دەبێتە یەکێك لە رێبەرانی مامۆستایانی مانگرتووی تەورێز. سەمەد بێهرنگی لە ماوەی کاری ئەدەبی و هونەری خوێدا بەرێوە بەر و سەرپەرشتی کاری چەندین مانگنامە و حەوتەنامەی کردوە و لە زۆربەی رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە دا بابەتی بلاّو کردوتەوە. بە هۆی ناوەرۆکی نووسراوە کانیەوە چەندین جار لە لایەن دادگای رژیمی شاوە کەوتۆتە بەر لێپرسینەوە، بگرە سزاشی بۆ دیاری کراوە. سەمەد بێهرنگی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرئەنجام لە ریکەوتی ٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ کۆچی هەتاوی دا بەشیوەیەکی گۆماناوی لە چومی ئەرەس دا خنکاو جەنازەکەی دوای ٥ رۆژ لە نزیك شوێنی رووداوە کە دۆزرایەوە و لە گۆرستانی ئیمامیەی تەورێز ئەسپەردە کرا. کارنامەی کاری ئەدەبی و نووسەری سەمەد تەقریبەن بەم شیوەی خوارەوەیە:

چیرۆکی مناڵان:

ئولدوز و قەلەرەشەکان" پائیزی ١٣٤٥"

ئولدوزو بو کۆکەی قسەکەر" پائیزی ١٣٤٦"

کەچەڵی کۆترباز" ئازەری ١٣٤٦"

زارۆلەی لە بو فرۆش" ئازەری١٣٤٦"

ئەفسانەی موحیبەت( عەلی قەلەو کچی پاشا" زستانی ١٣٤٦"

ماسییە چکولە رەشەکە، تاران" مورددای ١٣٤٧"

یەك هەڵو هەزار هەڵو" بەهاری ١٣٤٨"

٢٤ سەعات لە خەو و بیداریدا" بەهاری ١٣٤٨"

کوراوغلوو حەمزە کەچەڵ" بەهاری١٣٤٨"

تەلخون و چەندین چیروکی تر" بەهاری١٣٤٨٨"

بارهێنان و کۆمەڵایەتی:

تۆیژینە وەیەك لە مەسائیلی بارهێنانی ئیران دا" هاوینی ١٣٤٤"

ئەلف و بێی فارسی بۆ مناڵانی ئازەربایجان" تیری ١٣٤٨"

کۆمەلێك وتار" تیری ١٣٤٨"

فولکلور و شێعر:

ئەفسانەکانی ئازەربایجان( وەرگیرانی فارسی)

بەرگی ١ گوڵانی ١٣٤٤

ئەفسانەکانی ئازەربایجان( وەرگیرانی فارسی)

بەرگی ٢ تاران گوڵانی ١٣٤٧

تاپما جالار، قوشما جالار( نەتەوەکان و مەتەلەکان) بەهاری ١٣٤٥

(لەت لەت( کۆمەڵیك شیعر لە چەند شاعیرێك) تیری ١٣٤٣

وەرگیران:

ئێمە گویدرێژەکان، عەزیز نەسین" پائیزی ١٣٤٤دەفتەری شێعرەکانی هاوچەرخ لە چەند شاعیریکی فارسی زمان

قەڵەرەشەو چەند چیروکێك بۆ مناڵان جۆزەردان ١٣٤٨هەروەها چەندین چیروك و وتار و وەرگیرانی دیکە.

بۆ زیاتر و باشتر ناسینی لایەنە جۆراو جۆرەکانی کەسایەتی و کارەکانی سەمەد بێهرەنگی بە باشمان زانی بە بێ ئەوەی بۆ خۆمان شتێکی ئەوتۆی لە سەر بڵێن، سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی پێشەکی کتێبی: "یادمان صمد بهرنگی" لە نووسین و ئامادە کردنی نووسەری بە ناو بانگی ئێرانی، عەلی ئەشرەفی دەرویشیان ، رادەگێشین.

پێوست بە وتنە ئەو کتێبە لە کۆی ئەو بابەتانە پێك هاتووە کە لەلایەن نووسەران و شاعیرانی ئێرانەوە، سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی بیهرنگی نووسراون و عەلی ئەشرەفی دەرویشیان پێشەکی بۆ داناوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# سەمەد سیمای سەر سوور هێنەری دەروەست بوون

ئـەوانـەی رابردوی خۆیان ئاگایانەفـەرامۆش کردوە، بـەوپـەڕی نائاگایی یەوە وابیردەکەنەوە کە سەردەمی سـەمـەد بـێهرەنگی و کتێبەکانی بەسـەر چوە. بەشێك لەوانە رۆژ گارێك بە پێیێ هەل و مەرجی شۆڕ و حـاڵی سـەردەمی لاوی و هـەروەهـا شەپۆلی گشت گیری زەمانە، هاتنە نێو خـەباتی دژی زۆرداری و ناعەدالیـەتی کۆمەڵایەتیە کانەوە و بگرە لەم ڕێگایەدا چـەندە تووشی دژواری، شکەنجە و زیندان بوون و لـەم پیناوەدا چەندە لە هاوەڵانی نزیك و ئازیزی خۆیان لە دەست دا، بەڵام لـەبـەر ئەوەی ئەوین و خۆشەویستی سەبارەت بە



خـەڵکی فـەقـیر و ژیر دەستەوە ریشەی لە ناخی وجـودیـانـدانـە بوو وە ئاگاهیە کۆمەڵایە تیەکانیان کـاغـەزی و رواڵەتی بوو، لـەگـەل هێرشـی تۆفانی مەترسیداری سەرکوتەکان و بـەدوای ئـەودا، ناکامیەکان، پێیان وا بوو هەمووشتیك کۆتایی هاتوە و بە شێنەیی لە راستیەکان دوور کەوتنەوە و ئیستا بەلای ئەوانەوە نە مرۆڤیکی زۆر لێکراو بوونی هەیە و نـە منـالێکی بـێ پـەنا. شکەنجەو مەرگی ئازاردەری ئەو منالانەش کە ئەم رۆژانە لاپـەرەی رۆژنـامەکانی پڕکردوە،نـەیـتـوانی لـە خەوێکی قوڵ رایان بەرینێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و بۆ ئەوەی بە خەیاڵی ئاسوودە و بێ دڵە راوکێ بچنە سەر ئەو سفرە رەنگینەی کە بە رێکەوتی زەمان و لە ئاکامی بشێویە ئابووریەکان ی شەرەوە، ڕاخرابوو، بەم باوەڕە خۆیان قانع کرد کە ئیتر سەردەمی سەمەد بیهرەنگی و بەرهەمەکانی و ئەدەبیاتی لەم چەشنە بە سەر چوە و گشت ئەو ئەندیشانەی کە زەمانێك گیانیان لە پیناودا بەخت دەکرد، بیهودە بوە. بەم چەشنە خەتێکیان بەدەوری خۆیندنەوەی کتێب و رۆژنامەدا هێنا بە شێوەیەکی وا کە بگرە مناڵە کانیشیان نە هێشت بەو ئاقارەدا برۆن، بەلام بێ خەبەر لەوەی هێشتا هەواڵی مەترسیداریان نە بیستوە :

وێرای سلاو و سپاس. نازانم کێ ئەم نامەیە ئەخوێنێتەوە. ئێوە مناڵەکان دەرك ناکەن. ئێمە ئێستا چەندروژە لە ماڵەوە نانی وشك دەخۆین و هەرکاتێ دێین بۆ قوتابخانە مامۆستاکان زۆر خراپن. بگرە دەڵێن دەبێ دەفتەری ٤٠ بەرگ و ٦٠ بەرگ بێنن، باشە کاتێ نیمانە لە کوێێ بێنین. باوکم بێکارە و کارناکا. بۆ خاتری خوا کارێکمان بۆ بکەن.

هەوالێکی نا خۆشتر :

خانم موعەلیمی ئازیزم. داوات لیدەکەم ئەوەی لەم لاپەرەیە دا نووسراوە تەنیا خۆتان بیخویننەوە و مناڵەکان نەزانن. من پۆلی یەك بووم کاتێ باوکم لە بەر بێکار بوون خۆی سوتاند. دایکم کاتێ بە خوشکم دووگیان بوو لە بەر زەربەیەکی مەغزی کە وێی کەوت سەرو دڵی لێدێ و دایکم لە سەر خۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پەرستاری لە باوکم کرد تا چاك بۆوە باوکم چاکتر بیۆوە بەلام بە هۆی ئەم رووداوەوە دەم و چاوی زۆر عەیب دار ببوو ئینسان لێی دەترسا دەستەکانی بە تەواوی لە کار کەوتبوون و هەمیشە سەر و چاوی دادە پۆشی تا ئێمە نەیبینین پاش ماوەیەك رووی کردە مەواد و ژیانی ئێمە هێدی هێدی بەرەو نابوودی رۆیشت ماوەی سێ ساڵە دایك و بابم لێك جیابونەتەوە. ئێمە لای دایکمانین بابم هیچی بۆ نەهێشتینەوە هەر چی بومان فرۆشتی ئێستا ئێمە کوێ نشینین دایکم وامی وەرگرتوە و خەیاتی دەکات. ماوەی چەند مانگە گیرۆدەی نەخۆشی عەسەبی هاتوە و هەموو گیانی دەلەرزێ و دەستەلاتی بە سەر خۆی دا نییە. دەگری و داوای لێبوردن لە ئێمە دەکات لە بەر ئەوەی نەیتوانیوە بە باشی پێمان رابگا دایکم ژنێکی فیداکارە و زۆریش ژنی چاکە. ماموستا ببمبورە سەرم ئێشاندی ئەم دەردی دل کردنە کەمێ سووکی کردم خۆزگەکەسی وەك تۆمان زۆر دەبوو، وا کە بە دەردی ئێمە بزانن.

نێو و ئیمزا پارێزراوە

خانمی دوکتور فاتمە قاسم زادە لە مانگنامەی کۆمەڵگای سالم دا لە ژێر ناوی: "کەمکردنەوەی رەنج و ئازاری منالان هەولێکی گشتی دەوێ" گۆشە گەلێکی تەکاندەری لە ژیانی منالانی ئەم وڵاتە خستۆتە بەر چاو کە هێندیکیان وەك نموونە لێرە دا دەبینین

گۆشەی یەکەم کات ژمێر ٦/٣٠ بەیانی شەقامی...

لە هەوای ساردی تاریك و روونی بەیانی دا لاوانی عارەبانە بە دەست لە کۆلانەکانی دەوروبەرەوە و لایئەو وانێت بارانەی لە قەراخ جادە کە راگیرا بوون



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەریوە بوون. ئەم لاوە تەمەن ١٢ و ١٣ سالانە بە قەد و قیافەیەکی تێك چرژاو و ماندوو بە بێ شۆر و شەوقی لاوێتی و بەرگێکی نە گونجا و لەگەڵ تەوژمی سەرمای زستان دا لە سەرمانا دەستەکانیان لێکدەخشاند و جارجارە دەیاندا بە رهالاوی بێ تینی کوورەی دەمیان و لە سەر خۆ و بە بێدەنگی بارەکانیان کە دەستکەوتی هەوڵ و تەلاشی رۆژێك گەران بە کۆلانەکانی شاردا بوو دەرژاندە وانێتەکانەوە و بە خێرایی لە کۆلانە نیوە تاریکە کاندا ون دەبوون بۆ کرینی وردەنان و نایلونەکۆن و تا ئەم دەورە بێ ئاکامە هەروا بەردەوام بێ.

گۆشەی چوارەم: شارۆچکەی کارگەی قالی چنین..

دوازدە کچی تازە لاو لە دوو ریزی پشت لە یەك دا خەریکی قالی چنین لە نێو بیدەنگی و جار جارەش ورتە ورتێکی بە ئەسپایی دا، سەر گەرمی کارن رۆژێ ٨ کات ژمێر کاری تاقەت پروکێن لە ژوورێکی بچووك دا بۆ تازە لاوێکی کە هەڵسووران و نشات نیازێکی سروشتی ئەوە دژوارە و لەتمەی لێدە دا. هەر کامیان لانی کەم دووسال پێشینەی کاریان هەیە و کاری فەرش چنینیان تەقریبەن لە ١١ ساڵیەوە دەست پێکردوە. زۆربەیان چەند پۆلێکیان دەرس خوێندوە: بەڵام بە هۆی گرفتی ماڵی دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە و بۆ یارمەتی دانی بنەماڵەکەیان کاری قاڵی باڤ دەکەن شۆر و شەوق و رووگەشی تازە لاوییان پێوە دیار نیە. زۆر بەیان کۆچ بەرانێکن کە لە دێ وە روویان کردۆتە شار بۆ بە دەست هێنانی ژیانێکی باشتر و کەوتونەتە زەلکاوی گرفتی شارە گەورەکانی وەك تارانەوە رەنگە ئەم تازە لاوانە پێیان باشتر بوو بە جێی کار لەم کارگا تەنگ و بەرتەسکە دا لە مەزرا و شالیزارە کاندا کاریان بکردایە کە سروشت لەوێدا مێهرەبان و بەخشندەترە. لێیان دەپرسم قوتابخانەیان خۆشتر دەوێ یان فەرش باڤی؟ زۆر بەیان بە بزەیەکی مانادار و پڕ لە غەم و حەسرەت و تەنزەوە چاوم لێدەکەن و لە وڵامدا دەلێن مەدرەسە و بەڕاستی لە دڵەوە ئەمە دەلێن . هێندێکیشیان وڵام نادەنەوە و خەریکی کارن ڕەنگە بلێن پرسیارێکی بێ سەمەرەو گرێیەك لە کاریان ناکاتەوە. دوور نیە کەسانێکی تریش هاتبن و هەر ئەم پرسیارانەیان لێکردبێتن و ڕۆیشتبن و ئەمان هەر وا لەم شوێنە کە سەر بارە دا خەریکی کاری دژواری قالی بافین. حەق بەوانە یارمەتی دانیان پیویستە، بە کردەوە هەنگاو هەڵگر بیی نەك بە قسە.

گۆشەی شەشەم قوتابخانەی ناوەندی ژووری بەرێوەبەری کچۆڵە، کە، کە ١٢ ساڵ تەمەنێتی و لە پۆلی یەکەمی ناوەندی دەرس دەخوێنێ تا ٣ مانگ لەمەوبەر دەهات بۆ قوتابخانە دەرسی باش دەخویند: بەلاّم لە ناکاو دەستی لە خوێندن هەڵگرت بەرێوە بەری قوتابخانە دڵسوزانە شوین مەسەلەکە کەوت، دەرکەوت کە کچۆلە کەیان بەزۆر لە لایەن باوکیەوە بە مێرد داوە و ئیستا بەریوە بەر کچە و باوك و دایکی کچەی بانگکردوە بۆ قوتابخانە تا مەسەلە کە روونتر کاتەوە. باوکی موعتاد و بیکار بوو دایکی تەلاق درابوو ئەو ژنەی لەگەڵی هاتبوو زردایکی بوو واتە سیّ یەمین ژنی باوکی بوو کە بۆ خۆشی لە پێشدا دووجار زەماوەندی کرد بوو ئەوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

روون بووە کە زڕدایکی لە بە میرددانی کچە دا نەخشی نەبوە و باوکی بە هۆی گرفتی ماڵیەوە کچەکەی لە بڕی ٥٠٠ هەزار تمەن فرۆشتوە بە هاوڕی کەی کە پیاوێکی تەمەن ٤٨ ساڵە وشۆفیری کامیونە ئەو پیاوەش لە بەر ئەوەی ژنێك و دوومندالی هەیە نەیتوانیوە ئەم کچە بە شێوەی رەسمی مارە بکات و تەنیا سیغەی کردوە کچە لە ماڵی باوکیێتی و ئەو پیاوەش حەوتۆی جاریك دەچێ بۆ لای و هەر جارەش ٥ هەزار تمەنی بۆ بە جێدیلێ.

لە راستی دا ئەم کچەیان لە بەرانبەر ٥٠٠ هەزار تمەن دا بەو پیاوە ٤٨ سالەیە فرۆشتوە کچە زۆر شکاوەتەوە و دەزانن لە لایەن باوکیەوە دراوە بە پیاوێك کە هیچ خۆشی ناوێ دراوە بەو پیاوە تا ببێتە سەر چاوەی داهاتێك بۆ بنەماڵەکەی.

نیگەرانی داهاتوویەتی و نازانی چی بەسەر دێ.

رۆژانە نمونەی ئەم جۆرە منالانە بە چەشنیکی بەر چاو لە دەوروبەری خۆمان دەبینین کە بێ پشت و پەنان و لە ژێر گۆشاری زۆر دارانەی سەرمایە دا دەهاڕدرێن،

بەڵام لە پاڵ ئەم دیمەنە تالانە دا، خەبات و تێکۆشانیش درێژەی بوە و خەڵك بۆ بە دەست هێنانی ئازادی دەستیان داوەتە خەباتی حەق خوازانە و لە ژێر سایەی ئەم هەوڵ و کۆششە دافەزایەکی کە بکرێ پشوویەکی تێدا بدەی خوڵقاندوەو لە ئاکامدا دوای نزیك بە بیست ساڵ دووبارە کتێبەکانی سەمەد بێهرەنگی هاتوونەتەوە بەر ویترینی کتیب فرۆشیەکان و ناوی سەمەد لە ژێر وێرانەی فەراموشیە سەپاوە دەستکردەکاندا دەر کەوتۆتەوە و لەگەڵ ئەم ناوەشدا ناوی ئەو منالٌ و تازە لاوانە وەبیردێتەوە کە ئیستاش لە ژێر پاشنە ئاسنینەکانی بێرەحمی سەرمایە دا، لە کارگاکاندا ئاوات و شادیەکانیان نابوود دەکرێ و سەر لێشێواو و بێ داهاتوو لە کۆلان و شەقامەکاندا دەخولێنەوە روالەتی ئەمانە لە وێنەی کتیبەکانی بیهرەنگی دا رۆالەتێکی ناسراون و بە باشی نیشاندراون هەر ئەلێی منالەکانی یاشار ئولدوز لەتیف و پۆلان و لە برگەیەکی تری مێژوویی دا دەرکەوتوونەتەوە.

رەخنە و هەلسەنگاندنی شوێنە وارە ئەدەبی و هونەریەکانی ولاتێك بە بێ سەرنجدان بە مێژووە کۆمەلایەتیەکەی بە ئاکامێك ناگات دوای کودتای ٢٨ی موردادی ١٣٣٢ و سەرکوتی خوێندکارانی دانشگا لە مانگی جوزەردانی ١٣٤٢ دا گەیشتە لووتکەی خۆی منالان و تازە لاوانێکی کە شایەتی سەرکوتی خەڵك لە ٢٨ی مورداد دا بوون لە دەیەی ٤٠ داپێیان نابوە دەورەی لاوی‌یەوە و لە مەیدانە جۆراوجۆرە کۆمەلایەتیەکاندا خۆیان دەرخستبوو، لە تەورێز سەمەد بیهرەنگی، بێهروز دیهقان، کازم سەعادەتی، بێهروز نابەدل مەناف فەلەکی و هەرکامە و لە حەیاتی رۆشنفکری ئێران دا لە بوارە جوراوجۆرەکانی ئەدەبیاتی منالان و تازە لاوان فولکلور وەرگیران، شیعر و رەخنەی ئەدەبی دا دەست بە کار ببون بەرهەمە داهێنەرانەکانیان لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی راکیشا بوو.

پاراوی و تازەگی‌یەکی کە بە بەرهەمەکانی سەمەد بیهرەنگی‌یەوە دەبیندری نیشاندەری سەر بە خۆی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کردەوە و چەند روالەتی بوونی یەتی. تا ئەو سەردەمە تەنیا چەشنێك نووسین بەلای کۆمەلگای تازە پێگرتووی بۆرژوازی‌یەوە جێی پەسند بوو ئەویش پاکیزە نووسین سەبارەت بە منالانی پاك و خاوین بوو بە هیچ شێوەیەك باسیك سەرەبات بە خێڵی بەرینی منالانی پێخاوس و بێ ماڵ و حاڵ کە ژیانیکی پر کارەسات و مەمرە و مەژی لە کەناری شارەکان و نێو دیهاتەکان دەبەنە سەر، لە ئارادا نەبوو ئەم جۆرە نووسینانە کار بوردیکی کەرەسەیی و زمان لووسانەیان بوو بۆ بە قەناعەت گەیاندنی خوێنەر لە سەر ئەم بروایە کە هەموو شتێك لەو پەری خۆشی و ئارامیدا و بیلایەنانە تێدەپەرێ و هەر کەسە و بە دوور لە ململانێی چینایەتی بە ویستی دڵی خۆی دەگات. بیهرەنگی بە نووسینەکانی سەلماندی کە نووسین بابەتێکی دژوارو فرەلایەنە.

ئەگەر قبولی بکەین کە سەبك هەمان کەسایەتی نووسەرە و زەرباهەنگی کۆئەندامی نووسەرە و ئەزموون نارێك و کەڵ کەڵەی زەینی ئەو دەنوێنێ خوێندنەوەی کتیبی براکەم سەمەد بێهرەنگی، نووسین و ئامادە کردنی ئەسەد بێهرەنگی ئەم مەسەلەمان باشتر بۆ دەسەلمێنێ، لەم کتێبە دا هەڵدانی کەسایەتی سەمەد بێهرەنگی هەر لە منالی و تازە لاوی و لاوی‌یەوە تاکاتی مردبنیمان بۆ وێنا دەکات. دەبینین کە لەگەڵ برا گەورە کەیدا، ئەسەد فەقرو دەستەنگی لە چوار دیواری مالەکەیاندا ئەزموون دەکات.

بێکاری باوك و زۆلمی خاوەن کار هەست پێدەکات و لە دەرەوەی مالەوە خەباتی جەماوەرو سەرکوتی خوێناوی ئەوان لە ٢١ی خەزلوەری ١٣٢٥ دا، بینینی کۆلان و شەقامە خوێناویەکانی تەورێزو جەنازە لەت و کوت کراوەکان دەیهەژێنێ و دوای تێپەر بوونی حەوت سال دیسان سەرکوتی خەڵك لە ٢٨ی خەرمانانی ١٣٣٢ی هەتاویدا گرتن و ئیعدامەکان، کە وابوو ئەزموونی منالی و تازە لاوی ئەو بەم شێوەیە شکلٚ دەگرێ ئەم رووداوانە شوێنەوارێکی قولٚ لە سەر هەست و زەینی حەساسی دادەنێ و سەبك و شێوەی ئەو دیاری دەکات.

بیهرەنگی لە ئەدەبیاتی منالان و تازەلاواندا، رێگای دژایەتی لەگەڵ باوەر و شێوە باوەکانی، لەم بوارە دا بە خۆلقاندنی بەرهەم گەلێك کە لەگەڵ ناخی کۆمەلگا کەیدا یەکگرتویی و هاودلی بوو، گرتە پێش هەر ئەلێی نزیك بوونەوەی مەرگی هەست پێکرد بوو وا بە پەلە لە ماڵەوە لە قوتابخانە و قاوەخانە، گشت جێیەك کتێب و دەفتەری کرابۆوە و دەینووسی و جادە سارد و خۆلاویەکانی دێهاتە دوورەکانی بە کۆلێك کتێبەوە دەپێوا.

زمانی زۆر ساکار و دەقیقی کە لە خزمەت رەسم کردنی ژیانی منالانی پێپەتی و مرۆڤە زۆر لێکراو و بێ پەناکاندا بوو کەوتەبەر سەرنج وپێشوازی بەرینی خەڵك و هەر لە سەرەتای کاریەوە، هەرچەند هێندێ کەس بێدەنگ بوون و برێکیش پرتە و بۆڵەیەکیان کرد بەلام زۆربەی رووناکبیرانی ناودار



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەستیان دایە هەلسەنگاندن و ناساندنی ستایش گەرانەی بەرهەمەکانی.

ئەو هونەرمەندیك بوو کە دڵی لەگەڵ نەبزی "سەردەمدا"زەمانەدا لێیدەدا. گوزارشی لە زانیارییەك دەکرد کە بێ سەرە و بەرەیی و رەنج و ئازادی خەڵکی ژێردەستی هەست پێکرد بوو تێدەکۆشا ئەم دەردانە وئەم رەنج و ئازارانە لە چوار چێوەی بەرهەمەکانیدا نیشان بدات.

ئەوین و خۆشەویستی منالان ئاگریکی لە دەروونی دا کرد بۆوە خۆشەویستی منالانێکی کە شادی و یارییە منالانەکانیان لە وجوودیاندا خنکێندرا بوون لە ژێر زەوینی شێدار لە بەردەم داری قاڵی دا، رۆخساری زەردهەڵگەراویان رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر رەنگی مردوی لێدە نیشت تا دەلاڵان و خاوەندانی سەرمایە رۆژ لە رۆژ زیاتر قەلەو زل و بێشەرم و درندەتر بن.

بیهرەنگی بە هێزی داهێنەرانەی سەر سوڕهێنەری، دەستی دایە وێنا کردنی دنیای رەنج و تێکۆشان، رەنج و ستەمێکی کە لە منالان دەکرێ، تیکۆشان بە دژی نەزانی و فەقر و فەحشا و گوشاری کۆمەلایەتی، تاریفێکی دەقیقی ژیانی خەڵکی زۆر لێکراو و لێکدانەویەکی روون و ئاشکرای ئەو مرۆڤانەی بوونەتە قوربانی برسێتی و سیستمە هەڵە ئابووریەکان، دەستەواژەی بەرهەمەکانی ئەون.

لێکدانەوەی سەبارەت بە کۆمەڵگا، روون و راشکاوانەیە. ئەو بەم شێوەیە لە بواری ئەدەبیاتی منالان و تازەلاواندا بەرهەمگەلێکی پڕاوپڕ لە راستگۆیی و سەمیمیەتی خوڵقاند کە بوونە هۆی ئاڵ و گۆڕێکی مەزن لەم بوارەدا دواین بەرهەمی کە "ماسیە رەشی بچکۆڵە"یە و دوای مەرگی بلاوکرایەوە، لە جەزیرەی دیکتاتۆری و سەرکوتی شا دا، بوو بە هۆی جووڵە و هەڵخراندنێك کە گشت پێوانەکانی ئەدەبیاتی منالانی پێش خۆی تێکدا و بە روحیکی پڕ لە رەتکردنەوە و سرپێچی، خوێنەر و بگرە نووسەرێکی زۆری بە دووی خوییدا کێشکرد.

ئەدەبیاتی بێهرەنگی ئەدەبیاتی خۆراگری و تێکۆشانە.ئەم قارەمانەی ئەدەبیاتی منالان و تازەلاوان، لەگەڵ ئەندیشە گەلی جەزمی و بۆرژوازی تازە پێگرتوو، کە گشت کتێبە دەرسی و ئەدەبیاتی منالان و تازە لاوانی ئاخنی بوو، کەوتە بەربەرەکانێ.

بێهرەنگی لاو،دژی کۆسپ و لەمپەرەکانی ژیانی شار تەنگ نەزریەکان، خەمساردیەکان حەماقەت و خۆپەسندییەکانی کار بەدەستانی پەروەردە و بار هێنان بێ سەوادی و بێ قیمەتی هێندیك لە ماموستایانی وردە بۆرژوازی و وتووکراوی گوێ لە مست راپەڕی، ئەو بەم ناسین و دەرکە گەیشتبوو کە راپەرین بۆ گەیشتن بە ئازادی تەنیا لە رێگای وەجووڵە خستنی وپژدانی نووستوی بینەرانی ئەو کارەساتانەی بە سەر منالاندادێ مسۆگەر نابێت.

ناوەرۆکی زۆربەی بەرهەمەکانی رەتکردنەوە و سەرپێچی کردنە. رەتکردنەوەی هەر شتێکی کە دەست وپێی پاڵەوانەکانی داستانەکانی ئەوەی بۆ گەیشتن بە دەریای ئازادی بەستبوو وە سەرپیچی بە دژی گشت ئەو قەرار و مەدارانەی کە تەنیا بۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرگری لە بزوتنی خەڵك و نارەزایەتی دەربڕین و کردەوە بەسترا بوون.

شێلگیر و ماندویی نەناس سەرگەرمی گەران بە دووی بایەخە تازە کاندا بوو تا جێنشینی بایەخە کۆن و لە دەور کەوتوە باو و سواوەکانی بکات. مەبەستی هێنانەدەری رووناکبیرانی بێ بەش لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە گۆشەگیری بەتەواو مانا بوو،خۆشی بەو پەڕی تامەزرۆییەوە تینوی ئاگاهی‌یەکی بە کۆمەڵی تازەی وابوو کە بیخاتە سەر راستە رێگای پەیوەست بوون بەخێلی مروڤە بەدرەوەشت و بەر پرسەکان، هەموو هەوڵی ئەو لە ژیانی کورت بەلام پڕ بەهرەی و نووسینە ساکارەکانی دا، لە پێناو ئەوە دا بوو کە لایەنی باشی سروشتی بە شەر، بواری خۆنواندنی بۆ برەخسێ و بێ‌قیمەتی و دڵرەقی و زیادەخوازی و خۆ بە زل زانی، لە سەر شانۆی ژیان و رووپەڕی رۆژگارپاك بێتەوە. ئەو لەگەڵ نیشاندانی گشت ناسۆرەکانی ژیانی پالەوانی داستانەکانی دا، ئەوینی قوڵی مرۆڤانە لە بیر ناکات عیشق سەبارەت بە ئینسانە لێ قەوماوەکان، لەتان و پۆی وجوودی گشت ئەوانە دا کە بە هۆی خوێندنەوەی کتێبەکانیەو روویانکردە گۆڕەپانی خەبات و دواتر دەستە دەستە گیانیان لە پێناو ئامانجە بەرزە ئینسانیەکانیاندا بەخت کرد، تەنرا بوو. یاد و بیرەوەری بۆ هەتایە لە دڵ و زەینی هەموو مروڤێکی ئازادی خواز و بەرابەری تەڵەب دا زیندوە.

سەرچاوە: کتیبی یادمان صمدبهرنگی

نووسین و ئامادە کردنی عەلی ئەشرەفی دەرویشیان





PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# حەسەن میرعابدینی له سەمەد دەدوێ

سەمەد بێهرەنگی ١٣٤٧_١٣١٨) بەرهەمەکانی خۆی بۆ منالان و تازەلاوان نووسیوە، بەلام بە هۆی کاریگەریی روون و بەرچاوی بە سەر نووسەرانی ئاوایی یەکان، ئاماژەیەك بە هەولْ و تێکۆشانی پێوستە. سەمەد مامۆستای وشیاری دێهات کە کاریگەری لەسەر نەسڵێك لە رووناکبیران دانا، سەرەتای لاوێتی بوو کە دەستی دایە کۆکردنەوەی ئەفسانەکانی ئازەربایجان و چاپکردنی داستان و وتارەکانی خۆی و لەبواری ناسینی گیروگرفتی پەروەردە و فێر کردن لە ئێران کەوتەخۆ. داستانەکانی "عادەت، تویکلی نارنج و منالە چەوەنەر فرۆشەکە،" بەرهەمی خولْقاوی روانگەی سەردەمی مامۆستایەتی سەمەدە کە خوو بەهیچەوە ناگرێ و هەژاری و نەزانی و خورافەی لە روانگەیەکی نوێو جەسوورانەوە شی دەکاتەوە.

بێهرەنگی دەڵێ ئیستا سەردەمی ئەوەیە کە لە ئەدەبیاتی منالاندا سەرنج بدەینە دوو خالْ ....

١ _ئەدەبیاتی منالان دەبێ پردێك بێ لەنێوان جیهانی ئالاووالای ساکاری و خەیال و خۆزگەی شیرینی منالی و دونیای تاریك و نوقمی راستی یەتالْ و ئازارهێنەرو سەرسەختی شوێنی کۆمەلایەتی گەورەکان.

٢- دەبی جیهانبینی‌یەکی وردوراست نیشانی منالأن بدرێ، پێوانەیەکی پێ بناسێنین کە بتوانێ گەلێك مەسەلەی جۆراوجۆری ئەخلاقی و کۆمەلأیەتی لە هەل و مەرج و هەلْکەوتەیی یەکانی کە گۆرانی هەمیشەیی یان بە سەردادێ و بوراه جۆراوجۆرە کۆمەلایتەکان هەلْسەنگێنی. لە سەر بنەمای ئەم بۆ چوونە سەرجەم داستانەکانی لەسەر بنچینەی کێشمەکێشی دوو هێزی کۆمەلأیەتی دژبە یەك شکلْ دەگرن: لە" کەچەلی کۆتر باز"، ئەفسانەی خۆشەویستی" و" کوێر ئوغلی و"هەمزە کەچەلْ" جوتیارانێکی تەنگدەست لە گەلْ دەرەبەگی زۆردار رووبەروون و بە هێزی بیرکردنەوە و شمشێر بە سەریاندا زالْ دەبێ." دلی دمرول" بەگژ مەرگ دا دەچێتەوە و چونکە خۆشبەختی خۆی لە خۆشبەختی گشتی دا دەدۆزیتەوە" تەنانەت بە سەر ئەفسانەی عزرائیلیش دا زالْ دەبێ. لە" یەك هەلۆ وهەزاران هەلۆ" دا بێهرەنگی دەتوانی کە بە سەرهاتەکەی لە سەر سنوری دژواری راستی و خەیالْ دا رابگرێ. لێرەدا خەباتی جوتیاران لە دژی دەرەبەگ لە خۆراگریی دارهولۆیەکدا رەنگدەداتەوە کە لە نێو باغی خان دا بەرهەم ناهێنێ.

خەیالی قوولی نێو بە سەرهاتەکانی" اولدوز وکلاغ ها" اولد وز وعروسك سخنگو" و" ٢٤ ساعەت لە خەو و بێداری"، نیشاندەری ورد بوونەوە و قولْ بوونەوەی نووسەرە لە دەربرینی جیهانی منالأنە. نێشاندانی نمونەیەك لە خوو و رەوشتی پێشرەوانە بە منالأن، لە رێگای هەلْخراندنی شوروشەوقی ئەوان بە زانینی هۆکارە سەرەکیەکانی دیاردە سروشتی و کۆمەلأیەتیەکان، گەشەی بیرو هزری خەیالی ئەوانی لێ دەکەوێتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



منالان به یارمەتی ئاژەڵ و بووکەڵەکان، لە جیهانی خەیاڵدا بە سەر ستەم و نەزانیەکاندا سەرکەوتن بەدەست دێنن: قەلە رەشەکان، ئولدوز بۆ جێژنی بووکەڵەکان لە ناو دارستان دەبەن و" لەتیف " لە میوانی کەڵ و پەلەکانی یاری دا تێر خواردن، دەخوات. بەڵام راستی لەوە تاڵترە کە بتوانی بە خەیاڵ بە سەر ئەوەدا زاڵ بی، لەم رووەوە،"لەتیف " ئاواتی گۆرانێکی توندوتیژی لە سەردا پەروەردە دەکات.

سەرجەم پاڵەوانی بەرهەمەکانی بێهرەنگی، بارووودۆخێك کە لە ئارادایە نەڤ دەکەنەوە و دەکەونە شوێن دۆزینەوەی ژیانێکی جیاواز لە گەڵ ژیانێك کە بەردەوام هەیە و لەئارادایە" تلخون" لە گەڵ بارودۆخی ئاسایشی خۆی ململانێ دەکات هەتا لە هەل ومەرجێکی دژوارو پرمەترسی‌دا بە خۆشبەختی راستەقینەی خۆی بگات. لە داستانی"کەچەڵی کۆترباز" ئەفسانەی خۆشەویستی" و" ئولدوز و قەلەرەشەکان"یش دا جەربەزەیی دەست بەردار بوون لە بارودۆخی سەقامگرتوو رابەری ژیانێکی نوێی قارەمانی داستانەکانی یەتی.

ماسی‌یە رەشە بچکۆڵەکە( ١٣٤٧) یش دەکەوێتەرێ هەتا بەدەریابگات. ئەو بۆ دووردەستەکانی ئەفسانەی، کۆچ ناکات هەتا جیهان بناسێ، رووبەروو لە ناو مەترسی یەکاندا، ترس ناسێ و ئەزموونی پێویست بۆ گەورە بوون وەربگرێ؟ بە کەڵك وەرگرتن لە شێوازی سەفەر، گەشەی هەنگاو بە هەنگاوی ئامانجێك نیشان دەدات. هەرچی زیاتر ماسی یەکە دەرواتەپێش، ئەزموونی نوێ بە دەست دێنێ و بۆ بەگژدا چوونەوەی کەندوکۆسپەکان کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

" وەك نوینەری نەسلی تازەی شۆرشگێری روناکبیری" ساڵەکانی، ١٣٥٠-١٣٤٠ دەیناسن، بەڵام بە گشتی دەکرێ ئەم داستانە وەك بە سەر هاتێکی سەرکەوتووی سەفەرێکی پرمەترسی و بە ئازاری تازە لاوان بەرەو وشیاری و ئاگاهی بناسرێ .

و : بێستون



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com






PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەوانەیە بۆ یەکەمین جار" سێنکا" و دواتر" بێن جانسون" و ئەوانی تر بوون کە ووتیان رەخنەگری شێعر حەتمەن دەبێ خۆی زاتەن شاعیر بێ و بەو سەوادە ناتەواوەی کە من هەمە پێم وا بێ کە "سێنکا" یا خۆی گێل کردووە یا هەموو ئەو شتانەی کە دەبوایە بێڵێ نەیگوتووە، کاتێك ئەو رەخنەگرە گەورەیانەی کەوە بیرم دێنەوە و بە باشی دەیانناسم: بەوە دەگەم کە رەخنەگری شێعر دەبێ بە خوێ شاعیر بێ بەڵام پێوسیت ناکا کە بلێێ حەتمەن دەبێ شاعیرێکی زۆر باش بێ... هەر ئەو جۆرەی کە باشترین رەخنەگرەکان زۆربەیان شاعیرەکانی دەرەجە دووهەمن، شاعیرانی دەستە ئەوەلیش ئەوکاتەی کە لە شێعرەوە روودەکەنە رەخنەگری لە شیعر بە تەجروبە سابتیان کردووە کە رەخنەگرانێکی خراپیان لێ بە دی دێت کە دەکەونە مەرحەلەی بەر بوونەوە. بە رای من"گوتە" گەورەترین شاعیری سەدەی ١٩ی ئوروپایە بەڵام مەگەر ئەوەنەبوو کە "سوێن بێرن" نێوی ئەوی بە خراپترین رەخنەگری دنیا هێناو بۆ ئیسباتی بۆچوونی خۆی نمونە گەلێکی جۆراوجۆری لە بەرهەمەکانی ئەوی نیشان دا.

ئێستا "ویکتۆر هۆگۆ" چاولێبکەین" ئاناتۆل فرانس" دەڵێ: شتێك بە نێوی رەخنە نییە.

تەنیا مەسەلەی "خۆش هاتن" و " خوش نەهاتن" لە ئارادایە و نمونەی ئەو سەبارەت بە ویکتۆر هۆگۆ بوو: کە دەیوت:"هۆگۆ بێجگە لە یەك مەورد: لە تەواوی قەزاوەتەکانی خوێدا لە بارەی کلاسیکەکان کەوتۆتە ئیشتیباوە:

"بایرۆن" کە لە هەڵسەنگاندن دا لەگەڵ "گوتە" و هاوسەدەیەکانی خۆی شاعیرێکە وەکوو"شکسپێر" کە لە تەواوی قەزاوەتەکانی خۆیداوەها کەوتۆتە هەڵدێر کە بۆ باوەڕ کردن نابێ ئەگەر"والتێر ئێسکات" شاعیرێکی

# شاعیرو رەخنەگر

پەسەند کرد یا شاعیر حەقی هەبوو کە شانازی بە خۆیەوە بکات: لە حالێکدا "وێردزۆرت" هەر شێعرێکی باش ئەگەر ئیخۆی نەبوایە بە بەرهەمێکی خراپی دادەنا.

ئەڵبەتە کە رای شاعیرانی گەورە لە بابەتی شێعر بە شێوەی گشتی و یان شاعیرەکانی دیکە ئەوەندەش بێ بایەخ نییە بەڵام بە بروای من ڕای ئەو شاعیرانە زیاتر لەوەی کە رەخنەیەکی گشتی بێ، نوێنەری ئارەزوەکانی ئەخلاقی ئەوانە، باشترین رەخنەی شاعیرێك لە شاعیرەکانی دیکە زاتەن شێعرەکەی خۆیەتی نەیارانی رەخنەکە ژمارەیان لە نەیارانی راستی کەمترە مانای ئەو مەسەلەیان کردوتە داردەست و هێرشی پێ دەکەن و قسەی ئەوانە ئەوەیە کە "ئەگەر شاعیرانی مەزن نەزانن کە شێعر چییە ئەی کێ دەزانێت؟

وڵامەکەی ئەوەیە کە: رەخنە گرێکی باش دەزانێ کە شێعر چییە" راستی ئێوەش چاوەڕێێ ئەو وڵامە نەبوون؟ کاتێ شاعیرێك بۆ گەرانی شاعیرێك دەنیرێن یان دزێك بۆ وەدواکەوتنی دزێکی تر لە راستی دا "عنسر"ی زال و هاوبەشی هەردوك لامان لە بیردەچێتەوە... شاعیرانی گەورە چونکە حەزو هەلوێستێکی پر مایەیان هەیە دەبنە رەخنەگرێکی خراپ، نامهەوێ بلێم کە لە دایك بوونی رەخنەگر مردنی شاعیرە:

بەڵام وا بیردەکەمەوە کە ئەگەر کاتێك شاعیرێك دەس دەبا بۆ رەخنەی شێعر هەموو حەز و هەلوێستی خۆی لە دەس دەدا شاعیرێکی مەزنیش هیچ کات لە حەز و هەلوێستی خۆی دوور ناکەوێتەوە.

: هـ.و. گارود.(نازناوی سەمەدە)



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# کەچەڵی کۆترباز

چیرۆک

لە زەمانی کۆندا کەچەڵێك لەگەڵ پیرەدایکی دا دەژیا.ماڵەکەیا حەوشێکی بچوکی هەبوو دارەتویێکی تێدا بوو کە بزنە رەشەی کەچەڵ لەوێدا دەلەوەڕا و کاوێژی دەکرد خۆی رادەتەکاند و بە سمەکانی زەوی دەکۆڵی و دەی قاراند. ژوورەکەیان ڕوو لە قیبلە بوو، پەنجەرەیەکی بچوکی تێدابوو تەندورێك لە ناوەراستی و سەکۆیك لە سەرەوە و کونێك لە ژێر ساپێتە ڕوو بەرەوئاسمان بۆ دوکەڵ کێشان و ڕووناکی و هەوا ئەو جۆرە شتانە.

پارچە کاغەزێکیان لە جیاتی شووشە بە پەنجەرەکەیانەوە نابوو، هەر چوار دەوریشی تاق بوو. کەچەڵ بەیانیان بەرەو چۆلی دەرۆیشت، درك و دار و پوش و پلاشی کۆدەکردوە و بە پشتیدا دەدا و دەی هێنایە ماڵ. گیشەی دەکردن هەندێکی دەدایە بزنەکە و ئەوەی تریشی لە سەربان گیشە دەکرد تاوەکو زستان دەهات بیان فرۆشێ یا بیداتە بزنەکە. پاش نیوەڕۆیان کۆتری هەڵدەفڕاند.

کۆتربازیکی چاك بوو. دە، پانزە کۆتری هەبوو. فیکەی باش دەکێشا.

پیریژن لە بەیانی تاکو ئێوارە لە پشت خەڕەکەکەی دادەنیشت خوری دەرست. بەم جۆرە دایك و کوڕە بژێوی خۆیان دەردەهینا. کۆشکی پاشا ڕووبەڕووی ماڵی ئەوان بوو خانووبەرەیەکی زۆرقەشەنگ بوو. عەقڵ لە تەماشا کردنی حەیران دەبوو. کچی پاشا لەگەڵ کەنیزە و کارکەرەکانی دەهاتە هەیوان و تەماشای کەچەڵی کۆتربازی دەکرد گۆیی دەدایە فیك و هۆری و ناوناوەش بە چاو بە ئیشارەت چەند شتێکی بە کەچەڵ دەووت .

بەلام کەچەڵ گوێی پێنەدەدا. وە بە شێوەیەك رەفتاری دەکرد وای نیشان دەدا ئاگای لە کچی پاشا نییە. بەلام لە ڕاستی دا کەچەلیش عاشقێکی بێ قەراری کچی پاشا بوو بەلام نەی دەویست کچەکە بەو بزانێ. دەیزانی پاشا بە هیچ جۆرێك ئامادە نیە کچی خۆی بداتە بابایەکی کەچەڵ کە لە داری دنیا بزنێك و دەپانزە کۆتر و پیرە دایکێکی هەبوو نارێك کچی پاشا هەرچێکی دەکرد نەی دەتوانی کەچەڵ بێنێتە قسە. هەتا ڕۆژیکیان دڵی بەرخێکی پارچەپارچە کرد و فڕێ دایە بەر پەنجەرەکەی. بەلام هەمدیسان کەچەڵ بە سەرخۆی نەهێنا. لە پەنا گیشە دڕك و دارەکان کۆترەکانی هەڵدەفڕاند و فیکەی دەکێشا و گوێی بۆ غەڕەکەکەی دایکی شل دەکرد. سەرئەنجام کچی پاشا نە خۆش کەوت و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەوتە ناوجێگا. ئیتر نەدەهاتە هەیوان تەماشای کەچەڵ بکات. پاشا هەموو حەکیمەکانی لە سەر کچەکەی کۆ کردەوە. هیچ کامێکیان نەیان توانی کچەکە چاك بکەنەوە هەموو حیکایەت خوێنەکان لەم جۆرە شوێنانە دەڵێن کچی پاشا ڕازی دڵی خۆی بە کەس نەدرکان. لە ترسان یان لەشەرمان. بەڵام من دەلیم کە کچی پاشا رازی دڵی بە پاشا گوت. وەختێك پاشا بیستی کە کچەکەی عاشقی کەچەڵی کوترباز بووە تورە بوو. بەسەری دا نەڕاندی : پاشا ڕۆیشت ولە سەر تەخت دانیشت و وەزیری بانگ کردە لای خۆی و پێی ووت:

وەزیر هەر ئیمڕۆ دەبێ کوترەکانی کەچەڵ سەر ببری نەیەڵی ئیتر بێتە سەربان.

وەزیر چەند نۆکەرێکی بە هێز و بازووی خۆی نارد بۆ ماڵی کەچەڵ. کەچەڵ لە هەموو شتێك بێ ئاگا بوو، دانی دەدایە کوترەکانی کە نۆکەرەکان ڕژانە ماڵەکەی و لە چاوچوقانێك دا کۆترەکانیان سەربری و زۆریان لە کەچەڵ دا هەموو لەشیان شکاند و پێچکەیەکی خەرەکەیان شکاند. کاغەزەکانی پەنجەرەشیان دڕاند و گەڕانەوە. کەچەڵ یەك دانە هەفتەی تەواو نەجولا. لە کۆلیتەکەیاندا کەوتبوو، دەی نالاند. پیرێژنی دایکی مەرهەمی لە برینەکانی دەدا و دوعای دەکرد. لە کۆتایی هەفتەدا کەچەڵ هات و لە ژیر دارەتوەکەدا دانیشت، تاکو کەمیك با لە باڵی بداو دڵی بکرێتەوە. خەریکی بیرکردنەوە بوو کە کۆترەکانی لە کوێ بنێژێ، لەو کاتەدا لە سەر سەری دەنگێکی بە گەوت کوت. سەیری کرد دوو

کوتر لە سەر لقی دارەتوەکە نیشتوون و قسە دەکەن.

کۆترێکیان ووتی:

ئەو کوڕەیە کە کچی پاشا لە عەشقی ئەودا نە خۆش بووە و کەوتوە و پاشا فەرمانی بە وەزیر داوە، ئەویش نۆکرەکانی ناردووە و کۆترەکانی ئەم کوڕەیان کوشتوە تا شلیان کردووە لەویشیان داوە و بەم ڕۆژەیان گەیاندوە. کوڕە لە خیاڵی ئەوەدایە کۆترەکانی لە کوێ بنێژێ. کۆتری دووەم: بۆ دەیان نێژێ؟

کۆتری یەکەم ووتی:

ئەی دەتەوی چ بکا؟

کۆتری دووەم ووتی:

وەختێك کە ئێمە هەڵدەفرین چوار گەڵا لە ژێر پێمان هەڵ دەوەری ئەگەر ئەم گەڵایانە بداتە بزنەکەی و شیری بزنەکە لە سەر و گەردەنی کۆترەکانی هەڵسوێ کۆترەکان زیندوو دەبنەوە و کاری واش دەکەن کە تا ئیستاش هیچ کۆترێك نەی کردووە.

کۆترەی یەکەم ووتی:

خۆزگە کوڕەکە قسەکانی ئێمەی گوێ لێ بێ!...

کۆترەکان بەرەو ئاسمان هەڵفرین. چوار گەڵا لە ژێر پێ یاندا هەڵوەری. کەچەڵ گەڵاکانی لە ئاسماندا گرتەوە و هەر لەوێ دەرخواردی بزنەکەی دا گوانەکانی پڕ لە شیر بوون. کەچەڵ بادەی هێنا، بزنەکەی دۆشی و شیرەکەی لەسەر و گەردەنی کۆترەکان هەڵسوی. کۆترەکان پەڕ و باڵیان کوتا و زیندوبونەوە دەوریان لە کەچەڵ دا. پیرێژن لە شەقەی باڵی کۆترەکان هاتە دەرەوە. کەچەڵ هەواڵی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆترەکانی بە دایکی گەیاند، پیرێژن ووتی کورە شیرینەکەم ئەگەر ئەم جارە بچیتە سەربان پاشا دەت کوژێت. کەچەڵ ووتی: دایە ئیتر کۆترەکانی من لەو کۆترانە نین کە تائیستا دەتدیتن...سەیرکە...

ئەو وەختە بە کۆترەکانی ووت:

کۆترە رۆح و سوکەکانم، کاریکی وا بکەن دڵشادم کەن و دایکم رازی بکەن.

کۆترەکان کۆبوونەوە و یەکسەر فرینە ئاسمان و بەرز بوونەوە. کەچەڵ و دایکی سەرسام بوون، ماوەیەکی پێ چوو، کۆترەکان خەبەریان نەبوو، پیرێژن ووتی:

ئەمەش وەفای کۆترە سوکەکانی تۆ!...

پیرێژن قسەکانی تەواو نەبوو کە کۆترەکان لە ئاسمان بە دیار کەوتنەوە. کلاوێکی لبادیان لەگەڵ خۆیاندا هینابوو، کلاوەکەیان دایە کەچەڵ، پیرێژن ووتی.

دیاریەکی عەجەب بە نرخ و گرانبەهایان بۆ هێناوی، ئیستا سەیرکە بزانە پر بە سەرتەیان نا.

کەچەڵ کلاوە لبادیەکەی لەسەر ناو ووتی:

دایە لێم دێ یان نا؟؟ پیریژن بە سەر سورمانەوە ووتی:

کورەکەم تۆ لە کوێ‌ی؟

کەچەڵ ووتی:

دایە من لێرەم. پیرێژن ووتی:

کلاوە کە بدە بە من ببینم.

کەچەڵ کلاوەکەی لە سەری هینای خوارەوە و دای بە دایکی.

پیرێژن کلاوەکەی لە سەرناو کەچەڵ هاواری کرد:

دایە بۆ کوێ ڕۆیشتی؟

پیریژن ولامی نەدایەوە... کەچەڵ بە ماتی و سەرسامیەوە سەیری دەوروبەری کرد. یەکسەر گوێ‌ی لە دەنگی خەرەکەکەی دایکی بوو...

رای کردە ژوورەوە، بینی خەرەکەکەی دایکی هەر لە خۆیەوە بە گەڕ کەوتوەو خەریکە دەڕێسێ، ئیستا بۆی دەرکەوت کە گرنگی کلاوە لبادیە کە چیە.

ووتی: دایە چیتر ئازارم مەدە کلاوەکەم بدەرەوە برۆم کەمێك خواردن و خۆراك ئامادە بکەم، خەریکە لە بێ هێزی و لە برسان دەمرم.

پیرێژن ووتی:

سوێندم بۆ بخۆ ئەگەر کلاوەکەت بدەمەوە دەست بۆ ماڵی حەرام نابەیت.

کەچەڵ ووتی:

سوێند دەخۆم دەست نادەمە شتێك کە بۆ من حەرام بێ.

پیرێژن کلاوە کەی بە کەچەڵ داو کەچەڵیش لە سەری ناو بۆ دەرەوە ڕۆیشت. حاجی عەلی کارگەچی چەند گەرەکیك لەو لاتر دەژیا. چەند کارخانەیەکی هەبوو، سەدان کرێکار و نۆکەرو کارەکەری هەبوو، کەچەڵ رێ‌ی دەکرد و بە خۆی ئەووت: باشە کەچەڵ گیان حسابێ بکە بزانە ماڵی حاجی عەلی بۆتۆ حەلالە یان نا.

حاجی عەلی لە کوێ پارەی دەهێنا، لە کارخانەکەی؟ خۆی کاردەکات؟ نەخێر، ئەودەست ناداتە رەش و سپی، ئەو تەنیا پارەی قازانجەکەی وەردەگرێ و گۆزەرانێکی خۆش دەکات، ئەی کێ کاردەکا و قازانجی دەداتێ. کەچەڵ گیان؟ مێشکت چاك بخە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کار شتێکت لێ دەپرسم چاك وڵامم بدەوە. بڵێ ئەگەر خەڵکەکە کار نەکەن، کارخانەکان چیان بە سەر دێ؟ وڵام: رادەوەستن.

پرسیار:

ئەو کاتە کارخانەکان دیسان قازانج دەبەخشن؟

وڵام: هەلبەتە نا.

ئەنجام: ئەی کەچەڵ گیان، لەم پرسیارە و وڵامە بەم جۆرە ئەنجام وەردەگرین کە کارگەرەکان ئیش دەکەن بەڵام هەموو قازانجەکان حاجی دەیباو کەمیکی دەدات بەوان. باشە ئێستا کە سامانی حاجی عەلی هی خۆی نیە، بۆ من حەلاڵە. کەچەڵ بەو پەرەی ئیسراحەتەوە چوو بۆ ماڵی حاجی عەلی کارگەچی. چەند نۆکەر و خزمەتکارێك لە حەوشەی دەرەوە لە هاتۆ چۆدا بوون. کەچەڵ بە نێوانیان دا تێپەری کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە. لە حەوشەی ژوورەوە حاجی عەلی لەگەڵ ژنەکانی لە ڕۆخ حەوزی ئاو لە سەر تەختێك دانیشتبوو عەسرانەی دەخوارد. چاوو هەنگوین و کەرەو سەرتوێژ و نان و سوخاریان دەخوارد کەچەڵ پڕی دەمی ئاو بوو. چووە پێشەوە و بابۆلەیەکی گەورەی بۆ خۆی کرد. حاجی عەلی سەیری دەکرد بینی نیوەی لە هەنگوین و کەرەکە نەما دەستی بە دۆعا کردن و ناوی خوا هینان کرد کەچەڵ چای حاجی هەلگرت و هەڵیقوراند، ئەم جارەیان حاجی عەلی و ژنەکان زیرەیان کرد و هەموو شتەکانیان بە جێ هێشت و هەڵاتنە ژوورەوە. کەچەڵ هەموو هەنگوین و سەرتوێژەکەی خوارد و چەند چایەکی بە سەر دا کرد و ئینجا چوو بە ژوورەکاندا بگەڕێ. لە ژوورەکاندا ئەوەندە شتی بە نرخ و گرانبەها هەبوو کەچەڵیان سەرسام کرد بوو. چرادانی زێر و زێو پەردەی بەسیمی زێرین و ڕاخەر و بەرەی ئێروپروپیان و بەرین، قاپ و قاچاقی زێوی و بلووری و چەندها شتی تر. کەچەڵ هەر شتێکی پەسند دەکرد و لە گیرفانەکانی جێی بۆ دەکردەوە و هەڵی دەگرت.

سەرئەنجام کلیلی سندوق و قاسەی حاجی دۆزیەوە. شەوێ هەموویان نوستبوون، کەهاتەوە قاسەی کردەوەو توانی پارە و پوڵی حاجی هەڵگریت و هاتەوە دەرێ، ماڵی چەند پارەداری دیکەی بڕی نیوەشەو تێپەری بوو کە بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ. هەندێ پارەی بۆ خۆیان گێڕایەوە ئەوی تریشی بە سەر ماڵە هەژارەکاندا بەش کرد.

لە دەرگای ماڵەکانی دەدا، خانە خوێ دەهاتە ناو دەرگا. کەچەل دەی ووت: ئەو زێڕی خولاسە و دو هەزار تمەن بگرە بۆ مندالەکانتی خەرج بکە. هی خۆتە لای کەسیش دەنگ مەکە.

تا خاوەن ماڵ دەی ویست بزانێ کێ لەو دیو دەرگایە و دەنگ لە کێوە دێ، دەیبینێ چەنگێك زێرو پارەیەکی زۆر لەبەر پێی دا دەرژاوە، کەسیش لەو دەوروبەرە دیار نیە. کەچەڵ درەنگە وەختانێك گەیشتەوە ماڵ. پیرێژن لە تاو کەچەڵ نەنوستبوو تا ئەو کاتە لە پشت خەرەکەکەی بوو. خەوچاوەکانی نووساند بوو کۆترەکان لە کۆلیتەکە لەم لا و ئەولادا سەریان لە ژێر بالیاندا بوو، نوستبوون. کەچەل بەبێ دەنگی چووە ژوورەوە لە تەنیشت دایکی دانیشت و یەکسەر کلاوەکەی لە سەر سەریەوە هێنایە خوارەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیرێژن کە کوڕەکەی بینی شاد بۆوە. ووتی: تاکو ئەم ناوەختە شەوە لە کوی بوی کورە؟ کەچەل ووتی لە مالی عەلی کارگەچی؟ مالی خەلکم لی دەستاندەوە.

پیریژن ساواری بۆ کەچەل هێنا. کەچەل ووتی: ئەوەندەم هەنگوین و سەرتوێژ خواردووە کە ئەگەر هەفتەیەکی تەواو زادنەبرم، ئێستاش برسی نابمەوە.

پیریژن خۆی بە تەنیا چێشتی خوارد، تەختی شیری بزنەکەی هەڵقوراند و هەڵسان چوون بۆ نووستن. پێش ئەوەی بنوون ئەو ساوارەی هەیان بوو لە بەر کۆترەکانی ڕۆو کرد. بەیانی زوو کلاوەکەی لە سەر نا و ڕۆیشتە سەربان و دەستی بە کۆتر فڕاندن و فیکەکێشان کرد. داوێکی درێژیشی بە دەستەوە گرتبووو کۆنە پەڕۆیکی پیوە بەستبوو. کچی پاشا. بە نەخۆشی لە پشت پەنجەرەوە نووستبوو چاوی لە سەر بانەکەی کەچەڵ بڕی بوو لە ناکاوێك بینی کۆترەکانی کەچەل پەرواز بوون و دەنگی فیکەی بیسترا بەڵام دیارنیە.

تەنها داری کۆتر هەڵفراندنی دەبینرا لە ئاسماندا ئەم بەرو ئەوبەری دکرد و کۆترەکانی سەرگەرم دەکرد. نۆکەرەکانی وەزیر ئەمەیان بە وەزیر ڕاگەیاند و وەزیریش خەبەری بۆ پاشا برد کە کەچەل کارەکەی لە سەرراوە دەست پیکردوتەوە ڕەنگە تەندروستی کچەکە خراپتر ببێ. پاشا وەزیری ڕەوانە کرد کە بچێ کۆترەکانی بگرێ و بیان کوژێ کچی پاشا بۆ کەچەڵ نیگەران بوو کەنیزی مەحرەمی ڕازی ناردە لای پیرێژن بۆئەوەی خەبەرێکی بۆ بێنێ و بە پیرێژن رابەگەیەنێ کە کچی پاشا عاشقێکی دڵ بیقەراری کەچەلە، چارەیەکی بکا. لەو لاوە حاجی عەلی و دەوڵەمەندکانی تر بە داد و فیغانەوە رژانە کۆشکی پاشاوە و ئەیان ووت: حاڵمان بێ حاڵە و ژیانمان بەربادبووە. ئەی تۆ پاشای کام ڕۆژی؟ لەشکرەکەت بە دووای دزەکاندا بنێرە، تاکو مالە کانمان بێتەوە...

ئەوانە لێرە بە جی بهێلە تا هەواڵی کەچەڵت پێ بڵێم کەچەلی کلاو لە سەر لە سەر باندا کۆتری هەڵدەفڕاند و پیریژنی چارۆل بە سەر لە ژورەوە خەریکی چنین بوو بزن لە حەوشدا دەخولایەو و بە دوای ئەو گەڵا توانەدا دەگەڕا کە با دەیخستە سەر زەوی. پیریژن سەری بڵند کرد بینی بزنەکە سەیری دەکات. پیرێژنیش سەیری چاوەکانی بزنەکەی کرد.

وەك ئەوەی بزنەکە بڵێ: کەچەڵ و کۆترەکانی لە بارەێکی ترسناك دان. هەڵسەگەلا توم بۆ بێنە بیخۆم و پێت بڵێم دەبێ چی بکەی پیرێژن بە خیرایی هەلسا و دەستی دا دارو گەلای وەرادندە سەر زەوی. بزنەکە هەر خواردی تاوەکوسکی بای کرد. ئەوساکە بەرووی پیریژن دا تری. ئینجا بە پیریژن ی ووت: سوپاست دەکەم ئێستا تۆ بڕۆ ژوورەوە. من خۆم دەچمە سەربان و کۆمەکی کەچەڵ و کۆترەکانی دەکەم. بزنەکە بە پەیژە چووە سەربان.

بزنەکە لە پەیژەی کە چووە سەربان، سەرکەوت و گەیشتە کەناری پەیژەکە و دیسان دەستی بە لەوەران کرد. وەختیکی ئەوەندە بەسەر ئەم رووداوانە تیپەر نەبووبوو کە چەند نۆکەریکی وەزیر خۆیان بە حەوشەدا کرد. داری کۆترە هەڵفراندن بەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەر و ئەو بەردا دەڕۆیشت. هەر کەسێ دەی ویست پێی لە سەربان بنێ، دارەکە لێ ی دەدا و دەیخستە خوارەوە. لە دووای دا هەموویان گەڕانەوە لای وەزیر. کچی پاشا هەموو شتێکی لە پشت پەنجەرەوە دەبینی و حاڵی کەمێ باشتر ببوو. ئەمە شتێکی دڵ خۆشکەر بوو بۆی.

پاشا و حاجی عەلی کارخانە دار و دەوڵەمەندەکانی تر دانیشتبوون. قسەیان دەکرد و نەیان دەزانی کە کام دزی زەبەردەستە لە شەوێك دا ئەم هەموو ماڵەی بڕیوە ئەم هەموو ماڵ و سامانەی بردووە. کەچەڵ خۆی دیار نیە بەلام داری کۆتر هەڵفراندنەکەی لە سەر بان، کۆتری هەڵدەفراند و کەس نەی وێرا لە کۆترەکان نزیك بێتەوە.

پاشا ووتی:

کەچەڵ بگرن و بیهێننە لای من.

وەزیر ووتی:

پاشا پیم ووتی کەچەڵ لە هیچ شوێنێك دیار نیە، لە کۆرینەکە، دایکی بە تەنهایە. ئاگاشی لە کەچەڵ نیە. حاجی عەلی کارخانەدار ووتی:

پادشام هەرچی هەیە لە ژێر سەری کەچەل دایە. لە نیشانەکانیشی تێدەگەم کە کەچەل مالی هەموویانی بڕیوە. ئەوکاتە رووداوی هەنگوین و چایەکەی گێرایەوە. یەکێکی تر لە پارەدارەکان ووتی: لە بەر چاوی خۆم گەردەن بەندم لە گەردەنم نەماو بزر بوو هەر لەوی بووە درك و بەهەوا داچوو.

یەکێکی تر ووتی:

منیش بینیم کە ئاوێنە چوارچێوە زێرینەکەمان لە ناو دەلاقەدا لە هەوادا بڵند بو و رۆیشت هەتا بە خۆ کەوتم وهاتم بجولێمەوە بینیم ئاوێنە دیارنیە و نەما حاجی عەلی راست دەڵێ. ئەم ئیشانە هەمووی لەژێر سەری کەچەڵ دایە. پاشا تورە بوو فەرمانی دا کە لەشکر ئامادەبێ و بەرەو مالی کەچەڵ بروا و دەوری ماڵەکەیان بگرن بە مردوی یان زیندویی بێهێنن.

هەر لەو کاتەشدا کچی پاشا لەگەل کەنیزەکەی دانیشتبوو قسەیان دەکرد کەنیزەکە تازە لە لای پیرێن گەرابووە ئەی ووت: خانم دایکی کەچەڵووتی زیندوە و حاڵ زۆر باشە. ئیمشەو دەینێرمە لای شازادە با لەگەل خۆی قسەبکا. شازادە بە سەرسامیێەوە ووتی:

کەچەڵ دێتە لام؟ ئاخر چۆن دەتوانی بە بەردەمی ئەم هەموو لەشکر و پاسەوانانەدا تێپەرێ و بێتەلام؟ خۆزگە بیتوانیبایە بێت. کەنیزەکە ووتی: خانم کەچەڵەکان هەزار و یەك فێل دەزانن. شەو چاوەرێی دەبین هەر دێت. لەو کاتەدا لە پەنجەرەڕا سەیریان کرد بینیان لەشکر وەك ئەنگوسیتلەی دەست چواردەوری مالی کەچەڵیان گرتوە. شازادە ووتی:

ئەگەر حەوت گیانیشی هەبی ناتوانێ یەکێکیان دەربازبکا. کوریژگە کەچەلەکەم!

کۆترەکان لە سەربان نیشتبوون و چینەیان دەکرد، داری کۆترە هەڵفراندن راست راوەستا بوو بزنە هەر خەریکی پوش خواردن بوو و گوللەی پتەووسەر شکێنی فرێ دەداتە دواوە.

لەشکر بە ئامادەیی راوەستا بوو سەرلەشکر بە دەنگی بەرزەوە ئەی ووت: هۆ کەچەڵ ئەگەر هەزار گیانیشت هەبێ یەکێکیان بە ساغی دەرباز ناکەی خەیالت خاوە... بەزوترین کات خۆت بدە دەست و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر نا پارچەی گەورەت دەنکە بروێشکێك دەبێ ...

پێریژن لە کۆریتەکەدا لە ترسان هەڵدەلەرزی ئیتر دەنگی خەرەکەکەی نە دەبیسترا. بزن؟... کۆترەکان کۆبونەوە پسەپسیان کرد. لە شەقەی باڵیان داو وون بوون.

سەرۆك لەشکر دووبارە ووتی:

هۆ کەچەل ئەمە دواجارە پێت دەڵێن. فەرمانت دەدەینێ واز لە فروفێڵ و تەڵەکە بازی بێنە. تۆ دەرەقەتی ئێمە نایەی تۆ لە دەستی ئێمە دەرباز نابی لە دوایی دا گرفتار دەبی و ئیتر ئەو کاتە پەشیمانی سودی نییە لە هەر کوێی وەرەبەر دەستان!...

کەچەل هاواری کرد:

جەنابی سەر لەشکر ببوورن کە مەعتەلم کردن خەریك بووم دۆخینم دەبەستەوە، ئیستا بە خزمەتتان دەگەم. جەگەرەیەك داگیرسێنن دێم، سەر لەشکر خۆش حاڵ بوو کە بە بی دەردە سەری کەچەڵ دەستگیر بووە. جگەرەیەکی داگیرساند و ووتی: عەجەب تەڵەکەبازی!... دەنگت لەچ ئاقارێك دێت؟ کەچەڵ ووتی:

نەعلەت لە گۆری دایك و باوکت!... سەرلەشکر تورە بوو نەڕاندی: هەی فڕول نازانی من کێم دەتەوێ گاڵتەم لە گەڵدا بکەی؟ لەم کاتەدا سەدان کۆتر لە هەر چوار لای ئاسمانەوە پەیدابوون. کۆترەکانی کەچەڵیش لە ناوەراستیان دا بوون. بزنەکە خێرا خێرا دەلەوەرا. لە پاشۆڵی گوللەی فرێ دەدا.

کەچەل گوللەیەکی هەڵگرت و بانگی کرد. جەنابی سەرلەشکر سەیرکە بزانە من لە کویم گوللەکەی بۆ سەرۆکی لەشکر هاویشت سەرلەشکر سەری بەرز کرد بوو و جگەرەی بە لالێوی یەوە گرتبوو. سەیری ئاسمانی دەکرد گوللە بە ناوچاوانی کەوت وزیرەی لێ بلند کرد. لەشکر شێوا، بەڵام کۆترەکان ماوەیان نەدان و گۆڵلە بارانیان کردن. گوللە یان بە دەنووك دەگرت و دەفرینە پەڕەکەی ئاسمان و بە سەر لەشکەریان دا بەر دەدایەوە.

گوللەکان بەسەری هەریەکێك دەکەوت دەیشکاند. لەشکر شەو کشایەوە لە چوار دەورەیان دانیشت. کەچەڵ بزن و کۆترەکانی بەجێ هێشت و هاتە خوارەوە. کۆترەکانی تریش گەرانەوە. دایکی لەو پارەی کە کەچەڵ پێی دابوو چێشتێکی زۆر پوختی لێنابوو. وەك شەوان خواردنی بە درۆ نەبوو: پارچە نانیکی وشك و گەنمیشی بۆ کۆترەکان کڕی بوو. بزنەکەش وێنجە و جۆی دەخوارد.

پاش نان خواردن پیریژن بە کەچەل ی ووت:

ئێستا کلاوەکەت لەسەری نێ و بە پێ برۆ لای شازادە. من قەولم پێداوە کە تۆ بۆلای بنێرم.

کەچەڵ ووتی:

دایە ئاخر ئیمە لە کوێ و کچی پاشا لە کوێ؟

پیریژن ووتی:

ئیستا تۆ برۆ بزانە چ دەلی: کەچەل کلاوەکەی لە سەری ناو رۆیشت. بە نێوان ئێشکچی و سەربازەکاندا تێپەری و گەیشتە ژوری شازادە. کچی پاشا لەگەل کەنیزی مەحرەمی رازی چێشتی

دەخوارد. تەندروستی باش ببۆوەو هاتبووە سەر خۆ بە کەنیزەکەی دەووت:

ئەگەر کەچەڵ بزانێ چەندم خۆش دەوێ. یەك دەقە راوەناستێ بەلاّم دەترسم بەردەستی پاسەوانەکان بکەوێ و بکوژرێ، دلّم مشەوەشە.

کەنیزە کە ووتی:

بەلّێ خانم منیش دەترسم، پاشا فەرمانی داوە ئیمشەو ئیشك گرو پاسەوانان دوقات زیادبکەن. کوڕی وەزیریشی کردۆتە سەرۆکیان.

کەچەڵ هات و لە کەناری کچی پاشا دانیشت و دەستی کرد بە نان خواردن. چێشتەکەیان پلاّو و گۆشت بوو لّەگەل چەند جۆرە مورەبا و پەتاتە و هێلکە و رۆن و چێشت وشتی تر.

خانم و کەنیزەکە دیتیان کەلایەکی قاپێك خێرا خێرا چۆڵ دەبێ و رانێك لە مریشکەکە کرایەوەو وون بوو.

کەنیزەکە ووتی:

خانم، تۆ هەرچی دەخوازی لە دلّی خۆتی بگرە، من لەو باوەردام کەچەڵ لەم ژوورەدایە.

ئەمە ئیشی ئەوە. نەم ووت کەچەڵەکان هەزارو یەك حیلە و حەواڵە دەزانن!...

شازادە شادمان بوو ووتی:

کەچەڵ گیان ئەگەر لە ژوورەوەی خۆتمان نیشان بدە دلّم بۆت بۆتە تنۆکە ئاوێك. کەچەل گیان نوّقەی نەکرد. کارەکەرەکە ووتی: خانم رەنگە لە بەر من خۆی بە دیار نەخا. من دەرۆم تا ئاگاداری ئیشك گرەکان بم.

کەنیزە کە چووە دەر کەچەل کلاّوەکەی هێنایە خوارەوە. لە ناکاو شازادە بینی کەچەل لە تەنیشتی دانیشتووە. گەشایەوە و ووتی:

کەچەڵ مەگەر نازانی من شێت و شەیدای تۆم؟ وەرە بمگرەو گیانم رزگار بکە. پاشا دەیەوەی من بە کوڕی وەزیر بدا.

کەچەل ووتی:

ئاخر تۆ شازادەیەکی. چۆن دەتوانی لە کۆریتەی رەشە دو کەلاّویەکەی ئێمەدا بژیت؟ شازادە ووتی:

من ئەگەر لەگەڵ تۆ بم دەتوانم تەحەمولی هەموو شتیك دەکەم. کەچەل ووتی:

من و دایکم بە زۆر ژیانی خۆمان بەسەر دەبەین چۆن تۆتیر بکەین! تۆش کچی پاشای و هیچ کاریك نازانی.

کچی پاشا ووتی:

تەنها ئیشێك دەزانم.

کەچەڵ ووتی:

چ کارێك؟

کچەکە ووتی:

هەرکارێك تۆ بلّێ ی...

کەچەل ووتی:

ئێستا باشە بە دایکم دەلّێم فێری رستنت بکا. تۆ چەند رۆژێك ئارام بگرە، من دێم ئاگادارت دەکەمەوە کە چ کاتیك لێرە برۆین.

کچە و کەچەل بە گەرمی گفتوگۆیان دەکرد. عەرزت بکەم لە بارەی کوری وەزیرەوە کە سەرۆکی ئیشك گرەکان بو، عاشقی کچی پاشا بوو.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەو کاتەی کەچەل دەهاتە لای شازادە بینیبوی کە کوڕی وەزیر لە سەر کورسی کوڕ بۆتەوەوخەوتووە. کە کوری وەزیر بێدار بووە بینی چەکەکانی دیار نین. تێگەیشت کە کەچەڵ هاتووە و کار لە کار ترازاوە هەردەم و دەست هەموو ئیشك چیەکانی بە ژوری کچی پاشا دا کرد. ئیشکگر لە بەر دەرگا کەنیزەی شازادەی بینی. هاواری کرد و دەرگاکەی کردەوە و بینی کچی پاشا لەگەل کەچەل بەگەرمی قسەدەکەن. دەرگای خرداخست و هاواری کرد کەچەل لێرەیە، خێرا وەرن!... کەچەڵ لێرەیە.

کوری وەزیر و ئەوانی تر بە راکردن هاتن. پاشا لەم دەنگە دەنگە بێدار بۆوە و لەسەر تەخت دانیشت و فەرمانی دا کە کەچەل چ بە مردویی چ بە زیندویی دەست گیرکەن و بۆی بهێنن. سەرۆکی ئێشك چییەکان کە کوری وەزیر بوو. لەگەڵ چەند کەسیکی ترەوە رژانە ژووری کچەکە، شازادە لە سەر تەخت راکشابوو چیرۆکی دەخویندەوە، ئاگا و خەبەری لە کەچەل نەبوو. کوریش کە عاشقی کچی پاشا ببوو لێ پرسی: شازادە خانم، تۆ ئەو کەچەلەت نەبینی، بۆ کوێ چوو؟ ئیشکگرە کەت دەڵێ دەقەیەك پیشتر لیرە بوو. شازادە بە سەری دا قیژاندی و ووتی:

باوکم بە تەواوی بی غێرەت بووە، مەجال بە ئێوە دەداد بەشەو خۆتان بە ناو ژوری کچە نەخۆشەکەی دا بکەن. ئیوەش رووتان ئەوەندە قایمە و ئەم قسانە لە رودا دەکەن برۆنە دەرەوە!

کوری وەزیر بە ڕێزو ئەدەبەوە ووتی:

شازادە خان فەرمانی پاشا خۆیەتی کە هەموو کون و کاژێرێك بگەرێین. من مەئمورم و هیچ درێغییەکیشم نەکرد وە. ئەوسا هەموو کون و کەلەبەریکی ژورەکە گەران و هیچ دیارنەبوو، و ئەو شمشێر و نێزەی کە کەچەڵ لە کوری وەزیر دزی بووی لە ژێر تەخت حەشاری دابوو، کوڕی وەزیر ووتی:

شازادەخان ئەوانە هی منن، من ئیستا خەبەر بو پاشا دەدەم. لەو کاتە وەزیر و کەچەل لە تەنیشت شازادە راوستا بوو: لە نیوان ئشیك گرەکاندا تێپەری و گەیشتە ناو دەرگا. سێ چوار کەس لە چەقی دەرگاوە راوەستابوون رویشتن مومکین نەبوو. ویستی بە ناو قەرەبالغییەکە دا ڕێگایەك بدۆزیتەوە و بۆی دەرچێ، لە ناکاوێك پێی لەشتێك تراز هەرزەلی و کلاوەکەی کەوتە خوارەوە هەرچەند کەچەل پارایەوە و نالایەوە تا کلاوەکەی بدەنەوە، ووتی جوان نیە بە سەری کۆت بچمە بەردەمی پاشاوە، کوری وەزیر گوێ نەدایە، پاشا بە پەستی لە سەر تەخت دانیشتبو چاوەروانی دەکرد. کاتێك کەچەڵیان هێنایە بەردەمی پاشا هاواری کرد:

هەی حەرام زادە، هەر غەڵەتێك لە شوێنی خۆی، ماڵی خەڵکیت بری، لەشکرت نەهێشتم، و بەڵام بە چ جۆرەتیك چوویتە ژوری کچەکەم؟ هەر ئیستا فەرمان دەردەکەم وەزیر بیت و قورقوشمی تواوەت بە گەرودا بکات.

کەچەلە: پاشا هەرچی بفەرموی رازیم، بەلام پێیان بفەرموو دەستەکانم بکەنەوە و کلاوەکەم بدەنەوە بێ ئەدەبی یە لە حزوری پاشا دەست لەسەر سینگ نەبم و بەسەری روت راوەستم، پاشا فەرمانی دا: دەستەکانی بکەنەوە و کلاوەکەی بدەنەوە. کوری



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەزیر ویستی کلاوەکەی نەداتەوە. بەڵام نەیویرا قسەلە قسەی پاشا بکا دەستەکانی کردەوە و کلاوەکەی دایەوە.

کەچەل کلاوەکەی لەسەری ناو لە بەر چاوان ون بۆوە پاشا سەرسورماو هاواری کرد: کورە بۆ کوێ چویت؟ بۆچی چاوشارکێیم لە گەڵدا دەکەی؟

کوری وەزیر بە ترس و لەرزەوە ووتی: قوربان بۆ هیچ شوینێك نەچووە، خۆی لە ژێر کلاوەکەی دا حەشارداوە، فەرمان بدە دەرگاکان داخەن، ئیستا بۆی دەردەچی. تا کەچەلوویستی وە خۆ کەوی و دەرچی بینی بە تەلەوە بوو، پاسەوانەکان بە جۆرێ دەوری ژووری پاشایان گرت کە مشکیش نەیدەتوانی کونێك بدوزێتەوە و دەربازبێ، پاشا بینی کە کەچەلیان بۆ ناگیرێ داوای جەللادی کرد، جەللاد هات، پاشا فەرمانی دا:م جەللاد لە سەری ئەم حەرام زادەی وەزیر بدە!.. کوری وەزیر کەوتە سەر دەست و پێ و پارایەوە پاشا ووتی:

حەرام زادە تۆ کە دەزانی کلاوەکەی کەچەل ئەم جۆرە کلاویە بۆ پیت نەوتم!؟.. جەللاد بە زەییت پێی دا نەیەتەوە لە سەری دە..

کوری وەزیر دوینی نیوەشەوەبەم شیوەیە کوژرا

ئیستا با بێینەوە سەر شازادە. کاتیك شازادە بینی چواردەوری کەچەل گیراوە و کوری وەزیر کوژرا، بە کەنیزەکەی وت، دەزانی ئەگەر وەزیر بێ، ئیمەش پەل بە دەست دەکەن و رامان دەکیشنە نیوانەوە؟ ئیمە دەست لە سەر دەست دانیشتوین چی بکەین؟ هەڵسە بابروین بۆ لای دایکی کەچەل پەلکە خەمیکی بۆ بخۆین. کەچەلۆکە خەریکە گیانم دەرچی. ئیشك گرەکان ئەوندە سەریان قەرەلەبالغ و مشەوش بوو ئاگایان لە رۆیشتنی ئەوان نەبوو. پیریژن لە مالەوە بە تەنیا دانیشتبو خەریکی رستن بوو بزن و کۆترەکان خەوتبوون شازادە بۆ پیریژنی گیرایەوە کە چۆن کەچەل کەتۆتە ناو تۆقی دوژمن و دەبی مشوریکی بۆ بخورێ.

پیرەژن چوو بزنەکەی بیدار کردەوە، کۆترەکانی بە ئاگا هینا و ووتی:

ئەی بزنە ریشدارەکەم زرنگەکەم، ئەی کۆترە روح سوکەکانی کەچەلم، کورە کەم بە تەنیا لە مالی پاشا لە تەنگانە دایە. کاریکی وا بکەن، دڵی کەچەلەکەم شادکەن و منیش رازی بکەن. ئەمەش کچی پاشایە و دەیەوەێ ببێتە بە بووکم، لە خەم و پەژارە رزگاری بکەن!..

بزنەکە داوای خواردنی کرد، پیریژن و کچەکان پوش و گەڵای توویان بۆ هینا. بزن دەستی بە خواردنی کرد و لە دواوە گوللەی فرێ دەدا. پیرەژن تەندوری گەرم کرد و سێڵی لە سەر دانا تاکو گەنم بۆ کۆترەکان ببرژینی.

کۆترەکان چینەیان دەکرد و گوللەیان هەلدەگرت و دەفرینە ئاسمان و بە سەر سەری لە شکرو پاسەوانەکاندا دەیانخستە خوارەوە. لە تاریکی شەودا کەس هیچی لە دەست نەدەهات. ئیستا وەزیریش ئاگادار کرا بوو هاتبوو.

بە پاشای ووت:

پاشام، ئەگەر یەك دووساعەتی تر بەم جۆرە بروا دەر و دیوارمان بەسەردا دەبارینن. واباشترە واز لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەچەل بهێنین و بیرێکی لێ بکەینەوە و حیسابیکی بۆ بکەین.

پاشا قسەکەی وەزیری پەسند کرد، فەرمانی دا دەرگاکانیان کردەوە و خۆشی بە دەنگی بەرز ووتی:

هۆ، هۆ کەچەل وەرە لێرە برۆ ون بە!..

رۆژێك تێپەری. کەچەل لە ژوورەوە هاواری کرد قوربان بە فورسەتی دەزانم لە خزمەتتاندا پێتان بلێم لە هیچ جیگایەك بەم جۆرە رەفتاریان لەگەڵ خوازبینی کەردا نەکردەوە..

پاشا ووتی:

تۆ لە کوێ داخوازی کچی پاشا لە کوێ؟

کەچەل ولامی دایەوە:

پاشا کچەکەت بدەیە من، تا بە کۆترەکان بڵێم ئارام بنەوە من و کچەکەت حەزمان لیك کردوە.

پاشا ووتی:

منیش کچی بێ شەرم و ئابروم ناوێ، هەر ئیستا وەدەری دەنێم.

پاشا چەند نۆکەرێکی بە دوای کچەکەی دا نارد تاکو پەلی بگرن و لە مال دەری کەنە دەرەوە

نۆکەرکان چوون و گەرانەوە وتیان:

پاشا شازادە خۆی رۆیشتووە.

ئیتر کەچەل هیچی تری نەوت و ئیشارەتیکی بۆ کۆترەکان کرد و گەرانەوە ماڵ

دایکی و شازادە و کەنیزەکەی شیرو شەکریان دەخۆارد.

کەچەل بەو زێرو زیوەی کە کچی پاشا لە گەل خۆی دا هێنابووی لەگەل ئەو پارەی کە خۆی و دایکی و کچی پاشا وە دستیان هێنا، مال و ژیانیکی خۆشیان پێکەوەنا. بەلام ئیستاش دەچووە داربرین و پنچك کۆکردنەوە و کۆترەی هەڵدەفراند و بزنەکەشی لە ژیر دارەتووەکە کە دەبەستەوە و دایکی و ژنەکەی کاری رستنیان دەکرد و ژیانیان پێ دەر دەهینا. کەنیزەکەشیان ئازاد کرد بوو چوو بو میردی کردبوو. ئەویش بۆ خۆی ببوە خاوەن مال و ژیان. حاجی عەلی خاوەن کارخانە و ئەوانی تر تا ئیستاش دەهاتنە لای پاشا و لە دەستی کەچەل داد و بیدادیان بوو. بە تایبەتی کە ناوناوەش کەچەل دەستی بۆ مال و سامانیان دریژ دەکرد و هەلبەتە کەچەل هیچ کاتیك ئەو شتانەی کە دەی دزین بۆ خۆی نەدەگیراوە. پاشا کورە بچوکی وەزیری کردە سەروکی پاسەوانەکان، ئەمەیش بۆیە کردبووی تا وەزیر لە بارەی کوشتنی کورەکەی دم بەست بکا و شتێك روونەدا.

هەموو حیکایەت خوانەکان دەلین ( چیرۆکی ئێمە بەسەر چوو) بەلام

من دڵنیام کە تائیستاش بەسەر نەچووە، رۆژیك هەردێ و بە دوای ئەم چیرۆکەدا دیینەوە..

وەرگیراو لە لە بلاوکراوەیەکی یەکیەتی فیدائیای کۆمۆنیست



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بیرەوەرێکی خسرەو گوڵسورخی لە سەمەد



کاتێك نووسەرێكمان لە دەست دەچێ، سەبارەت بەو بەرادەیك دەنووسن و دەبێژن، شیعری بۆ دەڵێن و وەسفی دەکەن و باشترین بەرهەمی خۆیانی پێشکەش دەکەن و سەرەنجام سیمایەکی ئەفسووناوی پێ دەبەخشن و بە جۆرێك لە خەڵك جیا دەکرێتەوە و هەڵی داوێرن و بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرەی لێ دەخوڵقێنن. گەورەترین ستەمێك کە لە سەمەدی بێهرەنگی دەکرێ هەر ئەوەیە کە هەڵپەی تێدا بکەین و لە رادەبەدەر سیمای بنوێنن چونکە گەورەترین رووخساری دیاری رەوشتی و رۆحی سەمەد، ساکاری و سەمیمیەت و ئاسایی بوونی ئەوە. نابێ سەمەد لە خەڵك جیابکرێتەوە سەمەد یەکێك بوو لە ئێمە جیا کردنەوەی سەمەد لە خەلك جوریك ماف زەوتکردنە.

چونکە ئەو سەرتاسەری تەمەنی لە نێو خەڵکی "ممقان"،"ئاخیرجان" باشووری شاری تەورێز بە سەر برد لە نیو منالانی فەرش چن لە نیو قوتابخانە وێرانەکان و کتێبخانەکان و کتیب فروشیەکاندا.

کار کردنی لە ئاخیرجان ئاوایی ممقان بوو، وێستگەی ناوشاری کتێب فرۆشیەکان و هاوڕیی قوتابیان بوو.

کاتێك رووی ئەکرد. کتیب فروشی، کاری ئەوە بوو کە چاوەدیری بە سەر خویندکاران دا دەکرد و رێگەی نەدەدان کە منالەکان کتیبیك بکرن کە بە لاریێیان دا بەرێ.

لە بیرمە کە رۆژێکی سەمەد بۆ کتێب فرۆشی یەکە هاتبوو رووبە لاوێك کەدەیەویست کتێبێکی جینایی بکرێ و تبووی نابێ بیکری و زۆر هەولی دابوو کە پاشگەزی بکاتەوە، بەلام ئەم گەنجە قەبوولی نەکرد بوو هەولی سەمەد ئاکامی نەبوو بەڵام سەمەد چونکە ماموستا بوو دەیزانی کە بە چ شێوەیەك قسە بکات هەر جۆرێك بوو ناوونیشانی ئەو لاوەی دۆزیەوە ئەم لاوە کتیبی دلخوازی خۆی کری و رۆیشت بەڵام ئەو کتیبانەی کە سەمەد خۆی حەزی دەکرد ئەم لاوە بیخوێنێتەوە کرێ و بۆ ئەم لاوەی رەوانە کرد.

هەر ئەو لاوە چەندین جار سەردانی کتیب فرۆشیەکەی کرد و هەواڵی سەمەدی ئەپرسی بەڵام سەمەد رۆیشتبوو بە چۆمی ئەرەسەوە پەیوەست ببوو.

بەڵی سەمەد بەمجۆرە بوو، منالانی خۆش دەویست لە ئاکار و رەوشتی دا تەنانەت کەس نەیئەزانی کە ئەو رەنگە نووسەرێك بێ، بەرادەیەك ساکار و سادە بوو هەر وەك نووسراوەکانی هەولی ئەدا زۆر بەسانایی پەیوەندی لەگەل خەڵك دابمەرزێنێ لە کارگاکانی فەرش چنین دا شیعری بۆ کریکاران دەخوێندوە لە ئاواییەکان قسەی بۆ خەڵك دەکرد و لە قوتابخانە لەگەڵ منالان یاری و کایەی دەکرد و منالان سەمەدیان خۆش دەویست. بە دەمیانەوە پێدەکەنی ئەگەر ئەوان خەمێکیان لە دڵدا بوایە هەستیان بە تەنیایی نەدەکرد، مامەسەمەد بۆ ئەوان هەموو شتێك بوو. بۆ نووسەرێکی لەم چەشنە ئایا نارەوا نیە لە خەڵکی جیابکەیتەوە.

سەرچاوە: کتیبی یادمان سەمەد بهرنگی کۆ کردنەوە عەلی ئەشرەفی دەروشیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



# ئەدەبیاتی منالان

ئیتر ئەو کاتە بەسەر چوو کە ئاستەنگ لە پێش ئەدەبیاتی منالانا دابنێن و بە تەبلیغ و تەڵقین و نەسیحەتی ئیشك و بێ ئەملاو ئەولا، خاوێن راگرتنی دەست و پا لەش و پەیرەوی لە دایك و باوك و قسەلە گوێ گرتنی گەورەکان، بێ دەنگ بوون لە لای میوانەکان، زوو هەستە هەتا لەش ساغ بێ، پێیکەنە هەتا دنیا بە رووت دا پێ بکەنی. دەستگرتنی لیقەو ماوان و هێنان و بردنیان بە شیوەی بۆنگا خێر خۆازەکان و زۆر شتی دیکەی لەو جۆرە، کە ئاکامی تەواو سەرەکی هەمووی ئەوانە دەبنە هۆی بێ‌خەبەر بوونی منالان لە مەسئەلەکانی گەورە و گرینگ و حەیاتی کە لە دەورەبەری ژیان دا هەن. بۆچی لە کاتیکدا برای گەورە دڵی بۆ هەناسەیەکی ئازاد و هەلمژینی هەوای خاوێن دەتەپێ:منالەکە لە تەنەیەك لە "خوشبەختی و شادی و ئومیدی" بێ پایەدا خەفە بکەین؟ دەبێ منال لەو هیوا و هومیدە بێ بنەرەتانە دا برین و دواتر هیوایەکی گەشی لـــــــە سەر پایەی ناسینی راستیەکانی کۆمەلایەتی و بەرنگار بوونەوە لەگەل ئەوان لە جێی هیوا و ئومێدی ئەوەڵێ دابنێن.

ئایا منال بیجگە لە گوێگری لە فیرکار"کامە فێرکار؟" و ئەدەب" کامە ئەدەب؟" ئەدەبێك کە زلهیزەکان و چێنی بالا دەست و تێر، لایەنگر و پشتیوانی ئەون؟ و هەروەها

پاك و خاوینی و پەیرەوی کردن لە گەورەکان، پێویستی بەشتیکی تر نییە؟

ئایا نابی بە منال بلیین؟ کە لە مەملەکەتەکەی تۆدا منالانیك هەن کە رەنگی گۆشت و تەنانەت پەنیر مانگ بە مانگ و سال بە سال نابینن، بۆچی بەشیکی کەم حەزیان لییە " کە قازی سوور کراوە لەگەل شرابدا " هەمیشە لە سەر سفرەکەیان بێ، ئایا نابی بە لە منال بلیێن کە زیاتر لە نیوەی خەلکی دونیا برسین و بۆچی برسین و ریگای لابردنی برسیەتی چییە؟ ئایا نابی دەرکی زانستی و راستی لە میژوو و ئال و گورو و تەکمیل بوونی کۆمەڵگاکانی مروڤایەتی بدەینە منالان؟ بۆ دەبی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مناڵەکانمان ریسراوەو بی دەنگ و هەرا و گوێرایەڵ بارببێنین؟ مەگەر دەمانهەوێ مناڵەکان لەپشتی ویترینی دوکانەکانی لۆکسی خەررازی فروشەکانی سەرەوەی شار دابنیین، کە عەروسەکهایەك و وەها شتیك لەوانە دروست دەکەین؟

بۆچی دەلیین درۆزنی خراپە؟ بۆچی دەلیین پەیرەوی کردن لە دایك و باوك پەسەندی هەموو کەسیکە؟ بوچی نایەن رەگ و ریشەکانی بەدی هاتن و پەرەپیدانی دزی و دروزنی بۆ مناڵەکان روون بکەینەوە؟ منالان فیردەکەین کە راستگو بن لە حالیکدا زەمان، زەمانیکە کە چاوی راست درو لەگەل چاوی چەپ دەکا و برا شکی لە برایەو ئەگەر ئەو شتەی لە دڵی دایە بەراستی بیهینیتە سەر زمان، لەوانەیە نەتوانی لە دەردەسەریەکانی رزگاری بێت.




ئایا، پەیرەوی کردن لە فیرکار و دایك و باوکی ناباب و هەوەس پەرەست کە تەنیا ئامانجیان ئەوەیە کە راحەت بژین و بێ دەردەسەر رۆژگار تیپەر بکەن، هەر چی زیاتر پوول بە دەست بینن، و کاریکی پەسەند کراوەیە؟بۆچی دەستگرتنی لیقەوماوان تەبلیغ دەکەن و هیچ کات نالێن کە بۆچی ئەوانە لیێان قەوماوە، دەنا پیاویکی دارا و سەرمایەدار سینگی دێنیتە پێشی و سەهمیکی زۆر کەم لەسەروەتەکەی خۆی بدا بەو کابرا لیقەوماوە و منەتی لەسەر دابنی و بلی کە من پیاویکی خیر خوزا و باشم و هەمیشە دەستی خەلکی فەقیر و بیچارە دەگرم، ئەلبەتە ئەوەش تەنیا لەبەر رازی بوونی خوایە ئەگینا بۆ خۆی ئەوەندە ئینسان نییە.

ئیستا کاتی ئەوە هاتووە کە لە ئەدەبیاتی منالان دا دو خال بە ئەساس بگرین و پیی لەسەر دا بگرین.

خالی یەکەم: ئەدەبیاتی منالان دەبی پردیك بی لەبەینی دنیای رەنگدار و بیخەبەری و لە روئیا و خەیالاتی شیرین و منالی و دنیای تاریك و غەرق بوونی زانستی لە راستیەکانی تال و خاوەن دەرد و سەرسەختی ناو کۆمەلگای گەورەکان، منال دەبی لەو پردە بپەریتەوە زانایانە و چەکدار و چرا بە دەست خۆی بگەیەنیتە دنیای تاریکی گەورەکان ولەوەها هەولیك دایە کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

منال دەتوانی لە ژیان دا ببیتە یاریدەر و هاوریی ڕاستەقینە باوکی و دەبێتە هۆی گورانکارییەکی باش لە کۆمەلگای راوەستاو و هەر دەم نوقم بوو.

منال دەبی بزانی کە باوکی بە چ رەنجیك پارووە نانیك بەدەست دێنی و برا گەورەکەی چەندە مەزلومانە دەست و پی لیکدەدا و خەفە دەکری، و هۆو منالەی دیکەش دەبی بزانی کە باوکی لە چ ریگەلیکەوە یاریدە دەکا بەمانەوەی ئەو رۆژە تاریکەو ئەو زستانە ساردەی کە ئینسانەکان بە دەستی خۆیان دروستیان کردووە. دەبی منالەکان لەو "شتانەی کە هیوادار کراوەی لاوازن" نائومید بکەین، منالەکان دەبی بزانن کە باوکەکانیان لەنیو کۆمەلگای نوقم بوودا تەنیا و بیجگە لە دەست و پی لێدان هیچ شتیکی تر ناتوانن بکەن هەر ئەوەی کە هەموو منالەکان بە غەلەت لێی تیگەیشتوون و باوکەکان بە راستی دەرەقەتی هەموو کاریك نایەن و هیزیان لە کۆتایی دا دەگاتە ژنەکانیان.

خالّ و نوکتەی دووهەم: دەبی جیهانبینیەکی زانستی و راست بدەینە منال، دەبی معیاریکی بدەینی کە بتوانی رووداوە جورواجورەکانی ئەخلاقی و کومەلایەتی لەو هەل و مەرجانەی کە دایمە دەگۆردرێن و جۆراوجۆوری کۆمەلایەتین هەلبسەنگینێ.

ئەزانین کە مەساییلی ئەخلاقی لەو شتانە نیە کە دایمە لە جێی خۆی دا بمینیتەوە، ئەوەی کە سالیك لەمەوبەر باش بووە لەوانەیە دەسالی تر بە خراپی بزانن. یا کاریك لە لایان قەومیك یا چینیکی کۆمەلگا ئەخلاقی بیت لەوانەیە لە لای قەوم و چینیکی ترەوە بە دژی ئەخلاقی دابنین.

لە بنەمالەیەکدا کە باوك هەموو داهاتی بنەمالە سەرفی خۆشگوزرانی و قوماربازی دەکا و هیچ شۆینیکی گوردراو لە کۆمەلگادا دانانی یان دەبیتە ئاستەنگ لە بەردەم گورانی کۆمەلگا، منال پیویست ناکا گویرایەل و راستگۆ و بی قیژو هەرابی و عەقیدە و بیر بۆچوونی باوکی بەوجورە قەبۆل بکا، بەو پیشەکییە ئیستا لە دو ووشەدا دەتوانین بلیین کە، بەرهەمی"یەمینی شەریف" زۆر کەوتۆتە ناو هەلدیرەوە.

ئەو " جزوەی نەزم " هیچ پەیامیکی بۆ منالان نییە بیجگە لە کەمیك سەرگەرمی لە ریگەی لەفزی و زۆربلەیی و مشتیکیش لە حوکمە گشتیەکانی ئەخلاقی و لەوانەشە متحجر. مەسەلەن جار جارە فتوایەك دەردەکا کە ئینسان دەبێ بەروحم بێ: ئەمن دەپرسم، کە ئینسان بۆ کام دەستە دەبێ بە روحم بێ! ئایا دەتوانری نیسبەت بەو پیاوەی کە بە دەستووری وی بۆمب بەسەر خەلك دا دەرێژری، بە روحم بێ! ئایا دەکری بە جەللادانی هیتلەری،کە بیجگە لە شکەنجەدانی ئازادیخوازان، هیچ شتیکی تریان نەدەزانی بە روحم بی؟

دیسان نا بە جی حوکم سادر دەکا و دەلی " ئازاردانی خەلك کاریکی خراپە " ئەپرسم ئایا تەنانەت نابێ کەسانیك کە ئیش و کاریان ئازاردانی خەلکە و نانیان لە رشتنی خوێنی خەلکەوە بەدەس دیت ئازار بدەی؟ یانی دەبی وەکوو مەڕ سەرت داخەی و جێی ئەو مەرانەی کە لە پیش دا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕۆیشتبوون بۆنی پیوەبکەی، درك بخۆی، شیر بدەی و ئیتر هیچ؟ ئەدەبیاتی منالان نابی تەنیا پەرە پیدەری " موحیبەت "، قەناعەت و دلساف بوون لە شیوەی ئەخلاقی مەسیحیەت بی. دەبی بە منالان بلەی کە هەرچی و هەرکەس کە دژی بەشرییەت و نائینسانی و سەدی ریگای تەکمیل بوونی میژووی کۆمەلگایە، قینی لێی بیت و ئەو قینە دەبی لە ئەدەبیاتی منالاندا ریگایەك بکاتەوە. پەرەپیدانی پەیرەوی و نەوع خۆشەویستی تەنیا، لە لایەن کەسانیکەوە کە لای قورسی تەرازووی ئەوانە، دوور لە چاوەروانی نییە بەلام بۆ لایەکەی دیکە لاسووکەکەی تەرازوو ئەرزشیکی نییە. پیهەلگوتنیك کە ئاغای "یەمینی" بە بەرهەمی(!) خۆی لە "منالی خراپ" و لولو" دەیکا، دروست پیهەلگوتنی بە میلیون منالی فەقیر و کریکار و تەونکەر و سەرگەردان و هاوولاتی ئیمەیە. دەکرا هەموو منالەکانی ئیران و تەنانەت دنیاش وەکوو ئەو چەندانە منالەتی تیش مامانییەکە لە دەووروبەربەتی و هەمووی سەریان رۆنی لیدراوو شانەکراوە کە ئتووی شەلوارە کورتەکەیان خیار دەولەت دەکا و هیچ کات لە شوینە گشتیەکان جنیو لە دەمیان نابیسترێ، و ناقیژێنن. خۆیان دەخۆل وەر نادەن و لە بەیانیرا تاکوو شام لە نیو شەقامەکان و رستوورانەکاندا بلیتی شانس هینان نافروشن و داری رەخت و روویوشی لیباس و سەهۆلئاوو هتد.بیرەو بەوی ناگیرین و لە ژیرزەمینە تاریك و نم دارەکاندا فەرش ناچنن و ... بەس نی یە؟

ئەو هەموو منالە کە لە بەرەبەیان تاکوو شەو لە کوورەی بەسەرهاتەکانی تالی ژیان دا دەکولین و دەبنە خۆلەمیش بە رای ئاغای " یەمەینی " منالانیکی خراپن بەلام ئەو چەند منالەی کە هونەریان تەنیا نەقیژاندن، جوێن نەدان، پاك و خاوێن بوون و بە کەوچك و چنگال غەزا خواردن و پەیرەوی لە دایك و بابە، منالانیکی باش و تاکانەن.
ئەوەی کە ئیستا باسم کرد بە گشتی بۆچوون و کتیب و گیانی کەلامی ئاغای یەمینی بوو، ئیستا لە نەزمەکانی ئەو نموونە گەلیك دینمەوە تا ببینن چ نەتیجەیەك لە دانەدانەی ئەو ونەزمانەی وەردەگیر دری پیشکەکیەك کە بۆ " منالانی خۆشەویست " لەوانەیە تی تیش مامانیەکان " نوسیویانە نیشان دەدا کە ئەوان بە راستی باوەریان کردووە کە رەسالەتی سەروکایەتی منالانی ئەو مەملەکەتە" کەمەکەی ماوەیەك لەوە پیش " کەوتۆتە ئەستوی ئەوان، چاولیبکەن ( لە ٢٥ سال لەمەو پیش را بەڵێنم دا کە تەمەنی خۆم لەرێ ئیوە دابنیم...)) ئەو عەقیدەیە هیچکات لەمن سست ناکری کە ووشەکان وەسیلەی گەیاندنی مەعنا لە فیکریکەوە بۆ فکریکی دیکەن " ئەلبەتە مەبەستی ئوستاد ئەوەیە کە ووشەکان وەسیلەی گەیاندنی فکر لە کەسیکەوە بۆ فکریکی دیکەن " تەنیا غەلەتی چاپی، بێ بایەخی رووداوە...) من ئەوەندە دەنوسم و دەلیم تا ئەو جورەی کە تا ئیستا سەرکەووتوو بووم دواتریش سەرکەوتوو. بەلکوو سەرکەووتوتر دەبم...) وەرگیراوە لە پیشەکی " من نازانم سەرکەووتنی باوەرییەکانی ئاغای یەمینی چ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بایەخیکی هەیە. دەبی بۆ خۆی قەبوولی زەحمەت بکا و بلی و زەحمەت شی بکاتەوە بەلام دەکری لیی بپرسری کە بەرهەمی ئەو ٢٥ سال ڕێنیشان دان و خۆبەخت کردن و سەرکەوتنی دایمی چییە؟ لەنەزمی " کلیلەی دایك " منالێك دەڵی کە دایکم دەستەیەکی کلیلەی هەیە کە لە ناو ئەواندا کلیلەیەکی سپی هەیە کە ئەگەر منالیکی باش بم خراپ نەبم — خول بە سەرەوچاوم دا نەکەم، دایکم خەزینەکە دەکاتەوە و " هەمووجورە خواردەمەنییەك پەیدا دەبی، بەلام کاتیك، پیس و خراپ، بم، خۆل و ئەشغال بە سەروچاوم دابکەم- هەموو شتیك بە لیباسەکانم دا بریژم- خاوێن نابی دەست و قاچم- کلیل لە گرفانی دایکم دەرنایە- کەس کاری لەدەس نایە" مغراه " ئەگەر دەتهەوی زگت ببێ تیر، هەموو جورە شیرنیەك و خواردەمەنیت بێتە پێش " دەبی خاوێن راگری خۆت- خاك و خول نەرژییە سەرخۆت.

دەکری لە ئاغای یەمینی بپرسی کە بە راستی ئەگەر ئەو منالەکەی دانیشتووە لە قوولایی کوروخانەکانی باشووری تاران لیباسەکانی خاوێن رابگری و ئەو منالە تەونکارە زەردەهەلگەراوە خۆی ریك و پیك بکات کە هیچ جورە ئیمکانیکی بۆ ئەو کارە نییە " نان خامەیی و برینج و مریشکی سوورکراوەی دەس دەکەوی؟ لە نەزمی " حەسەنی " دا قسە لەسەر ئەو منالانەیە کە " کەم روون، بی دەست و پی و ترسەنوکن" و " دەنکە جۆیەك خویێ نی‌یە " ئاخر کەمرویی چ رەبتیکی بەبێ خویی هەیە، برادەر؟

راستی ئەمان لە دەستی ئەو قیافەیە کە خۆردەکاتە کەر، ئاغای یەمینی بێ ئەوەی کە بلیٚ ئەو منالە بۆ کە مرووییە ماوەیەك ئەو منالە سەرکووت دەکا و سەرئەنجام ئەو جورە نسحەتی دەکا." هەتا ئاشنا و میوان- لە جییەك خۆ بدا نیشان- دەبی بیتە پیش- بکات قسەی خۆش، تا ئەوی لە خۆیانی بزانن، خوشەویست بێ بۆ ئەوان."
مغزاە: ئەگەر دەتهەوی خۆش قەلب بێ قسە خوشی و مەجلیس گەرای بکە بەپیشەو سەرتەق بە

****

ئەوەی کە هەتا ئیرە گوترا لە نەزەر ناوەروك و مەعناوە بوو. ئیستادە گەینە شیوەی رەوالەتی کتیبە بچوکە نەزمەکەی ئاغای یەمینی شەریف: نازمی بە حورمەت لە پیشەکی دادەفەرموی : "لە تەوای ئەو ماوەیەدا" ٢٥سال لە بەکار هینانی وشە و نوسراوەی ناریك و سەخت دوریم کردوە"ئەوە لەوانەیە دروست بیٚ بەلام کاتیك قافیەی زمان بە نەفامی دێ ساختومانی جوملەتیك دەدا و ئەو وشانەی کە مابەینن لە کار دەکەون و مەسەلەن فاعلی دیننە جیی وشەیەکی ئیزافە دادەنین و پیهەلگوتنیکی لە خورایی بەسەر نیوەکان دادەدەن چارە چییە؟ بە تایبەت نازمی ئەو کتیبە بچوکەی ئیستا، وەکو رۆژ، روونە کە رەوانی خۆش و توانایی بەیانی ئەو بیژەرە کە لە روتبەی چواروم و پینجوم دایە نی یەتی، چاو لێ بکەین.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەهبە لە ئیوە، بە روحم گولەکان ئەی ئوستادی ئاسنگەر هەی تۆ لەمن خوشتر پیوەدانی میشوولە، جیگای دەکا خار خار خار– دەگری زار، زار، زار لە باس کردنی کەشتی دادە فەرموی. لەبای بادبانەکەی، دەجوولی و خراپ نییە کە بزانن کە رەنگی بادبانی کەشتی لە کتیب دا تەنیا بە رەنگی سوورە، لەجییەکی تر دا گەلای داری توو دروست هەر بەو رەنگەیە.

بۆ وەشەی جیژنی سالی تازە لە جیوە دەبی بازدەین" ئەلبەتە مەبەستی ئوستاد ئەوەیە کە سالی تازە گەیشت و دەبی خۆ ساز کەین.

دەستی گرتووە کتیب، ری دەر وا بە توندی تەنانەت لەیەك نەزمیش دا بۆ نمونە وەزنەکەی هەتا ئاخیرانە گرتووە و کاتی خۆیندنەوە دەبی زەحمەت بەر خۆی دەی و دەنگەکان لە لای خوت چکولە و دریژبکەیەوە هەتا وەزنی(!) دروست دەربی، ئەمن نازانم ئاغای یەمینی شێعرەکانی پەریا و کچەکانی نەنکە دەریای شاملووی خویندوتەوە یان نا " بە رای من ئەو دوو شیعرە دەتوانن سەرمەشقیکی زۆر باش بن بۆ ئەو کەسانەی کە شیعر بۆ منالان دەلین، هەر لە لایەن ناوەروك و مەعناو هەم لەم لایەن قالب و پاراوی و جیکەوتوویی وشەکان. ئاغای یەمینی دەبی ئەو دوو شیعرە بخوینیتەوە هەتا بزانی کە مەبەست لە پاراو بوون و سادە نووسین چییە بەلام ئەگەر مەبەست لە سادە نوسین ئەوەیە بیین وشەکانی منالانەی پیوەندیدار و بی پیوەندی لە پشت سەری یەك دابنیین بی ئەوەی کە فکرێك پەیامیك، شتیك لە مابەینی ئەواندا بی ئەودەم هەر منالیکی مەدرەسەیی بۆ خۆی سادە نووسیکی لێهاتوویە.

وتەی دوایی ئەوەیە کە بەرابەری و دریژایی مسراعەکان ناتوانی هیچ جورە هونەریك بی، هەر ئەو جورەی کە ئەو کارە هیچ شتیك بە نەزمەکانی پرهەوراز و نشێو زیاد ناکا بیجگە لە چەند وشەیەکی بێ کەلك و دەست و پێ گر کە بە ناچار بۆ پرکردنەوەی مسراعەکان هاتوون، دەتانگیرمەوە دیسان هەر بۆ ئەو دوو شیعرەی شاملوو. و ئیتر ئەوەیە کە، ئەو کەسەی کە دەیهەوی بۆ منالان شیعر بلیت، دەبی لە پیش هەموو شتیك دا شاعیر بێ، خاوەنی ئەو کتیبە بچوکەی نەزمی ئیستا تەنانەت یەك لە سەدیش شاعیر نییە.






PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com





PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com